# ئەزموون لە نێوان
# شکست و داهێناندا

کۆوتاری رەخنەیی

هەولێر

٢٠١٢

فەرەیدوون سامان

**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**مەڵبەندی گشتی ٣٣**

**ناوی پەرتووک: ئەزموون لەنیوان شکست و داهینانداا**
**نووسینی: فەرەیدوون سامان**
**چاپی یەکەم، ٢٠١٢**
**دیزاینی بەرگ: ستار قەرەداخی**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**چاپخانەی رۆژهەلات - هەولیر**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (٩٦٤) ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە**
**مافی لەچاپدانەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە**

**ئەزموون لە نێوان شکست و داهێناندا**

**لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بە تایبەت شیعر، زمان رۆڵێکی کاراو ئەکتیڤ دەگێرێ لە پێکهێنانی ستراکۆری ئەو دەقە داهێنراوە لە رووی دارشتن و تەکنیکی زمان لە نێوان وێنە و واتا و نەخشەرێژی ئەو دەقە و بە یەکگرێدانی ئەو رەگەزانەی کە شیعرەکە تەواو دەکەن.مەبەست لە زمانی شیعریش، زمانە هونەرییەکەیە کە کۆمەڵێک دەلالەتی رەمزی (سیمبولی ) لە دووتوێی خۆیدا بەرجەستە دەکات، جیاوازی نێوان دەقێکی شیعری لەگەڵ دەقێکی ناشیعریدا ئەوەیە کە دەقی شیعری زمانێکی هونەری ئاماژەو دەلالەتە لە خەیاڵگەی شاعیردا لەدایک دەبێ، ئەو زمانە شیعرییە کۆڵەگەی بنەڕەتی داهێنانە هونەرییەکەیە ، هەر شاعیرێک دەسەڵاتی بەسەر ئەو زمانە هونەرییەدا نەشکێ ونەتوانێ داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو زمانە بکات لەبەر بەجەستە کردنی بەهایەکی ئێستاتیکی لە وێناندن و واڵا کردنی ئەو موفرەداتە شیعرییانەدا، ئەوا سەرەنجام نەشیعرێکی داهێنەر لە دایک دەبێت و نە شاعیرێکی باشیش بوونی هەیە ، کۆی ئەو توخمە شیعریانەش لە دووتوێی زماندا لە خەیاڵ و هزری شاعیردا بە شێوازێک وێنا دەکرێن، کە خوێنەران لەو رەوشەدا دەچنە قاڵبی خوێنەرانێکی شرۆڤەکار، یان رەخنەگر، کەواتە لێرەشدا پەیوەندییەکی ئۆرگانێکی لە نێوان دەقی شیعری و خوێنەردا دروست دەبێت . خوێنەر رۆڵی خوێنەرێکی رەخنەگر دەبینێ، جا ئەگەر بە راوبۆچوونی تۆدۆرۆڤ یا چۆمسکی با هەرکەسێکی کە لەو بیرمەندانەی کە لە بوارەکانی زماندا کاریان کردووە ئاواهی بێ ، بەڵام بۆ شاعیرێک کە ستایلی تایبەت بە دەربڕینی خۆی هەبێ ، کە ئەو زمانە شیعرییە تایبەتمەندەی لە کاتێکدا دەبێ وەک جیاوازی لەگەڵ زمانی نووسینی شاعیرانی دیکە و گوزارشت لە ئاست وتواناو داهێنانی خەیاڵی نووسینی ئەو شاعیرە دەکات، هەڵبەت زمانە هونەرییەکەی شیعری زمانی دەربڕین یان دارشتنە، بەڵام تایبەتمەندی زمانی شیعری ئەوەیە کە چۆن خوێنەر بتوانێ شیعرێکی هونەری لە شیعرێکی نا هونەری جیا بکاتەوە. بۆ نموونە شاعیران هەن بانگەشەی نوێخوازی دەکەن و شیعری دادایی یان سوریالی دەنووسن، لە کاتێکدا قۆناغی سوریالی و دادایی جیاوازە لەگەڵ مۆدێرنێتە یان نوێخوازی، هەشە شیعری میللی و جەماوەری دەنووسێ کە زمانێکی راستەوخۆ و ساکارە کەمترین خوێنەر، سادەترین گوێگر بە سادەیی تێی دەگەن،**

بەڵام  ئەو جۆرە شاعیرانەش  هەرهەمان بانگەشەی نوێخوازی دەکەن، بەڵام بە شێوازی خۆیان، جا ئەوە ئەرکی خوێنەرانە، نەک هەر ڕەخنەگران ئەم بانگەشەیە لێکترا هەڵاوێر بکەن و جودایانی بکاتەوە، هەشە بە زمانێکی فەلسەفی مامەڵەیەکی زاراوە سازی لەگەڵ ئەو دەقە دەکات خوێنەر ناچار دەکات بۆ وێستگەکانی ئەزموونی ئەو شاعیرەی بگەڕێتەوەو پەنا بباتە بەر کۆدی ئەو فیگەرانەی کە نەک هەر بۆ زمانەکەی خۆی کە زمانی کوردییە ، بەڵکو دەبێ بگەڕێتەوە سەر قامووسی زمانی فارسی ، عەرەبی ، بۆ نموونەش شیعرەکانی (نالی) بە مەبەست ئەمە باس دەکەم ، خوێنەرێکی ئاسایی نا کارێ  بە سانایی لە دەقێکی نالی بگات ئەگەر بێت و ڕۆشنبیریەکی قوڵی لە ڕەهەندو مەودا باکگراوەکانی مەعریفی و ئەدەبی لە زمانی عەرەبی و فارسی و کلتوری ڕۆژهەڵاتی و  ئیسلامی نەبێت ، لە شیعری نوێش شاعیری بە ئاگا ئەو کەسەیە کە ئاگای لە دەقی شیعری و ئەزموونی شاعیرانی دەورووبەر و وڵاتانی جیهان هەبێ ،  سەرەنجام دەبێتە مایەی دەوڵەمەند بوونی ئەو تێکستە شیعرییە خۆی . ئەگەر نا خوێنەرێکی سادە بڕیاری ڕەتکردنەوەی ئەو دەقە شیعرییە داهێنراوە دەدات و ڕەتی دەکاتەوە ، لە کاتێکدا کە شیعر بۆ نوخبەیە ، ئەو نوخبەیەش بەرپرسە لە تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن و پەسەند کردنی ئەو شیعرە، بەرامبەر بەوەش هەوڵدەدات بە سانایی لەسەر بنەمای میتۆدێکی بلوی ڕەخنەیی دەقە ساکارەکان بکۆڵێتەوە ، لای ئێمە لەبەر زۆر هۆکار نوخبەش ڕاستگۆ نیە لە ڕاڤەکردن و پەسەند کردنی ئەو شیعرە داهێنراوە، کە سەرەنجام بە ڕای من هۆکاری سەرەکییە کە شوێن پێی ڕەخنەی کوردی لەق کردووە  کە ناتوانێ لەشتەجوانەکان بدوێ .

لە بنەڕەتدا ستراکتۆری هەر دەقێکی شیعری پابەندە بە کۆمەڵێک ڕەگەزی  هونەری نووسینی شیعر، یەکێک لەو توخمانەش فۆرمە لەهەمان کاتیشدا ناواخن، وێنەی وشیعری وشەکاری و ئێستاتیکای شیعرییەوە زمانە هونەرییەکە دەوڵەمەندتر دەکات، جا ئەمانە هەموویان تەواوکەری ڕێکخستنی پەیکەر بەندی شیعرەکەن لە بواری داهێنانی شیعریدا کە کۆمەڵێک ڕێباز و شێوازی شیعری لەو چەند ساڵەدا هاتنەکایەوەو شاعیران هەر لە ڕۆژئاواوە تا دەگاتە ڕۆژهەڵات لە بواری ئەفراندنی فۆرمدا کاریان کردووە خوێنەری کورد کەمتر ئاگای لەو گۆڕانکاری ئەزموونی ئەو شاعیرانە بووە،ئەگەر چی ژمارەیەک لە شاعیرانی کورد ساڵانێکە لە هەندەراننەبەڵام پێ ناچێ کاریگەری ئەو گۆڕانکاریە لە بەرهەمەکانیان وەدی بکرێن ناواخنیش، وەکو مەتنی هەر دەقێک پێموایە لە وەتەی مێژووی نووسین هەیە، لە وەتەی ئەفسانە و ئایین و ئاینزاکان سەریان هەڵداوە هەر لە دەقی ئاوێستای (زەردەشت) کە بەزمانێکی شیعری نووسراوە کە پێنج شەش هەزار ساڵێک بەر لە ئەمرۆ داهێنراوە و ئێستاش مەتن و ناواخنەکەمان بۆ ماوەتەوە،ئێمە نازانین داخوا بەو زمانە کۆنەی ئاوێستا یان زمانی کۆنی گریکی و ڕۆمانی و سۆمەرییەکان، ئەو دەقانە لەرووی فۆرمەوە چۆن بوون، بەڵام بەپێی سەردەمەکان ئەو گۆڕانکارییە لە فۆرمی شیعریەکاندا ڕوویداوە ڕەنگە لە کاتی وەرگێڕانی شیعریەکە گۆڕانکاری زۆر لە فۆرمی دەقەکە کرا بێت ، بەڵام ناواخنەکەی بێگومان وەک خۆی ماوەتەوە لەهەمان کاتدا ئێستاکەش تۆ کەدەقێکی کوردی بۆ زمانی بیانی وەربگێڕی لایەنی هونەری فۆرمەکەی لەدەست دەدات، واتە دیوێکی داهێنان لە دەست دەدات ، بەڵام ناواخن دەمێنێتەوە، جا لێرەدا فۆرمی شیعری توخمێکی بنەرەتی ئەفراندنە، هەندێک جار فۆرم بەپێش ناواخنە دەکەوێ بەڵام شاعیر هەیە زێتر بایەخی بە فۆرم داوە لە وانەش ئەزموونی ئەنوەر مەسیفی لە فۆرم سازی شیعردا سەرکەوتوو بوو، لەهەمان کاتدا دەبێ فۆرم لەگەڵ ناواخندا هاوسەنگ بێ، نەک هەر دەقەکە بەڵکو سەرجەم وێنەکان و بڕگەکان و کۆپلەکان هەتا  وشەو خاڵبەندیەکان لێکتر نەترازێن؟

ناواخن لەگەڵ واتا جیاوازییەکیان نیە، فۆرم تەنها بواری تەکنیکاری شیعرە،لایەنی هونەری شیعرەکەیە، شاعیر هەیە هەتا ئێستاش بە کێش و بڕگە دەنووسێت، لەرووی فۆرمەوە هەیە شیعری ئازاد دەنووسێ، هەیە شیعری نوێ دەنووسێ ، لە شیعری نوێیشدا چەندین ڕێچکەی هونەری نووسین هەیە، بۆنموونە شاعیر هەیە خاڵ و نوقتە و فاریزە بەکار ناهێنێ، جا لێرەدا ئەو پرسیارەی تۆ لەمەڕ ناواخن و ناوەرۆک یەک شتە، هەڵبەت هەموویان تەواوکەری یەکترن، لە شیعردا واتاکان لە نەخشەسازی و تەکنیکاری فۆرم شیعرەکەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن نەک لە ناواخندا.

مەسەلەی ژان و ئازاری مرۆڤ و کۆمەڵگا و بەشەریەت بەشێکن لە دەربڕینی هەست و خەیاڵ و هزری شاعیرانە، ناکرێ شاعیر هەر ئەوەندە زاتی بێ و هەر تەنها باس لە کۆژانی تایبەتی خۆی بکات، دواجاریش کۆژانی خودی شاعیر کۆژانی کۆمەڵگای بەشەریەتە، لە هەر کوێیەک ئازاری مرۆڤایەتی هەبێت، لە کوردستان و لە بەشێکی کوردستان ، لەهەر شوێنێکی  ئەو سەرزەمینە، شیعر پەیامی مرۆڤایەتیە، دواجار ئێمەش مرۆڤین، شیعری کوردی دەبێ پەیامێکی مرۆڤایەتیش هەبێ، ئێمە دەبێ تەجاوزی سنوری  جوگرافی و دیدی ئیدیۆلۆژی بکەین، دەبێ شیعرێک بنووسین ئەو شیعرە ناسنامە و خەسڵەتی نەک (نەتەوەیی) بەڵکو (نێونەتەوەیی)شمان هەبێت، گەرەکە ئێمە لە ڕێگای دەقەکانمانەوە ناسنامەمان هەبێ بۆ ئەوەی خوێنەرێکی بیانی کەدەقێکی شیعری کوردی دەخوێنێتەوەهەست بکات کە کۆمەڵگایەکی شارستانی و ژیاری و پێشکەوتووە، بزانێ لە ڕێی ئەدەبەکەی لە ڕێی شاکارە داهێنانەکانی وەک شیعرە چیرۆک و ڕۆمان وکۆژانی هاوڵاتیەکی هیندی یان ئەمریکایی لەو دەقەدا بەرجەستە بووە، وەک چۆن ئێمە لە ڕابردوو وئێستاکەش کە دەقێکی شیعری ڕووسی یان فەرەنسی یان ئەڵمانی یان ئەمریکایی لاتین دەخوێنینەوە، هەست دەکەین خەم و خەون و پەیامی هاوبەشمان هەیە و جیاوازیەکانی سنور و زمان و کولتور و ڕەنگ لێکمان جودا ناکاتەوە.

ئەمە بۆچونی ئەو کەسانەیە کە ڕۆمانسیەتیان تێدا نیە و هەندێ جاریش ڕۆبۆتانە مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکەن ، کایەی زانستی بۆ ئێمە مانان زۆر گرینگە ، بەڵام بۆ دەبێ لە پێناو کاری زانستیدا ڕێ لە داهێنانی ئەدەبی بگرین ، شیعر زادەی خەیاڵ و هەست و ویژدانی مرۆڤە ، هەر مرۆڤێکیش لەم چەمکانە دابڕا ، لایەنی مرۆڤایەتی و بەها ئەخلاقیەکان لە دەست دەدات .

سەرەنجامی خوێندنەوەم بۆ ئەزموونی شاعیرانی دیکە ئەوە فێربووم کە لە پرۆسەی نووسیندا بە تایبەتیش نووسینی شیعر، جۆرێک لە بەرپرسیاریەتیە، واتا گەرەکە شاعیر ئەو دەقە شیعرییەی بەرهەمی دەهێنێ و دەیخاتە بەرچاوی خوێنەران، بەرهەمێکی شیعری تەواو و چڕو پڕ بێ بەگشت خەسڵەتە هونەرییەکانی نووسینی شیعر، واتا لە ستراکتۆری شیعرەکەدا رەگەزی زمانە هونەرییەکە (زمانە نا باوەکەی شیعر) کە قسەکردن و تێڕامانە بۆ دروستکردنی تیۆرێکی نوێی شیعری و هەر ئەوەشە دەبینین کە زۆر جار لە کورتە چیرۆکێک یا رۆمانێکدا ئەم زمانە شیعرییە بەدی دەکرێ، دورخستنەوەی گشت گرێ و ئاڵۆزییەکانی زمانی شاعیرە کە سەرباری قوڵی و چڕیی تێڕامانەکانی شاعیر، گەرەکە زمانی دەقەکە رەوان و پاراو و هونەری بێ، بەو کۆدو سیمبوڵانەی کە شاعیر لەو دەقەدا بەرجەستەی دەکات و لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەش دەقە شیعرییەکە پەیوەستە بە ئاوەزی شیعری تەواو. مامەڵە کردنێکی هونەرکارانە لەگەڵ خەیاڵ و وێنە شیعرییەکان و بەگەڕخستنی ئەوسیمبوڵانەی کە شاعیر وەک کۆدێکی تایبەت بە خۆی بەکاری دێنێ و ئێستاتیکاکارانەش مامەڵە لەگەڵ وێنە شیعرییەکان دەکات .دواتر ئاوەزی شیعری قسەکەر و دواندنی نەستی خوێنەران و وروژاندنی خەیاڵیان کە سەرەنجام لەژێر تەئسیری ئاوەزی شیعری دەوروبەردا وەک رەگازۆیەکی مێژوویی یان رەهەندەکانی رابردووی بۆ شیعر، دەقێک بەرهەم دێنێ، کە ناسنامەی خودی شاعیرەکەیە، هەروەها میتا ئێستاتیکای شیعر و رەهەندە فەلسەفیەکانی کە پەیوەستن بە زمان و ئاماژەو خەیاڵگەی شاعیرەوە، لێرەدا بێگومان رەهەندی فەلسەفە دەبێتە گەوهەری شیعرەکە، هەموو ئەمانەش وێنەیەکی شیعری یان چەند وێنەیەکی شیعری دروست دەکەن کە لەدید و زەینی خوێنەراندا بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە هەر دەقێکی شیعری موجەرد بوو لە و هەموو خەسڵەتانەی هونەری شیعری، بەرای من دەقێکی ئیفلیج دروست دەبێت، بەتەواو کردنی ئەم رەگەزە هونەرییانەش بەها ئێستاتیکیەکانی شیعر بەرجەستە دەبن ، لەبەگەڕخستنی هەر فیگەرێکی سیمبولی کە هەڵگری ناسنامەی خودی شاعیرەکەیە، واتا دیسان گەرەکە شاعیر ناسنامەی شیعری و ئەزموونی تایبەت بە خۆی هەبێ کە خوێنەران بە سانایی لە ئەزموونی شاعیرانی دیکەی جیا بکەنەوە، هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بە زۆری و کەمی بەرهەمی شاعیرەوە نیە . با ئێمە قسە لەسەر نووسین یان دەقی شیعر بکەین، گرنگ نیە تۆی شاعیر خاوەنی چەند کۆشیعرو دیوانی شیعری .گرنگ ئەوەیە چەند دەقی شیعری تەواو داهێنەرانەت بەرهەم هێناوە، هەر ئەمانەشە وایان کردووە شاعیرە بە ئەزموونەکان بە چەند شیعرێکی نەمر بناسرێنەوە، دەقە شیعریەکانی دیکەیان کەمتر رۆشناییان بخرێتەسەر، دەکرێ ئاماژە بەچەند شیعرێکی داهێنەرانەی چەند شاعیرێکی کورد وبیانی بکەین، کە لەرووی پراکتیکیەوە ئەم بۆچوونەیان لەسەر جێبە جێدەکرێ، بۆیە من جیاواز لەگەڵ ئەزموونی شاعیرانی دیکە پەلە ناکەم لە نووسین وبڵاوکردنەوە، تەنانەت ئەگەر زۆر ناچار نەبم هەر نانووسم، بەراستی نووسین لای من نە وەزیفەیەکی حزبییە، نە سیاسی، نە پەیامێکی ئایدۆلۆژی هەیە نە کۆمەڵایەتی، بەڵکو رەنگدانەوەی کۆژانەکانی ناخ و ئاوەزو نەستی منە.

بۆیەش کە من دەمەوێ دەقێکی شیعری بنووسم بێ زۆر لە خۆکردن، نەستم فەرمانڕەوا بێ بەسەر ئاوەزو هەستمدا، لە دەستنووسی دەقێکی شیعری نوێمدا هەوڵ دەدەم بەشێنەیی پاکنووسی بکەمەوە و مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ وشەو زاراوەو وێنە شیعرییەکان بکەم، سەهرە وەردی دەڵی ((کلما اتسعت الرؤيه چاقت العباره)) واتا هەرچەند تێڕوانین فراوان بوو، دەربڕین تەنگتر دەبێتەوە، ئەم بۆچوونە جوان و فەلسەفیە دەمێکە وای لێکردووم لە نووسینی شیعردا پێداچوونەوە بە هەموو شتێک بکەم، چونکە دڵنیام خۆ دووبارەکردنەوەو جوینەوەو کۆپی کردنی ئەزمونی شاعیرانی دیکە هەروەک پێشتر هەندێ لە شاعیرانی بەهرەمەند کردوویانە، لە رووی راگەیاندن و هەندێ جار رەخنەی رۆژنامەوانی ریکلامی چاکیان بۆ کراوە، سەبارەت بەو جۆرە کارەشیان بوونەتە رەقەمێک و ناوێکی گەورە کۆمەڵێک دەروێشی نووسین دوایان کەوتوون و لە لایەن بەرپرسانی حزب و حکومەتیشەوە سەخاوەتمەندانە پاداشت دەکرێن، من ئەمە نەبەداهێنان و نەبە ئەزموون دەزانم، دواجار ئەزموونی داهێنانی شاعیرێک، دەبێ ئەزموونی خودی ئەم شاعیرە بێ نەک کەسانی دیکە.

لەبارەی (شیعری ئاسایی) پێم وایە کە شتێک نیە بەناوی شیعری ئاسایی، بەڵکو شیعری هونەری و ناهونەری هەیە، شیعری داهێنراو و ناداهێنراو هەیە، شیعری باش و خەراپ هەیە، هەروەکو چۆن شاعیری باش وشاعیری خەراپ هەیە، ئەوەی کە من قسەی لەسەر دەکەم کە پێشتریش لەچەند وتارێک و دیمانەیەکدا ئاماژەم بۆ کردووە، شیعری نوێ، شیعری نوێخواز، شیعری داهێنراو ،ئەو تێکستە شیعرییە هونەرییە کە لە رووی ستراکتۆری نووسین و داڕشتنەوە هەڵگری ئەو مەرجە هونەرییانەن کە لە زمانێکی هونەری ناباو ی شیعرییدا بەرجەستە دەبن، هەروەها لە رووی تەکنیکی نووسینەوە ئەندازەکارانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە فیگەرەکانی رەمز، وێنە، خەیاڵ ،بەگەڕخستنی کەرستەکانی دیکەی وەک بابەتگەلی ئەفسانەو داستان و هتد ... لەو دەقە شیعرییەدا دەبینرێن، دەشکرێ ئەو دەقە شیعرییەی موجەرەد بێ لەو خەیاڵ و فەنتازیایە واتا شاعیر بۆ خۆی رووداوەکانی ناو دەقە شیعریەکە (باواقیعیش بن) دەکارێ بیکاتە ئەفسانە و خەیاڵگەرانە کاری تیدا بکات ، دواجار شیعر ژانرێکە ناکرێ پۆلبەندی بکرێ بەوەی کە ئاسایی و یا نائاساییە، نازانم بەم جۆرە قەسەکردن لەسەر شیعر ناهەقیەک لە ئاستی ئەزمونی شاعیرێک دەکرێ ئەگینا هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی شاعیرانی دیکە وەک نووسینی شیعرە مۆبایل و پۆستەرە شیعرو نیگارە شیعر با هەولێکی داهێنەرانەش بێ، بەڵام جگە لە لاسایی کردنەوەی کاری شاعیرانی تر پێم وایە گوزارشت لە ئەزموونی خودی ئەو شاعیرە ناکات، شاعیرێک خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە ئەزموونە بدات ، بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە ئەزموونکردنە داهێنەرانە نەبێ و ئیزافەیەک نەبێ لەسەر ئەزموونی خۆی باشتر وایە خۆی لەم هەوڵە ناکامە نەدات، هەڵبەت پێشتریش بەلاسایی کردنەوی هەوڵ وئەزموونی شاعیرانی بیانی هەندێ لە

شاعیرانی کورد ئەم ئەزموونە شیعرییەیان تاقیکردەوە، بەڵام چەندە سەرکەوتوو بوون یان نەبوون، ئەمەشیان بۆ رای لێکۆڵەران و رەخنەگران دەمێنێتەوە، سەبارەت بە هەندێ هۆکار لەوانەش پرۆسەی وەرگێران و کاریگەری میدیاوە دیاردەیەک هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، نووسەرانی کورد جا سەبارەت بە هەرهۆکارێک بێ هەوڵیان داوە و ویستویانە لاسایی ئەم تێزە بکەنەوە، پێشم وایە سەرکەوتوو نەبوون، بۆ نمونە ئەگەر بهاتایە ئیشیان لەسەر کەلەپورو شیعری کلاسیکی کوردی کرد بووا ، رام وایە زۆر سەرکەوتووتر دەبوون، مەبەستم ئەوەش نیە کە شاعیرانی کورد بێن جارێکی تر غەزەل و شیعری کلاسیک بنووسنەوە ، نەخێر نا، بەڵکو ئەو هونەرکاری و چڕی و قوڵییەی لە ئەزموونی شاعیرانی کلاسیک هەبووە ، مخابن کەمتر لەناو شاعیرانی هاوچەرخ بەدی دەکرێت.مەگەر هەوڵی چەند شاعیرێکی داهێنەرنەبێ 0000

کەناڵە میدیایەکانی ئێمە بە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤارەکان وەک هەوڵێک بۆ ریکلام و پرۆپاگەندە کردن تا رادەیەک دەتوانن لە ماوەیەکی زەمەنی کورت و دیار کراودا وا لە خوێنەرو جەماوەری ئەدەب و شیعر بکەن ئاشنا بن بە کتێب و بەرهەمی شاعیرێک، خوێنەریش هان بدەن بۆ ئەوی پەنا ببەنە بەر کڕین و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەوجۆرە شاعیرانە، بە دەگمەن شاعیرانی کارامەو داهێنەرلەو کایەدا سودمەند دەبن،کە مخابن لە پاڵ ئەو شاعیرانە داهێنەرانەش زۆرجار شاعیری ئاسایی و شاعیری خەراپ و کەمئەزمون ریکلامیان بۆ دەکرێ، تەنانەت جەماوەرو خوێنەرانیش تا رادەیەکی باش بەو ئەزموونە خەراپ و ناکامڵە ئاشناو پەروەردە دەکرێن، تا ئەو ئاستەی کە ئێستا نوخبەیەک لە خوێنەرانی خەراپ دروست بوونە کە هەرئەوەندە لە شیعر دەگەن، کە شیعر بریتی بێ لە وروژاندنی کەف و کوڵی سۆزێکی ئیرۆتیکی و هات وهاواری سیاسی و جنێودان بە فڵان حزب و فڵان سەرکردەو لە هەمان کاتیشدا ریاو درۆ کردن و ماستاو کردن بۆ ئەم و ئەو000 مخابن لەسایەی ئەو جۆرە کۆڕو سیمینارە پروپاگەندە ئامێزانە بە ناوی فیستیڤاڵی شیعری لاوان و قوتابیان و ژنان وخەلاتکردنی بێ سەرو بەری ئەم و ئەو ... هەڵبەت من تاسەر ئێسقان بڕوام بەتواناو داهێنانی ئەو توێژانە هەیە ، بەڵام ئێستاکە لەناو ئەو فەوزایەی کەناوی نراوە کایەی رۆشنبیری کوردیو تەنانەت ساڵانە بەناوی سازدانی جۆرەها فیستڤال (کە لە حەقیقەتدا ئاماجێکی سیاسی لەپشتە) بە دەگمەن تۆ دەقێکی شیعری باش نابیستی و ناخوێنیەوە، ئەم دیاردەیە نە هاندانە نە دەست گرتن ، بەڵکو زیاتر دیاردەیەکی بەناو رۆشنبیری حزبی و سیاسی سەقەتە ، کە خەڵکانی نەشارەزا سەرپەرشتی دەکەن و بەرێوەی دەبەن ، دواجار خوێنەرانی جدیان لێ دەتەکێتەوە، لە هەمان کاتدا نەوەیەک دروست دەبێ یان باشتر وایە بڵێم دروست بووە تاقەتی ئەوەی نیە بە دووی شیعری باش و داهێنراو بگەڕێ و نەوەیەک کە هەستی خوێندنەوەی بۆ دەقێکی ئیستاتیکی و بە تێڕوانینێکی ئارکۆلۆژیانە غایب بووە و هەوڵی ئەوە نادات دەقێکی باش لە خەراپ جوێ بکاتەوە، ئەمە کارەساتە ئەم دەزگاو کەناڵانانە دەیکەن، بێ گومان کاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر رەوتی شیعری کوردیو رەوشی رۆشنبیری کوردی بە گشتی هەیە و دەبێ، دواجاریش شیعری هونەری کەمتر لەو کەناڵانانە جێگایان دەبێتەوە ، بۆ نموونە ئەوەندەی کار بۆ شیعری تەهریج و حەماسی یان شیعری لیریکی دەکرێ، لەگەڵ رێزم بۆ شیعری لیریکی کە ژانرێکی گرنگی شیعرە، بەڵام لەو بوارەشدا شاعیرانی ئێمە ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان نیە و نەیان توانیوە گوڕێکی نوێخوازانە بە شیعری لیریکی نوێ ببەخشن، ئەگەر تەماشای ئەزموونی هەندێ لەو شاعیرە لیریکانەی بیست ساڵێک لەو پێشیان بکرێ، دەبینین بە تواناترو داهێنەرتر بوون، بەڵام ئێستا بە ناوی شیعری سۆزداری یان سیاسی و کۆمەڵایەتی و .... بەرهەمی سادە پێشکەش بە خوێنەران دەکەن، لە رێی سیدی و کاسێتەوە لە بازارەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، بۆیە ئەگەر من وەک و پێویست لەو بوارەدا کارم بۆ نەکراوە و بەسەر نەکراومەتەوە دیارە ئەوە لە بێ تاقەتی و تەمبەڵی خۆم نەبووە، لەراستیدا تا ئاستێک دووچاری جۆرێک لە ئیحبات و نیگەرانی هاتووم ، بەڵام خۆم لەو دیاردە نەگەتیڤانە پاراستوە، رێزی ئەزموونی نووسینی خۆم گرتووە، چونکە من نامەوێ شیعرێک بەرهەم بهێنم لە ئاستی شیعرەکانی رابردووم نزمتر بێ، تەنانەت زۆر جار وام لێ هاتووە بەخۆم بڵێم ئیدی بەسە نانووسم، کە ئیدی شیعر نانووسم ئەمەش بەرای من کۆتایی مێژوو نیە، بۆیە ناکرێ شاعیری داهێنەر لەرێی ئەم جۆرە ریکلام کردنەوە پردێکی تێگەیشتن لە نێوان خۆی و خوێنەرانی دروست بکات، رەنگە ریکلام لە رووی مادیەوە خزمەت بە نووسەرێک بکات، کتێبی جوانی بۆ چاپ بکرێت و رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت، بەڵام ئەو شاعیرە چەند خۆشبەختە لەوەی کە داهێنەرە... ئەمەیان شتێکی دیکەیە.

ئەو نووسین و وتارانەی کە بە ناوی لێکۆڵینەوی رەخنەیی لەسەر شیعرەکانم نووسراون هەڵبەت هەیانە تا رادەیەکی باش و دوورلە زمانی سۆزو ستایش کردن شرۆڤەیان لەسەر توخمە هونەرییەکانی شیعرەکانم کردووە وەک ئاماژەکردن بە وێنەی شیعری و رەمزیەت و زمانی شیعرو بەهای ئیستاتیکیەکانی، هەروەها هەندێ نووسینیش لەسەر مەسەلە سیاسی و نەتەوایەتیەکان وەک ئەنفال و جینۆساید و هتد... نووسراون دوور لە سۆزو پەیوەندی شەخسی و بێ لایەنەنانە لەسەر شیعرەکانیان نووسیوم تا رادەیەکیش خۆشحاڵ بووم بە نووسینی ئەم جۆرە خوێندنەوە رەخنەگرییانە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێک نووسەر بێ ئەوەی خوێندنەوەی قوڵیان بۆ ئەزموونی من و شیعرەکانم هەبووبێ، یان لەژێر کاریگەری راو بۆچوونی نووسەرانی دیکە لەگۆشەیەکدا یان لە ستونێکدا ئەو هەوڵە شیعریانەی منیان بە کەم زانیوە، تەنانەت هەندێ نووسەری نەخۆش بەرپێنەشیان لێداوم و سەرئێشەی زۆریان بۆ دروستکردووم کە رەفتارەکانیان هیچی لەرەفتاری پۆلیسەکان بەعس کەمتر نەبووەو هیچ لایەن و کەسێکیش داکۆکی لێنەکردووم ، هەڵبەت ئەم نووسەرانە ئازادن لەوەی چی دەڵێن و چی دەنووسن.پێشم وایە ئەمە چونکە من تەنها کاری نووسینم هەڵبژاردووە نەک کارێکی دیکە بۆی بەرای من ئەمە دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە کە هەموو کەسێک تۆی قبوڵ نەبێ ئێستاو پێشتریش ئەمە لەگەڵ نووسەران و شاعیرانی دیکەش کراوە، تەنانەت کە ئێستا بڕیارم داوە سەرجەم ئەو نووسین و وتارانەی کە لەسەر

شیعرەکانم نووسراون لە دووتوێی کتێبکدا چاپ بکەم ، دواتر هەر هەموویان بڵاودەکەمەوە تەنانەت کاتێ داوام لە یەکێک لەو بەڕێزانە کرد کە وتم لە رۆژنامەیەکدا شتێکت لەسەر شیعرێکم نووسیی بوو، هەرچەند بۆچوونەکانت سلبی بوون، بەڵام من دووبارە لەو کتێبەدا بڵاوی دەکەمەوە، لەوەڵامدا وتی من ئێستاکە هەمان بۆچوونی جارانم نەماوە و بە نیازیشم وتارێکی باشت لەسەربنووسم، من گوتم تۆ ئازادی لەوەی چۆن گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆت دەکەی مەرج نیە هەرنووسینێکی رەخنەییش ستایش و پێداهەڵگەتن بێ، دەبا جارێک نووسینیکی خەراپیش لە دژی ئێمە بنووسرێت .بەڵام با رەخنەیەکی شرۆڤەیی بێ نەک پێوەری باش و خەراپ.

هەڵبەت نووسەریش هەبووە لە کاتی خۆیدا بە جوانی لەسەر دەقێکی شیعری منی نووسیوە، بەڵام ئێستا نکۆڵی لە نووسینەکەی خۆی دەکات، من پێشتریش لەبارەی رەخنەو رەخنەی شیعری کوردی قسەم کردووە دواجار هەستم کردووە زۆر لە رەخنەگرانی ئێمەش رەخنە قبوڵ ناکەن، بەڵام ئەوە تا رادەیەک مایەی نیگەرانی من بووە رەفتاری هەندێ لەو بە ناو رۆشنبیرە بە دەسەڵاتانە بووە کە بریاری موسبەقیان هەبووە لەوەی کە بە مەبەست من لە پەراوێزدا بنێم و نەک هەر بە نهێنی بەڵکو بە ئاشکراش دژایەتیم بکەن.هەر بۆیە دەتوانم بڵێم نەک هەر ودەزگا رۆشنبیری و کەناڵە میدیاییەکان وەکو ریکلام خزمەتیان نەکردووم بەلکو دژایەتیشیان کردووم 0000 هەڵبەت شیعر بەرلەوەی لەژێر فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بێ، کاریگەری فاکتی ناوەو خودی مرۆڤە، دیارە هەر مرۆڤێکیش کەم تا زۆر هەڵگری کۆمەڵێک خەم و کۆژانی مرۆڤانەی خۆیەتی کە سەرنجامی ژیانکردنی ئەم هەموو کاریگەرییە دەرەکیی و ناوەکیانە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی مرۆڤێکی شاعیر بتوانێت گوزارشت لە خۆی ودەورو بەرو کۆمەڵگاکەی بکات، ئاراستەکردنی شیعرێک بۆ توێ ًژێک لە جەماوەر ناچارت دەکات بە زمانی ئەوان بنووسیت، هەوڵ بدەی لە ئاستی هونەری و داهێنانی شیعرەکە سادە بکەیتەوە، هەربۆیەش ئەو شیعرە هونەرییانەی دەنووسرێن لای خەڵک (نەک خوێنەران) کەمتر پێشوازیان لێ دەکرێ ، بەرامبەر بەوەش تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو دەقە شیعریانەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەنووسرێن بە گەرمی پێشوازیان لێ کراوە، چونکە هێشتا ئێمەی کورد کێشەی سیاسی و نەتەوەییمان هەیە، ئەو جۆرە شیعرانەش شیعری حەماسی و کۆژانی هاوبەشی خەڵکن، بەڵگەیەکی دیکەش ئەزمونی شیعری حەماسی و لیریکییە، کە خەڵک بە گەرمی پێشوازیان لێ دەکەن لەسەر ئاستی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا ئەم شاعیرانە زێتر ناسراون، بەڵام ئەو شاعیرانەی خۆمان ئاسایی کە هەوڵ دەدەین شیعری هونەری بنووسین مامەڵەیەکی ئێستاتیکی لەگەڵ دەقدا بکەین، تەنانەت وەکو پێویست خودی ئیلیەتی رەخنەگرانیش ئاورێکی شرۆڤەکارانەیان لێ نەداوینەتەوە، من زۆرجار لای هاورێکانم ئاماژەم بەوە کردوە ئێمە مانان ئەگەر بەزمانێکی دیکەی غەیرەکوردی شیعرمان نوسیبوا ، حسابێکی جیاوازمان بۆ دەکرا وەلێ مەخابن لای رۆشنبیرانی ئێمە (کە ناڵێم زۆربەیان نەخۆشن و پێویستیان بە چارەسەری دەرونی هەیە) جۆرێک لە ئیرەیی و ریاکاری هەیە، ئەو شاعیرە داهێنەرانەی کە پرۆژەیەکی شیعری داهێنەرانەیان هەیە ، هەمیشە بە تەنها دەمێننەوە، ئەگەر چی ئایندە هەر بۆ شیعری داهێنەرە.

سەفەری من لەگەڵ خوێندنەوە لە رووی زەمەنەوە سنوری زۆری بڕیوە، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی وڵاتانی دەوروبەر، وێڕای شیعری کوردی، من چێژێکی زۆر لە شیعری فارسی و عەرەبی وەردەگرم، ئاگاداری پرۆسەکانی داهێنانی ئەو شاعیرانەم هەرلەرێی ئەو زمانانەش ئاگاداری شیعرو ئەدەبیاتی بیانیم، قەناعەتیشم وایە زێدی رەسەنی شیعریش رۆژهەڵاتە نەک رۆژ ئاوا، هەروەک چۆن زێدی ئایین و ئەفسانەکانیش هەر رۆژهەڵات بووە ، ئەگەر چی نوسەران و بیرمەندانی رۆژئاوا ژیرانە توانیویانە سود لە سەرچاوە روحی و مەعریفیانەی رۆژهەڵاتی بێ خاوەن وەربگرن و لە شاکارە ئەدەبیەکانیاندا بەگەڕی بخەن و شاکاری گەورەش پێشکەش بە ئەدەبیاتی جیهانی بکەن، هەربۆیەش من خۆم بە رێبوارێکی وێڵی ئەم رێگایە دەزانم و هەمیشە لەسەفەردام و سەرگەردانی سەفەرێکی جاویدانەم، سەفەرێک کە هەمیشە وێستگەکان جێدەهێڵێ و لە وێستگەیەکی تایبەتدا ئارام ناگرێت، نیشتمانی ئەدەب و هونەرو مەعریفە نەسنوری هەیەوە نەزاڵگە و نەڤیزەو پاسپۆرتیش، رێبوارێکی عاشق لە رێی زمان و خوێندنەوە سەفەری ئەو نیشتمانە دەکا. خوێنەرانێک هەن هەمیشە لێم دەپرسن کە مامەڵەکردن لەگەڵ عیشقدا، جگە لە ئەزموونکردنی، پێویستیی بە چیبی هەیە؟ ئەگەر شکست هۆکارێک بێ بۆ ئەوەی ئێمە لە رێی شیعردا خەیاڵاتی پترمان هەبێ و جیهانبینیمان فراوانتر بێ، ئەی چیبی دەبێ بە هۆکار تا لە نووسیندا تاکڕەهەندانە بنووسین،ئەگەر یەکێک لە ڕەهەندەکان عیشق بێ - چەمکی عیشق لێرەدا مەبەست کورتکردنەوە نییە لە نێوان دوو ئینساندا، بەڵکو بە مانا فراوانەکەی بەکارهاتووە-؟

عیشق هەر تەنها زاراوەیەک نییە کە لە چەند دەقێکی شیعرەکانمدا بەرجەستە بووبن ، بەڵکو لە سەرلەبەری شیعرەکانمدا بوونێکی نەمرو زیندویان هەیە، عیشق واتا بەخشینە بە ژیان و بەردەوام بوونە لە راگرتنی ئەو پارسەنگەی کە ژیان وێڕای بۆشاییەکی بێهودە هیچی تر نیە ، عیشق رووناکییە، هەڵکردنی مۆمێکی ئەزەلیە لەساڵرۆژو ساڵوەگەری هەموو بۆنەیەکدا نۆژەن دەبێتەوەو تاریکایی دەروون رادەماڵێ ، پرۆسەی شیعر داهێنانی مەزن پێشکەش دەکات، گەرەکە لەکەش و سروتێکی عاشقانەی رەهادا هەمیشە خۆمانی بۆ ساز بدەین، تا چەند تاوێکی تر چەند هەنگاوێکی تر لە تارمایی مەرگ دوور کەوینەوە ، بۆیە عیشق لای من پاکبوونەوەی روحە لەو ئالودەیەی کە دەوروبەرو پەروەردەی سەقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وتەنانەت خێزانیش کە تاکی ئێمە بەهەڵە لەو چەمکە تێیگەیشتوون وغەریزییانە پراکتیزەی دەکەن و نازانن چۆن دارو درەخت و گیاو کانی و بنارو شاخ و بەردو زیخەڵانیان خۆش بوێ، سەرجەم پێکهاتەکانی سروشت و مرۆڤەکانی دەوروبەریان خۆش بوێ، تا ئاستی ئەوەی کە لە پێناو ئەم عیشقە سەرمەدیەدا قوربانی بە بەها پیرۆزەکانی ژیان بدەن ، لێرەدا ژن تەنها کاراکتەرێکە لە پرۆسەی عیشقدا، نەک

هەموو شتێک، زۆر لە خوێنەری شیعرەکانی من وا هەست دەکەن کاتێک کە من لەسەر عیشق دەدوێم هەرتەنها مەبەستم ئیرۆتیکای ژنەو بەس، نا وانیە، بەڵا ژن بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ ، نەک گشتی، ئەو ژنەش هەندێ جارهەر تەنها یارنیە، هاورێ نیە، رەنگە دایک بێ، مرۆڤێکە لە خەیاڵ و هەست و نەستی منی شاعیردا بوونی هەمیشەیی هەیە، عاشقێکی میسالی، بێگەرد لە ریاو فێڵ و درێوی، عاشقێکە، میهرەبان و جوان، ڕەنگە ئەو سیفەتانەی کە من دەیخەمە پاڵی لەتەنها تاکە کەسێکدا بەرجەستە نەبن، ئەو عیشقە سۆفیگەریانەیە کە من پێی نەگەیشتووم، مەحاڵیشە پێی بگەین و لەم سەردەمە بتوانین پراکتیزەی بەها جوانەکانی عیشق بکەین، چونکە ئێستا تا رادەیەکی زۆر سەردەمی رۆمانسیەت و لیریکیەت کاڵ بۆتەوە و بەسەر چووە خەریکە تەکنەلۆژیاو بە میتاڵ بوونی پێداویستیەکانی ژیان دامان دەهاڕن، دواجاریش ئەزموون کردنی ئەم جۆرە عیشقە نەک هەر مەحاڵە ، بەڵکو دەبێتە مایەی ئەوەی کە دەوروبەر وەک مرۆڤێکی نا ئاسایی مامەڵە لەگەڵ خودی عاشق بکەن، ڕەنگە ئەمە بۆ مەسەلە سیاسیەکانیش هەر وا بێ، ئێمە رۆژگارێک دەروێشانە لەگەڵ سیاسەتدا تا رادەی قوربانیدان کارمان دەکرد ئەو ساش لای زۆرێک لە خەڵکی ئێمە کارێکی رۆمانسیانەو سەرەرۆیانەو شێتانە بوو ، بەڵام سەرەنجام بۆ منی عاشق بەو هەموو موفرەداتە پیرۆزانەش جگە لە بێ ئومێدییەک بەرهەمێکی دیکەی نەبوو، هەڵبەتە هەر ئەم بێ ئومێدی و شکستانەش دواجار جۆرێک لە ئومێدی پێ بەخشیوم کە بەردەوام بم لە نووسین، کارکردنم لەسەر چەمکەکانی عیشق و مەرگ و ژیان و جوانیەکانی سروشت و مرۆڤ تەنها واتایەکی ماقوڵن بۆ ژیانی من ، بۆیەش ئەگەر بە ئومێدەوە لە ژیان بڕوانینن، واتە ژیان بە عیشقەوە جوان دەکەین ، ئەم هۆکارانانەن جیهانبینی مرۆڤ فراوان دەکەن، یەکێک لەو رەهەندانەش عیشقە، ئەم چەمکە تەنها کورت کردنەوە نیە لە پەیوەندییەکی ئۆرگانێکی نێوان دوو مرۆڤ، دواجار عیشق هەوێن و سروشی شیعرە ، عیشق تاکە سەرمایەی شاعیری راستەقینەیە، هەر عیشقیشە بۆتە داینەمۆی نووسینی شیعر.

### کتێبی پیرۆزی عاشقان

کۆشیعری (کتێبی پیرۆزی عاشقان) کە لەبنەڕەتدا لەشەش کۆشیعری (کتێبی سەما و کتێبی بوەستە تارژەن و کتێبی بیریا لە تەمتوماندا و کتێبی مەلەکان و کتێبی زینەتی مەیفرۆش و کتێبی شکانی زیو) پێکهاتووە، سەرجەم شیعری نێو ئەم کتێبانەش بریتین لە (55) پارچە شیعر، لە هەولێر لە ساڵی (2007) لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بۆ شاعیری ناسراو کەریم دەشتی بەچاپ گەیەنراون.

خوێنەر کاتێ لاپەڕەکانی ئەم دیوانە شیعرییە هەڵدەداتەوە وەک ئەوە وایە بەناو باخێکدا پیاسە بکات پر بێت لە جۆرەها میوە و گوڵی جوانی رەنگاوڕەنگ، بەڵام لێرە لەم شیعرانەدا وشە، وێنە لە نێو گەڵا و گوڵ و میوەکاندا بەرجەستە دەبن، بۆنی وشە ناسک جوانەکان خوێنەر مەست دەکەن، بە نێو کەش و سروتێکی پر لەعاشقانەی دەبەن، کە زۆر جار وای لێ دێ خوێنەر لە نێو وێنە شیعرییەکان خۆی لە بیر بچێتەوە، کە هێشتا لەناو باخێکدا پڕە لە خەیاڵی پڕ لەجوانی و عیشق و پاکبوونەوەی ڕۆحی مرۆڤ لە تەمی کینەی ژینگەیەکی ئالودەو بەدەر لە خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ پێکهاتەکانی سروشت وەک باوباران و هەور و تەم و دارو درەخت و شاخ و بنار و کانی و دارستان و گوڵ و گەڵا و کەو و سمۆرە و پاساری و ساتەکانی بێهودەیی شەوان و رۆژان و گەڕانەوە بۆ سۆزی منداڵی و رابردوو ، ژیان لەنێو رەوشێکی نۆستالیژی دا، ئەمانە هەموویان لە لایەک بەزمانێکی شیعری رەوان ، بەڵام بە ریتمێکی مۆزیکی ئەفرێنەرانە، کە شاعیر توانیویەتی هارمۆنیایەک لە نێوان وشە و وێنە شیعرییەکان بسازێنێ ئیستاتیکاکارانە سەودا لەگەڵ ئەو شیعرانە بکات، ئەوەی ئەزموونی شیعری دەشتی لەگەڵ نەوەکانی شیعری خۆی جوێ دەکاتەوە بەردەوام بوونیەتی لە ئەفراندنی خەیاڵی شاعیرانەو جڵەوکردنی ئەسپی سەرکەشی وشە و وێنە شیعرییەکان، دەشتی لە شیعری (گەڕانەوە لە بوخارا )دا دەڵێ:

هاتوینەوە مشتێ بریقەی چاو
لە پێ عەشق بە گوڵمەزێ شەهدی ئاو
دەمێ پر لە چریکەی غوربەتمان بۆ هێناون
هاتوینەوە وێنەی ئێوەمان لە
گۆمی خوێنی ناو دڵمان شوشتۆتەوە
بەدیاری بۆمان هێناون
هاتوینەوە لەبوخارا دەسکێ شبیت و

**لەهیندوستانیش بۆن و بەرامەی دارچین و**
**لەسەمەرقەند گوڵە گەنمێکمان هێناوە و**
**....هتد .....**

**خوێندنەوەیەکی ئەم کۆپلە شیعرە ئەو بڕوایە لای خوێنەر دروست دەکات، کە دەشتی سەرەرای ئەوەی کار بۆ لایەنی هونەری و تەکنیکاری شیعرەکانی دەکات و دەیەوێ نوێخوازانەش لەسەر بیناسازی وشە و وێنەکاندا کار بکات، بەڵام لە ناواخندا چەند وێنەیەکی شیعری جوانمان پێ دەبەخشێ کە گەڕانەوەیە بۆ پانتایی جوگرافیای شیعری و گەڕان بەدوای رەهۆڵ و ئەشکەوتەکانی مێژوو، (بوخارا، هیندوستان، نیپاڵ، سەمەرقەند)، ئەم شار و وڵاتانە راستە لە نێو نەخشەی جوگرافیادا هەن و خاوەن مێژوویەکی پڕ لە شکۆیی و تێکشکان و دروست کردن و داڕووخانن، چونکە بە بیستنی ناوی ئەم شارانە مرۆڤ بۆ مێژووییەک دەگەڕێتەوە کەسەرەڕای بوونی شارستانیەتێکی رۆژهەڵاتی و خاوەن فەلسەفەیەکی ئیستشراقی کۆن کەدەیان بگرە سەدان شاعیر و فەیلەسوفی لێ گۆش و پەروەردە بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو وێنەیەشمان دەخاتە بەرچاو کە ئەم مێژووە شکۆدارە بێ بەش نەبووە لە شەڕ و کوشتار و تاوان و تاڵان و وێران کردنەکانی جەنگیزخان و تەیمور لەنگ و شەڕەکانی نێوان لەشکری تورک و فارس لەو ناوچانەدا، بەهەرحاڵ ئەوەی کە شاعیر ویستویەتی باسی لێوە بکات ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفی و سۆفیگەرە کە سەردەمانێکی زۆر درێژە لەم شار و وڵاتانەدا بوونیان هەیە و هەر لە بوونی ئاین پیرۆزەکانی وەک بودی وهیندوس و ئیسلام کە لەو ناوچانەش ئایین سەردەمانێک سیمبولی خۆشەویستی و لێبوردەیی و پەرستنی نێوان تاک کۆمەڵ خودا بووە لەراستیدا رۆژهەڵاتییەکان بۆیە لەشیعردا کەس ناتوانێ خۆی لەقەرەیان بدات ئەوەیە لەوەتەی مرۆڤی سەر ئەو زەوییە فێری قسە کردن و پەرستن و ژیانی کۆمەڵایەتی بووە و توانیویەتی ئایین و خودا پەرستی بکاتە سۆنگەیەک بۆ بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆحی نێوان خۆیان، ئاینیان کردووە بەو فەلسەفەیە تا لە رێگای ئەم کتێب و یاسا و رێسایانە بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن، بۆ نموونە ئاڤێستاکە کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکانە بریتی بووە لە چەند بەشێک لە گاتاکان و لەبنەڕەتدا ئەم گاتایانەش بەزمانی شیعری نوسراون، واتە نەسک و تێکستەکانی گاتا وەک بیناسازی دەقێکی زمانێکی شاعیرانەیە.ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی زمانی شیعری لای کەریم دەشتی کە بریتین لە زمانی هونەری تێکستە شیعرییەکە کە هەندێ جار بەزمانی (ناباو) ناسراوە، ئەم دەربڕینە لەزماندا پانتاییەکی فراوانی لە دەسە لات و خەیاڵی زمان و کۆنەستی شاعیری بەسەردا زاڵە، ئەو زمانە هونەرییە شیعرییە ناراستەوخۆیەی شاعیر لەدووتوێی تێکستێکی شیعریدا دەریدەبڕێ بەپەنابردنە بەر ئەو فیگەر و سیمبولانەی کە بیناسازی شیعرەکەی لەسەر هەڵدەچنرێ، لێرەدا سیمبول یان رەمز ئامرازێکی ئۆرگانیکی زمانی هونەری دەشتی شاعیرە کە لەستایلی نوسینی دەقی شیعری ئەوانی دیکەی پێی جوێ دەکرێتەوە، واتە هەر شاعیرێک بەحوکمی ئەزموونی نووسینی شیعری خۆی جۆرە ستایلێک یان زمانێکی هونەری شیعری تایبەت بەخۆی هەیە، هەڵبەت لێرەدا مەبەستم شاعیری ئەفرێنەر و رچەشکێنە نەک شاعیری باو... دیارە هەر بەم شێوەیەش لای خوێنەران و رەخنەگرانی شیعرەوە تایبەتمەندێتی ئەم شاعیرە ئەفرێنەرە دەناسرێتەوە وێڕای ئەو فیگەرە شیعرییانەی کەلەفەرهەنگی کۆنەست و هزری شاعیردا هەن، کاتێ شاعیر رەشنووسی شیعرەکە سپینووس دەکاتەوە گەرەکە پەنا بباتە بەر ئەو رەمز و فیگەرانە بۆ جوانکاری وبە ئێستاتیکاکردنی فۆرمی هونەری تێکستە شیعرییەکە، سەرەنجام کە خوێنەر بەرهەمی شیعری شاعیرێک دەخوێنێتەوە بەر لەو زانیارییە بەراییەی کە هەیبووە لەمەڕ شێواز و ناسنامەی شاعیردا، لەهەمان کاتیشدا خوێنەر (خوێنەری رەخنەگر) هەست دەکات و دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەمە شاعیرێکی نوێخوازە یان کۆنخواز، سوریالیە یان رۆمانسی ، شاعیرێکی داهێنەرە یان هیچ، بۆیە بەرای من لێرەدا زمانی شیعر لە کن دەشتی ئەو زمانە هونەرییەیە کە هونەرکارانە بەکاری دەهێنێ و دەبێتە زمانێکی ناباو، لەزمانی هونەری شیعردا زۆرجار کات . شوێن بایەخی نامینێ، خەیاڵ و فەنتازیا و کۆنەستی شاعیر زاڵ دەبێ بەسەر زمانی شیعری، نەخشە داڕشتن بۆ نووسینی شیعرێک کارێکی مەحاڵە،ئەسڵەن شاعیر ناتوانێ شیعرێ بنووسێ، لێرەدا زمانی هەستیی شاعیر لاڵە و زمانی نەستیی دەسەڵاتدارە،هەروەها دەشکرێ تەنها لەتێکستی شیعریدا چەندان شێواز و ستایلی شیعری بەکاربهێنرێ، زمانێکی شیعری رەنگە لەکورتە چیرۆکێک یان رۆمانێک یان دەقێکی شانۆییدا بەدی بکرێ, بەڵام قسەکردن لەسەر زمانی شیعری گوزارشتە لە زمانەکانی ناوەوەی (نەستی شاعیر) هزر و هەست و بابەت رەگەزی سانەوین، بۆیە کە دەبینین زمانی شیعری وەک رەگەزێکی پێکهاتوو لەشیعرێکی نوێدا هەژموونی فۆرمە شیعرییەکە دەکات , لێرەدا خوێنەر دەکارێ ستایلی شیعری شاعیرێکی ئەفرێنەر و هونەرکار لە ئەزموونی شاعیرانی دیکە جوێ بکاتەوە، کە ئەم جۆرە نووسینە خەسڵەتی ئەو شاعیرەیە.**

**لە شیعری (ئێستاش زرینگەی شوشەکانت دوور دوور دەڕوات)دا دەڵێ :**

**ئەو دەیگوت ژیان بەبێ هودەییەوە جوانە**
**دەنا وەک خۆی لەکەڵە گیایێ دەچێت**
**چاوەڕوانی سیسبوونی ئەبەدی دڵ بکا**
**هەمیشە بەسەر لەپی پەنجەرەوە**
**وەک پارچە مەرجانێکی شکاو**

سەیری ڕێبوارانی دەکرد.....

لایەنی تەکنیک و هونەرکاری وێنە کە گەرەکە شاعیر هونەرمەندانە و بیناسازانە بەتۆڕێکی ئەندازەیی وێنە شیعرییەکان بە یەکتر ببەستێتەوە بۆ ئەوەی پچرانێک لەخەیاڵی خوێنەردا دورست نەکات، چونکە هەر پچرانێک لە هەر وێنەیەکدا یان وشەیەک تەنانەت لە خاڵبەندیشدا دید و تێڕوانینی خوێنەر دەشێوێنێ، وێڕای شێواندنی سەرلەبەری دەقە شیعرییەکە لەرووی ئێستاتیکاوە واتە جێگۆرکێ لەنێوان فاریزەیەک و نوقتەیەکدا سەر لەبەری واتا زمانی شیعرەکە وێران دەکات، سەرەنجام دەقە شیعرییەکە نەشاز دەبێ و رەزمی مۆزیکی ناوەوەی شیعر لەنگ دەبێت، رەنگە ئەم لەنگبوونەش ببێتە مایەی شێواندنی واتا و مەبەستی شاعیر کە دەقێکی شیعری بەرهەم دێنێ کەلەسەر بنەمایەکی هەستی و نەستیدا هەڵی چنیوە، زمانی شیعری نوێ پەیوەستە بە رەگەزی تەکنیکی شیعری کە چۆن شاعیر گەمە بە وشەکان دەکات , بەڵام گەمەیەکی هونەری، چونکە دەقێکی شیعری گەمەی وشەکاری تێدا نەبێت ئەوا دەبێتە نووسینێکی سادە و ساکار، وەک چۆن چەندان نووسینی ئەدەبی دەبینین هەرچەند لەسەری نوسراوە شیعری نوێ، شیعری مۆدێرن بەڵام جگە لە دەقێکی سادە و ساکار شتێکی دیکە نییە، بۆیە پەیوەندی ئۆرگانی نێوان زمانی شیعر (سیمبول و فیگەر) لەگەڵ لایەنی هونەری و تەکنیککاری شیعرەکە هارمۆنیایەکی ئێستاتیکی داهێنەرانە دروست دەکەن، ئەگەرچی زمانی شیعری نوێ (ناراستەوخۆ) خەیاڵ و کۆنەستی خوێنەران دەدوێنێ، بەدوور لەو زمانە باوەی کە هەندێ دەقی شیعری لای نووسەرەکانیان بانگەشە بۆ تازەگەری دەکەن، بە پێچەوانەی ئەو زمانە شیعرییەی کە خوێنەر یان رەخنەگر ناچار دەکات بە دوای کۆدی زاراوەسازییەکەی ئەو شاعیرەدا بگەڕێت کەلە ئەزموونی شیعری خۆیدا بەکاری هێناون، وێنەی شیعری یەکێک لەو ڕەگەزە پێکهێنەرە گرنگانەی شیعری نوێیە کەلەسەر کۆڵەگەیەکی ئێستاتیکی بونیات دەنرێ و وا لەچاوی خوێنەر دەکات کە ئەم وێنە و دیمەنە شیعرییانە بە زیندوویی لەیادەوەرییەکانی بمێننەوە.

لە شیعری (گرتنی ناخ) دا دەڵێ :

خەمێک لەشەوقی فڕینێ

بە باڵی تەمە جوا نەکانی ئەوبەری ئاوەکان

کە هێشتا لەخوێنی پاکیزە هەر ماون

هەمیشە وەک بایێ هەڵبکا لەکۆڵی کچاندا

وەک خەونێ قوتمدا لە کورتی سەدەیێ وچاندا......

شیعرێکی نوێ بێ بەش بوو لە هەبوونی وێنەی شیعری ئەوا رۆحی ئیستاتیکی ئەم شیعرە لەدەست دەدات و سەر لە خەیاڵی خوێنەر دەشێوێنێ، نە ئەو خەیاڵە جوانەی لای خوێنەر دروست دەکات، نە فەنتازیایەک لە یادەوەرییەکانی خوێنەران جێ دەهێڵێت بۆیە، هەر دەقێکی شیعری لەم رەگەزانە داماڵرا ئەوا بێگومان ئەم شیعرە دەبێتە دەقێی ناکام و ناهونەری، کەواتە زمانە شیعرییەکە پەیوەستە بەزمانێکی هونەری و رەمزی و زمانێکی ناباوو ناراستەوخۆ، کە بەتەکنیککاری ئەندازەیی وێنەو وشە و کۆپلە شیعرییەکان بەفۆرمێکی هونەری و بەخەیاڵ چنراو دادەرێژرێ، و دواتریش خوێنەری شیعرەکە ئەو رەگەزە زیندووە دەبێ کە بتوانێ ئاوێتە بێ بەسەرجەم دەقە شیعرییەکە کەشاعیر پێشکەشی خۆینەری دەکات.

لە شیعری (بۆم ناکرێنەوە) دا دەڵێ :

جەستەی تۆ وەک تەمێکی تەنک وایە

لەدوور دوورەوە

لەنێو درەختی خوێن و ئێسقانت دڵت دەبینم

ئاخ دڵی تۆش وەک رۆحی من

لەهەزار شوێندا شکاوە

زمانی شیعر و مانای شیعری پەیوەندییەکی ئاوێتەییە و لەهەندێ تێکستی شیعرییدا ئەو راستەوخۆییە لەخۆی دا هەڵناگرێ، هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد کە گەرەکە خوێنەر بەدوای کۆدە شاراوەکانی (نهێنیەکان)ی شاعیر بگەرێ ، واتە مەبەستە خوێنەر لەم رەوشەدا شارازاییەکی قوڵ و تەواوی لەسەر تێکستە شیعرییەکانی ئەزموونی بەرایی شاعیردا هەبێ تابتوانێ بە سانایی شرۆڤە بۆ شیعرە تازە بەرهەمهاتووەکانی بکات، تا بزانێ شاعیر لەپشت ئەو هەموو وشە و وێنە شیعرییانەدا چ واتایەکی تازەی لە ناخ وخەیاڵی خۆی حەشارداوە، چی تازە بەخوێنەر دەبەخشێ، بۆیە من پێم وایە قورسترین تێکستی شیعری و سیبمولیترین شیعر لەهەناوی خۆیدا، مانایەک یان ماناگەلێک هەڵدەگرێ و لێرەدا زمان و واتا بەیەکەوە پەیوەست دەبن.

کەریم دەشتی دەڵێ :

لەزەمیلەی سەوزی هەر یەکیان کۆمەڵێ رەنگ هەیە

هەر ڕەنگێ لەباغێکی دوور دوور هاتووە
سەربردەی بۆن و بەرامەی سەر سینەی کچێکی ئاشقی گرتووە
هەندێکیان لەدەریا هاتوون و شەپۆلان دەدەنە ئاسمان
بۆ هەر شوێنێ بچن
ئەو شوێنە پڕ دەبێ لەعەتر و لە پیرۆزەی مەرجان
ئاخ گوڵفرۆشەکان چەند کەمن بەڵام زەوییان داگرتووە.

شێوە یان فۆرمی شیعری بێگومان کاریگەری ئاوێتەیی هەیە لە سەر زمانی شیعریدا چونکە فۆرم وەک دیوی دەرەوەی نەخشی ئەو مافوورە وایە کە بەکۆمەڵێک وێنە و نەخش و نیگاری جوان و ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە، بەڵام ژێرەکەی ئەو جوانیەی نا بەخشێ، دەرئەنجامیش ئەگەر شێوەی لەڕووی جوانکارییەوە نەیتوانی کاریگەری بەسەر زمانەوە هەبێ ئەوا ئەم تێکستە شیعرییەو لایەنی ئێستاتیکی دادەماڵێ و جوانییە بنەڕەتییەکەی خۆی لەدەست دەدات یان ڕۆحە ئێستاتیکیەکەی خۆی دەدۆڕێنێ، دواجاریش دەبێتە شیعرێکی کرچ و کاڵ، هەر ئەمەشە شیعری نوێ یان شیعری هونەری لەشیعری ناهونەری جوێ دەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شیعرەکانی دیکە وەک شیعری سەردەمی کلاسیکی یان ڕۆمانسیەت یان شیعری ئازاد لەڕووی فۆرمەوە ئەو جوانیە نەبەخشن، بەڵام لەشیعری نوێدا مەسە لەی شێوە یان ئێستاتیکا لەبەرچاو و ڕوونە، یەکێک لە خەسڵەتە زیندووەکانی زمانی شیعری نوێ، شێوە و فۆرمە، تەنانەت لەهەندێ ئەزموونی شیعری شاعیرانی ئێمەدا ئەوەندەی بایەخ بە فۆرم و شێوە دراوە، هێندە مانا لای ئەوان ئامادەگی نەبووە.
بەکارهێنانی وشەی نوێ و گەڕان بەدوای وشەگەلی تازە جا چ لە فەرهەنگەکاندا بێ یان لەسەر ز اری ناوچە جیاوازەکانی شێوەزارە کوردییەکان، بەرای من ئەوەندە گرنگ نییە بۆ ئەوەی تۆ بێی تێکیستێکی شیعری هونەری تێروتەسەل پێشکەش بەخوێنەران بکەیت، بەقەد ئەوەی گرنگە چۆن ئەم وەشەگەلانە هونەرمەندانە و داهێنەرانە لەشوێنی شیاوی خۆیدا بەکاربهێنێ، ڕەنگە ئەم حاڵەتەش واتە بە کارهێنانی وشەی نوێ لای زۆر شاعیری کورد پەیرەوکراوەو سەرکەوتوو ش بووە تەنها بۆ قەرەباڵغکردنی شیعرەکە کەڵکی لێ وەرگرتووە، بێ ئەوەی توا نی بێ خزمەت بە شیعرەکەی بکات، دیارە ئەم دیاردەیەش لەهەفتاکان و هەشتاکاندا زۆر بەزەقی لە لای شاعیران بەدی دەکرا ، چونکە ئەوساکە شاعیر و نوسەری کورد پێی وابوو زمانەکە ی هەرەشەی لێ دەکرێ ئەگەر بێت و هەوڵ بدات وشەی نوێ کۆنەکاتەوە و نەیپارێزێ ، ئەمەش زیاتر کاری فەرهەنگنووسان بووە نەک شاعیران، بەهەرحاڵ شاعیر دەتوانێ سوود لە وشەی نوێ وەربگرێ و زمانە شیعرییەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، بەڵام بەو مەرجە هونەرییانەی کە پێشتر ئاما ژەم پێکرد کەلە خزمەت داهێنانی شیعرەکەدا بێ.
بە پێچەوانەوەی ئەو دیاردە نامۆیەی کە هەندێ لەشاعیرانی کورد پەیڕەوی دەکەن لەئاخنینە ناوی زۆر وشەی بیانی نامۆ و قورسی عەرەبی و فارسی وبیانی..... هتد تا بەخوێنەران نیشان بدەن کە ڕۆشنبیرییەکی قوڵییان هەیە و شارەزان بەئەدەبیاتی گەلانی دیکە، بەڵام ئەوە خزمەت بە زمانەکەمان ناکات بە پێچەوانەش ئەو تێکستە شیعرییە ناشیرین دەکات ، چونکە من دڵنیام هەمان وشە و زاراوە لە زمانەکەماندا بە سانایی پەیدا دەبن و هەن، هەندێ وشە هەن ڕاستە کۆنن وەک (شیعر، عیشق، دەفتەر، قەڵەم، سەراب، کوچە،.....هتد) کوردی نین، بەڵام سەدان ساڵە بەحوکمی تێکەڵیمان لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا سوودمان لێ وەرگرتوون تەنانەت لەوشە کوردییە دراێژراوەکانیش جوانترن کە دەڵێ (هۆنراوە، ئەوین، پێنوس، تێنوس، کۆڵان....) ئەم دیاردەیە لای شاعیران و نوسەرانی عەرەب و فارس وەک گرێ کوێرەیەکی دەروونی بەدی ناکرێ، ئەوان بێ منەتانە وشەی بیانی بەکاردێنن بەڵام دەزانن چۆن ئەو ئیشە دەکەن سوودی لێ وەردەگرن، سەیرەکە لەوەدایە هەندێ شاعیر کاتێ پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە وشە و زاراوانە جیاوازی لەواتاکان ناکەن، واتە بێ ئەوەی لەمانای وشەکە بگەن بە هەڵە بەکاری دەهێنن، چەندان بەڵگەم هەیە، بەڵام لێرەدا کاتی نووسینی نییە، لەهەمان کاتدا ئەگەر شاعیرێک وشەیەکی کوردی نوێ بەکاربهێنێ, بەڵام بەمەرجێک پێشتر باو و ناسراو نەبووبێ و لەشیعرەکانی خۆی و شاعیرانی دیکەدا دووبارە نەبوبێتەوە ئاساییە زمانە شیعرییەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، خوێنەری ئێمە هەمیشە بەدوای وشە و زاراوەی باوو سادە دەگەرێ هەوڵ نادات بەدوای مانای وشە نوێیەکان بگەڕێ، چ جا تۆ وشە و زاراوییەکی کۆن یان سۆفیگەرانە و فەلسەفیانە بەکاربهێنی. هەر ئەمانەشە وایان کردوە خوێنەرانی شیعر بەوردی و قووڵی سەودا لەگەڵ شیعرەکانی دەشتی بکەن، دیوانی ( کتێبی پیرۆزی عاشقان ) نمونەیەکی جوانی شیعری نوێی کوردییە، دەست خوشی لە کەریم دەشتی شاعیر دەکەم.

**هێماگەری لە شیعری "قاچاغ" ی قوبادی جەلی زادە**

قاچاغ" شیعرێکی بڵاوکراوەی قوبادی جەلی زادەیە لە ژمارە "2" گۆڤاری کاروان" خولی راپەڕین"لەساڵی 1992 بڵاوکراوەتەوە ، لای قوباد وشە دەنکە مرواری ئەو ملوانکە ئەفسوناویەیە کە شاعیری کارامە دەزانێ چۆن و بۆ چی دەیچنێ، کەڤاڵی ئەو نیگار کێشە هونەرمەندەیە کە کۆمەڵێک مەبەست و نیازی پەنگ خواردووی خۆی لە دەربڕین و هێڵی رەنگ و فیگەرەکانی دیکە دەبەخشێ ، کە خوێنەری ئاسایی بەچاو پێخشاندنێکی خێرا شەکەتی هونەرمەند بە بۆچوونێکی ساویلکەکانە شی دەکاتەوە بەڵام ئەو بینەر(خوێنەر)ەی لە بواری هونەریدا شارەزایە لە کۆدی مەبەستەکانی نیگار کێش دەگات و خاڵ بە خاڵ، هێل بە هێل سەرجەم فیگەرەکانی کەڤالەکە شیدەکاتەوە ، هەر بۆیە زۆرجار ئەو ملوانەکە بەهادارەی کە شاعیر دوای مردنیش ناخرێتە گەردنی شایستەیی و دەستخۆشی، بەڵکو برێجاری خوێنەرێکی سەر پێی "کە بە وردی ئەو دەقە شیعریە ناخوێنێەوە ئەو ملوانکەیە دەکاتە پەتی مەرگ و شاعیری پێ دەخنکێنێ .. قوباد بەم دوایە بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک شیعری خۆی دەیەوێ ئاماژە بە دیارەدەیەکی سایکلۆژی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ بکات، دیارە ئەم شیعرانەی قوباد بە سانایی لە شاعیرانی تر جوێ دەکرێتەوە بەراشکاوی بوێرانە هاتونەتە گۆرەپان و لەناخیدا دامرکاوی ناو کۆمەڵ و تامەزرۆیی و خیانەتی نێوان ژن و مێرد و چەپاندنی سێکسی ...هتد، هەڵبەت داڕشتن و نەخشە کێشانی بیرۆکەی شیعرێک و بنیاتنانی پەیکەری ئەو شیعرە ، پێویستی بە شاعیرێکی کارامەو بە ئەزموون هەیە، کە چۆن رووبەری ژانە پیرۆزەکان دەبێتەوە تا لەکات و شوێنی لەبارو شیاودا ئەم شیعرانە لە دایک دەبن ، دەشێ هەندێجار بارودۆخی سایکۆلۆژی خوێنەریش هۆیەک بێت بۆ تینەگەیشتن لەو دەقە شیعرییەدا ، دەشێ خوێنەر چەند جارێک بە شیعرێک دابچێتەوە و هەرجارەش کلیلی مەبەستێکی تری دەرگا داخراوەکانی ناخی شاعیر بدۆزێتەوە و بچێتە نێو ژوورە ئاپۆراکانی خود و نەستی شاعیرەوە... شاعیری کارامە، داهێنەرە، هەڵبەت داهێنانیش بە واتای بەخششێکی تازەتر ، جیاواز لەگەڵ دەقەکانی ترو لە پێشتر ، تام و چێژو بوونێک جوێ لە بەرایی بیرکردنەوەیەکی نوێخوازانە، خۆ ئەگەر داهێنەر لای شاعیرێک واتا شکاندنی پەیکەر بێت و بڕینی تخوبی قالبە سواوە کان نەبێ چی دەگەیەنێ..؟! لەم شیعرە دا سیمبول (رەمز)ی وەک دەمامکێک بەکار هێناوە بۆ داپۆشینی مەبەستە شاراوەکانی کە چەپاندنی سێکسە لای خودی شاعیرو خانمەکەی بەرامبەری، ئەم هۆنراوەیە لە کۆچرەوەکەی بەهاری 1991 لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری مهاباد هۆنیەوەتەوە ، شوێن لە هۆنینەوەی ئەم هۆنراوەیەدا رۆڵی کارای خۆی گێراوە . بۆچی؟! چونکە ئەگەر شاعیر لەو بەشەی کوردستانی نەبوایە ، لەو بڕوایەدا بووم هەرگیز بە خەیاڵی دانەدەهات شیعرێکی وەک ((قاچاغ)) بنووسێ، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری لەم بەشەی کوردستاندا ژێردەستەیە و لەژێر کاریگەری سیاسەتی خۆداپۆشینی کۆماری ئیسلامیدایە ، وەک سەرجەم کۆمەڵگای گەورەی ئێرانیش ، نەریتی خۆ داپۆشینیان بەسەردا سەپێنراوە .. دیارە ئەم سیمایانەش ئەگەر لە رووی سایکۆلۆژیەوە شی بکەینەوە جۆرێک لە نیگەرانی گرێ و گومان و دۆخێکی نا ئاسایی لای ژن ساز دەکات ئەویش دەرنەکەوتنی جوانیەکانی جەستەی ژنە،

قوباد دەڵێ :

خۆی دەخیلی وەتاغەکەی کردم
گرێی قەترانەکەی کردەوە
چی لەبەردا بوو گڕی دا
رووت بووەوە
رووت، رووت
لە گۆشەیەک وەک چەسپی دوو قل
جووت بووین
جووت ، جووت

"شمسێر" لایقوباد کەرستیەیەکی شیعرییە لە زۆربەی شیعرەکانی ئەم دوایەی قوباددا، رووبەرێکی لەبەرچاوی داگیرکردووە، جا ئەم شمشێرە تیژ بێ یان ژەنگن هەرجارەی وەکو سیمبۆلێک بەکاری هێنراون، لای قوباد نەست و ناخی مرۆڤ دەخوێنرێتەوە ، چونکە ئەو نەریتە رێنەدەرەی کۆمەڵگا وای لێکردووە پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی سیمبۆل بۆ ئەندامە سێکسیەکان ، دەبینین ردێنەکەی ئەبو جەهل ، رەمزی ئەندامێکە لەلەشی مرۆڤدا کە شاعیر بەو مەبەستە بەکاری هێناوە ، هاوکات شمشێریش ئامێری دامرکاندنەوەی ئەندامێکی ترە ئەگەر چی لێرەدا شمشێرەکە لەرزۆک و درۆزنە ،چونکە لەو کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەی شاعیر، پەنا بردنە بەر حاڵەتی جووت بوونی ناشەرعی، جۆرێک لە گوناهی وەک درۆکردن و بگرە خیانەتیشی گەرەکە ، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە شاعیر بەم پرۆسەیە هەڵدەستێ ئەگەر چی شمشێشیرەکەی وەک موسەیلە مەی کەزاب درۆزن و خیانەتکارە.. قوباد دەڵێ :

ئەو شەوە شمشێری موسەیلەمە
لە پەڕاندنی ملی شووشە
لە شکاندنی دڵی پەرداغ
سەرخۆش بوو
بە نێو زەمەندی ردێنی بێ هۆشدا
بەسەر لاشەی شمشێری ژەنگنی سەخۆشدا
خۆی دەخیلی وەتاغە نامۆکەی کردم

شاعیر راستگۆیانە دان بە درۆیەکەی دەنێ کەلە شمشێری موسویلەمەدا بەرجەستە دەبێ ، بەڵام بوێرانە رووبەرووی ئەو سندوقە وەهمیانە دەبێتەوە و دەکەوێتە پەڕینەوەی سنورو ردێنەکەشی دەکەوێتە بەرکەسکدانی نەریتە پووچەڵەکان. قوباد دەڵێ :

رۆژ بووەوە.. شمشێر کەوتە مل پەڕاندن
ردێن کەوتە گەسک لێدان
پرچی یاخی بووی زیندانی کردەوە
گشت ئازاری بەدەنی
لە مەقتەنەیەکی رەشدا.. حەشاردا
دەرپەڕی
لە حەشاماتی خیابانێکی رەشتردا
ڕەش بووەوە ،

لەم وێنە شیعریەدا ئازاد بوونی بەدەنی ئەو مرۆڤە رادەگەیەنێ ولەسەر خیابانی رەشی لەشی توکنی شاعیردا گۆرانی دەچڕێ و سەما دەکات، بەڵام لە ئاکامدا جارێکی تر لە گۆشەیەکی ژوورە نامۆیەکەیدا کە لە خۆی دەبینێ ئەو ئازادییە وەهمیە کە تێکشاندنی (چەپاندنی سێکسی) وە سەر هەڵدەدات، هەر بۆیە بە نیگەرانییەوە قوباد دەڵێت :

دەگریا...
گڕ ... لە ردێنی کۆسە بەرەدات و
سەما دەکا..

دەبوایە دێری دووەم وەڵامی تەواوکەری دێری یەکەم بووایە کە تف کردنە، من پێموایە ئەم دەربڕینە لە رووی گرامەرەوە هەڵەیە، چونکە تف دەکات لە کاتی ئێستادا، بەڵام دێرشی دووەم کە دەڵێ: دەگریا لە کاتی رابردوو، دەبوو بێژێ دەگریێ، یان راسترە لە دێڕی یەکەمدا بیگوتبا تفی لە شمشێری نێرەمووک دەکرد ودەگریا.

سەرەنجام ئەو وێنە شیعرییەی (قاچاغ) کێشەی نالەباری ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەخاتە بەرچاوی خوێنەران و چارەسەریەکانیش بۆ شیکردنەوەی خوێنەر جێ دەهێڵێ ، وەک چۆن ژن وەک بوونەوەرێکی روحی و جەستەیی پێویستی بە خۆشەویستی و پێکگەیشتن هەیە، بەڵام بێبەشی وای لێ کردووە بیرلە قاچاغ بکاتەوە و بۆ هاوتاکەی خۆی بگەرێ ، تەنانەت بەو چەمکە کە تابوو گوناهە کۆمەڵایەتیەی خیانەتیش لە جەستەی خۆی بکات و لەگەڵ کەسێکی نامۆدا جووت بێت .. ئەویش بە فڕی دانی ئەو بەرگە زیندانییە، کە بەدەنەکەی داپۆشیوە و لای شاعیریش بۆتە رەمزێک لەو گۆشە نیگاوە مەبەستەکەی بپێکێ و ئاماژە بۆ هەڵچوون و دامرکاندنەکانی ناخ و نامۆ بوونی مرۆڤ بگات ، من وەک خوێنەرێکی بەردەوامی شیعرەکانی قوباد لەم تێکستە شیعریەدا خارە قوبادی جەلی زادە بە شیعرێکی سەرکەتووی دەزانم و گۆشەیەکی لە هەست و بیرمدا بۆخۆی داگیر کرد. ئەم نموونە شیعریەی جوێ دەکاتەوە دەگەڵ هەوانی تر چی چ لە شێوەو چ لە ناوەرۆک. هەر بۆیەش پێم وایە ئەگەر بەراستی لەتواناو ئەفراندنی شاعیرانی دوای راپەڕین بگەین، هەق وایە کەناڵە رۆشنبیرییەکان بەداوو دەزگاکانی حکەومەتیشەوە وێرای ئەو نووسەرانەی کە هەوڵ دەدەن رەخنە بنووسن و لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن ، زێتر ئەو گەرەکە شاعیرانی دوای راپەرشین بەسەر بکەنەوە.

**شیعر و گەڕاندنەوەی متمانە بۆ خوێنەر...**

ئەگەر لە ڕێی چڕکردنەوەی وشە، وێنە، واتا بەرجەستە بێت و لەوێوە شاعیر تێکستێکی شیعریمان پێ دەبەخشێت ، بە واتایەکی دیکە کە وێڕای ئەوەی شیعر هونەری دەربڕینی خەیاڵ و هەستی شاعیرە، داخۆ شوێنی هزر یان بەهۆشیاری هونەراندنی شیعرەکە لەرووی تەکنیکەوە، وەک مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ فیگەرەکانی ئەو تێکستە شیعرییە ، بە راستی شوێنێک بۆ هۆش یان هزری شاعیر دەمێنێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا بۆ خوێنەر، خوێندنەوەی ئەو تێکستە شیعرییە چێژ بەخشینە ،

ئەمڕۆ لەو هەموو دیوانی شیعرو کۆشیعرو چامەشیعرو مەسیجە شیعرو پۆستەرو پۆستاڵە شیعرەی ڕۆژانە دەڕژێنە نێو کتێبخانەو سەر رووپەری رۆژنامە و گۆڤارەکان ، خوێنەر چۆن دەتوانێ چێژ لە شیعرێک وەربگرێت و سەرەنجامیش لە یادەوەری یان لە نەستیدا بە نەمری بمێنێتەوە ، کەواتە وەک خوێنەر چۆن دەکارین رێز لە بەها جوانناسییەکانی خوێندنەوە بگرین و متمانە بۆ خوێنەرایەتی خۆمان بگەڕێنینەوە کە بۆ هەمیشە شیعر ژانرێکی زیندووەو بە جاویدانی دەمێنێتەوە.

ئاخر لەم جەنجالی عەولەمەو تەکنەلۆجیاو شۆرشی زانیاری و بازاری رەشی ئابووری و بێ بەهایی مافەکانی مرۆڤ و گاڵتەجاری دیموکراسییە، ئایا شیعر دەتوانێت وەک بوارەکانی دیکەی هزرو فەلسەفە پرسیار لای خوێنەرانی ئێمە دروست بکات ؟ ئەو پرسیارە چی بێت و تاچەندیش کاریگەری دەبێت بەسەر شتەکانی دەوروبەر... هەر لە کۆمەڵگاوە تا داوودەزگا رۆشنبیری و چاپەمەنییەکانی حیزب و حکومەت بەبەرهەتاو و سێبەریشەوە.

لەو ساڵانەی دواییدا بە موناسەبەو بێ موناسەبە لای زۆرێک لە شاعیرانی کورد لەوانەش شاعیرە لاوەکان ، بانگەشەیەکی بێ بنەما بۆ ستایل و فۆرمەکانی داهێنان کرا ، هەڵبەت بەشێک لەبەشداربووانی ئەو بانگەشە بێ بنەمایە هەندێ نووسەری درۆزن و چڵێس بوون، لە رێی کۆپی کردنی ئەزموونی شیعری بیانی بەتایبەتیش شاعیرانی ئەورۆپا و زێتریش فرەنساو هەروەها هەندێک لە شاعیرانی نوێخوازی فارسەوە ، بۆ گاڵتە کردن بە عەق و هەستی خوێنەری زمان نەزان و هەندەران نەدیو و هەندێک دەسکەوتی ماددی و مانەوی و ئیعلامی ... بۆ ئاسودەیی ناخی کپبوویان و بە پەراویز خستنی داهێنانی ئەوانی دیکە ، کۆمەڵێک زارازاوەو دەربڕینیان بە خوێنەران فرۆشت وەک ( شاعیری گەورە، شاعیری داهێنەر، شاعیری نوێخواز، شاعیری جیاواز، شاعیری دەربار ، شاعیری نەتەوە...هتد)، ئاخۆ بەراستی دەربڕینی ئەو هەموو زاراوانە هەڵقولاوی داهێنانی ئەدەبی ئێمە بوون ، یان ریکلامی سیاسی و بازرگانی بوون بۆ شاعیرێک یان گرووپێک لە شاعیران ، ئەدی ئەگەر وایە کوا رووبەری داهێنانی راستەقینەی شیعری کوردی لەنێو جوگرافیای شاعیرانی وڵاتانی دەوروبەرو جیهاندا ، باشە ئەو هەموو مانفێستە شیعریانەی کە لە ساڵانی رابردوودا لەلایەن ژمارەیەک لەشاعیری بە ئەزموون و بێ ئەزموونەوە بڵاوکرانەوە، تاچەند توانییان تەجاوزی سنووری تەقلیدی خودی ئەزموونی شاعیرەکان خۆیان بکەن ، باشە چەمک و خەسڵەتەکانی داهێنانی شیعری لای شاعێرێکی داهێنەرلەگەڵ ناداهێنەردا چۆن بەرجەستە دەبێ ؟ ئامادەبوون یان نەبوونی رەخنەی جددی لەئاست داهێنانی شاعیرێکدا چۆن کەوتۆتەوە ، ئەو کێشانە چین رووبەرووی رەخنەگرانی ئێمە دەبنەوە وەک لە جیاکردنەوەی رەگەزی ( نووسین لە سەر شاعیرە ژنەکان) ، ناوچەگەرێتی ، پەیوەندییە کەسێتیەکان. ئایا ئێمە تا ئەو رادەیە خوێنەری جددیمان هەیە تا بە روانینێکی رەخنەگرانە و ئێستاتیکیانە دەقێکی شیعری هونەری لەدەقێکی ناهونەری جوێ بکاتەوە، سەرەنجامیش پەیوەندی نێوان شیعر خوێنەرو رەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئاسایی بکاتەوە.

**نۆستالیژیا و نووسین ...**

مرۆڤ هەمیشە بۆدۆزینەوەی ئەو هێزو وزەو بوونە شاراوەو بزرەی خۆی کە هەیەتی دەگەڕێ ، ، تۆ کە لەدایک دەبیت هەست دەکەی دێیتە سەر زەمینێک ، ئەو سەرزەمینە جەنجاڵە، ئەو زەوینە ئاسودەیە نییەکە بە چاو تروکانێک بەختەوەرت بکات، تۆ بیر دەکەیتەوە ، بۆیە هەمیشە دەگەڕێی بەدوای ناسنامەی خۆت، سەرەتا بەدوای ناسنامەی خۆت دەگەڕێی چۆن بتوانی ببیتە کارەکتەرێک لەناو کۆمەڵگاکەت تا خەڵک و دەوروبەر ڕێزت لێبگرن ، وەک کارەکتەرێکی جوان تا بتوانی بەرامبەر بەوە خزمەتێکی گونجاو بە خەڵک و دەوروبەرەکەت پێشکەش بکەی، وەک خزمەتی پەروەردەو فێرکردن یان ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی هتد...، کەسایەتی نیگەران هەمیشە لەحاڵەتی ڕابردوودا دەژی و بیر لە داهاتووی خۆی ناکاتەوە، ئەم سۆزە بۆ رابردوو لە زمانە لاتینیەکاندا پێی دەگوترێت (نۆستالیژی ) ، ئەم رەوشە دەروونییە وای لە مرۆڤی نیگەران کردوە جۆرێک لەنامۆیی لا دروست بێت، متمانە و باوەر بەخۆبوون بە تواناو داهینانەکانی خۆی لەدەست بدات ، بۆ نموونە ئێمە ئەگەر

ئاورێکی خێرا لە ئەزموونی هەندێک لە هونەرمەندان و رووناکبیرانی کورد بدەینەوە کە بەر لە بیست بۆ سی ساڵێک شاعیرو نووسەر یان هونەرمەندی بەهرەمەندو بەتوانا بوون و لە رۆژگارە سەختەکاندا کە رژێمی بەعس هەموو هەناسەیەکی ئازادی خنکاندبوون بە هەموو جۆرێک دژایەتی هزرو هەڵوێست و قەڵەمی ئەو مرۆڤە بەخشندانەی دەکرد، کەچی لەپیناو پاداشت و مووچەی چەورو پۆست و دەسەڵات سازشیان نەکرد ، لێ مخابن نها ئەگەر لەچاو جاران رێژەییش بێت لە سایەی ئەو ئازادییەی کە لەدەربڕین و نووسین و هزردا بۆ نووسەران و هونەرمەندانی کورد رەخساوە ، سەرباری هەبوونی ئەو هەموو داوو دەزگا رۆشنبیری و چاپەمەنیەی کە ئەمرۆکە لە هەرێمی کوردستاندا فەراهەم بووە وبەداخەوە چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا ئەم نووسەرو هونەرمەندە بەهرەمەندانە ئەمڕۆکە بێ بەرهەم بن و بەخشندە نەبن، پرسیارەکە لەوەدایە ئایا کێشەو کەموکوڕییەکە لەمیکانیزمی ئە دەزگایانەدایە ، بۆ نموونە وەزارەتی رۆشنبیری کەوەکو پێویست ناکارێ مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ داهێنەرانی ئێمە بکەن ، وەک ئەو بەرپرسانەی کە ئەمرۆکە لەناو وەزارەتدا پلەو پایەی هەستەوەرو بەدەسەڵاتیان هەیە وەلێ لەبنەرەتدا ئەم کارمەندانە زۆرینەیان بێ بەهرەو بێ تواناو بێ بڕوانامەی زانستین و کە جگە لەفەرمانبەرێکی حیزبی شتێکی دیکە نین ، یانیش نەبوونی پرۆژەیەک بۆکارو چالاکییە فەرهەنگییەکان و دوور لە بەرژەوەندی شەخسی و ناوچەگەرێتی کە ئەزمونەکانی ساڵانی رابردوو سەڵماندی کە بەگیانێکی کوردانە ئەم بزاڤانە ئەنجام نەدراون، هەروەها نەبوونی بیرۆکە یان پرۆژەیەکی تۆکمەو تەندروست بۆ لەچاپدانی بەرهەمی لێکۆلەرێک یان رۆماننووسێک و شانۆنووسێک و شاعیرێک و ...هتد یان جیاوازی کردن لەنێوان نووسەرو هونەرمەندی شارێک و ناوچەیەک لەگەڵا ئەویتر و زیاد بایەخدان بەکەسێک و پشتگوێ خستنی رووناکبیرێکی دیکە، ئیدی گەرەکە لە هۆکارەکانی بێدەنگی و کەم بەرهەمی ئەو نووسەر و هونەرمەندانە بکۆڵرێتەوە ، هەر تەنها رووبەرووی رەخنەو گلەیی خواو خەڵک نەکرێنەوە ، کە بۆچی ئێستا وەکو ساڵانی رابردوو بێ بەرهەمن و بەخشندە نین ، ئەمانیش لەو دۆخە نۆستالیژیەی خۆیان دەرباز بن و بەرهەمی نوێ و داهێنەرانەتر پێشکەش بەنەوەی نوێ بکەن.

### مەرجی وەرگێڕان

نها ساڵانە و مانگانە تەنانەت هەفتانەش چەندان کتیبی وەرگێردراو لە زمانە بیانیەکانەوە بۆ کوردی بەرچڤە دەکرێن، هەیانە شایستەی پەسن و پیزانینن ، لێ مخابن هەشیانە شیاوی ئەوە نین نەک هەر بخوێنرێنەوە بەڵکو تەماشاش بکرێن ، چونکە هیچ رێساو یاسایەک و پێوەری وەرگێران لەخۆ ناگرن، هەر بۆیەش پرسیارەکە لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا واتای دەقە ئەسڵیەکە بگەیەنێت، یانیش بۆی هەیە بەپێی خواست و مەزاجی خودی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن، کەوایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕ دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەرووی سینتاکس و ئیدیۆم و فۆرمۆلۆژیدا لەزمانەکەی دیکەدا جوێی دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێردراوەکە دووچاری گرێ و گۆڵەو تاسە نەیەت، یان لەکاتی هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە، ئاخۆ بۆی هەیە وەرگێر پەنا بباتە بەر قاموسی وشەو زاراوەی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکان یان دەقە وەرگێردراوەکە پڕکات لەوشەو زاراوەی بیانی کە لەئێستاکەدا هەندێک لەوەرگێرەکان لەبەر کەم شارەزاییان ئەم شێوازە بەکار دێنن، باشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێران رۆڵ و ئەرکیان چییە لەجوێکردنەوەی بابەتێکی وەرگێردراوی باش لەبابەتێکی وەرگێردراوی خراپدا، وەرگێڕی باش و کارامە چۆن دەکارێ لەوەرگێڕانەکەیدا بنەماو رێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی یان درێژدادڕیی نووسینەکە چۆن رەچاو دەکات،

چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لەنووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبێ وەرگێڕ چ بایەخێک بەخاڵبەندی بدات، و چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێ‌و خوێنەریش ماندوو ناکات. نها زۆر لەوەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشەو زاراوەکان، ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لەبازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێران نەبۆتە پرۆسەیەکی مەعریفی لەناو ئێمەی کوردا، لەکاتێکدا توانستی ماددی و مانەوی بۆ ئەم پرۆسەیەش دابینکراوە،

**پرۆسەی وەرگێڕان**

نها سالانە و مانگانە تەنانەت هەفتانەش چەندان کتێبی وەرگێردراو لە زمانە بیانیەکانەوە بۆ کوردی بەرچڤە دەکرێن، هەیانە شایستەر ستایش و پێزانینن ، لێ مخابن هەشیانە شیاوی ئەوە نین نەک هەر بخوێنرێنەوە بەڵکە تەماشاش بکرێن ، چونکە هیچ ریساو یاسایەک و پێوەری وەرگێران لەخۆ ناگرێت، هەر بۆیەش پرسیارەکە لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا واتای دەقە ئەسڵیەکە بگەیەنێت، یانیش بۆی هەیە بەپێی خواست و مەزاجی خودی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن، کەوایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕ دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەرووی سینتاکس و ئیدیۆم و فۆرمۆلۆژیدا لەزمانەکەی دیکەدا جوێی دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێردراوەکە دووچاری گرێ و گۆڵەو تاسە نەیەت، یان لەکاتی هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە، ئاخۆ بۆی هەیە وەرگێر پەنا بباتە بەر قاموسی وشەو زاراوەی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکان یان دەقە وەرگێردراوەکە پڕکات لەوشەو زاراوەی بیانی کە لەئێستاکەدا هەندێک لەوەرگێرەکان لەبەر کەم شارەزاییان ئەم شێوازە بەکار دێنن، باشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێران رۆڵ و ئەرکیان چییە لەجوێکردنەوەی بابەتێکی وەرگێردراوی باش لەبابەتێکی وەرگێردراوی خراپدا، وەرگێری باش و کارامەِ چۆن دەکارێ لەوەرگێڕانەکەیدا بنەماو رێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی یان درێژدادڕیی نووسینەکە چۆن رەچاو دەکات،

چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لەنووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبێ وەرگێڕ چ بایەخێک بەخاڵبەندی بدات، و چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێ‌و خوێنەریش ماندوو ناکات. نها زۆر لەوەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشەو زاراوەکان، ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لەبازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێران نەبۆتە پرۆسەیەکی مەعریفی لەناو ئێمەی کوردا، لەکاتێکدا توانستی ماددی و مانەوی بۆ ئەم پرۆسەیەش دابینکراوە،

ئەگەر هەمووومان لەسەر ئەو بۆچوونە مکوڕبین وەرگێڕان پرۆسەیەکی هونەری‌و زانستیە، لەهەمانکاتیشدا داهێنانە، وەرگێڕی کارامەو پرۆفیشناڵا دەکارێ داهێنەرانە لەو تێکستە وەرگێڕاوەدا بئافرێنێ، بەڵام مەرجە بنەڕەتیەکە لەوەدایە کە گەرەکە زمانەکەی دیکە وەک زمانی دایکی خۆی بەتەواوی ئاشنا بێت، واتە شارەزا بەهەموو دەلیڤە زمانەوانی‌و وشەسازی‌و زاراوەسازی‌و ئیدیۆمەکاندا کە تایبەتمەندی زمانە بیانیەکەن، لەبەرچڤەکردنی هەردەقێکی بیانیدا تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدرێت کاتێک کەسی وەرگێڕ پەنا دەباتە بەر بەرچڤەی وشە بەوشە یان دێڕ بەدێڕ تەنانەت کۆپلە بەکۆپلەش ، هێشتا وەرگێڕان لای ئێمە نەبۆتە پرۆسەیەکی رۆشنبیری‌و زانستی ئەگینا کوا ئەو وەرگێڕە پرۆفیشناڵانەی کە پیشەیان هەر تەنها وەرگێڕان بێ ، لەم چەند ساڵانەی دوایدا چەندان سەرچاوەو کتێبی جۆراوجۆر بۆ زمانەکەمان وەرگێڕدراون، بەڵام چۆن وەرگێڕانێک... رەنگە تاڕادەیەک دەستخۆشی لەهەوڵی چەند وەرگێڕێکی بەتوانا بکرێت، بەڵام هێشتا زۆری ماوە کە ئێمەی کوردیش بگەینە ئاستی ئەزموونی وڵاتانی تر لەو پرۆسە پڕ بایەخەی وەرگێڕاندا لەهەمووشی گرنگتر پرۆسەی وەرگێڕانی بەپێچەوانە واتە لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانە بیانیەکان ، مخابن ئەم هەوڵەش زۆر دەگمەنەو تاڕادەیەک لەخانەی نەبووندایە لەکاتێکدا گەرەکە خوێنەرانی گەلانی دیکەش لەرێی وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبی‌و هونەری‌و رۆشنبیرییەکانی ئێمە بزانن ، کە ئێمەی ئەدەبی کوردیش ئەدەبی نەتەوەیەکی زیندووی سەر ئەو گۆی زەمینەیە و خاوەن داهێنانی کلتووری تایبەت بەخۆمانین ، نازانم ئەم وتەیەم لە کوێچ خوێندۆتەوە کە رەخنەگرێک لەمەڕ هونەری وەرگێرانەوە ئێژێ :
((وەرگێران وەک پرۆسەی نەشتەرگەری وایە ، کە مرۆڤێکی ساغ نەشتەرگەرییەکی قورس بکرێ لە ئاکامدا یان ئەوەتا دەمرێ یان ئەوەتا ئەگەر سەلامەتیش بێت ، ئەوا وەکو جاران بە سانایی ساغ و سەلامەت دەرناچێ ، نووسەرێکی ئیتاڵیش پێ ی وایە وەرگێران تاوانە و وەرگێریش تاوانبار ، رایەکی دیکەش لەمەڕ پرۆسەی وەرگێرانەوە هەیە کە دەڵێ دەقی وەرگێردراو وەک دیوی ژێرەوەی مافور وایە جوانی نەخش و نیگارو چنینەکەی لە دەست دەدات ))، بەهەر حاڵ راو بۆچوون لەمەڕ وەرگێران زۆرە و زۆریش لەسەر یەک ڕا ناتەباو ناکۆکن. بەڵام رەنگە بۆ ئێمەی کورد کە ئەوەندە بواری هونەری وەرگێرانمان بۆ نەرەخساوە، سەبارەت بە نەبوونی دەزگایەکی چاپەمەنی یان کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێران ، یان لایەنی کەم بوونی گۆڤارێکی تایبەت بە هونەری وەرگێران دووچاری زۆر لە کێشەی زما و زاراوەی ستاندارد هاتووین ، یەکێک لەو گرفتانەش نەبوونی پەیڤ و زاراوەی زانستی و یاساییە (مەبەستم زارەوە گەلی غەیرە ئەدەبی) چونکە لەو رووەوە نەمانتوانیوە کەڵک لە کتێبگەلی زانستی وەربگرین و بۆ زمانی خۆمان بەرچڤەی بکەین تا هەرهەمووومان لەسەر وشەیەک یان زاراوەیەک کۆک بین.

دیارە رۆژانە ئەم دیاردەیە لە رووپەری رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بە زەقی دێنە بەرچاو، هەر یارۆیە بە ئارەزووی خۆی وشەیەک ، زاراوەیەک دادەتاشێ و ئالتەرناتیڤێک بۆ پەیڤە بیانییەکان بەکاردێنێ. وێڕای وەڕگێرانی دەقێک، کە زۆرجار هەست دەکەی وەرگێرانێکی حەرفییە و دوور لە مەبەست و ناواخنی دەقە ئەسلییەکە، ئەگەر خودی نووسەری دەقە لێوەرگێراوەکە بە زمانی کوردی دەقەکەی خۆی بخوێنێتەوە، رەنگە نکۆڵی لە

بەرهەمەکەی خۆی بکات و بڵێ حاشا ئەوە من نەمنووسیوە. هەڵبەت کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکار هەن، کە ئاماژە بە سەقەتی وەرگێران دەکەن بۆ زمانی کوردی (ڕەنگە سەبارەت بە سستی و کەمی وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە ئەم دیاردەیە زۆر ئاشکرا نەبێ) ، چونکە لەم بوارەدا وەرگێری پسپۆرمان کەم و دانسقەن یان هەر نین، هەر ئەمەشە وایکردووە کەلتووری کوردی نەبێتە پردێک بۆ ئاشنابوونی گەلانی جیهان بە ئەدەب و هونەرو کەلەپوورەکەمان بو جیهانی نەبوونی کەلتووری کوردی.، زمانەکەمان ئەگەر چی تا کۆتایی ئەم سەدەیەش نەبووە بە زمانێکی ستاندارد ، تا کەڵک لەهەموو پەیڤ و زاراوە جیاوازەکانی دیالەکتیکەکانی کوردی وەربگێردرێ ، هەر بۆیەش خوێنەرانی کورد بۆ خوێندنەوەی دەقێک بە شێوازی دیکە وەک کرمانجی یان زازاکی ، ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر فەرهەنگۆک، ئەگەر چی لەم رووەوەش کارێکی وەها نەکراوە تا سەرجەم وشەگەل و زاراوەکانی زمانی کوردی لەیەک فەرهەنگی گەورەدا خر بکرێتەوە شرۆڤەی بکرێن (جا نازانم (قاموسی زمانی کوردی )یەکەی ئاورەحمانی زەبیجی کە تەنها دوو بەشی بەچاپ گەیەنراو هەژدە بەشەکەی دیکەی دوای مردنی چی لێهات ؟ یان قاموسی (هەنبانە بۆرینە)ی مام هەژار کەتا ئاستێکی باش هەوڵی داوە کەڵک لەسەرجەم پەیڤ و زاراوەی جیاوازی لەهجە کوردییەکەی وەربگرێ، ئەگەر واش بێت بەڵام سەبارەت بەدەست نەکەوتنی لە کتێبخانەو بازارەکان دیسان بایکۆتێک بۆ رووناکبیران و خوێنەرانی کوردی دروست بووە کە بەسانایی دەستیان نەگاتێ و کەڵکی لێ وەربگرن ، هەربۆیەش زۆر لە وەرگێرانی کورد وشەو زاراوەی زمانەکانی بیانی وەک خۆیان بەکاردێنن، کە لە هەموو کاتێکدا ئەوە کارێکی باش و رەوا نییە، بەچارەسەرکردنی هەندێ لەو گرفتانە دەکرێ زمانەکەمان ببێتە زمانی داهێنانی گەورە و دەقی مەعریفی گەورەی پێ بنووسرێ ، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو پێشنیارانەی مامۆستا شوکر موستەفا زۆر بەچاک دەزانم، کە هەر دەزگایەک بە بە تایبەت ئەو گۆڤارو رۆژنامە دەردەکەن بە تایبەت غەیرە ئەدەبییەکان) لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا وەک پاشکۆ لیستێک بە وشەو زارەوەکان و بەرامبەریان ئامادەبکەن تا خوێنەران بە سانایی فێری ئەوە بن کە ئەم وشانە بەکار بێن نەک وشەگەری بیانی. دەکرێ ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆژەی گەورە بێت بۆ ئەکادیمیای کوردی ، بۆ کۆمەڵەی وەرگێران ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی پێ بدرێت، دەشکرێ وەزارەتی رۆشنبیر حکومەتی هەریبم ساڵانە بە پێ نەخشەیەک چەند کتێبێ ًکی بە نرخی وەرگێردراو بە چاپ بگەیەنێت پێم وایە ئەم دیاردەیە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ زۆر لەو وەرگێرە دڵسۆزانەی کورد کە بەردەوام بەخششی خۆیان هەبێت لە کاری وەرگێراندا .( لێرەدا قسەیەکی بروای نووسەر حەمە کەریم عارف ) م دێتەوە بیر , کە دەڵێ کە پتر لە پەنجا کتێبی وەرگێردراوم هەیە هەر کەسێک ئامادە بێت بە چاپی بگەیەنێ با بەناوی خۆی بڵاوی بکاتەوە ، مخابن وەرگێرانی گەلانی دیکە لە پاداشتی ئەرک و ماندووبوونیان بە هەموو جۆرێکی ماددی و مەعنەوی خەڵات دەکرێن وەرگێری کوردیش ئامادەیە واز لە رەنج و بیر و هەست و شەونخوونی خۆی بهێنێ و لە پێناو گەیاندنی ئەو پەیامەی , کە چەند ساڵێکە ئەرکی بۆی کێشاوە ئەویش جگە لە خزمەتکردن بە کەلتووری کوردی بڕواناکەم شتێکی دیکە هەبێت ، من نامەوێت رێنمایی خوێنەران بکەم بە مەرجەکانی هونەری وەرگێران چییە و چۆنە رەنگە زیاتر کاری پسپۆران و زمانەوانیی کورد بێت , بەڵام دیسان رووی لە گلەیی لەو هەموو رووناکبیرە کوردانە دەکەین, کە چەند ساڵێکە لە (هەندەران)ن بۆچی هێندە کەمتەرخەمن , ئەوانە چۆن دەیانەوێ کەلتووری کوردی بە گەلانی جیهان بناسینن مەگەر ئەوانە بوو بەو چەند ساڵە فێری ئەو زمانانە نەبوونە تا کارێکی وا ئەنجام بدەن لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو ئەوروپا بواری رووناکبیرانی کورد رەخساوە چ لە نووسین و هونەری چاپکردن و , کۆمەککردنی نووسەران,جا ئەگەر لە خۆمان بپرسین چەندی دیوانی شیعر و چیرۆک و کتێبیی مێژوویی و کەلەپووری کوردی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێردراون ، وەک چۆن ئێمەی خوێنەران ، گەورە نووسەران و شاعیران و رووناکبیرانی جیهان دەناسین ، ئاخۆ کەسێک لەم دونیا گەورەیە بە ئەدەبیاتی کەلتووری کوردی ئاشنایە .

### رەخنە و قەیرانی رەخنەگر

ئەگەر مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردی( وەک تێکستی رەخنەیی و لەسەر ئاستی چەند وتارێکی رەخنەیی لا بە لا و دوور لە میتۆدێکی رەخنەیی زانستی پەیرەو کراو) بگەڕێنینەوە بۆ کەمتر لەسەدەیەک ، هەڵبەت لەچەند وێستگەو قۆناغی جیاوازو پچڕپچڕدا نەک بەردەوامدا تا دەگات بە رۆژی ئەمڕۆکەمان ، کە چی لەسەر ئاستی رەخنەی ئەکادیمی (کە تا نهۆ زێتر لە سەد نامەی دکتۆراو ماستەر لەسەر رەخنەی ئەدەبی کوردی هەن و یان باشتر وایە بڵێم ئەو شێوازە نووسینە ئەکادیمیانەیە کە بە زمانێکی ئەدەبی رەخنەیی وەکو باس و لێکۆڵینەوە نووسراون ، دیارە جگە لە هەوڵی نووسینی وتارو لێکۆڵینەوەی رەخنەیی ژمارەیەک نووسەری رەخنەگر و چ ئەوانەش وەک رەخنە ئەکادیمی نووسراون ، پێموایە جارێکی دیکە ئەو پرسیارە خۆی قوتدەکاتەوە،

ئەریَ گەلۆ بەراست ئێمەمانان  رەخنەی ئەدەبیمان هەیە ؟

ئەدی باشە ئەگەر هەمانە چۆنە و بۆچی هێشتا نەبۆتە ژانرێکی  ئەدەبی سەربەخۆ ، ئایا ئامادە نەبوونی زمانی رەخنەیی بەدەر لە زمانی ستایش و پێدا هەڵدان و یان سەرکۆنە کردن و دوور لەمیتۆدێکی رەخنەیی شرۆڤەکارانە و دوور لەرەخنەی ئیدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ، ئەم ستایلە رەخنەییە چی بەدەقی ئەدەبی نووسەرانی  ئێمە بەخشیوە،  تا چەند رەخنەی ئەدەبی کوردی  رێخۆشکەربووە بو کەشفکردنی داهێنانە ئەدەبیەکانمان ،  هەبوون یان نەبوونی میتۆدی رەخنەیی  یان نەبوونی تێڕوانین و  رۆئیایەکی رەخنەیی لای رەخنەگرانی ئێمە ، وێڕای بەرهەمهێنانی قەیران لە دوو قەیران ، چی پێ بەخشیوین ، ئەدی ئەوە نییە کە نووسەرێک وەک رەخنەگر خۆی نماییش دەکات و خەریکی توێکاری دەقێک یان چەند دەقێکی ئەدەبی وەک شیعر یان چیرۆکە،کەچی ناتوانێ تخووبی جوگرافیای شارەکەی یان شێوەزاری ناوچەکەی ببەزێنێ ، کەچی وەک رەخنەی ئەدەبی کوردی نووسینەکانی بە  خوێنەران نماییش دەکات ،  باشە گوناهی شاعیرێک یان چیرۆکنووسێکی داهێنەر چییە کاتێ خوێندکارێکی زانکۆ نامەی دکتۆراکەی لەسەر شیعر یان چیرۆکی هاوچەرخی کوردییە ، بێ هیچ میتۆێکی ئەکادیمی و تەنانەت ئەخلاقیش بەسەر ئەزموونی شاعیرێک و وێژگەکانی داهێنانیدا بازدەدات و لەهەمانکاتدا شاعێرێکی میللی یان کەم سەواد وەک داهێنەر بەخوێنەران دەناسێنێ، ئەدی ئەوە ئەو جۆرە  رەخنەگرانە نین کە خۆیان قەیران بەرهەمدەهێنن ، جا باشە ئێمەمانان مەنەلۆگ دەکەین کەهەر تەنها لە نێو خۆماندا ، خۆمان دەدوێنین و کەسیش گوێ لە قسەکانمان ناگرێ ، واتە چەند شاعیرو نووسەرێک یان لەسنوری جوگرافی چایخانەیەکدا یان هۆڵێکی داخراوی دە پانزدە نەفەری و بە شێوەزاری گەرەکەکەمان خۆمان دەدوێنین ،  یان دیالۆگ لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی خۆمان دەکەین و گەرەکە دەقە داهێنراوەکانمان سنورە لۆکاڵییەکانی زمان و جوگرافیای داخراوی شارەکەمان تەنانەت ناوچەکەشمان  ببەزێنێ ، راستە زێتر لە 100 نامەی دکتۆراو ماستەر لەسەر رەخنەی ئەدەبی کوردی  هەیە ، بەڵام لە کۆرێکی رەخنەییدا دووان لەو مامۆستا خاوەن بڕوانامانە ئامادە نابن ، تا بزانن ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەش نین دەتوانن بە زمان ومیتۆدو روئیایەکی رەخنەیی دیالۆگیان لەگەڵ بکەن و رێنماییان بکەن کە نووسینی ئەکادیمی بە تەنگنەزەری نانووسرێ .

## ئاڵۆزی نووسین

ئەم ناو ونیشانەی سەرەوە ئەو ئیدیۆمە هەولێرییە کۆنەم دێنێتە بیر کە دەڵێ: سەرقۆزی بن ئاڵۆز، کە ئاشکرایە مەبەستەکەی ئەوەیەکە شتێک لەرواڵەتدا جوان و لەناواخندا کرێت وپووچ بێ،  وەلێ لەدیمانەیەکدا لە رۆماننووسی ناوداری فەرەنسی ، فرانسوا ساگانیان پرسی: چ شتێ لەو وتارە رەخنەییانەی کە لەسەر رۆمانەکەت ( ئەی خەم بەیانی باش) نووسراوە فێری بووی ، لەوەرامدا دەڵێ : هیچ شتێ فێر نەبووم، چونکە ئەوان لەشتێک دەدوێن کە هەرگیز مەبەستی من نەبووە،بەر لەسەدەیەک لای نووسەرانی رۆژاوا مۆدیلی ستایلێکی نووسینی ئاڵۆز سەریهەڵدا، کە تارادەیەک ئەو ئاڵۆزییە  لەنووسیندا ببووە ئامانجێک لای ئەو نووسەرانەی کە بەدوای کورتترین رێگادا دەگەڕان بۆ خۆناساندن و شۆرەت پەیداکردن، چونکە  ئەوانە پێیان وابوو ئاشکراو روونی لەنووسینی دەقی ئەدەبی وەک شیعرو چیرۆک و وتارو لێکۆڵینەوەی رەخنەییدا،  واتە پێنەگەیشتنی هزری و هونەری و ئەفراندنی نووسەرەکە، هەڵبەت ئەمە بەر لەسەدەیەک تا نیو سەدە  لەرۆژاوا باوو مۆدێلی نووسین بوو،  وەلێ لای خۆمان هەندێ لەنووسەرانی کورد بۆئەوەی بیسەلمێنن کە دەقەکانیان گەیشتۆتە ئاستێکی  بالاو بە جیهانی بوون ، هەر بۆیەش پەنایان بردۆتە بەرئەو ستایلە لەئاڵۆزی نووسین و بڕینی تخوبەکانی زمان و یاساکانی ،  (ئیگۆر براون) دەڵێ : جا ئەگەر ئەدەب وهونەر لەیەک سەرچاوەی مەعریفیدا هەڵبقوڵێن ، ئەوا ئەو هونەرمەندەی مەبەستە تایبەتیەکەی خۆی نەزانێ هەرتەنێ کار بۆ دیوی دەرەوەو رواڵەت بکات ، لێ ئەگەر بشزانێ و نەتوانێ گوزارشتی لێ بکات ، ئەوا بێگومان بێتوانایی ئەو هونەرمەندە نیشان دەدات، بێگومان ئەم بۆچوونە لەسەر دەقی ئەدەبیشدا جی  بەجێدەکرێت، بەتایبەتیش بۆ ئەو نووسەرانەی کە مەبەستەکانی نووسینی خۆیان نازانن وناکارن  بەسانایی بەخوێنەرانی بگەیەنن ، ئەگەر بشزانن ئەوا ناتوانن گوزارشتی لێ بکەن، ئەوا بێتوانایی ئەوان نیشاندەدات، لەوانەش هەندێ لەرەخنەگران لێکۆڵینەوەکانیان بە چنینێکی  زمانەوانی  ئاڵۆز بەرهەم دەهێنن،  لەئاکامی بەگەڕخستنی هەندێ وشەو زاراوەی نامۆ تەنانەت گواستنەوە و بەکارهێنانی هەندی رستەی نامۆ ، کە نووسەرەکە هەندێجار بۆ خۆیشی تێی ناگات ، لێرەدا  بەمەبەستی هاوچەرخێتی و نوێخوازی ئاڵۆزی لەنووسیندا دەبێتە ئامانجی سەرەکی ئەو جۆرە نووسەرانە ، زۆرجاریش لەخشتە بردنی خوێنەرانی کەم ئەزموون و نەشارەزا لەزمانە بیانییەکان، باشە سروشتی رۆحی سەردەم چ پەیوەندییەکی بە بەکارهێنانی وشەو زاراوەو رستەی نامۆ هەیە ، راستە ئێمە دژی سادەو ساکارییین لەداڕشتنی هەر دەقێکی ئەدەبیدا بەتایبەتیش نووسینە رەخنەییەکان ، چونکە لەبنەڕەتدا بەرهەمهێنانی زمانی دەقی ئەدەبی بەرهەم هێنانێکی هونەری بالایە و جیاوازە لەگەڵ ئەو زمانە باوەی قسەی پێدەکرێت، من هەمووجار ئەو نوکتەیە بۆ هاورێیانم دەگێرمەوە کە تێگەیشتن لە دەقێکی ئەدەبی کە بە زمانێکی بیانی

وەک فارسی و عەرەبی  نووسراوە ، بۆ من زۆر ساناترە لەوەدەقانەی کە هەندێ نووسەر وەک سەرچاوەیەکی بەرهەمهاتووی هزری خۆیان  بەکاری دەهێنن ، بەڵام ئەفسوس ناکارن  راستگۆیانە و بەراشکاوی واتاو مەبەستەکانی نووسەرە ئەسلییەکە وەک خۆی بگوازنەوەو بە خوێنەران بگەیەنن.

### پاشکۆ ئەدەبی وهونەرییەکان

ئەمڕۆ لەباشوری کوردستاندا چەندان  بڵاوکراوەی فەرهەنگی و ئەدەبی وهونەریی هەن وەک پاشکۆی رۆژنامەو گۆڤارەکان  دێنە وەشاندن، چ حزبی و حکومی ، هەڵبەت بەدەگمەنیش ئەهلی  ، هەندێک لەو بڵاوکراوانە لاپەرەی  ئەدەبی وهونەرییان هەیە کە هەفتانە یان مانگانە دەردەچن ، ئەم پاشکۆیانە تارادەیەک توانیویانە وروژاندنێک لەنێو گۆمی مەندی بزاڤی رووناکبیریی کوردی بهێننە ئاراوە ، لێ بێگومان ئەمانەش لەکێشەو  کەم وکوڕی زمانەوانی و لایەنی هونەری و تەکنیکی  بێ بەش نین ...

لەهەموویان زەقتر گرفتی وەلانانی زمانی ستاندارد و  بەکارهێنانی شێوەزاری لۆکالی و ناوچەیی و سەپاندنی  بەسەر زمانی نووسین و داڕشتنی بابەتە ئەدەبیەکاندایە ، بە رادەیەک ئەگەر بەمەبەستیش نەبێ،  بەڵام جۆرێک لەشۆڤینیەتی ناوچەگەرێتی بەسەر هەندێکیانەوە ، دیارە  لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئەم شێوەزارە ناوچەییانە بە ئاشکرا رەنگییان داوەتەوەو داهێنانە ئەدەبیەکان  لەچوارچێوەیەکی داخراودا بە جێهێشتووە ، چونکە ئەدەب ئەفراندنی زمانە ،  بۆ نموونە    هەندێک نووسەر هەن کە ماوەی 30 سال زێترە دەنووسن ، کەچی بەرهەمێکی ئەدەبی  پێشکەش بە خوێنەران دەکەن لەرووی زمانەوانییەوە خراپ و تەنانەت وێرانیشە ، بۆیەش ئەوە گومان دروست دەکات کە ئەو دەقە ئەدەبیە بەرهەمی هزرو خەیاڵی  ئەو نووسەرە بێت . دەبێت ئێمە لەو دیاردانە  بکۆڵینەوەو و هەوڵبدەین نەهێڵین  لەو زیاتر  بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی  لە ئەفراندنی دەقە ئەدەبیەکاندا تەشەنە بسێنی ، وەک مەرجێکی بڵاوکردنەوە لەو پاشکۆ فەرهەنگیانەدا  گەرەکە زمانی نووسین زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی  بێت نەک ناوچەیی ، لەکاتێکدا لەگەڵیدا  ئاساییە  وشە و زاراوەی لۆکاڵی بەکار بێت، بەڵام لەداڕشتن و گرامەردا گەرەکە ستاندارد بێت،    هەبوونی هەڵەی چاپ و  زمانەوانی و دروست بەکارنەهێنانی خاڵبەندی  پەتایەکی دیکەی کوشندەی ناو  ئەو پاشکۆ فەرهەنگیانەن ، کە بە هەڵە گەیاندنی ئەونووسینانە بۆ خوێنەران دیوە راستەقینە و داهێنانەکەی   نیشان نادرێت،  بۆیەش هەبوونی کەسانی پرۆفیشناڵ و شارەزا لە(بواری زمانەوانی و هەڵەچنی و خاڵبەندی )لەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا وەک فلتەرێکی  زمانەوانی پێویستیەکی حەتمییە ، مخابن سەبارەت بەوەی کە ئێمە سەدان ساڵە هەست وهزرمان لەلایەن داگیرکەرانەوە غەزووکراوە، بۆیە رۆشنبیرییەکەشمان داگیرکراوە وبەخۆمان نامۆ بووە ولەسایەی ئەم رەوشە نامۆیەشدا کە زمانەکەمان بەسەرچەند شێوەزارێک دابەش بووە و رۆشنبیری کوردی  بۆتە رۆشنبیریی پیلانگێران نەک پلاندانان ، وەک کێشەی جیاوازی رەگەزی ( نووسەرێکی مێ لەگەڵ نووسەرێکی نێردا) هەروەها لەنێوان نووسەری حزبێک بۆ حزبێکی تر و نووسەری شارێک لەگەڵ یەکێکی تر  ، جگە لەبایەخدان بە نووسەرێکی نۆرماڵ و ناساندنی بەخوێنەران وەک داهێنەرێک  و تەرخانکردن و  پڕکردنەوەی چەندان لاپەڕە بۆی،  لەهەمانکاتدا پەراوێزخستنی نووسەرێکی داهێنەری راستینە ، کە مخابن هەندێ جار ئەم سەوداکردنە لەگەڵ نووسەران دەچێتە خانەی بازرگانی کردن بە دەقی ئەدەبی شاعیران  و نووسەران  بۆ بەرژەوەندییەکی ماددی رووتدا ، گرفتێکی دیکەی ئەم پاشکۆ فەرهەنگیانە  خراپی لایەنی هونەری و دیزاینە،  ئەوەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە هونەرکارانی ئێمە زۆر شارەزاییان لەو بوارە تەکنیکییە گرنگەدا  نییە و کە سەرەنجام بۆ نیشاندانی دەقێکی ئەدەبی  کاریگەری بەسەر گەیاندن و چڕکردنەوەی واتاکان  هەیە ، کە پەیوەستن  بە ئەفراندنی دەقە ئەدەبیەکانەوە، هەڵوەستەکردن لەبارەی خراپی  لایەنی هونەری  ( دیزاین ) وەک گەورەو بچووکی فۆنت و خەراپی دانانی تایتلەسەرەکی و فەرعییەکان  و موتیڤ و باکگراوەندەکانیش. لەلایەنی هونەری و دیزاینەوە ئەو پاشکۆیانە وەک پێویست مامەڵەیەکی هونەری و تەکنیکی  لەرووی فۆنت و گۆڕانکاری نووسینی خوارەوە و تایتلیش ناکەن کە سەرنجام رەنگە ببێتە هۆی بێزار بوونی خوێنەران وکاریگەری خراپیشی دەبێ  لەسەر نەگەیاندنی پەیامی نووسەران".

### کتێب زۆر و خوێنەر کەم

لەو پەراوێزە ئازادییەدا کە لەباشوری کوردستان کە بە خوێنی خەڵکە نیشتمان پەروەرو خوێنی قەڵەمی رووناکبیرەکان فەراهەم بووە ، بەرەنجام چەندان داوودەزگای چاپەمەنی و رۆژنامەوانی هەن و بێوچان دەیان بگرە سەدان رۆژانە وهەفتانەو مانگانە کتێب و بڵاوکراوەی کوردی جۆراوجۆر هەڵبەت لەگشت بوارە ئەدەبی وهونەری وتەنانەت زانستی و مەعریفی وفەلسەفیشدا دێنە وەشاندن،مخابن لەم چەند ساڵەی دوایی دیاردەیەک سەریهەڵداوە ئەویش نەخوێندنەوەی کتێبە ، باشە هۆی چییەو کەمی خوێنەر بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دەمێکە ئەم پرسیارە لەئاستە جیاوازەکاندا رووبەڕوومان دەبێتەوە ، چ لەئاستی کەناڵە میدیاییەکان و چ لەئاستی چاپەمەنی وەک رۆژنامە وگۆڤارەکان، لێ ئەمن پێموایە ئەم دیاردەیە هەر تایبەت بە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو سەرجەم ناوچەکەو تەنانەت جیهانیشی گرتۆتەوە، واتە دەتوانم بڵێم ئەم پەتای نەخوێندنەوەیە دیاردەیەکی جیهانییەو جیهانگیری و توکنەلۆژیای زانیاری لەگەڵ خۆی بۆی هێناوین ، ئەمەش بێگومان باندۆری راستەوخۆی شۆرشی زانیاری و وەدەستهاتنی هۆکارەکانی گەیاندن و راگەیاندنە، وێراِی هەبوونی ئەو حەمکە زۆرە لەو بڵاوکراوانە و هەبوونی دەیان کەناڵی لۆکاڵی وەک رادیۆو تەلەفزیۆن، ئەو تۆڕە زانیارییانەی لەسایتەکانی ئینتەرنێت وکەناڵە ئاسمانییەکان هەن، دیارە ئەمانە هەموویان راستەوخۆ وایان لەخوێنەران کردووە لەئاست خوێندنەوەو شۆپاندن و وەدەستهینانی سەرچاوەگەلی جیاوازی رۆشنبیری و زانیاری وەک کتێب و رۆژنامەو گۆڤاردا پاشەکشێ بکەن ، راستە کە هێشتاکە کۆمەڵگەی کوردی نەریتییەو مۆدێرن نییە و نەیتوانیوە شارستانیانە بەجوانی کەڵک لەم هۆکارانە وەربگرێ بۆ مەبەستەکانی خۆ پەروەردە و رۆشنبیرکردن بەگەڕیان بخات، بۆ نموونە هێشتا خوێندنەوە نەبۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ولەسەرئاستە جیاوازەکان رێز لەکتێب نەگیراوە وەک چۆن لەسەر ئاستی جەماوەردا سەودا لەگەڵ( سێ دێ c.d (یان وێنەی وەرزشکاران دەکرێت ،

دیارە وەکو رۆژگاری بەر لەڕاپەڕینیش مخابن زۆر لەتاکەکانی ئێمە خەونی جوان نابینن، ئیدی کە مرۆڤیش خەون نەبینێ ، پێموایە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو لێوارەکانی مەرگ گلۆردەبێتەوە ، لێرە ئاماژە بۆ ئەو توێژەش دەکەم ئەوانەی دەشخوێننەوە وەک خوێنەرانی جاران جددی نین، چونکە خوێنەری جددی ئەوەیە وەک ئارکۆلۆژیک دەبێ بەدوای کتێبی باش بگەڕێت ، بەڵێ راستە کتێب زۆرە بەڵام خوێنەر کەمە، ئەوەش قەیرانیکی بەرفراونە ، دیارە ئەم دیاردەیەش ئەگەر لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو زانکۆو دام و دەزگا کولتووری و ئەکادیمیەکان و وەزارەتە تایبەتمەندەکانی وەک رۆشنبیری و پەروەردە وخوێندنی باڵا ، زانستانە لێی نەکۆڵنەوە ئەوا چارەنووسی هەرێمەکان زێتر بەرەو تاریکی و نەخوێنەواری دەڕوات.

**لە بارەی شیعری لیریکاوە**

نامەوێ بۆ چەمک و واتای شیعری لیریکی (شیعری غنائی) بگەڕێمەوە کە زۆر جار شاعیران و نووسەرانی ئێمە بە هەڵە تێیگەیشتوون، شیعری لیریکی هەڵگری کۆمەڵێک مەرج و خەسڵەتە کە جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هونەری نووسینی شیعر ، ئەم مەرجانەش بە کورتی لەم خاڵانە بەرجەستە دەبن :

شیعری لیریکی بە زۆری پشت بە کێش و برگەو ریتمێکی موزیکی دەبەستێ، هەرچەند دەکرێ لە شیعری نوێشدا ئەم خەسڵەتانە بەدەربکەون، ئەگەرچی لە ئەزموونی شاعیرانی هاوچەرخی کوردا کەمتر ئەو مەرجانە بەدەرکەوتوون، مەگەر شاعیرانێکی وەک گۆران و پەشێو و پەرۆش و فەرەیدون بەرزنجی و قوباد جەلیزادە و هەندێک شاعیری تر خۆیان لە قەرەی ئەو ئەزموونە جوانە دابێت.

شیعری لیریکی هەڵگری پەیامێکی ئاشکرایە بە روونی مەبەست دەپێکێ، تا ڕادەیەک ئەم خەسڵەتە کەمتر لە شیعری لیریکی کوردیدا بەرچاو کەوتووە، مەخابن ئەو دەقانەی بە ناوی شیعری لیریکیەوە دەنووسرێن کەمتر هەڵگری ئەو پەیامەن، بە گشتی ئەم ژانرە شیعرە بە رێڕەوێکی ئاڵۆز تێپەڕیوە کە جگە لە وەسفێکی رواڵەتی و زمانێکی ناهونەری و ساکار هیچ بایەخێک بە بەهای ئێستاتیکی ئەم ژانرە جیاوازەی شیعری کوردی نەدراوە.

شیعری لیریکی کوردی لە رووی ڕەهندەکانی واتاو قووڵی فیکریەوە هەژارەو هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی ئەزموونی شیعری لیریکی گەلانی دراوسێ و بیانی بدات شاعیری لیریکی کوردی هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە زۆرترین دەق بەرهەم بهێنێت زێتر خۆی بە خەڵک بناسێنێ و ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە دەستکەوتی مادی و مەعنەوی وەدەست بێنن، بێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەن ئەزموونی شیعری لیریکی خۆیان قوڵتر بکەنەوەو ئاستی نووسینی خۆیان بگەیننە ئەزموونێکی قووڵی هونەری، ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هۆکارە بێت ئاستی هونەری گۆرانی نوێی کوردی لاواز بێت و خەڵک گوێ لە گۆرانی بیانی بگرن.

### شیعر و مۆزیک

دەروونناسان شوێنی ڕەختەگران دەگرنەوە، چونکە بە تاقی کردنەوە سەلماندوویانەو دەڵێن : شیعریش مۆزیک ئاسا باشترین ڕێگەیە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە ئیدی داوودەرمان وەک چارەسەرێکی پزیشکی کەڵکی بۆیان نابێت، ژنەنینی ئاوازێکی مۆزیکی بۆ ئەو نەخۆشە بەدبەختانە چارەسەرێکی گونجاوە، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی نەخۆشی جەستەیی یان دەروونیی درێژخایەنیان هەیەو ماوەیەکی زۆرە لە نەخۆشخانەکان یان لەماڵەوە کەوتون، هەندێک لەسۆسیۆلۆژییستەکانیش لەئەنجامی کۆمەڵێک ئەزموونی پراکتیکی لەنەخۆشخانەکان و بەتایبەت لەناو ژنان و لاواندا بۆ ئەو خێزانانەی کە کێشەی بەردەوام و بێ چارەسەریان هەبووە، وەک تاقیکردنەوە لە ڕێگای هەندێ مۆزیکژەن و هەندێ شاعیری لیریکیەوە هاتوون کۆمەڵێک دەقی شیعرییان بەدەنگ و ئاوازی بەسۆزەوە بۆ نەخۆشەکان بە میلۆدیکی مۆزیکی بە سۆزو ناسک لەسەر( سێ دێ ) خوێندۆتەوە، دەرەنجامی خوێندنەوەی ئەو شیعرانە بەو ریتمە مۆزیکییە کاریگەری پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆش کە گرفتاری کێشەیەکی درێژخایەن بوون ، کەواتە زانستیش سەلماندوویەتی کە شیعر وەک مۆزیک دەتوانێ ئاسوودەیی بە ڕۆحی مرۆڤ ببەخشێت.

چونکە توخمەکانی سروشت ڕەگەزێکی گرنگن بۆ داهێنانە ئەدەب و هونەرییەکان ،جوانی ئەفسووناوی لوتکەو بناری شاخ، گەردەلول و لمی بیابان، شەپۆل و کەناری رووبارو دەریاکان و ... هتد. ئەم فیگەرانە هەموویان کاریگەرییان بەسەر ئەفراندنی هونەرمەندان و شاعیرانەوە هەیە، ئێستاتیکای شوێن و جیاوازییەکانی دەوروبەر بە بەراورد لەگەڵ شوێنی وا کە تەنها لەنێوان چوار دیواردا بێت، هیچ سرووشێکی ئاسوودە بەخش بە شاعیر و هونەرمەند نابەخشێ، جا چما نەخۆشی بەدبەخت کە پێویستی زۆری ئاسوودەیی و گەڕان و سەفەرکردنە.

بە داخەوە نها زۆر لە خوێنەرانی ئێمە ناتوانن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دەقێکی شیعری، وەک گوێگر دەگەڵ میلۆدێکی مۆزیکی نوێدا بکەن، هەن حەزیان لە شیعری کێش و بڕگەییە. شیعرێک سادە و ساکاربێت بۆئەوەی خەڵک بەسانایی تێی بگەن، مەگەر ئەوەنییە ئێستا زۆرێک لەو شاعیرە لیریکیانە( ئەگەر ئەو پێناسەشیان بەسەردا بسەپێنرێ ) چونکە کورد شاعیری لیریکی پرۆفیشنالی نییە، بەڵام شاعیری لیریکی هەیە کە بەپارە دەقەکانیان بە گۆرانیبێژان دەفرۆشن و گۆرانیبێژی ئاواش هەیە، کە هەندێ ناوەندە هونەریی هەیە کۆنسێرتی بۆ سازدەکەن، بەرهەمەکانیان بە tvیەکان دەفرۆشنەوە،لەو سەوداکردنە بازرگانییە ملیۆنان دیناریان دەست دەکەوێت، ، حکومەتیش هاوکاری ماددی و مانەوییان دەکات و ساڵانەش چەندان جار زیاتر رەوانەی هەندەرانیان دەکەن، لە کاتێکدا مەگەر تاک و تەرا نەبێت شاعیرێکی داهێنەری کورد لەژیانی خۆیدا نە بە بەرهەمەکانی ژیاوە، نە لەسایەی بەرهەمەکانیشی ئەودیو سنوری وڵاتەکەی دیوە . ئێ خۆ ناشکرێت شاعیران هەموو روو لە نووسینی شیعری لیریکی بکەن تا خەڵک بیانناسێ. مخابن هەنووکە کۆمەڵگای ئێمە لە نەخۆشخانەیەکی گەورە دەچێت، پێموایە هەر هەمووومان بە سیاسی و بازرگان و خوێنەوارو نەخوێنەوارەوە پێویستیمان بە شنەفتنی شیعرو مۆزیک هەیە.

### سەرچاوەی باوەڕپێنەکراوی ئەدەبی

لە کۆمەڵگا نائەکتیڤ و پاشڤەچووەکان هەمیشە زاراوەگەلی رەخنەیی دەبنە ئالتەرناتیفی گلەیی ، مەبەست ئەوەیە زۆر جارکە تۆ تێبینییەکی بچووک لە شێوەی رەخنەیەکدا ئاراستەی کەسێک یان دەزگایەک دەکەیتەوە و ئامانجی بنەڕەتیش لەو رەخنەیە دڵسۆزانەیە ، ریفۆرم و بنیاتنانە ، کەچی سەرەنجام رووبەڕووی کۆمەڵێک وەڵامی نابەجێ و نامەنتقی دەبیتەوە ، وەڵامە هەرەسادەکەش ئەوەیە (تۆ هەمیشە گلەیی دەکەی ...)، واتە لای خەڵکانی ئێمە گلەیی شوێنی رەخنە دەگرێتەوەو رەخنەگریش گلەییکەر ، بۆیە گەر ئێمە پرسیارێکی سادە بکەین و بڵێین ئەرێ گەلۆ رۆڵی رەخنە ئەدەبییەکان و تەنانەت لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکانیش چی بووە لە ناساندنی تێکستێکی ئەدەبی داهێنراو بەخوێنەران و دروستکردنی پردێکی پێوەندی تێگەیشتن لە نێوان تێکست و خوێنەرو نووسەردا، تاچەند رەخنەکانی ئەدەبی کە لە بنەڕەتدا ئەگەر لەگەڵ ئەزمونی رەخنەیی گەلانی دیکەدا بەراوردی بکەین کە چەند هەوڵێکی خاکەڕان و بەداخەوەش ئەگەر کۆپی هەوڵی رەخنەیی رەخنەگرە بەئەزموونەکانی بیانی نەبن، کەمتر لە بواری پڕاکتیکیدا ئیشیان لەسەر( تێکستێکی داهێنراو)دا کردوە و بەڵکو زێتریش لاسایی و سەرو گوێلاک

**شکاندن و خاپاندنی خوێنەرانی بێئاگاوناشارەزایە بەسەرچاوەولێکۆڵینەوەی رەخنەییە بیانییەکان باشە تاچەند ئەو رەخنە ئەکادیمییانەی مامۆستاکانی ئێمە لەسەربنەمای ئەو رێبازو قوتابخانە رەخنەییە باوانەی کە هەن کاریان لەسەرشرۆڤەکردنی ئەو تێکستە ئەدەبیانە کردووە کە لەسەرئاستی بڵاوکراوەوەکان و تەنانەت لەسەر ئاستی میتۆدەکانی خوێندن ( کە بەرلەوەی ببنەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ئەدەبی، سەرچاوەیەکی خوێندنی پەروەردەیین) بۆ نموونەش تەماشای زمان و ئەدەبی کوردی ( بۆ پۆلی شەشی دواناوەندی ) بکەن کە کۆمەڵێک هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو ماستەرومامۆستای ناسراو تەئلیفیان کردووە ،کاتێ دێتە سەر باسی شاعیرانی هاوچەرخی کورد، مخابن هەرتەنها ئاماژە بەچەند شاعیرێکی شارێک و ناوچەیەکی دیارکراو دەکەن وەک (شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و قوباد جەلی زادەو جەمال غەمبارو دڵاوەر قەرەداغی... ریزم بۆ ئەزمونی ئەو شاعیرانە) هەڵبەت بەدەر لەشاعیرانی ناوچەکان و بەشەکانی دیکەی کوردستان کە بەدەیان و بگرە سەدان شاعیری وای تێدایە ئەگەر لەهەندێ ناوی ریزکراوی نێو ئەم لیستە بەپەلەیە داهێنەرتر نەبن ئەوا ئەزموونەکانیان کەمترنین) جا ئەگەربێ مەبەست بێ کە هیوادارم وابێ و ئەمە بۆچوون و ڕای خەڵکە ئەکادیمیەکە بێت، تائەو ڕادەیە بێئاگایی خۆیان لەسەر شاعیرانی دیکە نیشان دەدەن، بەراستیش یان ئەوەتە بێئاگان لەبزاڤی شیعری هاوچەرخ و نوێخوازی کوردی لەسەرجەم شارەکانی دیکەو تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ، کە گەرەکە ئەم مامۆستا بەرێزانە لەهەموو کەسێک زێتر بەئاگاو ئاشنابن بەئەزموونی دەوڵەمەندی شاعیرانی دەرەوەی شارەکەی خۆیان، ئیدی بۆ دەبێ بێدەنگ نەبین لە ئاست گلەیی هەندێ لەو نووسەرو ئەدیبانەی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەش کە لە بۆ نەوپەراوێزی بۆنەکانیشدا چەندان جار دووپاتیان کردۆتەوە کە لە واقیعێکی داسەپاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدبەختی ئێمەی کورد، ئەوەی بەر لەراپەڕین پێماندەگوت ئەدەبی کوردی، مخابن ئیفرازاتەکانی پاش راپەڕین ئەدەبێکی ناوچەیی و شێوەزاری لۆکاڵی بەقەڵەمی خودی نووسەرانی کورد بەرهەمهێنا، کە ئەوئەدەبەی ئەورۆ لەدەڤەری بادینان هەیە تایبەتمەندێتی خۆی تارادەی جیاوازی لەگەڵ دەڤەری سۆران هەیەو هەروەها ئەو ئەدەبەی لەباکوور هەیە جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی وەک رۆژهەڵات و رۆژاواو باشوور، مخابن گەلێک مخابن لەسایەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ناوچەگەرێتییە، رەنگە رووخاندنی ئەو دیوارە سایکۆلۆژیە وەها زوو هێندە ئاسان نەبێ .**

**قوڕسایی داهێنان...**

**لە ئەزموونی روناکبیری زۆربەی گەلانی جیهاندا، نەک هەر جاران بەڵکو تا ئێستاش هونەرمەند و ئەدیبە داهێنەرەکان لەدەرەوەی شارەکاندا ، شاکارەکانی خۆیان بەرهەم هێناوە و دەهێنن,تەنانەت واتایەکیش نامێنێ بۆ چەمکی شەێن لەکاتێکدا رۆماننووسێکی وەک داستۆڤیسکس یان ژان ژینییە شاکارەکانیان بەرهەمی زیندانەکانن نەک نەشارو گوند.... دە باشە ناڵێن لەسەردەمی گلۆبالدا (عولمە) جیاوازی نێوان شارو گوند نامێنێ ؟ ئەدی بۆچی لەو هەرێمەی ئێمەدا قوڕسایی داهێنانە ئەدەبی وهونەری و فیکرییەکان زێتر لە نێو سەنتەری شارە گەورەکانن و کەمتردەوروبەر، واتە شارۆچکە و گوندەکان کەمتر دیاردەی چالاکی رۆشنبیرییان تێدا بەدی دەکرێت, ئایا سەبارەت بەبوونی چەندان داوودەزگای روناکبیرییە لە شارە گەورەکاندا، یان هەبوونی رەگاژۆیەکی مێژوویی ئەم بزاڤەیە لە ناوەندەکاندا، لەوانەش هەبوونی کتێبخانەی زۆر و بوونی زانکۆ و کۆوەبوونی زۆرینەی ئەدیبان و هونەرمەندان لەوشارانەدا, جا سەبارەت بەهەر هۆکارێک بێ,هەنووکە چالاکییەکان لەشارەکانن نەک دەوروبەر، باشە ئەدی ئەوە نیە زۆربەی گوند و شارۆکە و شارۆچکەکانی کوردستان ئێستا پڕن لەبنکەو سەنتەری رۆشنبیری (ئەدەبی و هونەری) و (کافی ئینتەرنێت)، باشە چما خوێندەوارانی ئەو دەڤەرە جیاوازانە، بۆیان نەلواوە وەکو پێویست شان لە شانی بزاڤی روناکبیری شارە گەورەکان بدەن و ئەو دەرفەتە زانستییە مەزنەی گلۆبال بقۆزنەوە. هەبوونی چەند سەنتەرێکی روناکبیری و چەند رادیۆ و تەلەفزیۆنێکی لۆکالی و وەشاندنی بڵاڤۆکێکی مانگانە و وەرزیانە کاریگەری خۆیان نەبووە بەسەر بزاڤی روناکبیری ئەو ناوچانە ؟ ئەگەر نا جۆرێک لەگەندەڵی رۆشنبیریی بەرهەم هیناوە ، بەوەی کە ساڵانە بودجەیەکی قەبە بۆ ئەو سەنتەرو رێکخراوانە تەرخان دەکرێن بەرامبەر بە راژەیەکی کەمی روناکبیری لەو ناوچانەدا، وێرای ئەوەی کەئەو سەنتەرانە جگە لەوەی کە لەرێکخراوێکی حزبی دەچن ئەگینا شتێکی دیکە نین، بەڵام دیارە ئەم هەموو چالاکیە روناکبیریانە وا بەسانایی نەیانتوانیوە کاریگەری ئەرێنی خۆیان بەسەر هزرو توانا و بەهرەی خوێنەوارانی ئەو دەڤەرانە هەبێت ،هەر بۆیەش ئەرکی سەرشانی روناکبیرانی راستەقینەی ئەو ناوچانە و تەنانەت شارە گەورەکانیشە پشتگیری و هاوکاری زۆری خوێنەواری ئەو ناوچانە بکەن, کاتی ئەوەش هاتووە روناکبیرانی ئەو ناوچانە بەردەوام بن لە کارو چالاکییە روناکبیریەکانیان و کۆڕ و سیمیناری پڕ بەرهەم( نەک بێ بەرهەم) بگێڕن بەدوای سەرچاوەی ئەدەبیی و هونەری بگەڕێن ،ئەگینا نە حکومەت نە وەزارەتی رۆشنبیریش با هاوکاری تەواوی ماددی و مەعنەویشیان بکات.بەڵام ناتوانێ تاکە روناکبیرێکی داهێنەر دروست بکات.**

## فێستڤاڵه ئەدەبی و هونەرییەکان

ساڵانە بەر لەسازدانی ئەو هەموو سیمینارو فێستڤاڵانەی کە لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەبۆنە هونەریو ئەدەبییەکان سازدەدرێنو پارەیەکی قەبەشی بۆ تەرخاندەکرێت، شوکر خەڵکێی زۆری کوردو دۆستانی غەیرە کوردیش بانگهێشت دەکرێن، سەرەنجام مرۆڤ دەگاتە ئەو دەرەنجامەی لەسازدانی ئەو جۆرە سیمینار و فێستڤاڵانە هێندە زەرەر دەکەین بەرامبەر قازانجێکی کەم کە چەند کەسانێک (کە گشت دەرفەتێکیان بۆ خۆیان قۆرخکردووەو توانستە ماددیو مەعنەوییەکانی حیزب و حکومەتیشان بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بەگەڕ خستووە) ئەگینا تائێستا وێڕای دەست بەتاڵی رۆشنبیری کوردیی شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەبووەو، هەر بۆ نموونە زۆربەی ئەوانەی کە وەک رادەسپێردرێن بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان یان بابەتە هونەرییەکان خەڵکانی شارەزاو پسپۆرنین، تاچەند دوور لەمەزاجی شەخسیو فشاری ئەم و ئەو... پشت بەمیتۆدە رەخنەییە ئەکادیمیەکان دەبەستن کە بێلایەنانە ئیش لەسەرئەو دەقە داهێنراوە ئەدەبیانە یان کارە هونەرییانە دەکەن، چونکە لەڕابردوو لە هەر بۆنەیەکی ئاوادا بە دانپێدانی زۆر لەو بەشداربووانە کە بۆچوونەکانیان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی (تەنانەت هی خۆیان)دا بڵاوبوونەتەوە، بەشداربووان هەمیشە رووی گلەییان لەو لێژنانەی هەڵسەنگاندن بووە کە ناهەقییان بەرامبەر بەدەقەکانی وانکردووە، بەرامبەر بەوەش نووسەری زۆر ئاساییو بەدەقی زۆر ساکارترەوە خەڵاتکراون، پێم وایە بەڵگەکان هێندە زۆرنو لەبەردەستن ئەگەر خوێنەر بیەوێ دەکارێ بەئاسانی بکەوێتە بەردەستیان، پرسیار لەوەدایە میتۆدو رێبازە رەخنەییەکان دەبن بەسەنگی مەحەکی هەڵسەنگاندنی کارێکی هونەری و دەقە ئەدەبییەکان، یان مەزاجی کەسێکو شارچێتیو ناوچەگەرێتی پێوەرن بۆ پەسندکردنی هونەرمەندێک یان نووسەرێک نەک دەقێکی ئەفرێنراو.

ئیدی گرنگ نییە بەقەد ئەوەی چۆن ساڵانە فێستڤالەکان سازدەدرێن، با لەفشەش فشەتربن، وەلێ بە بۆچوونی خۆیانو کارگێڕانی فیستڤاڵەکە بەسەرکەوتوویی بەئەنجام گەیشتووە، چونکە لێرەو لەوێ لەتاران و لەبەغدا، چەند نووسەرو ئەدیبێکی پلە سێوچوار بانگهێشت دەکەن، کە دڵنیام هونەرمەندو ئەدیبە ناودارو داهێنەرەکان ئەو جۆرە فشانەیان قبوڵ نییە.

## کۆژانە کانی مرۆڤ و داهێنان

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە ئافەریدەی ژینگەی جڤاتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری (ئایینی و نائایینیە)، ئەم بوونەوەرە بێ خواست و ویستی خۆی دوای لەدایکبوونی فێری زمان و داب و نەریت و مۆراڵی ژینگەکەی دەبێت، کە رەنگە قەدەرەکەی وابێت لەگشت بوارەکانی ژیاندا سوودمەند یان زیانمەند بێت، واتە کە جڤاتەکە پێشکەوتوو یان پاشکەوتوو بوو کاریگەری لەسەر پەروەردەی کارەکتەری ئەو جۆرە مرۆڤە هەیە، یان دەوروبەرێک کە گشت هۆکارەکانی ژیان و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و زانستی بۆ دابین کراوە یان بە پێچەوانە بێ بەش دەبێ لەهەموو پێداویستیەکانی ژیان،(بەڵام لە هەموو کات و ساتێک و شوێنێکدا ئازادی بەهای مرۆڤ بوون، مرۆڤگەلێکە کە گوزارشت لە بوونی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی ئەو دەکات)، بۆیە هەر کاتێ مرۆڤ و کۆمەلگا لە پراکتیزەکردنی ئازادییەکانی هزر وکار و ژیان و پێداویستیەکانی بێ بەش بوو، ئەوا ئەم بوونەوەرە دووچاری پەراوێز و فەرامۆشکردن و کۆژانی جۆراوجۆر دەبێتەوە، جا هەندێ جار کۆژانی مرۆڤێک ناچاری دەکات بەرەو هەڵدێر و لادان بڕوات، بوونەوەرێکی شەڕانگێز و ناکامی لێ دەردەچێت و دەبێتە مشەخۆر تا ئاستی تاوانکاری بەرامبەر بە دەوروبەر و یاسا و دەوڵەت و کۆمەڵگاکەی، هەندێ جاریش کۆژان وا لە مرۆڤی هۆشیار و هەستەوەر دەکات لە بوارێک لەبوارەکانی سیاسەت یان ئەدەب و هونەر و هزردا خانەیەک بۆ خۆی داگیر بکات و لەو خانەیەدا جوانترین شاکاری ئەدەبی یان هونەری بەرهەم بێنێ، سەرئەنجامیش کۆژان و موعانات دەبێتە هۆی مەزن بوونی رۆحی مرۆڤ و بەرزبوونەوەی بەرەو هەورازەکانی ژیان.

بێگومان مەرج نیە تاکێک یان گروپێک هەمان کێشە و گرفتی هەبێت وەک مرۆڤێک یان کۆمەڵێکی دیکە هەیەتی و ئازاری پێ دەچێژێ، بەڵام سەرلەبەری جڤاتی مرۆڤایەتی لەبنەڕەتدا خێزانێکە، ئەویش جڤاتی مرۆڤایەتییە، بۆ نموونە ئێمەی کورد زۆر هاوبەشی خەم و ئازاری گەلانی

ئافریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین بووین چ بە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانمان یا وەک هەڵوێستی سیاسی پشتگیریمان لەخواست و کۆژانی ئەو گەلانە کردووە، ئەوانیش هەروەها هاوکات پشتگیرییان کردووین لە چەندین دەقی ئەدەبی و هونەری دۆزی گەلی کوردیان بەسەرکردۆتەوە، هەربۆیە گەر مرۆڤگرفتی خۆی نەبێ ئەوەندە بە سانایی هەست بەگرفتی ئەوانی دیکە ناکات، لەبەرامبەریشدا گەرەکە ئێمە مانای هەستی بەرامبەر رابگرین و رەچاوی ژان و کۆژانەکانیان بکەین، مرۆڤی کورد چونکە مرۆڤی کۆمەڵگای رۆژهەلاتییە و رۆژهەلاتیش زێدی سۆز و عاتیفە و ئایین و ئەفسانەکان بووە، بۆیە بەگشتی مرۆڤی کورد کارەکتەرێکی هەستەوەری لێ دروست بووە، ئەوەندە هەستیارە تا ئاستی هەستەوەری، هەر بۆیەشە دەبینین کۆژانەکان هەستی مرۆڤ ناسک دەکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو کۆژانانە دەبنە هۆکاری ئەفراندنی هزری ژانرەکانی ئەدەبی و هونەری، بۆ نموونە سینەماکاری بەڕەسەن کورد یەڵماز گۆنەی گەر هەستیار نەبوا و خاوەنی کۆژانی گەلە بندەستەکەس نەبوا ئەوا هەرگیز نەدەبووە ئەو مرۆڤ مەزنە داهێنەرەی بواری سینەما.

بەلام ئەوانەی موعاناتیان نییە بەڕای من گوناهە پێیان بگوترێت مرۆڤ ، چونکە مرۆڤی بێ موعانات، بوونەوەرێکی بێ هەست و نەست و هرزە، ئاژەڵێکە تەنها بۆ غەریزەکانی خۆی دەژێ و بەس.

## کۆنگرەی نووسەران

هەڵبەت شوێنی ئەوە نییە بەتێروتەسەلی بۆ پاشخانی گرفتەکانی ئەو رێخراوەی نووسەران بدوێم، کە هەرلەرۆژی دامەزراندنییەوە واتە لە شواتی 1970وە بگرە تا بە ئەمڕۆ دەگات... سەبارەت بەملمڵانێی سیاسی و حزبی و تەنانەت لەنێوان تاکەکەسەکانیشدا، جارێک لایەنە کوردییەکان لەنێو خۆیاندا و جارێکی دیکەش لەنێوان لایەنی کوردی و نووسەرانی سەر بە بەعس ، دیارەناشاردرێتەوە کە لەچەندان وێستگەو قۆناغدا یەکێتیی نووسەرانی کورد دووچاری چەندان کێشە هاتەوە ، هەر لەقۆناغی دانوستانی شۆرشی کورد لەگەل حکومەتی بەغداو دواتریش پاش رێکەوتنامەکەی جەزائیرو تادەگات بەقۆناغ شەڕی نێوان رژێمی بەعسی عیراق و ئاخوندەکانی ئێران ، تەنانەت لەرۆژگاری خەبات و بەرەنگاریدا کە ژمارەیەک لەنووسەران روویان کردە شاخ، کێشەکانیش لەشاخدا بە هەڵپەسێردراوی مانەوەو دواتر دوو رێخراوی جیاوازی وەک( یەکێتی نووسەرانی کوردستان وکۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان)لێکەوتەوە، دیارە ئەو رۆژگارەش سەبارەت بەو ملمڵانێ نارەوایە لەژێر چەتری ئەم رێخراوانەدا چەندان نانووسەر بە تەزکیەی حیزبی مافی ئەندامێتیان وەک نووسەر وەرگرت، هەڵبەتە پێشترو پاشتریش تادەگاتە پاییزی 1991 لە(کۆنگرەی راپەرین) کە لەهاوینەهەواری شەقلاوە لە رێکەوتی 15-12-1991دا گرێدرا، ژمارەیەک لەنووسەران (زێتریش نانووسەر) بوونە ئەندام لەو یەکێتیەدا کە زێتریش لەهەڵبژاردنێکی حزبی دەچوو نەک رۆشنبیری، وێڕای ئەو گەپجارییەی (وەرگرتنی ئەندامان) لەکۆنگرەی راپەرین لەشەقلاوەدا ، هەربۆیەش بەهەمان نەفەسی حیزبایەتی سەردەمی شاخ ، خەڵکانێکی زۆری نانووسەر لەو کۆنگرەیەدا بەبێ هیچ پێوەرێکی داهێنانی ئەدەبی کران بەئەندامی یەکێتی نووسەران ، هەر خوێنەرێکی ئەم وتارەیەش ئەگەر بیەوێ لەقسەکانم دڵنیابێ ئەوا دەتوانم ئەو لیستەی ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی بۆ بخەمە بەردەست تا لەوە دڵنیابێ کە من نە ئیرەییان پێدەبەم .. نەبوختانیش بەکەس دەکەم، بڕیاردرا لەرێکەوتی2010/7/15 دا لەشاری سلێمانی کۆنگرەی دووەمی نووسەران گرێ بدرێت، دیارە بەرلەسازدانی ئەم کۆنگرەیەش لەنێو ئەندامانی رازی ونارازی لەناوەو هەروەها لەدەرەوەی ئەم رێکخراوەی نووسەرانیش کە ژمارەیەکی بەرچاو لەنەوەی پاش راپەڕین بوونەتە خاوەن ئەزموون و قەڵەمی بەبڕشتی خۆیان لەشاعیرو چیرۆکنووس و رۆماننووس و شانۆنامەنووس ورەخنەگران، هەڵبەتە ئەوانیش بیروراو بۆچوونی جیاوازیان هەیە ، بەرلەچەند هەفتەیەک لەهەڵبژاردنێکی بەرواڵەت دیموکراسیانە و وەلێ لەناواخندا بەپێچەوانەو پاش چەند کۆبوونەوەیەک بەئەندامان و لایەنگرانی خۆیان ئامادەگی بۆکرابوو، هەریەکەو بەلیستی تایبەت بەخۆیان بۆکاندیدکردنی ناوی ئەو نووسەرانەی کە گەرەکیانە بۆ سەرەتای مانگی تەباخ(2010/8/27 ) بۆ بەشداری کردنو هەڵبژاردنی لقەکانی یەکێتی نووسەران

بەهەرحاڵ جارێ هێشتا بانگەشە بریقەدارەکانی وەک ئەوەی کە هەمووجار بە بۆنەو بێ بۆنە دەگوترێنەوە کەتاکە رێخراوێک لەکوردستاندا سەربەخۆو بێ لایەن بێ و دەستی حیزبی پێڕانەگەیشتبێ یەکێتی نووسەرانی کوردە ، ئەرێ بەڕاست ئەورۆ لەکوردستاندا تاکە رێکخراوێک هەیە سەربەخۆو بێلایەن بێ ، تائەم یەکێتیەش ئەو ناسنامە بریقەدارە وەربگرێ وشانازییەکەی بەر ئەدیبان و نووسەران بکەوێ ، ئەدی ئەگەر وایە ئەو هەموو رێکەوتنە ژێربەژێرییە ( کە خۆشبەختانە لای خەڵک ئاشکران) چی دەگەیەنێ کە بەبێخواست و ویستی ئەندامانی ئەو یەکێتییە ئەمجارەیان سەرۆک و جێگرەکەی ، لە 18 ساڵی رابردوشدا دەستەی کارگێری ئەو یەکێتیە نیشانکران و بەتەزکیەی حیزب دادەمەزران،بەڵێ دوای هەژدە ساڵ چاوەڕوانی بۆ سازدانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد کە نازانین دواتر چۆن لە شانۆگەرییە کۆمیدیەکەی سلێمانی بوو

**بە کۆنگرەی هەشتەم بێ ئەوەی ئاماژەیەک بەگرفت و کەموکوڕییەکانی رابردووی ئەو یەکێتیە بکەن کەچی کراوە ئەو هەموو پارەیە چۆن خەرجکراوە......؟! سەرەنجام لەرێکەوتی 21ی ئەم مانگە ، لەهەر سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان بە(کەرکوک)ی سەربەحکومەتی عیراقیشەوە ، بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی لقەکانی نووسەرانی کورد و هەڵبژاردنی کاندیدکراوەکان کە گەرەکە نوێنەرایەتی ئەندامانی لقەکانی شارەکانی خۆیان بکەن ، هەڵبەت وێڕای دەستەی کارگێری لقی شارەکان کە ژمارەیان حەوت ئەندامە، ، بۆیە لێرە لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم ئاماژە بەچەند خاڵێک بکەم کە لەهیچ لەکۆنگرەکانی رابردوودا چارەسەری بۆ نەکراوە و وەلێ هیوادارم ئەمجارەیان هەوڵ بدرێ چارەسەرێکی بنبڕی بۆبکرێ:**

- **ناوی یەکێتی نووسەرانی کورد بکرێ بە یەکێتی ئەدیبانی کورد، چونکە بەپێی پەیرەو وپرۆگرام، ئەندامانی ئەم یەکێتیە ئەو کەسانەن کەلەیەکێک لەبوارەکانی ئەفراندنی ئەدەبی وەک( شیعرو چیرۆک و رۆمان و شانۆنامەنووس و رەخنەگر) ئەندامی شەرعی ئەم رێخراوەن نەک نووسەرانی بواری رۆژنامەوانی و وەرگێران و هتد...**
- - **گواستنەوەی هەموو ئەو ئەندامانەی کەئەم مەرجە نایانگرێتەوە بۆ سەندیکاکانی رۆژنامەوانی وشوێنەوارناسان و وەرزشوانان و هتد...**
- **لابردن وستاندنەوەی مافی ئەندامێتی لەهەموو ئەو ئەندامانەی کە لەژیانی خۆیاندا دەقێکی ئەدەبییان بەرهەم نەهێناوە.**

**ئەونووسەرانەی کە زێتر لە 15ساڵێکە لە داهێنانی ئەدەبی دابڕاون خانەنشین بکرێن و لەمەراسیمێکی تایبەتدا ریزلەرابردوویان بگێردرێ و مووچەیەکی رێزلێنانی مانگانەیان بۆ ببڕدرێتەوە.**

- **تێناگەم بۆچی گشت رێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا پاشگرەکەیان کوردستانە وەک سەندیقای رۆژنامەنوسان و یەکیتی مۆستایان و هتد... کەچی پاشگرەکەی یەکێتی نووسەران کوردە؟ئەی کەواتە دەبێ نووسەران تورکمان و سریان بکەینە دەرەوە .**

**رووناکبیرو بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی رووناکبیری**

**لەم نووسینەمدا نامەوێ بگەرێمەوە سەر پێناسەو چەمکەکانی رووناکبیر کە بەپێی بۆچوون و هزرە جیاوازەکانی بیرمەندان و روناکبیرانی خۆراوا زۆری لەسەر نووسراوەو گوتراوە، بۆیە ئەم پێناسە کردنانە زۆر هەڵدەگرێ تا قسەی لەسەر بکەین بەتایبەتیش چەمکی رووناکبیری ئۆرگانی کە کارێکتەرێکی رەخنەگرەو باندۆری راستەوخۆی بەسەر جڤاک و رای گشتی و تەنانەت دەسەڵاتیش هەیە، رووناکبیری ئۆرگانی لە هەمبەر گەندەڵی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا دەکارێ رۆڵی ئەکتیڤی مێژوویانەی خۆی بگێڕێت و ببێتە سەر مەشقی نموونە جوان وبالاکان لەخزمەتکردنی دۆزی رەوای گەلێکی چەوساوەو بندەستدا ، چونکە ئەم ئیلیەتە (نوخبە)یە هەمیشە لەگەڵ ترادیسیۆنە سونەتیەکاندا لەکێشەو ململانێدایە ، رووناکبیر تاچەند لەجڤاکی خۆیدا بوونی کاریگەری هەیە و دەکارێ بوونی واقیعی خۆی بسەلمێنێ ، هەڵبەت ئەمەش بەئامانجی پێشکەوتنی رەوتی شارستانی کۆمەڵگاو بەشداری کردنی لە پرۆسەی بنیاتنانی ئەو کایە جیاوازانەیە کە پێشترئاماژەم پێکردن ، بەلام ئایا روناکبیری ئۆرگانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوونی راستەقینەی هەیەو ئەگەرهەشبێ تاچەند کاریگەری بەسەر ئەو کۆمەڵگایە هەیە ، کاریگەری روناکبیری ئۆرگانی لەسەر وروژاندنی رای گشتی و کۆمەڵگادا وهەڵوێستی بەرامبەر رەفتارو سیاسەتی دەسەڵات لەکاتێکدا ئەگەر خودی دەسەڵات لەرێرەوی خزمەتکردن بە خەڵک لایداو لە پێناو بەرژەوەندی توێژیّک یان ئیلیەتێکی کۆمەڵگا گشتیەکە دەسەڵاتەکانی بۆخۆی قۆرخ کرد . باشە رۆڵی روناکبیری ئۆرگانیی چیبووە لەبەشداری کردنی لەپرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و روشنبیری ئێمەدا ، پەراوێزخستنی روناکبیری و کاریگەری دزێوی لەدواخستنی کۆمەڵکاو عەقلی دەسەلاتدا لەم رەوشەدا چی دەگەیەنێ، هەڵبەت چەندین پرسیاری دیکەش کە هەمیشە لەخۆمی دەکەم و دەڵێم ئەرێ بەڕاست تۆ بڵێی ئێمەی کوردیش بەپێ ی ئەو پێناسانەی گرامشی و ئیدوارد سەعید تەنانەت ڤلادیمێر لینینش کاتێ دەڵێ : ئەگەر رووناکبیرهەڵوێستی نەبوو یان شۆرشگێر نەبوو خائینە . راوبۆچوونی چەندین بلیمەتی دیکە کە لەئەزموونی سیاسی ولاتەکەی خۆیاندا ئەم چەمکانەیان هەڵێنجاوەو باس لەبایەخی ستراتیژی رۆناکبیری خۆیان دەکەن ، بۆ نمونە( ژان پۆل سارتەر) لەو رۆناکبیرە ئۆرگانیانە بووە کە بە پێچەوانەی سیاسەت و خواستی دەسەلاتی فرەنسای سەردەمی دیگۆل سەرسەختانە بۆسەربەخۆبوون و داکۆکی لەمافی چارەنووسی گەلی بندەستی جەزایر کرد ، تارادەیەیەکی زۆریش ئەم هەڵوێستەی سارتەر رۆڵی باشی گێڕا بۆسەربەخۆیی گەلی جەزایرو**

رزگاربوونی لەژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزمی فرەنسیدا ، کە وەزارەتی ناوخۆی فەرەنساش بڕیاریداو وتی سارتەر بگرن، دیگۆڵ ئەوەی دەزانی کە سارتەر بۆ زیندان دروست نەکراوە، بۆیە ناچاربوون وازی لێبێنن و ئازادی کەن ، بەڵام ئایا تا ئێستا روناکبیرێکی ئێمە هاتووە بتوانێ وەک سارتەر هەڵوێستێک بنوێنێ بەرامبەر نەک هەرکۆژانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە رۆژانە بەئاگرو ئاسن لەنێودەبرێن ، باشە لەئاست مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بۆنموونە وەک دۆزی رەوای گەلی باکورو رۆژهەڵات و رۆژاوای کوردستاندا کە بەبەرچاوی کەناڵەکانی میدیایی هەمووجیهاندا مافەکانیان پێشێلدەکرێ ، رۆناکبیرانی ئێمە هەر لەئەدیبان و هونەرمەندان و ئەکادیمیان و مامۆستایانی زانکۆ مەگەر تاک و تەرا نەبێ چیمان بینی وەکو دەربرینی هەڵوێستێکی نەتەوەییانە و مرۆڤپەروەرانە کە ئیدانەی کوشت و بڕی خەڵکی بێدیفاعی کوردستانی بندەستی داگیرکەران بکەن ، تەنانەت لەو بەشەی خۆشمان کە رۆژانە دەیان پێشێلکاری دەبینین کە بەرامبەر بە هاووڵاتیان دەکرێن وکەسیش نوقەی لێوە نایێ ، روناکبیری دەرەوەی بازنەی دەسەڵات ئەگەر هەرجۆرە هەڵوێستێک نیشان بدات لەگەڵا خواستی دەسەڵادا نەگونجێ ئەوا بەجۆرەها شێوە سەرزەنشت و پەراوێز دەکرێت و بێ کارو نانبڕاو دەکرێت وتوشی جۆرەها سەرئێشە و دەردەسەری دەبێت ، هەنووکە کە زۆرینەی روناکبیرانی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدان لەیەکێکیش لەئۆرگانە رۆشنبیری و میدیاییەکانی حزب و حکومەتدا راژەیەک پێشکەش دەکەن ، دواجار بێ قەیدو شەرت رادەستی ویست و ئیرادەی دەسەڵات بوونە ، وەلێ مخابن هێشتا دەسەڵاتی کوردی وەک مرۆڤ سەیری رۆناکبیرانی ناکەن ، چونکە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە کاری چاک کردووە لەخزمەتی کۆمەڵگا و میللەت بوو، نەک توێژێک ، بەراستی لەخزمەتی رەوشی کولتوری و ئازادی مرۆڤ و بەهاکانی ژیان بووە، ئەوا ئاساییە رۆناکبیرانی ئێمە ستاییشی بکەن و تەنانەت خۆشیان لەپێناویدا بکەنە قوربانی ، بەڵام ئەگەر دەسەڵات هەرتەنها خەریکی قەڵەوکردنی گروپێک یان توێژێک بووو هەموو دەسکەوت و داهات و ئیمتیازێکیش هەربۆ ئەو گروپە بوو کەسەر بەدەسەڵات و حاشیەکەی بوو ، تەنانەت ئاگای لەپێداویستییە سادە و رۆژانەییەکانی خەڵک نەماو وروناکبیری دەرەوەی حاشیەی وەک دوژمن هەڵسەنگاند ، ئیدی لێرەدا رۆناکبیری راستەقینە دەبێتە قوربانی ئەو کەش و بارودۆخە هەلپەرستەی کە درۆ و ریاکاری و مەرایی و بنەماڵەرانی و حزبرانی شوێنی راستگۆیی و دڵسۆزی ورەوشتبەرزی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و دەوڵەترانی دەگرێتەوە ، مخابن رۆناکبیری بوودەڵەوگوێرایەڵا بەسەررۆناکبیری داهێنەرو دڵسۆز، رۆناکبیری سیخورو مشەخۆر بەسەر رۆناکبیری نەتەوەو نیشتمانپەروەر دەسەپێنرێت ، هەر ئەم رەوشە نالەبارەشە کە تارادەیەکی زۆر ئەو ئامادە بوونەی رۆناکبیری ئەکتیڤی بزرکردووەو و کاریگەریشی نەبووە کە بتوانێ کەم وکورییەکانی دەسەڵات نیشان بدات و کۆمەڵگا واابهێنێتەوە و بهەژێنێت، ئەرێ بەڕاست روناکبیر زادەی نێو کۆمەڵگای خۆیەتی ، یان بەرهەمی خوێندنەوەی نێو کتێبەکانە، بەداخەوە لای ئێمە رەوشی روناکبیر بەگشتی بووەتە سێبەر وباکگراوندێک کە دەسەڵات خۆی دەستنیشانی ئەوە دەکات کە روناکبیر کێیەو ئەرکەکانی چین ، دەبێ ئێمە ئەوەشمان بیرمان نەچێت کە روناکبیر لەهەموو گۆڕانکاریەکدا بەشدارەو هەمیشە کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەیە و کەدواجار قسەی خۆی وهەڵوێستی خۆی و دەنگی خۆی هەیە ، راستە بەحوکمی دەیان ساڵی ژێردەستی و چەوسانەوەی گەلەکەمان، ئەزموونی ئازادی و پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت لای ئێمە ئەزموونێکی نامۆبووە ، ئەو ماوە کەمەی کە ئێستا کوردستان هەناسەی ئازادی هەڵمژیوە،سەبارەت بەزۆر هۆکار ئازادییەکەش شێوەیەکی فەوزاو ونامەنتیقی بەخۆوەگرتووە، لەبەرئەوەش رۆناکبیران لەکۆمەڵگای ئێمەدا ساڵەهای ساڵە لەژێر کاریگەری ستەمی دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستیدا بەهەمووجۆرێک و شێوەکانی چەوساندنەوە ناڵاندویانە، باشە چۆن ئێستا دەکارین روناکبییکی ئۆرگانی بەرهەم بهێنین تا سەرەنجام کاریگەری خۆی هەبێت بەسەر رای گشتی و کۆمەلگاو دەسەڵاتدا هەبێ ، بێگومان ئێستا ئەو پەیامەی روناکبیری کورد هەیەتی تا ئاستێک گۆڕاوە، چونکە تۆ دەسەڵاتەکەت لەخۆتە، ئەو دەسەڵاتەش وەکو پێویست نەیتوانیوە ئەو پردە ئینسانیەی نێوان روناکبیری خۆی و رایەڵەکانی دەسەڵات دروست بکەیت، دەسەڵات هەمیشە ویستویەتی روناکبیرێک دروست بکات کە هەڵگری ئید و ناسنامەی ئەو بێت ، لەو حاڵەتەش روناکبیری راستەقینە پەراوێز دەخرێت، کەپەراوێزیش کرا ئیدی ناتوانێ بەو شێوەییەی کە پێویستە پەیام ودەنگی خۆی بگەیێنێتە کۆمەڵگا وکاری لەسەر بکات وهاوکاری بکات، ئاشکراشە کە ئێمە کۆمەڵًگاییەکی داخراو و دواکەوتوومان هەبووە، سەدان ساڵ لەژێرهەژمونی کۆمەڵە نەریتێکی باو وسواوژیاوە، لەژێر کاریگەری کولتوری خێل و عەشیرەت ورایەڵەکانی ئاییندا نڵاندوومانە، ئەوانە دەسەڵاتی راستەقینەیان بەسەر چارەنووسی میللەت هەبووە نەک هزرە رۆشنەکانی فەلسەفەو رێنیسانس و مۆدێرنێتە ، مرۆڤی کورد شانازی بەرۆژهەڵاتی بوونی خۆیدەکات هەمیشە سۆزی بۆ رابردووی خۆی هەیە لەرەوشێکی نۆستالیژی دەژیت ، پشتی لەشۆرشی زانیاری و تەکنەلۆژیا کردووە و تەنە وەک بەکاربەر کاری پێکردووە نەک بەرهەمهێنەر ، بۆیە ئەگەر کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی وەک فرەنسا بەراورد بکەین ، ئەوا غەدر لەروناکبیری کورد دەکەین ، چونکە ئەوەی بۆرۆنکبیرانی خۆراوا یان فرەنسا دابین کراوە وهەیە رەنگە بە قەرنێکی دیکەش لە کوردستاندا فەراهەم نەبێ ، بۆیەش رۆناکبیری کورد زێتر لە رۆناکبرانی هەر وڵاتێکی یکە دەبێ لەخەباتی بێ وچان بێ بۆرزگاربوون لەژێرستەمی ئەوهەموو غەدرەمێژووییەی کەبەرامبەر بەگەلەکی کراوە،ئەگەرچی لەساڵانی رابردووش دەسەڵاتی کوردی هێشتا نەیتوانی بەو شێوە کاریگەر و مۆدێرنە رۆڵی دەسەڵاتێکی گشتگیر بگێرێت، مخابن هەمیشە دەسەڵات لەکوردستاندا لەبورجی عاجی خۆی دانیشتووە وبەچاوێکی سووک تەماشای روناکبیری سەربەخۆو بێلایەن دەکات و تەنانەت ئەگەر بۆی بلوێ لەکاتی رووبەرووبوونەوەی مافی هاوڵاتی بوونیشی پێ رەوا نەبینێ ، کە روناکبیرنەتوانێ ببێتە پردی نێوان خەڵک وئازارەکانی بێ دەنگی دەسەڵات، ئەو پردەی کە دەسەڵات و خەڵک پێکەوە دەگەیێنێت و ئەو کێشە و کۆژانانەی پەیوەندی بەرۆژانەی خەڵک هەیە بەقەڵەمی خۆی دەگەیێنێتە کەناڵەکانی ،بۆیە روناکبیر دەبێ هەمیشە چاودێری دەسەڵات و رەفتارەکانی بکات و ئاگای لەخەم وئازارەکانی خەڵک

هەبێ، بۆیە ئەگەر روناکبیر لەو هاوکێشەیە بترازێت ئەوا روناکبیرێکی کاراو ئۆرگانی نییە، ئەگەربەچەمکە سونەتیەکەش روناکبیر بێت ، ئەوا روناکبیرێکی بێ هەڵوێستە ، روناکبیر هەمیشە هەنگاو بەهەنگاو دەبێ ئاگای لەدەسەڵات و کەتواری کۆمەڵگایەکەی خۆی بێت، ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لەو واقعیە دابڕا ئەوا دیارە گرفتێک لەهزرو هەڵوێستی ئەو رۆناکبیرە هەیە. بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەگەر ناراستەوخۆش بێت روناکبیران بەشداریان لەپرۆسەی بونیاتنانی کۆمەڵگای کوردستانیدا هەبووە ، بەڵام بەداخەوە هێشتا لەکوردستاندا ئەو کێشەیان لەلایەن دەسەڵاتەوە نەدراوەتێ کە بتوانن وەک دەنگێکی سەربەخۆو تاک و جیاواز، بتوانن قسەی خۆیان لەسەر دەسەڵات بکەن ، بەداخەوە دەسەڵات هەمیشە کەسانی مەسلەکی خۆی ئامادەن و بەناوی روناکبیرەوە نوێنەرایەتی دەسەڵات دەکەن و کۆمەڵێک دام ودەزگای بەناو رۆناکبیرییان هەیە کەتوانستی ماددی باشیان بۆ مەیسەرکراوە، راستە ساڵانە بەسەدان کتێب چاپدەکرێن کۆرو سیمینارو فیستڤاڵ سازدەکرێن ، مخابن دیسانیش وەکو پێویست ئەم رۆناکبیرە وەزیفەدارانە نەیانتوانیوە خزمەت بە رەوشی رۆشنبیری کوردی بکەن ، بۆ ئەو جۆرە روناکبیرانە کە نوێنەرایەتی روناکبیری دەسەڵات دەکەن دیسانەوە دەڵێم روناکبیری جددی کە بەرادەییەکی کوشندە فەرامۆش و پەراوێز کراوە ، بەڵام دیسانەوە نابێ روناکبیر لە واقیع و رۆژانەی کۆمەڵگاکەی خۆیدا بپچرێت ، لەو بروایییەدام لەکۆمەڵگای کوردیدا پرۆژەی دروستبوونی روناکبیرانێک هەن، ئەگەر ئێستاش بەو کاریگەرییە و بەو رێژەیە نەبن، بەڵام چەند ساڵێک تر رۆڵی کارای خۆیان دەبینن. بۆیەش پەراوێزخستنی روناکبیر لەلایەن دەسەڵاتەوە تاوانێکی گەورەیە ، ئەگەرچی دەسەڵات هەمیشە دەیەوێت روناکبیر کونترۆڵ بکات ، وەک روناکبیرانی دەربارڵای خۆی بەگەڕی بخات و رکابەری روناکبیری کاریگەرپێ بکات ، ، بۆنموونە بەپەراوێزخستنی روناکبیران زیاتر لای هەندێ روناکبیرانی دەسەڵاتدارەوەیە نەک راستەوخۆ خودی دەسەڵات خۆیانەوە سەپێنراوەو نەخشەی بۆ کێشراوە پرۆژەی بۆ دانراوە ، بەڵام دیسانەوە دەسەڵات بیەوێ و نەیەوێ ، ئەوەی مەبەستە کەدواجار رۆناکبیرانی کۆمەڵگاکەی رۆناکبیرانێکی کۆنترۆڵکراوبن، کارێکی مەحاڵە، وەلێ ئەگەر روناکبیری راستەقینە بتوانیت لە کۆمەڵگادا رۆڵی ئەکتیڤی خۆی بگێرێت ، پێم وایە زۆر کێشە گەندەڵی هەن بەئاسانی چارەسەر دەکرێن ، ئیدی ئەوکێشانەنش هەر لەزانکۆکان و سەنتەرە روشنبیرییەکان و دامودەزگاکانی روشنبیرییەکاندا بگرە تا دەگاتە دەزگا رۆشنبیرییە حکومییەکان کە خۆیان بەربەستن لەبەردەم پرۆژەی رۆشنبیراندا.

### وێنەی رووناکبیر لەنێوان ساختە و رەسەنێتیدا

وێنەی رووناکبیرلەجڤاکی نەریتیە(ترادسیۆنی) کانی وەک ئێمەدا هەر چەند لەشێوە گشتیەکەی خۆیدا وێنەیەکی جوان و ئەرێنیە و کارێکتەرێکی ئۆرگانی و رەخنەگرە لە ئاست دیاردە نیگەتیڤەکانی وەک گەندەڵی ئیداری و رۆشنبیری وکۆمەڵایەتیدا، وەلێ ئەم ئیلیەتە چەندە لەجڤاکی ئێمەدا بوونی راستەقینەو باندۆری راستەوخۆی بەسەر رایەڵەکاندا هەیەو لەو کایە جیاوازانەدا هەبوونی خۆی سەلماندووە ، ئەم پرسانە ئەگەر بۆ روناکبیرانی کۆمەڵگاکانی دیکە شیاوی لێوردبوونەوەو قسە لەسەرکردن بێت ، ئەوا لای ئێمە هەڵوێستەیەکی دەوێ وگەرەکە جارێکی دیکە بۆ چەمک و واتاکانی روناکبیر بگەڕێینەوە و شەرم لەکەسیش نەکەین و بڵێین ئەرێ بەڕاست کێ روناکبیرە ؟ ، چما روناکبیری ئۆرگانیش ...، چونکە ئەم جۆرە ئیلیتەیە لەمێژووی بەرهەمهینانی هزری و مەعریفی گەلاندا لەهەرە گرنگترین ستایلی روناکبیریین وبەبێگومان باندۆری راستەوخۆیان بەسەر دەسەڵات و کۆمەڵگاو رای گشتیدا هەیە و هەمیشە لەگەڵ ترادیسیۆنە نەریتیەکانی وەک خێزان و خێڵ و ئۆل و جڤاتە ئایینەکاندا لەملمڵانێیەکی توندان ، دیارە ئەویش بەئامانجی پێشکەوتنی رەوتی شارستانی کۆمەڵگاو بەشداری کردنێکی ئەکتیڤانەیە لەپرۆسەی بنیات نانەوەی ئەو کایە جیاوازانە کەپێشکەوتنی گەلانی لەسەر بونیاد دەنرێت ، بەڵام ئایا پەراوێزخستنی رووناکبیری کاراو وەپێشخستنی خەڵکانی نارووناکبیر، کاریگەری نەگەتیڤی لەدواخستنی کۆمەڵگاو خودی دەسەڵاتدا نییە ؟ ئەم پرسیارە بۆ باسێک دەمانگەڕێنێتەوە کە قوناغێکی دوورو درێژە و راستەوخۆ پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگای ئێمەوە هەیە ، بەو دەرفەتانەی کە پێشتر نەرەخساون لەناو کۆمەڵگادا بۆ دروست بوونی ئەم جۆرە روناکبیرە کاریگەرە و بەپێچەوانەش دروست بوونی یان دروستکردنی خەڵکانێکی مشەخۆری بەناو رووناکبیر، کە بێگومان لەهەر کۆمەڵگایەکی ئەو سەرزەوینەدا و لەهەر قوناغێکدا جۆرێک لەو تەرحە رووناکبیرە ساختەیەی تێدایە ، دیارەکۆمەڵگای کوردیش لەروناکبیری ئۆرگانی بێبەش نەبووە ، چونکە شێوازی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگای ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا جیاوازە. لەکۆمەڵگای ئێمەدا رووناکبیری ئۆرگانی نەگەیشتوتە ئەو ئاستە بەرزەی وەکو چۆن لەناو کۆمەڵگاکانی تردا دیارن ، تا بۆچوونەکانی لەناو خەڵکدا بە سانایی بڵاوبێتەوە، هەندێک هەن لە ئەم جۆرە رووناکبیرانە لەناو کۆمەڵگای ئێمە بۆ نموونە لەناوەندە

رۆشنبیری و ئەکادیمیەکان وەک لەزانکۆکاندا چالاکانە بزاڤی خۆیان رێکدەخەن و کاردەکەن ، وەلێ ئەمانە هێشتا لەچوارچێوەی ئایدیاکانی خۆیان و حیزبەکانیان دەرنەچوونە ، جاچۆن ئەو بیرورایەی خۆیان دەگەیننە خەڵک یان لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە رایەکەی بڵاو دەکاتەوە ، چونکە روناکبیر کەسێکی هەستیارە ، کە کەسێکی هەستیاریشە گەرەکە ئامرازو میکانیزمی هەبێ بۆ گەیاندنی راو بۆچوونەکانی لەسەر ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بەرای گشتی ، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە تاچەند ئەمانە توانیویانە کاریگەری لەناو خەڵکدا دروست بکەن ، بەداخەوە ئێمە تائێستا پێوەرێکمان نییە بۆ پێوانە کردنی ئەم جۆرە جوڵانەوەیە لەرووی رای گشتیەوە . من تا ئێستا نەم بینووە بۆ نمونە رووناکبیرێک لەناو کۆمەڵگادا بەگشتی رایەکی گشتی وای دروست کردبێت و کاریگەری بەسەر بریاری سیاسی وڵاتدا هەبێت بەپێچەوانە هەمیشە رووناکبیرانن بوونەتە پاشکۆی بریارە سیاسیەکانی حیزوب و حکومەت ، کەناڵە میدیا کانی کوردستانیش لەبەر دەم هزرو بۆ چوونی روناکبیرانی ناحیزبی و سەربەخۆ داخراون و هێشتا لەبەردەم بۆچوونی جیاوازی خەڵکیدا واڵا نەبوونە ،دیارە کەناڵەکانی گەیاندن لەو سەردەمەدا زۆر گرنگن بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندنی دەنگی روناکبیری سەربەخۆ ، چونکە تا روناکبیری توێژە جیاوازەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا گوزارش لەراوبۆچوونەکانیان نەکەن . ناتوانرێ دیالۆگێکی راستەقینە لە نیوان دەسەڵات وخەڵکدا لەرێی رووناکبیرانەوە بێتە ئارا ،

سەبارەت بە رەوشی رۆژنامەگەریش لەکوردستاندا . تا ئەندازەیەک دەتوانم بڵێم رۆڵی بینیوە بەڵام ئەویش لە پەراوێزدا، واتە نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئێمە لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا دەیبینین، رەنگە وتارێک یان مانشیتێک هەموو خەڵکەکە بهەژێنێت، ئەمە تا رادەیەک کاریگەری خۆی هەیە ، بەڵام کەناڵێکی میدیایەکی کاریگەرمان نییە ک بەتەواوی جێی متمانە هەموو خەڵک بێت ، بۆیە ئەگەر رووناکبیر شوێی راستەقینەی خۆی نەبێت ئەوا ئێمە خۆمان دوور دەخەینەوە لەمەسەلە بنەرەتیەکان کە پەیوەستن بە چارەنووسی هەموو خەڵکەوە، ئەم راستیەش دەب دەسەڵات بیزانێ ودانی پێدابنی بەتایبەت لەکاتی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا کەتارادەیەک جۆرێک لە قەیراندروست دەبێت ، هەر دەسەڵاتە لەوتەنگژانەدا بیر لە توێژەجیاوازەکانی خەلکدەکەنەوە بەتایبەتیش رووناکبران ، دیارە هێشتا دەسەڵاتی کوردی تێگەسشتنێکی تەواوی نییە بۆ ئەم بابەتە هەستەوەرە تەنانەت هەندێ جار بۆچوونێکی فاشیستانەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی رووناکبیران هەیە کە لابڵا لا لەرێیهەندێک لەسیمبولەکانی خۆیانەوە واتەلەکەناڵەنافەرمیەکاندا ئاماژە بە گێرە شێوینی رووناکبیرانی کورد دەکەن ن باشە ئەمدووفاقیە لە پای چی لە کەناڵە رەسمیەکادا شانازی بە رۆڵی رووناکبیرانەو بکریچت و لە پشت ئەمکەناڵانەوەش رووناکبیر بە کەسێکی گێرەشێوین تاوانبار بکرێ ، ، ئێمە دەتوانین بڵێین میدیا رۆلێکی کاریگەر دەبینێ، بەڵام کە زۆربەی میدیاکانیش بەو شێوازە لەژێر دەسەڵاتی حیزبەکاندابن ، لێرەش ئەو سنورە دادەنرێت بەتایبەتی ئەگەر هاتوو راگەیاندن سەربەخۆ نەبوو و تریبۆنەکەی تەنە بۆ رووناکبیرانی سەر بەدەسەڵات بوو ، هەرچەندە بڵێین ئەم کەناڵانە دەسکەوتێکی نەتەوەیین بەلان نەکرێت لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەدا بێت ، لەسوودی کۆمەڵگا بێتو لەسوودی دەسەڵات نەبێت رکابەری دەکرێت ، هەندی بۆچوون هەیە سەیری دەکەی لەسنوری بەرژەوندییەکانی دەسەڵاتیشە ، بەڵام بەرژەوەندی شەخصی چەند کەسێکو تاقمێک وا دەکات وەک مەقەس ئەو جۆرە بیرو بۆچوونانە بقرتێنرێو نەهێڵێت بگاتە خەڵک ، لێرە روناکبیران پێوەرن بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بریارێک کە بتوانن بە راشکاو داکۆکی لە مافەکانی خەڵک بکەن و دەبێ بریاری سیاسیش بگاتە حاڵەتی پرۆتۆکۆڵ و بریاردان ، بێگومان بۆئەوەی تووشی ئەو کێشەیە نەبێت دەبێ پرسیاری لەخەڵکی رووناکبیرو خەڵکی بەتواناو بەئاگا لەمەسەلەکان بکات ، پێش ئەو بریاردانە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ئەو حاڵەتە کە دەتوانین بڵێین حاڵەتی برینی یەکتر، مخابن ئێستاکە رەوشێکی لەوجۆرە دروست بووە ، بریارێک یان هەڵوێستێک کە دەتوانین بڵێین راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندییە گشتیەکانی خەڵکەوە هەیە ، بێگومان لێرەدا روناکبیر پێوەرە و دەبێ دەنگی خۆی هەڵبرێ و نارازی بوونی خۆی رابگەیەنێت ، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانەو قەناعەت بە دەسەڵات بهێنێ کە ئەو بریارەی یان ئەو پرۆتۆکۆلەی بەزیانی خەڵکە و بەزیانی خۆیشی دەگەرێتەوە ، ئەمە ئیشو کاری روناکبیرەو کات و قۆناغی هەستیاریش هەیە لەدروست کردنی کۆڵەگەکانی دەوڵەت یان لەهەنگاونانی دروستکردنی دەوڵەتدا، ئەو قۆناغە من بەقۆناغێکی زۆر هەستیارە ، وەکو چۆن لەسەرەتاوە دروستکردنی هەر شۆرشێک بە قۆناغیکی هەستیار دادەنرێ ، چۆن رای گشتی دروست دەکەین ، چۆن ئەو هەستە لای خەڵکەکە دروست دەکەین ٍ یان چۆن تۆ رەوایی دەدەیت بە دەسپێکردنی ئەو شۆرشە ، هەڵبەتە روناکبیرانن ئەم کارە دەخەنە ئەستۆی خۆیان ، مخابن هەندێ لەو رووناکبیرانە لەناو کۆمەڵگادان و بەڵام لە پەراوێزی رووداوەکانن و تەنانەت لەئاست زۆر پرسی چارەننووس ساز بێدەنگ یان بێ هەڵوێستن ، ئەم گرریەش جگە لەگەیاندنی زیان بە خۆیان زیان بەدۆزی میللەتەکەشیان دەگەیەنن ، هەشە دەیانەوێ لەو رێگای دەسەڵاتەکانی حیزب و حکومەتەوە بوونی خۆیان بسەپێنن ، نەک خودی کۆمەڵگاو خواستەکانی کۆمەڵگا، بەشێکی تریان من دەتوانم بڵێم بەکارهێنانی سیفەتی رووناکبیریو توانایی نووسینو زۆرجار بڵێین توانای قسەکردن وایکردووە تەنها بۆ بەدەستهێنانی لایەنی ماددیو پلەو پایەی لەناو کۆمەڵگا دا وەک کارەکتەرێکی ئۆرگانی خۆیان بنوێنن، بەداخەوە کەناڵی میدیاکانیش تارادەیەکی باش بۆیان مەخسەربووە ،

پەیوەندی نێوان روناکبیری ناوەوەو دەرەوەش دیاردەیەکی دیکەی ئەم رەوشەیە ، مخابن ئەوانەی لەکوردستان دەچنە دەرەوە وا دەزانن گەیشتونەتە پلەییەکی زۆر بەرزتر وا دەزانن پێگەیەکی زۆر بەرزتریان لەروناکبیری ناوەوە پەیدا کردووە، ئەمەش کارەساتێکی دیکەیە، بۆ؟ سەیر دەکەی ئەوەی کە من لەنووسینەکانیان دەیخوێنمەوە ئەو رکابەرییەی لەنێوان رووناکبیری ناوەوە دەروە هەیە بەتایبەتی ئێمەی کورد وەکو ئەوە نییە ئەو رکابەرییەی کە لەنێوان روناکبیرو دەسەڵات هەیە، ئەمە دەتوانم بڵێم بە پەیوەندییەکی دروستی نازانم لەنێوان روناکبیری ناوەوە

دەرەوە. توێژێکی دیکە رووناکبیرانی ئایینن ، چونکە ئەم توێژە پێگەی کۆمەڵایەتییان هەیە ، میکانیزمێکیان هەیە بۆ سەپاندنی ناوو بۆچوونەکانی خۆیان و بە ئاسانی دەتوانن بگەنە توێژ جیاوازەکانی خەڵک، بەتایبەتیش خەڵکانی سادەو ساکاروکەمدەرامەت و مەمئاستی زانستی و زانیاری و خوێنەواری بۆیە دەبینین کێشە نەتەوەیەکەمان بەلای ئەو ئیلیتەوە بۆتە کێشەیەکی ئایینی ، کێشەی کورد لەهەر چوار پارچەیکوردستادا لەگەڵ ئیسلامدا نییە بەڵکو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو رژێمانەیە کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە، کەچی لایحیزبە ئسلامیەکان کێشەکە زێتر بووەتە کێشەیەکی ئایینی لەوەی ببێتە کێشەیەکی نەتەوەیی، بەداخەوە ئەم زاڵبوونەی روناکبیرانی ئاینی بەسەر خەڵکی ئەکادیمیو شارەزا بۆ کۆمەڵگا کارەسات دروست دەکات، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی رابردوو ، بۆ کۆمەڵگاکانی پێش خۆمانو ئەو رەوشەی روناکبیری ئێستا هی خۆمان پر ململانێ کراوە، ئەمانە یەکێکن لەو قۆناغە کە دەتوانم بڵێم توانەوەی روناکبیرییە، توانەوەی بیری کۆمەڵایەتی، بیری سیاسییە، بەداخەوە زۆرجار میدیاکانی خۆشمان دیالۆگ رێک ناخەن لەنێوان روناکبیراندا، کە وەک چۆن بڵێین بەشێوازێکی کراوە سەیری کۆمەڵگاو سەیری رەوشەکە بکات و بە عەقل راڤەی بکات ، لەگەڵا ئەوەی بەرامبەر ئایینەکە داخراوییەک هەیە و قابیلی وتووێژ نییە ، بە ئاشکرا ناخرێتە گفتوگۆو لەمیدیاکان رووبەرووی پرسیارە جددیو راستییەکان ناکرێنەوە، بۆیە سەیر دەکەی هەریەکەو لەبازنە خۆی دەسوورێتەوەو ، هەربۆیەش دەبینین بازنەی ئایین زاڵە بەسەربازنەکانی بیری نەتەوەیی ە دیموکراسی ولیبراڵی و هتداو...کۆنترۆڵی (میدیا)کانی کوردستان کوردستانی کردووە. بۆیەش کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتیکوردی و حیزبە دنەتوەیەکانی کوردستانگوتاری نەتەوەییان لەئایین جوێ بکەنەوە، بۆ نموونە با بگەڕێنەوە ساڵانی نەوەتەکان دەتوانم بڵێم تا دوو هەزاریش ئەو بیرە ئایینیەی کە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا بوو زۆر زاڵتر بوو بەسەر بیرەکانی تر، تا ئێستاش زاڵە، راستە هەست دەکرێ جۆرێک کەمبوونەوە هەیە، ئەمە رەوشە سیاسیەکە وایکردووە. نەک خەباتی روناکبیری ئۆرگانی و روناکبیری جیاواز لەو شێوازی بیرەدکردنەوەیە ،

سەرەنجام ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوارچێوەی کە کۆمەڵگاو جۆرەکانی سانسۆری کۆمەڵگا. ئێمە چۆن دەبێ روناکبیر بە روناکبیری ئۆرگانی بزانین کە بتوانین هەموو ئەو سانسۆرانە ببڕێ بە خودی خۆیو ئەوجا لەبەرامبەرەکەیو پاشان دەست کردن بە پرۆسەی گۆڕانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی واتا گۆڕینی جۆری بیرکردنەوەی خەڵکەکە ، سەبارەت بەو کێشانە کە لەکۆمەڵگاکەماندا هەنو هێشتا چارەسەر نەکراون.

بۆیە پێم وایە تا ئێستا روناکبیر ئەو رۆڵەی نەگێڕاوە، چونکە تا ئێستا ئێمە نوخبەمان نییە، بەداخەوە مەبەستم نوخبەی روناکبیرییە، چونکە نوخبەی سیاسیمان هەیە، نوخبەی دەسەڵاتمان هەیە، یان بەو شێوەی کە لەرووی زانستییەوە سەیر دەکەی دوو جۆرە نوخبە (توێژ) هەیە:

نوخبەی دەسەڵاتدارو نوخبەی بێ دەسەڵات ، یان نوخبەی فەرمانڕەوا زاڵە بەسەر نوخبەی بێ فەرمانڕەوا، کە مەبەستم رۆشنبیرەکەیە. بۆیە دروستبوونی جۆری روناکبیری لەناو کۆمەڵکا ئەمە کارو پرۆسەیەکی ئاسان نییە، پرۆسەیەکی دوورو درێژەو پاشان خودی کۆمەڵگاکە خۆی تا چەند باوەڕی بەم توێژە هەیە، نامەوێت روناکبیر لەواقیعی کۆمەڵگا دوور بخەمەوە ، چونکە ئەگەر دووركەوتینەوە لەواقیعی کۆمەڵگادا، بە روناکبیر نازانرێ، لێرە روناکبیر دەتوانێ بە چەند رێگایەک بوونی کاریگەری خۆی بسەپێنێولە هەمان کاتدا لەگۆڕانکاریەکاندا رۆڵی کارای خۆی بنوێنێ ، دەتوانێ لەرووی سیاسییەوە بیری راستو دروستی خۆی بگەینێتە دەسەڵات بە تایبەتی لەو قۆناغە ناسکەی ئێمەدا،چونکە بەداخەوە بەبێ ئەوەی چارەسەرییەک بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، رەخنە لەدەسەڵات دەگرین ، رۆناکبیر دەبێ رێگە چارەکەشی بۆ دەست نیشان بکات ، من ئەو حاڵەتە بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێنمەوە کە خۆ بەزلزانن، کە بەداخەوە خۆی لەو ئاستەدا نییە، خۆی لەدەسەڵات جیاکردۆتەوە بەلام هیچ بەشدارییەکی راستەوخۆی نییە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگەیەنێتە ئەو ئاستە کە تووشی هەڵەیەک نەبێت، ئەگەر تووشی هەڵەیەکیش بێت یەکسەر پشت ببەستێت بەو روناکبیرە کە بتوانێ رۆڵای خۆی بگێرێ، لەلایەکی تر بەداخەوە باری ئابوری کاریگەری راستەوخۆی کردۆتە سەر هەڵوێستی رووناکبیرانو ملکەچی کردوون کە لەئاستزۆر ناراستیدا بێدەنگ بن ، دیارە ئەمەش هەر لەکۆمەڵگای ئێمەدا نییە، لەزۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەلاتیە سیستەمە نادیموکراسیەکاندا وایە ، دەتوانم بڵێم لەم حاڵەتە باوە روناکبیر ئەو کەسەیە کە دەیەوێت لەهەموو کۆتو بەندەکان خۆی دووربخاتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کۆتو بەندەی لەدەوروپشت هەیە ، روناکبیری ئێمە هێشتا نەیتوانیوە خۆی لێی رزگاربکات، هەر لەکۆتو بەندە کۆمەڵایەتیو ئابووری ئەو کۆتو بەندانەی کەوا لەروناکبیر دەکات کە هەر بڕیارێک بدا هەزارو یەک حیسابی بۆ بکات ، هەڵبەت پەراوێز خستنی روناکبیریش کاریگەری نەگەتیڤی هەیە، بێگومان ئەوە پاشە گەردانییەو سەرەنجام روخاندنی کۆمەڵگایە، هەر دەسەڵاتێک هەر کۆمەڵگایەک ئەگەر رێزی لەرووناکبیرانی خۆی نەگرت. ، بڕوابکە ئەنجامەکەی خەراپ دەکەوێ دەتوانم بڵێم بەرەو رووخانی ئەو کۆمەڵگایە دەچێت.

## گەندەڵی رووناکبیری

ماوەیەکە هەردوو زاراوەی گەندەڵی وئەخلاق لەکایەکانی رۆشنبیری و میدیاو رۆژنامەوانی کوردیدا لەسەری دەنووسرێ و قسەی لەسەردەکرێ، تەنانەت بای ئەوەندەی لەسەر نووسراوەو بەپێی کاتشوێن و میتۆدو ئیدۆلۆژییەکان ، راڤەگەلی جیاوازیان بۆکراوە،کەتاکی ئاسایی بەڕاستی سەری لێ بشێوێ کێ گەندەڵی راستەقینەیە ، تاکی هاووڵاتی یان کۆمەڵگا ، یان دەسەڵات بۆخۆی گەندەڵکارە ...؟ چونکە هەرهەموو تارادەیەک وێکرا بەیەک ئاراستە ئاماژە بەودیاردەیە دەکەن ، بێ ئەوەی رێگەچارەیەکیش بدۆزنەوە بۆ نەهێشتنی ئەم پەتایە و لانیکەم دانانی سنورێک بۆ رێ لێگرتنی ، بەم ناونیشانەی سەرەوە وتەیەکی بیرمەندو سەرۆکی وڵاتی هندستان (مهاتمتا گاندی )م بیردێتەوە ، کاتێک باس لە رەوشت و مۆراڵی جڤاکی ئەوسای هندستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی بەریتانیا دەکات و دەفەرمووێ: بەخەبات و کۆڵنەدانی میللەت ، هێزەکانی داگیرکاری وڵات شوێنەوارێک جێناهێڵن ، جگە لەچاندنی تۆوێک ئەویش تۆوی گەندەڵی ئەخلاقییە، کەگوزارشت لەوسیاسەتە خراپکارییەی خۆی دەکات کە ساڵانێک بوو لەو وڵاتە داگیرکراوەکەدا چاندبووی، بریتییە لە پەیرەوکردنی سیاسەتی درۆ و ریاکاری ومادەڵایی ودزی وبە تاڵان بردنی سامانی وڵات و پێشیلکردنی یاسا و مافەکانی هاووڵاتیان . باشە هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵی ئەخلاقی چی بووەو چۆن دروست بووەوکێن ئەوانەی بەرپرسن لە روودانی هەرجۆرە دیاردەیەکی گەندەڵی ئاوادا....!؟ ، کە سەرەنجام لەسەرئاستە سیاسی و ئابووری وتەنانەت رۆشنبیرییەکانیش لەوانەیە پاشهاتێکی خەراپ بەدوو خۆیدا بهێنێ و هەڕەشەی راستەقینە نەک هەرلە کۆمەڵگای کوردی ، رەنگە هەڕەشەی راستەقینە لە قەوارەی هەرێمەکەشمان بکات و پایە سەرەکییەکانی بلەرزێنێ ، بێگومان دیدو بۆچوونی جیاواز لەناوکۆمەڵگای کوردیدا هەیە هەر لەبۆچوونی ئایین و ئایینزاکان و هەڵگرانی ئەوپەیامانە ، و جیاوازتر لەگەڵ ئیدو تیۆرِوانینی بەرەی چەپ و رادیکاڵ و لیبرڕاڵەکان لەمەرِمەسەلەکانی گەندەڵی ئەخلاقی و رێگەچارەسەرەکانییان، بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە پڕمەترسییە کە باندۆری راستەوخۆو ناراستەوخۆی هەیە لەسەرهەڵتەکاندنی ستراکتۆری ئابووری وسیاسی کۆمەڵگاو دواجار ئاساییشی نەتەوەییش ، راستە تا رادەیەک ئەم دیاردەیە لە وڵات وکۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیش بەرچاودەکەون، بەڵام جیاوازی لەنێوان وڵاتان و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی وەک رۆژاوا لەگەڵ جڤاکی دواکەوتووی کوردستاندا هێندە پان وبەرینن کە مرۆڤ نەکارێ وا بەسانایی بەراوردی خەسڵەتەهاوبەشەکانیان بکات ، بۆ نموونە لەوێ بە هەبوونی یاساو سەپاندنی بەسەر ئەو کەس و لایەنانەی کەسەرپێچی دەکەن و مافی هاووڵاتیان پێشیل دەکەن و زیان بەموڵکی دەوڵەت دەگەیەنن ، کەساکارترین هاولاتی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتدا لەبەردەم یاسدا یەکسانن ، وەلێ لەوڵاتی ئێمەدا تا ئێستا دەزگایەکی شەرعی وەک پەرلەمان کە هەڵبژێردراوی رای زۆرینەی خەڵکی کوردستانە توانیویەتی لەبەرپرسێکی باڵادەست بپرسێتەوە سەرەنجامیش لێپرسینەوەکە ببێتە هۆی ئەوەی جەنابی بەرپرس سەبارەت بەپێشیلکاری و گەندەڵیەکانی بدرێتە دادگاو سزای رەوای خۆی وەربگرێ، باشە ئایا ئەوانەی گەندەڵکارن خەڵکانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانن ، خەڵکانی هەژارویێموڵک وبێ وەزیفەن ، ئەوانەن کەلە بەرەبەیانەوە تا درەنگی ئێوارە خەریکی کاروکاسبین، ئەوکارمەندە داماوو بێدەسەڵاتانەن کە بەمووچەیەکی کەمی مانگانە ژیانی خۆیان وخێزانەکەیان بەسەربەرزی دەگوزەرێنن ، یان بەپێچەوانە دەبێ ئەوکەس و لایەنانەبن کەلەدەسەڵات یان لەپەراوێزی دەسەڵاتدان و دەکارن پلەوپایە حزبی و حکومییەکانی خۆیان و خێزان و بنەماڵەکەیان بەسانایی قۆرخ بکەن بۆ گەیشتن بەدەسکەوتێکی ماددی یان یان پلەیەکی حزبی و حکومی گەورەتر ، ئەدی باشە رۆڵی داوودەزگانی حکومەت و رێخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەرە رۆناکبیرییەکان و بەتایبەتیش زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ( کە بە حساب ژمارەیەک لە خەڵکی شارەزاوئەکادیمی وپسپۆرو هەڵگری بڕوانامەی بەرزی زانستی تێدایەوچی بووە لە سازدانی کۆڕو سیمیناری زانستی و ئەکادیمی و تایبتمەند بەچارەسەرکردنی ئەودیاردەیە کە هەمووکۆمەڵگای پێوە گرفتاربووەوخەریکە تاکەکانی بە خودو خێزان و کۆمەڵگاو نیشتمان نامۆ دەکات.نمونەکان لەهەژمارنایەنو پێویستیان بەبەڵگەهێنانەوەش نییە چونکە دڵنیام تاکی کورد هێندە بێتاقەت بووە ئیدی برواى بە قسەی کەس نەمینێتی ، تۆ هەر لەرێخراوەکانی یەکیتی نووسەرانی کورد بگرە کەلە 18 ساڵی رەبەقە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا کارەکتەرەکانی دانەهاتووە وهەرهەمان بیچمەکانی جارانن تادەگاتە سەندیکاکانی رۆژنامەمووسان و هونەرمەندان و مامۆستایان وووو.... مخابن جگە لە ئیئتلافیکی حیزبی نادیموکراسیانەو نارِەوا ، کە دڵنیام خودی رۆشنبیران و رۆژنامەنووس و هونەرمەندانی ئەوحیزبانەش ئەوسەپاندنە زۆرە ملێیەیان قبول نەفەرمووە، کەچی سەرزمان و بن زمانسەرانی ئەم وڵاتەی ئێمە ، بەهاکانی دیموکراسیەت وپایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤە، ئەوەشە رەوشی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی ئێمە.

**وەهمی داهێنان**

داهێنان بە زۆر واتاو چەمکی جیاوازەوە لێرەو لەوێ لەسەری نوسراوە و هەر نووسەرە بۆچوون و تێڕوانین و دیدی تایبەت بە خۆی هەیە، لەکاتێکدا بیرمەند و کەڵە نووسەرە ناسراوەکانی جیهان تێڕوانینی ئەوان لەمەڕ ئەم چەمکانە لەسەر ئاستی چەندان لێکۆڵیەوە یان کتێب پێشکەش بە خوێنەرانیان کردووە ، هەر بۆیەش نامەوێ بگەڕێمەوە سەر پێناسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم چەمک و زاراوانە و زێتر خوێنەرانی پێوە خەریک بکەم ، چونکە دڵنیام بەم نووسینە شتێکی تازەتر ناخەمە سەر مەبەستەکەم ، مەگەر چەند تێبینی و سەرنجێک نەبێت کە دەمێکە لە بیرو هەستمدا گەڵاڵە بوون ، لەسەر ئەم بنەمایەش گەرەکمە بێمە زمان و بێژم ئیدی بەسە لەوە زێتر بێ دەنگ نابم ، ئاخر براگەلینە ئەو هەموو تەنزیراتە نابەجێ وبێ بناخانە لە پای چی... مەگەر ئێمە مانان لەگوێ گادا خەوتووین لێیان حاڵی نابین ، ئەگینا چۆن دەکرێت کەسێ بەخۆی بڵێ داهێنەر ، کەچی بۆ خۆی لە چەمکی داهێنان نەگەیشتبێ و نەزانێ داهێنان چییەو کەی و لەکوێ و چۆن و بۆچی سەریهەڵدا و نەزانێ چۆن و لەکوێ هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردی و چۆن رۆشنبیری کورد بە چەمک و روئیایەکی تازەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستی ئەدەبی دەکات و چۆن دەبێ و بەرەوای بزانین بە خۆمان بڵێین داهێنەر ، لەکاتێکدا هێشتا لەبواری نووسیندا لەسەرەتادان ، ئاخر داهێنەر لانی کەم دەبێ میراتێکی گەورەی کەلتوری و فەرهەنگی بۆ کتێبخانەی میللەتەکەی بەجێ هشیتبێ و چەندان سەرچاوەی فیکری و فەلسەفی بۆ خوێنەران پێشکەش کردبێ ، نەک ئەو برا روحسوکانەی بەسەرە قەڵەمەێک و کورتە چیرۆکێ یان دەقێکی شیعری یەکسەر بانگەشەی داهێنان بکات و کەلەپوورو ئەدەبیاتی گەلەکەوی بەرهەمی سەرجەمی نووسەرانی بەر لەخۆی ڕەت بکاتەوە دواتریش لەسەر لاپەڕەیەکی گۆڤارێکدا دیداری بۆ سازبکرێ و لەسەر حسابی نووسەران و ئەدەبیانی بە ئەزموون بەسەر بکرێتەوە.. هاوکات ئەو دەزگایانە کارێکی ڕەخنەیی یان دەقێکی ئەدەبی بڵاودەکەنەوە و فرێی دەدەنە نێو دەلاقەی فەرامۆشی ، ئێوە بڵٍێن پەسەند کردنی بابەتێک لەبەر ئەوە بێت کە لەو هەموو روویەکی هونەری و تەکنیکی و زمانەوانی ماقوڵ و بە جێ بێت بە پێچەوانەوە ڕەتکردنەوەی ، جا سەبارەت بە لاوازی کرچ و کاڵی بێت کەشایستەی بڵاوکردنەوە نەبێ.. من نامەوێ لەو هەموو هۆکارانە بدوێم و ئاماژەیان بۆ بکەم کە بەرپرسێ رۆژنامەیەک یان گۆڤارێک مەزاجیانە رەفتار لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی دەکات، کە زۆرجار بەرژەوەندیش رێگەی پێ دەدات یان رێگەی پێ نادات نووسینەکە بڵاو بکاتەوە ، ئەگەر چی نووسینەکەش بە قەڵٍەمی داهێنەریشکیش بێ ، ئەوا سەبارەت بە زۆر هۆکاری نابەجێ ئامادەیە نووسەرێکی ئاسایی بکاتە داهێنەرێک و داهێنەرێکی راستەقینەش وردو خاش بکات و بۆ نووسەرێکی پەراوێزی کراوی وەچەرخێنێ. دیاردەکان هێندە زۆرن وا بە سانایی و بە خێرایی چارەسەری گرفتەکانیان ناکرێ ، دەکرێت تەماشای بەرگی یەکێک لە هەفتەناەکانی هەرێمی کوردستان بکریچت کە چۆن لە ماوەی چەند مانگیکدا چەندان جار ریکلام بۆ شاعیرێک کراوە و بەقەبارەی جیاواز وێنەکانی لەحالەتێکی رۆمانسیانەدا بڵاوکردۆتەوە ، خوێنەرێکی بیانی ئەگەر سەردانی وڵاتەکەمان بکات بەدڵنیایی واتێدەگات ئەو وڵاتەهەر تەنها ئەو شاعیرە داهێنەرەی تێدایە ن لەگەڵ رێزم بۆ شاعێرەکە خۆی کەئەگەر بۆ خۆی حەزی لەو ریکلامە بازرگانییە نەبێت چۆن ئەوە قبول دەکات،یان سەیر لەوەدایە کە نووسەرێک بەخۆی بڵێ من رەخنەگرم ، بەڵام کاتێ وتارێکی رەخنەیی دەگاتە لای لە جیاتی بە ئەوپەری بە ئەمانەتەوە بڵاوی بکاتەوە ، هەر زوو ناواخنی ئەم وتارە رەخنەیە بۆ رەخنە لێگێراو دەخوێنێتەوە و بە هەرێگەو فڕو فێڵێک بێت ، تەنانەت بە هەرەشە کردنیش بێت رەخنەگر ناچار دەکات پەژیوان بێتەوە لە نووسینکەی پاشەکشە پێبکات. یان لێرەو لەوێ نووسەرێک یان شاعیرێکی ئاسایی و لەخوار پلەی تێگەیشتنی چەمکی داهێنان ، بۆچوونێکی خۆی لەمەڕ بزاڤی شیعری ئەدەبی دەربیڕێ و دواتر سەبارەت بە زۆر هۆکار چەند ناوێک لە دۆست و یارانی ریز دەکات و بەسەر قافلەی داهێنانیان دەژمێرێ و بێ هیچ بنەماو بنەڕەتێکی ئەدەبی و فەرهەنگی و لێکۆڵینەوەی رەخنەیی (کە ئەو ناوبراوانە نەشاعیری ناسراوان نە خوێنەری باشی شیعر) رەخنەنووس دێت و بە مەزاجی خۆی دەیکاتە سیمبولی شیعری نوێ و داهێنان و بزافی نوێخوازی... سەیرەکە لەوە دایە نیە هەندێ لەو قەڵەمانە لە رۆژگارێٍکدا کەڵکیان لەناو و شۆرەتی خۆیان وەرگرتووە و هەندێ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی یارمەتی داون یان بە رێککەوت بوونەتە خاوەن بڕوانامەی باڵا لە خوێندن وەک مامۆستایەکی زانستگا لەگەڵ رۆشنبیران و نووسەران رەفتار دەکەن ، بۆیە دەبێ بەرێزەو گوێ لە فەرمایشتەکانیان بگیرێ.

**رەوشی میدیای کوردی و**
**ئەرکە هەنووکەییەکان**

**تەوەرەکانی ئەم باسە بریتین لە:**

- **میدیای کوردی و کۆمەڵگا و وروژاندنی رای گشتی.**

**- میدیای کوردی, میدیایەکی قۆرخ کراوە.**
**- میدیای چەواشە و کاریگەری بەسەر میدیای کوردی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی.**
**- کاریگەری میدیای جیهانی بەسەر میدیای کوردیدا.**
**- میدیا و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا.**

**بەوپێیەی کە پانزە ساڵێک دەبێ زاراوەیەک هەیە پێی دەگوترێ میدیای کوردی ئەویش بەهەبوونی چەندین رۆژنامەو گۆڤار و کەناڵەکانی راگەیاندنی وەک رادیۆو تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان, سەرەڕای ئەوەش چەندین کەناڵی دیکەی کوردیش هەن دەبینرێن و دەبیسترێن کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە خەڵک و بینەران و بیسەران و خوێنەران متابعەی هەواڵ و باس و خواسەکانیان دەکەن، ئەو کەناڵانەش ئەگەرچی لەهەندێ وڵاتانی دەرەوەی کوردستاندا یان ئەوروپاو ئەمریکاوە پەخشەکانیان دەگەنە ناو ماڵی کورد. دوورو نزیک خۆیان لە قەرەی رەوشی سیمای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستانی باشوور دەدەن. سەرباری هەموو ئەو جیاوازییانەی کە ئەمرۆ کە بەسانایی هەست پێدەکرێن گۆڕانێکی نەوعی لە رەوشی رۆژنامەگەری و میدیای کوردیدا بەدی دەکرێت، ئەگەر ئەم رەوش و گۆڕانکارییە لەگەڵ سەردەمێکی واتە پێش راپەڕین بەراورد بکەین کە ئەوساکە نوزەیەکیش نەبوو بەناوی میدیای کوردی کە لەلای خودی کوردەوە (نەک بێگانەوە)) بەڕێوە دەچوو، بۆیە ئاساییە کاتێ تەماشادەکەین ئامرازەکانی راگەیاندن لە کوردستاندا بە سوپایەک کادیری راگەیاندنەوە لە هەرێمی کوردستاندا شەو دەخەنە سەر رۆژ لەسەرجەم بوارە جیاوازەکانی رۆژنامەگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و وەرزشی و هەروەها کەناڵە حیزبی و حکوومی و تاڕادەیەک ئەهلییەکانیش کاتی ئەوە هاتووە بپرسین بۆچی ئێمە مانان نەمانتوانیوە رای گشتیی شەقامی کوردی لەئاستی مەسەلە گەرم و هەنووکەییەکانی (ئەو کێشانەی پەیوەندی بە کۆمەڵگای کورد و تاک و کۆی هاووڵاتیانی کوردستان هەیە لەچارەسەرکردنی ژیرانەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان یان ئەو هەڕەشەو گورەشانەی کە لەناوەوەو دەرەوە تا ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەخەنە بەردەم تراژیدیایەک، کەچی هێشتا رای گشتی لەوڵاتی ئێمەدا بەسانایی دروست نەبووەو نابێ, راگەیاندن و رۆژنامەگەری ناتوانێ ببێتە دەسەڵاتێک وەک دەسەڵاتێکی شەرعی دیکەو پرسینەوە بکات بەرامبەر دەسەڵاتەکانی دیکە لەهەمبەر ئەو گرفتانەی کە رۆژانە دووچاری کۆمەڵگا و دەسەڵاتی کورد دەبن. دواتر راگەیاندن و میدیای کوردی ببێتە سەکۆیەک بۆ مەشوورەتپێکردنی تاک و کۆمەڵی کورد لەچارەسەرکردنی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، دواجاریش ئیعتیبارێک بۆ تاک و کۆمەڵی کورد بگەڕێنێتەوە کە مرۆڤی کوردیش وەک باقی مرۆڤی نێو کۆمەڵگا شارستانییەکانی مافی بەشداریکردنی هەیە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان وەک چۆن ئەو ئەرکانەی لەسەر شانە کە لەکاتی تەنگژە و قەیرانەکاندا بێباکانە ئەنجامی داوە و خۆشبەختانەش قوربانی بۆ دەدات.**

**باشە هۆکاری نەبوونی رای گشتی لە کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە, ئایا وەڵامەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی بۆخۆی لەمپەرە لەبەردەم دروستنەبوونی ئەم رای گشتییە, کاتێ دەبینێ سەرجەم رێکخراوە دیموکراسی و جەماوەرو پیشەییەکان خۆیان بەشێکن لە دەسەڵات لەلایەن خوای دەسەڵاتیش تەمویل دەکرێن و لەهەر کارو کردەوەیەک و دەرەنجامیشی رێنماییەکانی دەستبەکاربوونیان هەر لە هەرەمی دەسەڵاتەوە دێتە خوار. ئەم رێکخراوانەش فەرمایشتەکان جێبەجێ دەکەن. لەو رووەشدا هەناسەیەک بۆ شەقامی کوردی فەراهەم نابێ و شتێکیش لەنێو لاپەڕەکانی فەرهەنگی دیموکراسیەت و کۆمەڵگا مەدەنییەکان نایەتە بەرچاو کە ناوی هەبوونی رای گشتی بێ.**

**ئایا بێدەنگی ئەو ئیلیەتە رۆشنبیریەی کورد هۆکارێکی دیکە نییە کە لەکایە رۆشنبیری و زانستییەکاندا شوێنێکی بەرچاویان هەیەو دەتوانن لەنزیکەوە دەسەڵات بدوێنن و رەخنەی لێبگرن لەهەمان کاتدا ببنە پردێک لەنێوان خواستی خەڵک و دەسەڵات دا بەمەرجێک بەدەر لە رەچاوکردنی بەرژەوەندییە شەخسییەکانیان و چاوپۆشیکردن لەو ملمڵانێ نارەواییەی کە هەریەک لەو تاکە رۆشنبیرانە هەیانە بۆ وەدەستهێنانی قازانج و دەسکەوتی زێترو گەیشتن بەپلەو پایەکانی دەسەڵات و دواتر تێکەڵ بوون بە یەکێک لە دەزگاکانی دەسەڵات و وەڵانانی ئەرکە مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک و گەشەپێدانی کایە فەرهەنگی و زانستییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی, کە من پێموایە لەو ئیلیەتە رۆشنبیرییە لە دەسەڵاتدا سەرگەرمترن لە بەکەم زانینی توانای هزری و رۆشنبیری و هەڵوێستی ئەو خەڵکانەی کە ئینتیمایان بۆ حزبەکەی نییە، بەو بیانووەش کە ئەم جۆرە جێی گومانن و ناتوانن وەک پێویست گوزارش لە خواست و داواکانی ئەو قۆناغە بکەن کە لەپێشتر دەسەڵات بەرنامەیەکی بۆ دارشتووە. لەوەش خراپتر زۆر جار بەچاوی بێگانە تەماشای خەڵکانێک دەکرێت کە لەسەنگەری ئەواندا نین و لەکاتێکدا هەر خودی ئەو خەڵکە دەسەڵاتە کوردییەکە بە دەسەڵاتێکی نیشتیمانی دەزانێ و ملکەچی یاسا و رێساکانیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا توێژێکی بەرچاوی ئەم خەڵکە لەمافی هاووڵاتیبوونی وەک پەیداکردنی کارو وەزیفەو شوێنی نیشتەجێبوون دابینکردن و سوتەمەنی وهتد.. لێی بێبەش کراون. رەنگە توێژێک یان بەشێک لەو خەڵکەش هەبێ کە لەلایەن گرووپ یان هێزوێکی دیکەوە جا چ ناوخۆ بێ یان دەرەکی بێ کە خاوەن ترادیسۆن. یان کولتوورێکی تایبەت بەخۆیان لەوانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان یان کولتووری ئایینیان هۆکارێک بن لەبەردەم جێبەجێکردنی خواست و داواکانی خەڵک و نەشتوانرێ وەکوو پێویست لەو قۆناغەدا گوزارش لەو خواستانە بکرێن ئەویش بەڕەچاوکردنی هەندێ بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندی یان وڵاتانی دەوروبەر, یان بەهەڵە تێڕوانینی و خوێندنەوەیان بۆ ئەو مەسەلەو رووداوانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بەرژەوەندی و چارەنووسی هاووڵاتیانی کورد هەیە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا. راستە جۆرێک لێکحاڵی نەبوون هەیە لەنێوان**

تێگەیشتنی خەڵک و کارەکانی حکوومەتدا بۆ نموونە کە دەسەڵات کارێک یان پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەنجام دەدات کە راستەوخۆ پەیوەندی بە رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکەوە هەیە، کەچی دەبینین هەندێ لەو خەڵکە (توێژێک) وەکو هەڵوێست وەرگرتن رەنگدانەوەیەکی نەگەتیڤییان دەبێ و دژایەتی دەکەن. ئاخۆ ئەم دیاردەیە بۆ بوونی متمانەی خەڵک دەگەڕێتەوە بە حکوومەت یان هۆکاری دیکەی شاراوە هەن کە دەستێک هەیە (زۆر جاریش بەداخەوە دەسەڵات لاواندنەوەی بۆ دەکات) بەئاشکراو بەنهێنی دژایەتییەکی هەموو پڕۆژەیەکی شارستانی و بەمەدەنی بوونی خەڵکی کوردستان دەکات. باشە شوێنی دەسەڵاتی چوارەم لەکوێیە لە هەبوونی ئەو هەموو قەیران و گرفتانە کە رۆژانە دووچاری تاک و کۆمەڵگای کوردی دەبێتەوە. سەرباری هەبوونی ئەو هەموو سەرمایە کەڵەکە کراوەی کە لە کوردستاندا هەیەو خەڵکانێکی سەرمایەداری کوردیش ئامادەن لەدەرەوەی کوردستاندا سەرمایەکانیان بەگەریش بخەن, بەڵام ئامادە نابێ کەناڵێکی میدیای ئازاد (چ لە شێوەی رۆژنامە یان کەناڵێکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی) بەگەڕ بخەن بۆ هۆشیار کردنی ئەو کۆمەڵگایەی کە رەوشە تازەکە وادەخوازێ هەنگاو بنێ بەرەو مەدەنییەت و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دیموکراسی راستەقینەی شارستانیانەو پەرت کردنەوەی پەیوەندییە خێڵەکی و بنەماڵەیی و ئایینەکانیان و دروستکردنی ناسنامەی هاوولاتی بوونی تاکی کورد لەسەر بنەمای نەتەوەو نیشتیمان , نەوەک لەسەر بنەمای ناوچەگەرێتی وشێوەزارو ئینتیمای سیاسی. بۆیەش دەبینین کە ولاتەکەمان دووچاری قەیرانێکی سیاسی دەبێتەوە. دەبینین کە لەسەر ئاستی ناوەندە سیاسییەکان و لەسەر ئاستی ئیلیەتە رۆشنبیری و زانستیەکەو نەک لەسەر ئاستی هەڵوێستی ئاشکرای خەڵکەکە وەکو پێویست خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و سیاسی بۆ رەوشەکە ناکرێت و بەبەرچاوان گەورەترین, تراژیدیا روودەدات, بەڵام نە دەسەڵات و نە خەڵک وەکوو پێویست بەرپەرچی ئەم رەوشە نادەنەوە, میدیای کوردیش بەهەموو کەنالی راگەیاندن و هەموو رۆژنامەو هەفتەنامەو ئەو هەموو رادیۆو تەلەفزیۆنانە ناتوانن سەکۆیەک بۆ تاکەکانی کۆمەڵ فەراهەم بکەن, ناتوانن بەڕاشکاوی گوزارش لە کۆژان و بۆچوونەکانیان بکەن, مخابن لێرەدا دەبینین هێشتا میدیای کوردی رۆڵێکی کارای نەگێڕاوە. هۆی ئەم کارانەبوونەش هەر تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەتا ئێستا میدیای کوردی میدیای پاشکۆی حیزب و دەسەڵاتە , میدیا کە سەربەخۆ نییە ناشتوانێ بەمشێوەی ئێستا سەربەخۆبێ ئەگەر زەمانەتێک بۆ ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ فەراهەم نەکرێت. نموونەیەکی دیکەی ئامادە نەبوون و بەشداری کردنی دەسەڵاتی چوارەم لە رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنووکەییەکان لەوانەش راپرس نەکردن بە خەڵکی کوردستان لەئاست پرۆسەی رەشنووسی دەستووری عێراق و (دواتریش رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ) و بێدەنگی میدیای کوردی لەهەمبەر ئەم مەسەلە هەستەوەرو گرنگەدا وەک دیارنەکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان یان چارەسەر نەکردنی کێشەی ناوچە تەعریب کراوەکان و جێبەجێ نەکردنی مادەی 58ی یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق تایبەت بەکێشەی کەرکوک. مەگەر بۆ چەند کاتێکی کەم خایەن توێژێک لەو خەڵکەی کە سەر بەلایەنەکانی حیزب و دەسەڵات بوون لەرێگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەندێ راوبۆچوونی جیاوازیان هەبوو و هەندێ وردە هەڵوێستی سیاسیان وەرگرت, بەڵام هەرگیز ئەو فشارە نایەتە سەر شەقامی کوردی و رای گشتی خەڵکی کوردستانی نەورووژاند تا خەڵکی کوردستان وەک هێزێکی یەکلایکەر سەنگەر بگرێ و فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی ناوەند و هێزە فرە رەگەزەکان بۆ پەلەکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە, گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە تەعریب کراوەکانیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئیدی چەندین و چەندین نموونەی دیکە هەن کە ناکرێ لەم نووسینەدا بەدرێژی ئاماژەی پێبکرێ (وەک هاتنی عەمرۆ موسای ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان و هەڕەشەو گوڕەشەکانی سەدر و فەزڵوڵڵا و تورکیا و ئێران و سوریا و ولاتانی دیکە). دەبینین میدیای کوردی شەرمنانە بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ و هەڵوێست وەرناگرێ و ناتوانێ ببێتە فشارێک بۆ وروژاندنی رای گشتی خەڵکی کوردستان هۆکارەکەشی دیسان هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا میدیای کوردی میدیای حیزب و دەسەڵاتی کوردیە کە میدیایەکە نە ئازادەو نە لەو رەوشەشدا زەمانەتی ئازادبوونی هەیە.

### میدیای کوردی میدیایەکی قۆرخ کراوە

لەماوەی ساڵانی رابردوو کە بەشێک لە باشووری کوردستانی خرایە ژێر چەتری پاراستنی هێزە هاوپەیمانەکان (زۆنی ئارام) بۆ هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان دابین کراو دواتر بەهەڵبژاردنێکی گشتی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان دامەزرا. پەراوێزێکی ئازادی لەو هەرێمەدا هاتە کایەوەو دەسەڵاتێکی لۆکاڵی (ئابووری لاواز و پشت بەستوو بە گومرگ و باجی دەرامەت و خانووبەرە و هەندێ فەرمانگەی خزمەتگوزاری نەک بەرهەمهێنەری کە سەرەنجام چەندین گرفت و دواتر شەڕی ناوخۆی هێنایە ئاراوە)) رۆڵی میدیای کوردی لەقۆناغی شەڕی ناوەخۆدا رۆڵێکی یەکجار نەگەتیڤ و نموونەیەکی ناشارستانی و نەتەوە پەروەرانە بوو کە چەندین پێشێلکاری چ بەنووسین و چ بەرەفتار دەرهەق بە دەزگاکانی

**راگەیاندن و کادیرانی راگەیاندنی لایەنە شەرکەرو هاوپەیمانەکانیان ئەنجام دراو یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دزێوەکانی ئەم شەڕە ئیعلامییەش چەواشەکردنی رای گشتی خەڵکی کوردستان و بوختان و درۆ هەڵبەستن بوو بەرامبەر بە مێژووی ئەو حیزبەو کەسایەتییە سیاسییەکە کە لەرۆژگاری رابردوو رۆڵێکی دیاریان هەبوو لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا.**

**لەو قۆناغەدا تانەو تەشەرو سووکایەتی پێکردن یەکێک بووە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی رۆژنامەگەری و راگەیاندنی کوردی, دوای هێوربوونەوەی رەوشی شەڕ و بەرقەرار بوونی ئاشتی, لەو نێوانەدا سەبارەت بە هەبوونی جۆرە پەراوێزێکی ئازادی (دیارکراو) و کەشێکی نیمچە دیموکراسی چەندین کەنالی میدیایی لەلایەن حزبەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دروستبوون و هەڵبەت لەرووی ژمارەوە نەک جۆرەوە ئەگەر چی ئەم کەنالانە لەلایەن حزب و رێکخراوە سیاسییەکانەوە قۆرخ کران. نەیانهێشت دەرفەتێک بۆ میدیای ئازاد و ئەهلی فەراهەم بکەن و رێگا خۆشبکەن تا رۆژنامەو گۆڤار و رادیۆو تەلەفزیۆنی ئەهلی نەک ئەوانەش بەناوی کەناڵی میدیای ئەهلی و ئازاد مۆڵەتیان پێدرا, بەڵام لەڕاستیدا ژێر بەژێر لەلایەن حیزب و حکوومەتی دەسەڵاتدارەوە لەرووی دارایی و سیاسییەوە پشتگیریان لێدەکرێ. تا کەناڵە ئەهلییەکان بتوانن لەڕێگای خۆیانەوە گوزارش لەرای گشتی و خواستی کۆمەڵانی خەڵک بکەن و زۆربەی رۆشنبیرانی دەرەوەی حیزبی دەسەڵات بەشداری دیالۆگەکانی لەمەڕ دیموکراسیەت و گرفتە هەنووکەییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن کە ئەمەشیان یەکێکە لە پرەنسیپەکانی پراکتیزەکردنی چەمکەکانی دیموکراسی و راپەڕاندنی ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە سالانێکە میدیای حیزب و دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکات وا لەڕای گشتی رادەگەیەنێ کە کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سیستەمی حکومڕانییەکەش دیموکراسییەکی بێ وێنەیە لەناوچەکەدا, خەڵک بێ جیاوازی ئینتیمای سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆی هەیە راشکاوانە گوزارش لەڕاوبۆچوونەکانیان بکەن و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردو ئازادی چاپەمەنی و بلاوکردنەوەو راگەیاندن بکەن, بۆیە ئێمە کاتێ کە باسی میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆ دەکەین لەکاتێکدا میدیای ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستاندا بوونی نییە. هەق وایە کەناڵە حزبی و حکوومییەکان زێتر دەرفەت بە رۆشنبیرانی ئازاد و سەربەخۆ بدەن باس لە مەسەلە چارەنووسسازەکان بکەن کە پەیوەستن بەژیانی سەرجەمی خەڵکی کوردستان و چارەنووسی هاوبەشیان لەومیانەدا ئاڵوگۆڕی بەردەوامی جیاوازی ئەو وتووێژە بەرفراوانەی خەڵک و رۆشنبیرانی بیروڕا جیاواز, پێموایە زێتر خزمەت بەڕەوشی سیاسی و فەرهەنگی کوردستان دەگەیەنێت نەک بەپێچەوانە کە مخابن هەتا ئێستا راگەیاندنی کوردی لەلایەن چەند رووناکبیرێکی حیزبەوە قۆرخ کراون و سەکۆیەکانیش دەربڕینیان هەر تەنها بۆ خۆیان قۆرخ کردووە. هەنووکە کاتی ئەوەش هاتووە تەلیسمی ئەم قۆرخکردنە وردوخاش بکرێ و دەروازەیەکی والا بخرێتە بەردەم رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی دیکەی کوردستان ئەویش بەمەبەستی زێتر خزمەتکردنی پرۆسەی راگەیاندنێکی دروست و تەواوکردنی پرۆسەی دیموکراسی رۆژنامەوانی لە کوردستاندا.**

## میدیای چەواشە

**پاش رووخانی رژێمی بەعس و والابوونی کەشێکی بەرزەوان لەکەناڵەکانی راگەیاندن لەسەر ئاستی عێراقدا بەهەبوونی چەندین رۆژنامەو هەفتەنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی کە زۆربەیان گوزارش لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەکەن و سەرەنجامیش ئەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی رابردوودا بەسەر عێراقدا هات هەر لە دروستبوونی ئەنجومەنی حکومڕانی و حکوومەتی کاتی لەبەغدا و دواتر حکوومەتی هەڵبژێردراوی د. جەعفەری دەسەلاتی حوکمڕانی تازە لە عێراق و هەروەها لە کوردستان لەلایەن کەناڵە راگەیاندنەکانی ولاتانی عەرەب و تورکیاو ئێران رووبەڕووی دیاردەیەکی ترسناک دەکاتەوە ئەویش چەواشەکردنی رووی راستەقینەی رووداوە سیاسییەکانی ناو عێراق بوو, هەڵبەت لایەنە سیاسییەکانی پاشماوەی رژێمی رووخاو و ئیسلامییە ئسووڵییەکان رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاو دەگێڕن لەچەواشەکردنی رووداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان ئەم ولاتە تا رادەیەکیش سەرکەوتووانە توانییان رۆڵێکی کارا بگێڕن لەچەواشەکردنی رای گشتی لەعێراق و کوردستاندا بەهاندان و دنەدانی خەڵکانێک کە چاویان بەم ئەزموونە تازەیەی عێراق هەڵنایەت, مخابن هەندێ لەو کەنالانەش کە سەر بەلایەنە سیاسییە عێراقییەکانن ئەو رۆڵە نەگەتیڤەیان گێڕاوە لەچەواشەکردنی رای گشتی خەڵکی کوردستان و هەڵگەڕانەوەی راستییە مێژووییەکان کە تایبەتن بەڕەوشی سیاسی و مێژوویی و جوگرافیای کوردستان. دیارە دیاردەی تیرۆریش راستەوخۆ زیاتر لەپاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام هەڕەشەی لەژیان و ئەزموونی سیاسی عێراق و کوردستان کرد و بەچاوی خۆشمان بینیمان کە گرووپە تیرۆریستییەکان چ کارەساتێکیان قەوماند لەبەناهەق رشتنی خوێنی خەڵکی بێتاوانی ئەو ولاتە سەرەڕای چەواشەکردنی ئەم رووداوانە بەوەی کاری ئستیشهادی و بەرەنگاری نیشتیمانین دژی هێزەکانی داگیرکاری ئەمریکا و بیانی و لایەنە پاشکۆکانی ورووژاندنی شەقامی عێراقی بەرامبەر بە دەسەڵاتی حوکم و نانەوەی کێشەو گرفت**

وەک خۆپیشاندانی نارەزایی و ئەنجامدانی کاری گێرەشێوێنی و بڵاوکردنەوەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن بەکاری شۆڕشگێڕانە, لەهەمان کاتیشدا ریسواکردنی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان بەوەی کە خزمەتی سیاسەتی داگیرکاری بیانی دەکەن. بەهەر حاڵ, ئایا کەناڵەکانی میدیا لە کوردستاندا تاچەند توانیویانە لەو چەند ساڵەی رابردوو بە پلانێکی پوختە و تۆکمەو دارێژراو بەرپەچی ئەو هەموو چەواشەکارانە بدەنەوەو کاریگەرییان بەسەر رای گشتی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو رای گشتی جیهانی هەبێ, بەتایبەتیش کە ئێستا دەبینین چەند کەناڵێکی کوردی بەزمانی عەرەبی بەرنامەکانیان پەخش دەکەن...

دەکارن ئەو رۆڵە پۆزەتیڤ و کارایە بگێرن لە گەیاندنی رەوای دۆزی گەلی کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازەکەی بەرای گشتی عەرەب و گەلانی دراوسێ و جیهاندا.

بەرنامەکانیان بەشێوەیەک ئامادەو پێشکەش بکەن کە پلانێکی زانستی و میتۆدی بەرایی گونجاو هەبێت, بەو مەرجەی ناتەباو ناکۆک نەبێت لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەی کوردی و پێدابگرێ لەسەر شرۆڤەکردنی لایەنە مێژوویی و جوگرافی و سیاسیەکانی کوردستان . سەرەرای پێشکەشکردنی بەرنامە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان, وێرای ئەو گۆرانکاری و دەستکەوتانەی کە لەساڵانی رابردوودا کە حکوومەتی هەرێم پێشکەش بەخەڵکی کوردستانی کردووە, لەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ خەڵکی ناوچە دوورە دەست و هەژارنشین و لێقەوماوکان بەتایبەتیش ناوچە ئەنفالکراو تەعریبکراوەکان کە لەلایەن رژێمی سەرانی بەعسەوە دووچاری جینۆساید بوونەوەوە.

## میدیا و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا

قسەکردن لەسەر داکۆکیکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا لەو باس و خواسانەیە کە ساڵانێکە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکەن و سەرەرای هەبوونی مەکتەبی مافەکانی مرۆڤ کە سەر بە حیزبەکانی لەهەردوو کەرتەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێک هەیە بەناوی مافی مرۆڤەوە وەلێ مخابن وەکوو پێویست ئەم مەکتەب و وەزارەتانەش نەیانتوانییوە رۆڵی چالاک و کارای خۆیان بگێرن لە خزمەتکردن و داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤی کوردا. جا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی کەمافەکانی مرۆڤ تێیدا رەچاو بکرێ, پێویستیمان بەسێ رێسای سەرەکی دەبێ کە ئەمانەن:

1. دەسەڵاتێکی باش.
2. دیموکراتیەتێکی راستەقینە.
3. میدیای ئازاد و سەربەخۆ.

بۆیە قسەکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ بێ هەبوونی ئەم سێ رێسایە, کارێکی مەحاڵ و هەوڵێکی بێهوودەیە, چونکە مافەکانی مرۆڤ لەهەر وڵات و کۆمەڵگایەکدا سێ رەهەندییە, واتە نەبوونی هەر یەک لەو سێ رەهەندە, دوو رێساکەی دیکە پوچەڵ دەکاتەوە, بەواتایەکی دیکە کاریگەری خۆی لەدەست دەدات, بۆیە دەبینین کاتێ دیموکراسیەت دەبێتە ئەستەم بەنەبوونی سەروەری و دەسەڵاتێکی باش کە لەسەر فراوانترین رێسای بەشداریکردنی بەکۆمەڵی هاووڵاتیان دەبێ, دەسەڵاتێکی کە گەرەکە پێداویستییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دابین بکات, ئەویش بەکاراکردنی رۆڵی کۆمەڵگا لەچاودێری و لێپرسینەوەو مافی گۆرانکاریدا, بەڵام لەسەر بنەمای نکۆڵی نەکردنی دەسەڵات بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت و بایەخی هەبوونی وەک (پاسەوانی کۆمەڵگا), واتە پەیداکردنی دینامیکییەتی بەشداریکردنی پۆزەتیڤ لەنێوان دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا پشت بەستن بە بنەما دیموکراسییەکان و رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ, کە ئەویش دەبێتە هۆی درک پێکردن و جێبەجێکردنی رۆڵەکان (دەورەکان) لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا, لەرێگای ریزگرتنی بەرامبەر کە سەرەنجام ژینگەیەکی دروست بۆ سەروەری و جێبەجێکردنی پرەنسیپەکان و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ دابین دەکات. لێرەدا میدیا رۆڵێکی سەنترالی دەگێرێ لەچاودێریکردن و لێپرسینەوەو هاندان و راستکردنەوەی کەموکوڕییەکان, لە پێناون دابێنکردنی بەردەوامی و کارایی دەسەڵاتێکی باش, گەرەکە ئەم ئالیەتانە دابین بکرێن:

1. سەروەری یاسا
2. دادپەروەری کۆمەڵایەتی
3. ئازادی و سەربەخۆیی میدیاکان

- جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵی کارای خۆی بگێڕێ لە پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ, پێویستە ئەم مەرجە سەرەکییانە ڕەچاو بکرێن:

1. سەربەخۆیی و ئینتیمای سیاسی, واتە دوور بوونەوە لەپاشکۆیی و کاریگەری بیانی. لێرەدا دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن بەرامبەر بە گشت جەماوەردا کەناڵێکی والا بێ نەک داخراو قۆرخ کراو. هەروەها کەشی دیموکراسی بڵاوبێتەوەو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان بکرێن, نەک دەسەڵات ببێتە دامەزراوێکی دیکتاتۆری, واتە هەر تەنها قسە بکات, بەڵام کاری پێ نەکا. لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە, ئایا میدیا دەکارێ ببێتە هۆکارو فاکتی بوونیادنانەوەو پاراستنی دەستکەوتەکان. بایەخی راگەیاندن لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سیستەمێکی دیموکراسیدا پێکگەیاندنێکی زیندووە لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا. کە میدیا وەک چاودێرێکی ڕەخنەگر بۆ گشت هێزە سیاسی و ئابووری و دەسەڵاتە جێبەجێکارەکان لە پراکتیزەکردنی ڕۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان ئەویش لەرێژەی بونیاتنانی دیموکراسیەتدا دەگێڕن. ئەمەش بێ هەبوونی دامەزراوە وەدەزگاکانی خاوەن ئیعتیباری جەماوەری سەربەخۆو بەهێز و بەتوانا نابێ. مەگەر بە موڵکایەتی کردنی ئامرازەکانی میدیای تایبەت و سەپاندنی ئیرادەکەی بەبێ لایەنی راشکاوی و راستگۆیی و شەفافیەت دەبێ.

میدیای ئازاد زەمانەتە بۆ ڕێگاگرتن لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا. جا لەپێناو دابێنکردنی میدیایەکی ئازاد بۆ پشتگیریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بێلایەن و خاوێن و خۆتەرخانکەر بێ داکۆکیکردن لە دەستکەوتە دیموکراسییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ, دینامیکییەت و پراکتیزەکردن گەرەکە بۆیە دەبێ سەربەخۆیی موڵکایەتی راگەیاندن هەبێ و مافی هەموو تاکێکیش بێ فشارکردن لە دامەزراندنی میدیایەکی ئازاد مسۆگەر بکرێ. هەروەها زەمانەتی مافی نووسەران و رۆژنامەنووسان هەبێ بێ ئەوەی کارگێڕی دەزگاکە دەست بخاتە نێو کاروباری نووسەران و رۆژنامەنووسەکانیەوە, هەروەها پێویستە ئازادی پیشەیی تاک دابین بکرێ, کە ئەویش پەیوەستە بە ئەمانەت و راستگۆیی هەواڵ و وشەی ئازاد و بێلایەنی هەروەها پێویستە زەمانەتی یاسایی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسان پشتگوێ نەخرێ دابینی حەسانەی مافی رۆژنامەنووسان هەبێ , تا لەلایەن هیچ گرووپ و کەسێکەوە راوەدوو نەنرێن لە گوزارش لێکردن لە ئازادی بیروڕاو بۆچوون و نووسینەکانیاندا.

## ڕۆڵی راگەیاندن لەدابینکردنی مافەکانی مرۆڤدا

دەکرێ کایەی راگەیاندن لە ڕەوشێکی نائاسایی وەک ئەمڕۆی کوردستاندا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێ لە دابینکردنی مافەکانی مرۆڤدا ئەویش بەچاودێری ڕەوتەکانی حکوومەت و هاوتاکردنیان بە دەقە یاسایی و دەستوورییەکان و ئاستی گونجاندنیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا. هەروەها بەچاودێریکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکاندا, بۆ نموونە (خێزان) واتە لێپرسینەوەی حکوومەت لە ڕۆڵی خۆی لە راگرتنی ئەو جۆرە پێشێلکارییانە کە دووچاری ژنان و منداڵان دەبنەوە, لەوانەش ڕەفتاری توندوتیژی و بێکاری هتد...

فەراهەمکردنی رۆشنبیری یاسایی ئەرکێکی دیکەی کایەی راگەیاندنە کە دەبێ کاری بۆ بکات. چونکە کەس ناتوانێ ڕۆڵی پۆزەتیڤی میدیاکان فەرامۆش بکات لە فەراهەمکردنی رۆشنبیری یاساییدا لای هاووڵاتیان و هەروەها ئالیەتی پراکتیزەکردنی سنوورەکانیان پێ ئاشنا بکات و چاودێری پێشێلکارییەکانی بڕگەو مادەکانی دەستور لەوانەش جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەست تێوەرنەدانی هیچ دەسەڵاتێک بەکاری ئەوەی دیکەوە, هەروەها بایەخدان بە کەشفکردن و دەرخستنی گەندەڵی بە گشت شێوەکانی, دیارە گەندەڵێش لەو دیاردە ترسناکانەیە کە بڵاوبوونەوەی هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانیدا, لەو پێناوەشدا میدیاکان دەکارن ڕۆڵێکی کارا بگێڕن لە وەدەرخستنی هەر رووییێکی گەندەڵی, جا ئەم گەندەڵییە گەورە بێت یان بچوک.

- میکانیزمەکانی کاری میدیایی چۆن دەبێ:

ئەمەشیان پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی بەڵگە نامەیی راستەوخۆ بۆ دەرخستنی راستییەکان و فەراهەمکردنی دیالۆگ و گفتوگۆ لەسەر مەسەلە زیندووەکانی خەڵک, هەڵبەت بەبێ ئاوارتەیی (استسنا ), و بەشداریکردنی فراوانی خەڵک بە گفتوگۆ پێویستییەکان پاشان بەدواداچوونی هەواڵ و راپۆرت و والاکردنی کێشە ئاڵۆزەکان و گەشەسەندنەکانی, هەروەها ئەنگیزەکردنی دەزگا فەرمییەکان بۆ گێڕانی ڕۆڵی خۆیان لە پاراستنی یاساو ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ و پشتگیری دەزگا فەرمی و ئەهلییە تایبەتمەندەکان بەچاودێری و لێپرسینەوەو هاوکاریکردن و دروستکردنی رای گشتی میللی و جێبەجێکردنی پارستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکان, هەروەها هاوکاریکردن و هەڵگرتنی فشاری سەرچاوە جیاوازەکان لەسەر بەرژەوەندی خەڵک و دەرکردنی یاسای دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی دروست, دوا خاڵیش پاراستنی بەرایی مافەکانی مرۆڤ و سەپاندنی شکۆمەندی رای گشتی لەسەر حکوومەت و ناچارکردنی بۆ ڕێزگرتن لە خواستی خەڵک وبەرژەوەندییەکانی.

**بەستاندارد کردنی زمانی کوردی**
**کێشەیەکی بێ چارەسەر**

سالآنێکی زۆرە بە وتارو لێکۆڵینەوەو دیمانەو میزگردی جۆراوجۆر لەلایەن شارەزایان و زمانزانی کوردو هەندێ جار بیانیش قسە لەسەر کێشەکانی زمانی ستانداردی کوردی دەکرێت کە ئاخۆ لەبنەرەتدا ئەم کێشە چارەسەر نەبووە لەئێستادا پەیوەستە بەهەبوونی ڕێنووسی جیاواز وەک ( ڕێنووسی کوردی بە تیپی لاتینی کە کوردانی باکورو ڕۆژاوای کوردستان و هەندێ نووسەرانی نیشتەجێی ئەوروپا) کەڵکی لێوەردەگرن ، هەروەها ڕێنووسی تیپی عارەبی کە کوردانی باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دێنن، وێڕای بەکار هێنانی ڕێنووسی سلاڤی و وکریلیکی لەلایەن کوردانی سۆڤیەتی جاران کە ئێستاکە ڕێژەیەکی زۆریان دانیشتووی رووسیای فیدرال و کەمینەیەکیش لەئەرمەنستان و گورجستان ماونەتەوە، یان کێشەکە لەبنەڕەتدا زێتر پەیوەندی هەیە بە جیاوازی شێوەزارە کوردییەکان وەک دیالیکتیکی کرمانجی باکور و باشور ، هەروەها گۆران و لەک و لوور و بنزاراوەو بن شێوەزارەکانیان، یانیش ئەم کێشە بێچارەسەرە هەر لە دێرینەوە پەیوەست بووە بە نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ کوردستان ، کە مخابن چەند سەدەیەکە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە داگیر و دابەشکراوە ، دیارە ماوەیەکە لەناوەندە ڕۆشنبیریی و پەروەردەییەکان و جاریش ئەکادیمیەکان، چی لەهوندر و چی لەهەندەران ، لەلایەن ژمارەیەک زمانزان و روناکبیران بەناوی شارەزایی و پسپۆری و زماناسی کوردییەوە (تەنانەت هەندێجار خەڵکانی ناپسپۆر نەشارەزاشن) خۆیان لەقەرەی باس کردن لەکێشەکانی زمانی ستانداردی کوردی و یەکگرتن و یەکنەگرتن و بوون و نەبوون و هەروەها بەکام شێوەزار بنوسرێ و بخوێنرێ وببێتە زمانی فەرمی ( هەڵبەت بەکارهێنانی زمانی فەرمی تەنێ بۆ دەسەڵاتی سیاسی و حکومرانی دەگەڕێتەوە) و کامە دیالەکتیکیان پەسەندبێ و کام جۆری تیپ( تیپی ئارامی_عارەبی)، یان تیپی لاتینی هەڵبژێرین بۆ زمانەکەمان، وێڕای ئەوەش باس لەوە دەکرێ وەکو چارەسەرێکی کاتی وشە و زاراوەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان موتوربە و تێکەڵ بەیەکتر بکرێن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەم قۆناغەدا کە نیشتیمان دابەش کراوە و مەسەلەی سنوورە سیاسیەکان و جوگرافیای سروشتی و سیستمی سیاسی ئەو رژێمە داگیرکارانە دان بەبوونی زمانی نەتەوەییمان دانانێن، زمانەکەشمان بەحوکمی زۆر هۆکار بۆ چەند لەهجەو بن لەهجەیەک دابەش بووە ، دیارە ڕێژەی زۆری و کەمی دانیشتوانی بەشێکی کوردستان لەچاو ئەویدیکە (نەک ڕێژەی خوێنەوار و ئاخێوەرانی..) یان هەبوونی چەندان زانکۆ و ناوەندیی ئەکادیمی و زانستی بەرامبەر بەوەش نەبوون یان قەدەغەکردنی لەبەشێکی دیکەی کوردستاندا، ئەمانە و چەندان باس و خواس دیکەن، بوونەتە مشتومڕ و خەمی خەڵک و خوێنەوار و روناکبیرانی کورد ...گەرەکم لەم لاپەرەی کولتورەی هەفتەنامەکەمان تەوەرێکی والآ بکەمەوە تا ڕێژەیەکی زۆرتر لەشارەزاو زمانناسانی کورد بەشداری تێدا بکەن ، دیارە من لەهەولێر زۆربەی مامۆستایانیش لەهەندەران کە دەبوو هەر لەرێی پۆستی ئەلکترۆنییەوە پەیوەندییان پێوە بکەم لەوانەش بەرێزان( مامۆستا جەمال نەبەز، فەرهاد شاکەلی ، محسین جوامێر ، حەسەنی قازی، ڕۆژان حازم ورۆنایی ئۆنەن کە ئەو دوو بەرێزەی دوایی لەکوردانی باکورن، وەلێ سەرەنجام جگە لەکاک سودادرەسول و مامۆستا سەلام ناوخۆش وەلآمی دیکە دەسنەکەوت، بەهەرحاڵ بەندەش وەک مرۆڤێکی خەمخۆری زمانە شیرینەکەمان کە هەمیشە و تا هەتایێ شانازی بە زمان و کولتور و مێژوو ئایندەی پرشنگداری نەتەوەکەم دەکەم، ئەو مافەش بەخۆم ڕەوا دەبینم، وەک نووسەرو ڕووناکبیریکی کورد چەند نوختەیەک بخەمە سەر کاغەز و بۆچوونەکانی خۆم لەبارەی کێشەکانی زمانی ستادادردی کوردی دەرببڕم، بۆیەش وەک دەرەنجام و شۆپاندنی زۆرێک لەنووسین ورای جیاوازی ئەو بەرێزانەی ئاماژەم پێکردن بەتایبەتیش مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور ، من پێم وایە زۆرینەی راو بۆچوونەکان لەسەر بەستانداردکردن و نەکردنی زمانی کوردی ( یەک ستانداری یان جووت ستانداردی زمانی کوردی کە ئاغای حەسەن پوور داکۆکی لەو تێزە دەکات) لەم ڕەوش و قۆناغەدا بڕیارێکی بێهودەیە ، چونکە زمانەکەمان بەبڕیارێکی سیاسی نایەتەدی تا پارتێک یان دەسەڵاتێکی سیاسی یان دەزگایەکی کولتوری پرۆژەیەکی ئاوا دابڕێژێ، پارتێکی دەسەڵاتداربا خاوەنی چەندان دەزگای کولتوری و ئەکادیمی بێت ، وەلێ پرۆژەیەکی ئاواهەستەوەرو گەورەدا ناتوانێ نووسەران و روناکبیران ناچار بکات تا پەیرەوی لەئەم میتۆدە بکەن، بەڵکو ئەمەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆچوونێکی باو هەیە پێی وایە لەهەر ناوچەیەک یان بە شێکی کوردستان ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردستان دانی پێدانرا، ئەوا بێگومان ئەم بەشە یان هەرێمە کاریگەری راستەوخۆی دەبێ بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان لەپەیرەوکردنی ئەو شێوەزمانە کوردییە، کە سەرەنجام دەبێتە زمانی فەرمی و سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو هەرێمە، بۆچی؟ چونکە ئەو قەوارە سیاسە کوردییە بە ئوتۆماتیکی دەبێتە ناوەندێکی زانستی و سیاسی و ئابووری و ڕووناکبیری بۆ هەموو بەش و هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، دیارە بە تێپەڕینی ڕۆژگار و مکوم بوونی

**داوودەزگا ئەکادیمی و رووناکبیری و سیاسییەکان و بوونی هۆکارەکانی گەیاندن و راگەیاندن و خوێندن و نووسین بەو شێوەزمانە فەرمییە (کە لەبنەڕەتدا شێوەزمانێکی ناوچەییە) کاریگەری راستەوخۆ و ئەکتیڤی بەسەر ناوچەکانی دیکە دەبێ، هەروەکو دەیان سالەئەم ئەزموونە لەبەشێکی کوردستانی باشووردا بەدی کراوە، تا ئێستاکەش سەرجەم زمانی سەرکردایەتی سیاسی و ئەکادیمی و رووناکبیران بەشێوەزمانی کرمانجی ناوەڕاست (کە بە هەلە پێی دەگوترێت کرمانجی باشور یان زمانی سۆرانی)، هەروەها هەژموونی بەسەر ناوچەکانی دیکەی ئەم هەرێمەدا هەبووە ، بێگومان رەتکردنەوەی ئەم ئەزموونەش لەم قۆناغەدا تەنانەت بۆ داهاتووش ئەگەر کارێکی مەحالٚ نەبێ ، بەلاٚم سەخت و ئاستەمە ، چونکە لەواقیعدا هیچ شێوەزمانێکی دیکە ناتوانێ ببیتە ئەلتەرناتیڤی شێوەزمانی کرمانجی ناوەڕاست ، چی لەم هەرێمە چی لەهەرێم و بەشەکانی دیکەی کوردستان.**

**بۆچوونێکی دیکە هەیە پێی وایە کە مەرج نییە قەوارەی سیاسی زمانێکی ستاندار و دروست بکات یان شێوەزمانی ناوچەیەک زالٚ بکات بەسەر ئەوانی دیکەدا.**

**بەلٚگەش ئەوەی کە تورکزمانەکانی تورکیا و ئازەربایجان و تورکمانستان و تورکستان و ئۆزبەکستان و قیرغزستان و .... هەر ولاٚتە و شێوەزاری لۆکالٚی خۆیان هەیە، ئەگەرچی ئەم تورکزمانانە خاوەن دەولٚەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیانن و بەدەیان بگرە بەسەدان مەلٚبەندی ئەکادیمی و زانستی و زمانەوانی و رووناکبیرییان هەیە، بەلاٚم بەدرێژایی سەدەی رابردوو نەیانتوانیوە زمانێکی ستاندارد بۆ تورکزمانەکانی خۆیان پێکەوەنێن، بەلٚکو هەنووکەش هەر ولاٚتە و بەشێوەزمانی خۆیان قسە دەکەن، لەم رەوشەدا رەنگە ئەزموونی ولاٚتێکی مەزن و فرەزمان وشێوەزمانی جیاواز و فرەنەتەوەی وەک هیند باشترین بەلٚگە بووبێ ، بەلاٚم سەرەنجام زمانناس و هۆشمەندەکانیان بریاریاندا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی ستاندارد بکەن بە زمانی فەرمی ولاٚتەکەیان تا هەموو هاوولاٚتیانی هیندوستان قسەی پێ بکەن و بخوێنن و بنووسن، لەم بوارەشدا ئەوەندەی قازانجیان کردووە، دیارە بێگومان زیانیان پێنەگەییوە ، چونکە لەپالٚ ئەم زمانە بیانیەش بایەخیان بەزمان و شێوەزمانە لۆکالٚییەکانی ولاٚتەکەی خۆیان داوە.**

**رەنگە ئەم نمونەیە بۆ ولاٚتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینیش بەسود و راست بووبێ ، کاتێ ئەو ولاٚتانە کە لەبنەرەتدا زمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆشیان نەبووە بەلکو کۆمەلٚێک زمانی هۆزو تیرەی دواکەوتووی بێ فەرهەنگ و گرامەر بوون ، بەلاٚم ئەوانیش هۆشمەندانە بڕیاری ئەوەیاندا زمانەکانی وەک ئیسپانی و فەرەنسی و پورتوگالی و ئینگلیزی بکەنە زمانی فەرمی و ستانداری خۆیان.بێ ئەوەی ئەم زمانانە هەژموونیان هەبێ بەسەر هەستی نەتەوەیی ئەوان وهۆکارێک بن بۆ فڕکردنی زمانەکەیان وەک چۆن سەدان سالٚە زمانەکانی نەتەوە سەردەستەکانی داگیرکەرانی کوردستان لەرێی زمانەوە سیاسەتی شۆڤینیانەی خۆیان پەیرەوکردوە، نکولی لەزمانی کوردی هەرێمەکانی بندەستی خۆیان دەکەن ، هەربۆیەش دەبینین یەکێک لەخەسلٚەتە گرنگەکانی خەباتی سیاسی کوردانی باکور داکۆکی کردنە لەبە فەرمی کردن و خوێندنە بە زمانی کوردی ،جا ئەگەر واقیع بێ یان خەیالٚ لەداهاتوودا ئەگەر کوردستان سەروەری سیاسی خۆی وەدەست هێناو بوو بە خاوەن قەوارەی نەتەوەیی خۆی کە ئەمە خواستی هەموو کوردێکی دلٚسۆزو بەشەرەفە و نیشتمانەکەشی یەکی گرتەوە و بوو بە دەولٚەت ، دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو شێوەزمان و دیالیکتیکە جیاوازانە، پەنا ببرێتە بەر بەفەرمی کردنی زمانێکی جیهانی وەک زمانی ئینگلیزی و لەپالٚ ئەوەشدا لەهەر هەرێمێکدا بە شێوەزمانە لۆکالٚیەکان بخوێنرێت و بنووسرێت قسەی پێ بکرێت، هیچ گرفتێکی دەروونی وهەستی شۆڤینی ناوچەگەریش بۆ شێوەزار و دەڤەر ە کوردیەکان دورست نەبێت.**

**وەلێ مخابن ماوەیەکە دەنگێکی نەشاز لێرە و لەوێ لەکەنالەمیدیایی و هەندێ جاریش رووپەری رۆژنامەکان پەیدابووە زۆر بە مکوربونەوە داخوازی ئەوە دەکەن کە هەر ناوچەیەو بەشێوەزمانی خۆیان لەسەر ئاستی فەرمانگە حکومیەکان (بەتایبەتی پەروەردە و فێرکردن) بخوێنن و بنوسنن، هەلٚبەت ئەم داوایە بەرێخۆش کردن بۆ هەندێ دەنگی دیکە کە ئەوانیش بەهەمان ریتم داوا بکەن بەشێوەزاری لۆکالی خۆیان بنووسن و بخوێنن،**

**بەرای من لەم رەوشە نالەبارەی کوردستان کە لەلایەن داگیرکەران دان بەبوونی زمانی و کولتوری کورد و ناسنامەی نەتەوەی نەکراوە، کوردەکانی ئەم بەشانەش مافی رۆشنبیری و خوێندن و نووسینیان پێ رەوا نەبینراوەو هێشتا خاوەنی داوودەزگای ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەیی و روناکبیریی خۆیان نین ، داواکردنێکی ئاوا لەکوتینی ئاسنی سارد دەچێ، چونکە جگە لەزیان گەیاندن بەئینتمای نەتەوەیی کورد و فەرهەنگەکەی، شتێکی دیکەی لێ نایەتە بەرهەم، بەپێچەوانەوەش ئەوشێوەزمانە فەرمییەی کە بە کرمانجی ناوەڕاست ناسراوە و وەک سەرچاوەی ئەدەبی و فیکری و زانستی ، سالاٚنێکی زۆرە خزمەتی بەرەوشی رووناکبیری و زانستی و پەروەردەیی کورد گەیاندووە، ئەوەی هەشبووە ئەویش لەبار دەچێ..چونکە کەس ناکاری نکولی لەوە بکات کە شێوەزاری کرمانجی ناوەراست زیتر لەسەدەونیویچکە بۆتە خاوەنی میراتێکی ئەدەبی و فەرهەنگی بەسەدان هەزار کتیچب و سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی لەبوارەکانی ئەدەب و هونەر و تەنانەت زانست و زانیارسشدا بەو شێوەزارە هەیەو چاپ و بلاٚوکراوەتەوە و لەکتێبخانەکاندا وەکو سەرچاوە سوودیان لێوەردەگیرێ، ئایادەکرێت بەبریارێکی ئاوا کتوپڕ و سۆدارانە پشت لەو سەرچاواو گرانبەهایانە بکرێت و ئەوەی هەشمان لەدەستی بدەین.**

**قوڵینگەکانی سەلیم بەرەکات و نووسین بەزمانی دووەم**

بە بۆنەی سەردانی بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی  کوردستان شاعیرو نووسەری رۆژاوای کوردستان محمد عەفیفی ئەلحوسێنی لە لایەن لقی هەولێری یەکێتی نووسەران ئێوارە کۆرێکی ئەدەبی بە نێوی (قوڵینگە کانی سەلیم بەرەکات) بۆ سازدرا ، کۆرگێر لە کەشێکی ئەدەبی رۆمانسیانەدا باسەکەی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد ، من نامەوێت لەمەر بابەتەکەی قسەیەک بکەم ,بەڵام ئەوەی مایەی تێرمان و فرینی خەیاڵم بوو ,بەشداری بوونی ئەو بەرێزانە بوو پاش تەواو بوونی باسەکەی ( الحوسێنی ) هاتە بەردەم مایکرۆفۆن و باسەکەیان بەرەو لایەکی دیکە وەچەرخاند ئەویش مەسەلەکە لەم تەوەرە خولایەوە کە ئایا هەردەم نووسینەکانی کەڵە نووسەری کوردستانی سووریا (سەلیم بەرەکات) دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی کوردی یان سەر ئەدەبیاتی عەرەبی حسێبی بۆ دەکرێت کە بە دوو زمان دەنووسرێت برایم یونیسی عەلی ئەشرەف دەروێشیان و نووسەرانی دیکە بە زمانی فارسی دەنووسن. دیارە ئەم ووتووێژە بۆ لای رووناکبیرانی کورد تازە نییە چەندان جار ئەم باسە چ بە ووتار و گۆشەنیگا چ بە دیمانە و مێزگردی تەلەفزیۆنی باسیان لێوەکراوە لەوانەش لە لایەن نووسەری ئەم ووتارە لە مێزگردی تەلەفزیۆنی و هەروەها چەندان رووناکبیری دیکە لە کاتی خۆیدا وەڵام دراوەتەوە ) دیارە وەڵام و بیانوو فاکت ئەوەندە زۆرن کە هەر لەم ئێوارە کۆرەشدا باسیان لێوەکراوە بەڵام کەسیش ئاماژەی بەوە نەکرد کە خوودی ئەم نووسەرانە کە بە زمانێکی دیکە حساب بۆ ناوداری بازاری چاپەمەنیش دەکەن , بۆچی ؟ ئاشکرایە خوێنەری کورد لەم بەشانەی کوردستاندا کە زمانی کوردی لێ قەدەغە کراوە ،

خوێندن و نووسین تاوەکو ئێستا ڤە بووە ئازادی چاپەمەنی و نووسین و رۆژنامە و گۆڤار بوونی نییە . نووسەری کورد ئەگەر بە زمانی زگماک بنووسێت تۆ بڵێ ی لە سەرانسەری کوردستانی تورکیا یان ئێران یان سووریا سەد خوێنەری زمانی کوردی هەبن کتێبەکانیان لێبکرن . بە رای من دیسان نووسەری کورد ئەو مافەی هەیە بە زمانی دووەم بنووسێ بۆ ئەوەی شۆرت و ناوداری پەیدا بکات هەر تەنها بۆ نموونە ئەو نووسەرە کوردانەی کە بە زمانی فارسی دەنووسن بەرهەمەکانیان تەنها لە وولاتێکی وەکو ئێران نافرۆشرێ بەڵکو دەگاتە ئەو دیوی سنوورەکانیش لەوانە عێراق و پاکستان و تاجیکستان و هتد... کەواتە مەسەلەکە دەچێتە خانەی بازاری چاپەمەنی و شۆرتریشەوە دەبێتەوە . دواتر کەمن پێم وایە زۆر ئاساییی یە نووسەری کورد زمانی دووەم بنووسێ هەروەک چۆن بەر لە چەندان سەدە شاعیرانی وەک (مەلای جزیری و نالی و مەحوی ) بە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسیان نووسیووە .هەرچەندە ئەم کەڵە شاعیرانە نکۆڵی لە نووسین بە زمانی خۆیان نەکردووە هەروەک چۆن مەحوی دەڵێت:

کوردی زمانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بە کۆڵ
بۆ فارسی ئەمن دەبمە بێ وەفا .
خانەی قوبادییش دەبێژێ :
هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرن
کوردی جەلای من بەل شیرین ترن
مەعلومەن ئەدەر و دنیای بەد ئەندێش
دڵشادن هەر کەس وەزوانی وێش .

وێرای ئەوەش من پێم وایە کە نووسین بە زمانی دووەم دەبێتە دروستکردنی پردێک رۆشنبیری لە گەلانی دیکە ,لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم کە یادگارییەک بگێرمەوە بە دەرفەتی دەزانم کە یادگاریەک بگێرمەوە لە ساڵی 1985 لە بەغدا بووم لە یانەی یەکێتی نووسەرانی ئەدەبیاتی عێراق لە گۆرەپانی الاندلس لەگەڵ نووسەر و رۆمانووسی کورد (محیەدین زەنگەنە) کە باسمان لە زمان و ئەدەبی کوردی دەکرد لەناکاو چەند روناکبیرێکی عەرەبی مەغریبی هاتن بە جۆش و خرۆشەوە سڵاویان کرد و زەنگەنەیان لەباوەشکرد (کاک محیەدین) ناویان دەهێنا . پرسیارم لە یەکێک لەو برادەرانە کرد . ئایا ئێوە لە مەغریب کورد دەناسن لە وەڵامدا ووتی: تا ئێستا لە مەسەلە سیاسیەکەی کورد حاڵی نەبووم بەڵام سەبارەت بە چیرۆک و شانۆ و نامە و شانۆنامە و رۆمانەکانی زەنگەنە دەزانین گەلێک هەیە بە ناوی کورد خاوەن کەلپوور و کەلتوورێکی مەزنە کە نموونەی وەک زەنگەنەی ئەفراندووە هەڵبەت لێرەدا دەردەکەوێت کە رۆڵی ئەدەب چەند گرنگە بە تایبەتی بۆ ئەو رووناکبیرانەی کە زمانی ئێمە نازانن و بە زمانی خۆیان بەرهەمە ئەدەبیەکانمان دەخوێننەوە هەڵبەت نمونەش هێندە زۆرن جەزناکەم لێرەدا باسیان بکەم بەڵام سەیرە رووناکبیری کورد بە حوکمی ستەمی نەتەوەیی چەوسانەوە و نەبوونی  ئازادی و قەدەغەکردنی زمانەکەی نەیتوانی بێ بە زمانی زگماکی خۆی بنووسێ. هەروەک ئەو کورادنەی کە نیشتەجێ ی سویدن ئەخنە لە سەلیم بەرەکات دەگرن ,کە بەرێز (الحسینی) وەڵامی دایەوە و ووتی ئەمانە

**رەخنە نین بەڵکو کینە و ئیرەیین بە گەورەیی و داهێنانەکانی سەلیم بەرەکات دەگرن، کە بەرێز (الحسینی) وەڵامی دایەوەو وتی ئەمانە رەخنە نین بەڵکو کینەو ئیبرەین بە گەوەرەیی داهێنانەکانی سەلیم بەرەکات .هەروەکو چۆن قوڵە رەشەکان ئەمەریکا زمانینەتەوەیی خۆیان لە بیرچۆتەوە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن یان نووسەرانی ئەمەریکای لاتین ناچار بوون بە زمانی ئیسپانی بنووسن گەوەرەترین داهێنانیش پێشکەش بە ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی بکەن نازانم بۆ دەبێ ئاسایی بێ ساموئیل بیکت و جێمس جۆیس کە خەڵکی ئیرلەندە و بە زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی بنووسن، بەڵام بۆ دەبێ بۆ نووسەرێکی کورد ڕەوا نەبێ بە زمانێ:ی بیانی بنوسێ ئەگەرچی ناواخنی نووسینەکانی ((شیعر، چیرۆک، رۆمان)) لەمەڕ دۆز و کەلەپوری ڕەسەنی کورد ەبێت ناسنامە میللەتە چەوساوەکەی بە گەلانی دنیا بناسێنێ)).**

**رەفیق حیلمی**

**هزرمەندی کورد و پێشەنگی رەخنەی هاوچەرخ**

**رۆژی یەک شەممەی رێکەوتی 2002/8/4 یەکێتی نووسەانی کورد لقی هەولێر لە یادەوەری سی ساڵەی کۆچی دوایی رووناکبیرو نیشتمان پەروەری ناسراوی کورد مامۆستا رەفیق حیلمی ، ئێوارە کۆڕێکی بۆ بەڕێزان پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار و مەحمود زامدار سازکرد، سەرەتا م. زامدار بە تێرو تەسەلی باسی لە رەوشی سیاسی کوردستانی سەردەمی رۆژانی دوایی دەوڵەتە نەخۆشەکەی عوسمانلی کرد و پاشان هاتە سەر رۆژنامەی ( النجمە)کە مامۆستای کۆچکردوو (رەفیق حیلمی) سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەی دەکرد، دواتر د. مارف خەزنەدارچەند یادەوەرییەکی خۆی لە رۆژانی رابردوو لەگەڵ رەفیق حیلمی گێڕایەوە و جەختی لەسەر پاکی و رووناکبیری و نیشتمان پەروەری ئەو زاتە کرد.**

**هەڵبەتە ئەم جۆرە یادەوەری و بەسەرکردنەوانە شیاوی زێدە ستایشن لە بەسەرکردنەوەو بیرئانینی هەڵوێستی دڵسۆزانەی رووناکبیرانی کورد ، سەرۆکی لق * لە دوا و تەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ رێزگرتن لە کەسایەتی نیشتمان پەروەرو رووناکبیری ئاوا مەزن گەرەکە لەسەرانسەری کوردستاندا فێستیڤاڵی بۆ ساز بدرێت، نووسەری ئەم چەند دێرەش یەکێک لەبەشداربووان بوو کە بە کورتی لەمەڕ هزر و فەرهەنگی مامۆستا رەفیق حیلمی دوا، دیارە رەفیق حیلمی لەسەرەتای سییەکان تا کۆتایی چلەکانی سەدەی بیست ، یەکەم سەرۆک و تیۆریستی هزری نەتەوەیی و دانەری پرۆژەی رزگاریخوازانەو رۆشنگەرانەی سەردەمی خۆی بووە، لەسەردەمێک کە هێشتا زۆرینەی رۆڵەکانی گەلی کورد لە قوڵایی خەوی نەزانیدا بە جێما بوون ، مامۆستا رەفیق حیلمی بیری لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی بۆ گەلی بندەستی کورد دەکردەوە، رەفیق حیلمی ئەگەر چی راوێژکارو هاوەڵی نزیکی شێخ مەحمودی حەفید بووە ، تا ئەو پەڕیش دەسەڵاتی شێخی نەمری خۆشدەویست ، بەڵام وەک رووناکبیرێکی دڵسۆزو رەخنەگرێکی بونیاتکار رەخنەی لە کەم وکوڕی و دەسەڵاتی رەهای شێخ و دارو دەستەکەی گرتووە. ئەوەتا لە خوێندنەوەی یاداشتەکانیدا وتەیەکی بە نرخی تۆمارکردووە کە بۆ رۆژی ئەمڕۆش دەکرێ پەندو حیکمەتی فەلسەفی لێ وەربگیرێت نووسیویەتی : ((لەنێوان دەسەڵاتی شێخ و توێژی منەوەراندا دیوارێک بە تفەنگ و خەنجەر هەڵچنرابوو ، ئەم دیوارە سەختەش لە کەسانی نەفام ونەخوێندەوار و چاو برسی پێکهاتبوون ، ئەوانە هەمیشە لەمپەربوون لەبەردەم شێخ و منەوارندا)) ، رەفیق حیلمی پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەو تاکە رووناکبیرە کوردانە بووە کە بە هیچ پلەو پایەکی وەزیفی دەوڵەتی داتاشراوی عیراق رازی نەبووە و لە دژی پرۆژەی بە عیراق کردنی کوردستایش وەستاوە تەوە ، لێ مخابن لەو کاتیدا چەندان رووناکبیری وەک ( محەمەد ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و مارف جیاووک و سەعید قەزازو جەمال بابان و ماجد مستەفا و هتد...پلەو پایەی گەورەیان لە حکومەت عەرەبی عیراق وەرگرت .**

**کۆچکردوو رەفیق حیلمی پاش تێکشکانی خەونی نەتەوەیی کورد کە لەو قۆناغەدا خۆی لە حوکمرانییەتی شانشینی کوردستان بە رابەرایەتی شێخی نەمری خۆی بەرجەستە دەکرد، دووچاری نیًگەرانی و نائومێدی نەبوو، ئەوەتا دواتر لە سەرەتایی سییەکاندا پرۆژەیەکی دیکەی نەتەوەیی لە هزرو مێشکیدا سەرهەڵدەدات ئەویش لە دایک بوونی پارتی هیوایە .رەفیق حیلمی چونکە نیشتمانپەرورەی راستەقینە بووە لە هەموو لایەکەوە دژایەتی دەکرا ، بە توندو تیژی لەلایەن ناحەزانەوە تاوانبار دەکرا ، لەلایەک دەکرا بە پیاوی نازییەکان ، لە لایەکی دیکەوە وەک نۆکەری ئینگلیز پروپاگەندەی بۆ دەکرا ، دواجاریش کۆمەنیستەکان بەهی خۆیان دەزانی و دەیانگوت شیوعییە، بەڵام لەڕاستیدا حیلمی جگە لە هزرمەندێکی نەتەوەیی کورد شتێکی دیکە نەبووە، ئەمە سەرەرای هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانپەرورەری ئەم رابەرە مەزنە بە یەکێکیش لە کۆڵەگەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەناسرێت ، ئەوەتا لە ساڵی 1924 کتێبێکی رەخنەیی بە نێوی (ئەنجومەنی شاعیران ) بە چاپ دەگەیەنێ، پێموایە لە ساڵی 1942 کتێبێکی رەخنەیی دیکەش بەناوی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بڵاودەکاتەوە.**

**لە یادی ئەم مرۆڤە مەزندا هەق وایە وەک سیمبولی نەتەوەی گەلێکی ستەملێکراو بەرز رابگرێ و ساڵانەش لەسەرانسەری هەمووکوردستاندا سمینار و فیستیڤاڵی شایستەی بۆ سازبدرێت.**

**مەحوی لە چەند دیدێکی جیاوازەوە**

ڕێکەوتی 2001/8/28 بۆ ماوی سێ ڕۆژ لە (ئوتێلی چوار چرا ) لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد، فێستیڤاڵێک بۆ بۆ شاعیری ناوداری کلاسیکی کورد مەحوی سازدرا، لەفێستڤالەدا چەندان وتا رو لێکۆڵینەوەی بە پێز لەسەر ژیانی مەحوی و شیعرەکانی و هەروەها ڕێبازی سۆفیگەرێتی باسکرا، لە پەراوێزی هەرباس و لێکۆڵینەوەیەکیشدا لەلایەن میوان و ئامادەبووانەوە چەندان گفتو گۆ ئەنجامدران و زێتر کۆڕەکەانیان بە جۆش و خرۆشتر کرد، ئەمە سەرەڕای ئەو کەشە جوانەی کە لەسەرانسەری کوردستاندا میوانەکان ئامادەبوون کە هەندێ لەو بیروبۆچوونانە لە تەوەرەی سمینارەکە دەرچوون ئاماژە بەوەکرا کە سەرەنجام مەحوی شاعیرێکی سۆفی نەبێ، بەڵکو سیاسی یان فەیلەسوفە.

جا بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕاستی و دروستی ئەم بیروبۆچوونانە چەندان سەرچاوە و لێکۆڵیەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی هەن دەیسەلمێنن کە مەحوی شاعیرێکی سۆفی بووە نەک فەیلەسوف و سیاسەتمەدار، بەڵێ مەحوی وەک مرۆڤێکی ناو کۆمەڵگایەی کە پڕ بووە لە کێشەی چینایەتی و ستەمی کۆمەلایەتی تەنانەت نەتەوەیی ئیدی بیگومان دەبێ ئەو زاتە هەڵویست لە مەڕ ئەو گرفت و دیاردە نالەبارەکانی کۆمەڵًگە وەربگرێ ، بەلام چۆن ؟ ، هەڵبەت لە دووتوێی شیعرەکانیدا، کە چەندان نمونەو بەڵگە هەن ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن . جا بۆ ئەوەی ئێمە مانان لە سۆفیەتی مەحوی شاعیر کەم نەکەینەوە ، گەرەکە ئاماژەیەک بەم واتا و چەمکانەی سۆفیەتی بدەین و تا بزانین چەند لە هزر هەست و هەڵوێستی مەحوی شاعیرو شیعرەکانیدا بەرجەستە بوون .

تەوسەف یان سۆفیگەری یان سۆفیزیم ، هەریەک ناواخنیان هەیە ، ئەگەرچی لە رواڵەتدا جیاوازن ، بەلام لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی روحیەو بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی بوون لە ڕێگەی عیشق بە خوداوە کە ئەم ئەڤینە لە ناخی مرۆڤ هەڵدەقوڵێ ڕێبواری خواناس، قۆناغ بە قۆناغ پلە بە پلە بە پایەی ناسین بە خودا دەگەیەنێ ، ئەوەیش لە ڕێگەی تۆبە کردنەوە دەستپێدەکات بەهۆی دژایەتیکردنی ئارەزووەکانی خۆی ، ئەڤین بە هەموو شتێ لە هەر لە سروشتەوە تا مرۆڤ ، چونکە هەموو شتێ هەرخودا ئەفراندویەتی ، بۆیە سۆفیگەری دەبێتە ئەو بزافتە کەوا لە مرۆڤی سۆفی دەکات لە پاڵ هەموو شتێ و هەر شتێ وێنەی نوری خوا ببینێ کە لە ئاکامدا ئەڤیندار بە خودا دەبێ ، ڕەنگە ئەم چەمکەش بە پێی ڕێباز و قۆناغ و ڕێبەرەکانی سۆفیگەریتی لەگەلا یەکدیدا جیاواز بن ، ئەم ڕێبازو هزرو بیرۆکانەیە لەسەردەمە جیاوازەکانی ئایینی زەردەشتی و یەهودی و مەسیحی و بودی و دواتر لەناو ئایینی ئیسلامدا چۆن بووەو کەی و چۆن سەری هەڵداوە و کێ بوون ورێبەرانی سۆفیگەریەتی لەم قۆناغە جیاوازانەدا جیاوازی چی بووەو لە نێوان پەیام هەڵگرانی ئەم باوەڕە ئاخۆ لە پاڵ ئەم بزافە ڕۆحیە چەند ڕەهەندی دیکەی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەلایەتی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، تا چەند ڕێبەرانی ئەم بزاڤە لەو سەردەمانەدا دووچاری دژایەتی توندو تیژی و تۆقاندن و هاتوونەتەوە .میناک ((ئەبو مەنسوری حەلاج و سەهرەوەری کوژراو)) و چەندان قوربانی دیکەی تیرۆری هزر و ئازادی بیرو را دەربڕین کە رۆژگاری خۆیان رووبەرووری دەسەلاتی ستەمکارانە بوونەوە، دواتر تا چەند ئەم بزاڤە ڕۆحیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری کاریگەری خۆی هەبووە ، لەوانەش لەهەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی ، ئەوجا کاریگەی لە نێو شیعری کلاسیکی کوردیدا ، هەر لە ئەزمووونە شیعرییەکانی بابە تاهیرو مەلای جزیرێ و مەولەوی تادەگاتە مەحوی شاعیر، کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەی ئێمەیە ، تا چەند ڕووناکبیران و لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئێمە هەوڵیان داوە توێژینەوەی ڕەخنەیی و زانستی لەسەر ئەم ڕێبازە هزری و ڕۆحیەی سۆفیزم و شاعیرانی سۆفیگەریی کورد بکەن، هەروەکو بەم دوایە لە کۆتایی مانگی تەباخی ساڵی رابردوو لە شاری هەولێر لە فێستیڤاڵێک بۆ مەحوی سازدرا و ێرای گفتوگۆیەکی زۆر نزیەکی چوارده باس و لێکۆڵینەوە لەسەر مەحوی شاعیر و چەمک و ڕێبازی سۆفیگەریەتی پێشکەش کران.هەرچی بۆ شاعیر مەحوی کلاسیک و عارفی بە ئەمەکی ڕێبازی خوداناس بنووسرێ،و بگوترێ، هێشتا ئێمەی خوێنەران لە کەنارەکانی دەریای قوڵی هزرو سۆفیگەریەتی مەحوی نزیک نەبووینەوە ، مخابن نەوەی نوێ لە خوێنەرانی کورد سەبارەت بەکەم ئاشنابوونیان بەرۆحی ئەدەبیااتی کلاسیک و نەشارەزاییان لە چەمک و واتای ڕێبازەکانی تەسەوف و کە شتێکی ئەوتۆ لە کەلپوری روحی نەتەوەکەمان نازانین بە تایبەتیش لەهەمبەر داهێنانی شیعری ئەم کەڵە شاعیرەی کلاسیکی کورد ، بۆیە ژمارەیەک لە نووسەران و تەنانەت لێکۆڵەرانیش بەداخەوە لەم سیمینارەدا مەحویان لێکردین بە فەیلەسووف و سیاسی، ئاخر کام فەلسەفەو کام سیاسەت ؟ ، ئەم بۆچوونانەش بەرای من لە بەهای داهینان و بلیمەتی مەحوی شاعیر کەمدەکەنەوە و هیچیش لەو قەناعەتە کەم ناکاتەوە کە مەحوی شاعیرێکی بلیمەتە ، داهێنەرو و تێکشکێنەری زمانی شیعری سەردەمەکەی خۆی بووە ، ئەمە وێڕای بەرجەستە کردنی هزرە مەعریفی و عیرفانی و فیقهی شەریعەتی ئیسلامی کە لەنێو شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردوون، دیسان مەحوی شاعیر

وەک هۆشیارێکی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆی لە مەڕ کێشەو گرفتە ناوخۆ و دەرەکییەکان دەستە وەستان نەبووە ، ئەم بۆ چوونانەش دەکرێ لە دوو توێی شیعرەکانیدا ئاماژەی پێ بکرێ ، کە ژیرانەو بوێرانە رەخنەی توندی لە مشەخۆرانی ناو کۆمەڵگەکەی گرتووە ، بەتایبەتیش ئەو مشەخۆر و فێڵبازانەی بەناوی خوداو ئایینەوە خەڵکی سادە و ڕەش و رووتیان فریوداوە. سەرەرای هەر تەئویل و شیکردنەوەیەکی رەخنەیش بۆ شیعرەکانی مەحوی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئەم زاتە مەزنە بەڵام پێموایە ناودێرکردنی شاعیرێکی سۆفی ئاوا بە تێکۆشەرێکی سیاسی یان فەیلەسوف کەمکردنەوەیە لە شان و شکۆی داهێنانی شیعری مەحوی و رێبازە خوا پەرستییەکەی ، ئەمجۆرە داواکاریانەش هەرچەندە رەوا بن ، بەرای من هەر نارەوان بەرامبەر بە شاعیرانی وەکو مەحوی و و مەولەوی و مەلای جزیری و هەموو ئەو شاعیرانەی کە لەسەردەمە جیاوازەکاندا بە شیعرە جوان و بە پێزەکانیان خزمەتیان بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. مەزنی مەحوی لەوەدایە کەبە شیعرەکانی داهێنەر بووە و شیعرەکانی بە زمانی کوردی نووسیوە ، جگە لە ملکەچی بۆ دەسەڵاتی خودا ، ملکەچی هیچ دەسەلاڵاتێکی دونیایی نەبووە ، هەرلەم گۆشەیەدا پێشنیار بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و یەکێتی نووسەرانی کورد و سەرجەم دام و دەزگا رۆشنبیرەکانی کوردستان دەکەم ، کە بیر لەوە بکەنەوە کە سالانە فیستیڤاڵ بۆ شاعیرانی کلاسیکی وەک بابا تاهیری عوریان و نالی و سالم و و صافی هیرانی و مەلاخەلیل دوو سەرەیی ناسراو بە (موخلیس) کە دوو شاعیری سۆفی هەڤپێنەدراوی کوردن و گەرەکە ئەمانیش مافی خۆیان پێ بدرێ و لەم بوارەدا شارێکی دێرینی وەک هەولێر کە خاوەنی ئەم شاعیرانەیە لە کات و شوێنی خۆیاندا بەسەر بکرێنەوە کۆڕ و سمینار و فیستیڤاڵی شایستەیان بۆ سازبدرێ.

### هەولێر لە قۆناغبەندی شیعریدا

هەولێر لە قۆناغبەندی شیعری کوردیدا دا لە کوێیە؟ بە راشکاوی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەگەرچی کەمێک حەساسیەتی تێدایە، لەوەی کە ناکرێت تۆ لەو قۆناغانەدا ئاماژە بەناوی شاعیرانێک بکەیت و شاعیرانی دیکە پشتگوێ بخەیتو لیستێک لەناوی شاعیران ریز بکەیت ، جا ئەوشاعیرە چەند داهێنەرە یان ناداهێنەرە ، هێندە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی کاتێ رەخنەگرێکی ئەکادیمی یان لێکۆڵەرێکی رەخنەیی دێت ، توێژینەوەیەکی رەخنەیی لەسەر ئەم قۆناغە شیعرییانەو ئەزموونی شاعیرانی هەولێر پێشکەش دەکات، کە گەرەکە بێ جیاوازی و بێ ئینتما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان باس لە ئەزموونی ئەو شاعیرانە بکات ، هەڵبەت ئەمەش بەجوانی و ناشیرینیەکانییەوە و بەهەورازو نشێویەکانیانەوە باسی لێوە دەکرێت ، بۆ نموونە رەنگە لەبەر چەندین هۆکار لای هەندێک لەخوێنەران ئەزموونی شیعری شاعیرانی وەک رۆستەم باجەلان و موحسین ئاوارە و فەرید زامدار و ئەبو بەکر خۆشناو یان جەوهەر کرمانج ، وەکو پێویست ئاوری لێ نەدراوەتەوە وجێی تێڕامان و سرنجدان نەبووە ، بەڵام بۆ لێکۆڵەرێکی ئەکادیمی نەک رەخنەگرێکی سەر پێی یان خوێنەرێکی سادە ، گەرەکە زۆر بەئەمانەتەوە باس لە ئەزموونی ئەم شاعیرانە بکرێت ، نەک هەر تەنها رووی خوێندنەوە رەخنەییەکانیان هەر تەنها بۆ ئەو شاعیرانە بێت کە مەزاجی کەسێتی یان ناوچەگەرێتی و خوانی حیزبایەتی تەنگ کۆیان دەکاتەوە ، بۆنموونە بەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەکان چەند ناوێکی شیعری لە هەولێر دێنە بەر چاو ، وەک کانی و موخلیس و بورهان جاهید و جەوهەر غەمگین و پیربال مەحمود و هتد... دواتریش لە ناوەراستی ساڵانی شەستەکان بەو لاوە لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیری وەکو عەبدوڵلا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و سەعدوڵلا پەرۆش و فەرید زامدار و جەوهەر کرمانج وموحسین ئاوارە و کۆمەڵێکی دیکە، هەروەها لە حەفتاکانیش کۆمەڵێک شاعیری وەک عەباس عەبدوڵلا یوسف و ونەوزاد رەفعەت و مەوجود سامان و کەریم دەشتی و هاشم سەراج و دڵشاد عەبدوڵلاو جەلال بەرزنجی و دواتریش شەپۆلێکی دیکە دێن کە تا ئێستا بەردەوامن و لەگەڵ ئەزموونی شاعیرانی دوای راپەڕین تێکەڵ بە ئەزموونەشیعرییەکە بوون و لیستێک ناوی شاعیرانەن و با بۆ نووسینێکی دیکە بەسەر بکرێنەوە...

بەهەرحاڵ چونکە هەولێر وەک شوێن بە هارمۆنیایەکی جیاوازی چینایەتی و توێژی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندەو خاوەنی کەلە پوورێکی گەورەی فۆلکلۆرو زاراوەی زۆری بن لەهجەی تێدایە و خاوەنی جوانترین تێکستی حەیران و حەکایەتی میللی و داستان ئەفسانەیە ، لە سەرەتای ساڵانی چلەکانیشەوە وەک سەنتەرێکی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووەهەروەها لە ساڵانی هەفتاکانیشەوە بزاڤێکی شیعری بە جۆش و خرۆشی تێدا سەرهەڵداوە کە بەدەگمەن ئەم دیاردەیە لە شارێکی دیکەی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت ، بۆیەش دەتوانم بڵێم ئەگەر هەولێر وەک قوتابخانەیەکی تایبەتی شیعری بەخۆی نەخوێنرێتەوە ئەوا بێگومان ناکرێت چاو پۆشی لەو راستییە حاشاهەڵنەگرە بکرێت کە ئەم شارە کۆمەڵێک شاعیری ئەفراندووە، کە بەرهەمی شیعری ئەو شاعیرە بەخشندانە شانازین بۆ مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی.

**چەمکی پەیوەندی نێوان رۆشنبیرودەسەڵات**
**داخۆ ئەو متمانەیە لەنێوانیاندا دروست دەبێتەوە**

لەنێوان واتاکانی گەوهەرو رواڵەت، گشت و تایبەت، ناخ و پەراوێز ، چەمکی پەیوەندی نێوان رۆشنبیرودەسەڵات جوێ دەبێتەوە و پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوە لەیەکدی هەڵاوێر دەکرێن، ئەویش بەبڕی زێتر بوونی رەگەکانی بزا ڤی شارستانی هەر کۆمەڵگایەک چەمکی رۆشنیرییەکی زیندوو سەرهەڵدەدات ، بەتایبەت ئەگەر ئەم رەگانە بە نێو قوڵایی ناخی وەچەرخانە مێژوویەکان رۆچوویێتن ، بۆیە چەمکی رۆشبیریی هەرتەنێ دیارەدەیەکی مەزنی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو دیارەدەیەکی گەردونییە و رۆشنبیری وەکو ئاوێکی زوڵاڵ وایە بۆ قورگی تێنوی مرۆڤ کە لە کانی روحدا هەڵٌبقوڵێ و لەچوار چێوەی پێوەندییەکی دیالەکتیکیشدا بزاوتی رۆشنبیریی گەشە دەکا و بازنەی نێوەندی رۆشنبیریی فروانتر دەبێتەوە ، هەڵبەت گرفتی رۆشبیریی لای ئێمە هەر لە نەبوونی سەرچاوەگەل و تێورو زانست و زانیاری کۆمەڵگایەکی دواکەتوو وڵاتێکی بێ قەوارە نەبووە ، بە قەد ئەوەی زۆرینەی رۆشنبیرانی ئێمە لە واقیعی گەلەکەیان نەگەیشتوون و لە خواست و خەون و کۆژانەکانیان دابڕاون ، نەک نەتەوەیەک لە مێژودا دابرابێ، ئەو دابڕانەش خۆی لە گۆشەگیری و ئاوێتەبوونی ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتمان نواندووە ، دواتریش وەکو دیاردەیەکی (ئورستوکراتی رۆشنبیریی) خۆی لە سەر هەڵدانی گۆشەگیرییەکی دابڕاو و نابونیاتنەر بەرجەست دەکات، کە لەناواخندا خزمەتی بە رەوتی دژە رۆشنبیری نەتەوە دەبێ، بۆیەش بە جەماوەر نەبوونی ئەو جۆرە عەقڵیەت و هزرو فەلسەفەیەش کە لە ئاکامدا ناتوانێ بۆ ئامانجەکانی رۆشنبیری نەتەوە ببێتە بیمەیەکی مەزن و پاڵپشتێکی کاریگەر بۆ سەلماندنی ناسنامەی رۆشنبیریی نەتەوەیەکی بە ئەنفال هەڕەشە لێکراو، کەلێرەدا جەماوەری بوون ئاستی کاریگەری تێراِمانی فەلسەفییە لە پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و کۆمەڵگەکەی ، نەک ساغکردنەوەی چەمکەکانی مەعریفەو رۆشنبیری بۆ ئاستێکی نزم کە لەرووی شێوازو ئامراز و رێگەکانی رۆشنبیری بۆ ناو جەماوەر جیاوازن ، بە گشت ئاستە جیاوازەکانی هۆشیارییەوە لە نێوان رۆشنبیرییەک لە پێناو وەدیهێنانی خواستەکانی نەتەوە، واتا پێداویستی گەشە کردنی دیالەکتیکی پەیوەندی نێوان رۆشنبیری نەتەوە دەبەخشێ ، کە خۆی لەخۆیدا پەیوەندی کردن بەو چەمکە باوەڕێکی قووڵ لە هزرێکی بەهێزدا بەرجەستە دەکات، هەڵبەت ڕەنگدانەوەی مۆراڵی بەسەر پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان رۆشنبیران و نەتەوەدا دەپشکنێ ئەوەشیان لەسەر کۆڵەگەی خۆشەویستی و بەخشینی بەردەوام لەسەر بنەمای ویژدان و عەقڵیەتێکی سیاسی بونیات دەنرێ، رۆشنبیریەک رەوا بێ بەمەبەستی تێڕامان و خوێندنەوەی تێۆریی قووڵ بۆ پرۆژەکانی داهێنان ، بەڵام ئەوە ناگاتە پرۆژەی ئەو داهێنانەی کە رۆچوونە بە نێو وەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوە یەک کە هێشتا لە نێوان دەڤەرو دەڤەرێکدا و تەنانەت لەنێوان شارو شارێکی تردا وەک چەمکی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لەململانێیەکی ناشارستانیدایە .لێرە مەبەست لە چەمکی نەتەوە هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان هەیە بە چەمکگەلی وەک (نەتەوە، گەل، خەڵک، جەماوەر، میللەت) ، دواتر مەبەست لە رۆڵی رۆشنبیری نەتەوە هەر تەنێ ئەوەندە نییە کە رۆڵی رۆشنبیری حزبی بخریًتە گۆشەیەکی لێکترازاو وکەنارگیرەوە، چونکە هەندێک جار دەکرێت لەناو خودی دەزگایەکی حزبیشەوە رۆڵی ئەو جۆرە رۆشنبیرانە دیار بکرێن کە کەسانی ئۆرگانی و رەخنەگرن، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەو جۆرە رۆشنبیرانەی کە رۆڵی کارمەندێکی مەسلەکی گوێڕایەڵا دەگێڕن ، هەر ئەو جۆرە رۆشنبیرانەشن رۆڵێکی پۆلیسێکی نهێنی دەگێرن لەدژایەتی کردنی رۆشنبیرانی راستەقینەو لادانی رەوتی پێشڤەچووی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دیموکراسیدا، دیارە لە قۆناغە بەرایەکانی گەشە کردنی سیاسی و رۆشنبیری هەرنەتەوەیەکیش ، هەر رۆشنبیری راستەقینەیە چاودێر و رەخنەگرە بەسەر کەم و کوڕییەکانی دەسەڵات و ،تەنانەت رەوایە رەخنە لە دەسەڵاتە نیشتمانییەکەشی بگرێ، لە رەوشێکدا ئەگەر ئەو دەسەڵاتە سەبارەت بە هەر هۆکارێک بێت بکەوێتە بەر کاریگەری هەر شێوازێکی سازشکردن و دووچاری پەتای گەندەڵی بوو، هەر چەندە چەمکی رۆشنبیری نەتەوە لە سەرەتادا ئاڵۆز بێت ، بەڵام دواتر بە رەوتە سروشتیەکەی خۆی گەشەدەکات و رێچکەی ئاسایی خۆی دەگرێتە بەر، کەلە قۆناغەکانی دواتری پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەییدا رۆشنبیر بەرپرس دەبێ بەرامبەر ئامانجەکانی نەتەوە و وەڵامدانەوەی پرسە راستەقینەکانی، لە گشت دەلیڤە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی کاندا، بۆیە رۆشنبیر و بڕوادار بە پراکتیزەکردنی ئازادی هزر وەک پێویستیەکی بنەڕەتی بەرهەمی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی دەبێتە بوونێکی حەتمی. کە مخابن هێشتا لەهەرێمە ئازادەکەی ئێمەدا رۆشنبیران نەیانتوانیوە وەکو پێویست ئە رۆڵە نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتیەی خۆیان بگێڕن و بوونەتە بەشێکی ئاوێتە بوو لە پرۆژەکانی دەسەڵات ، ئیدی با ئە دەسەڵاتەش سەراپای لە نێو گەندەڵیدا نوغرۆ ببێت .

بەڵام ئایا رۆشبیرانی ئێمە ئەو پەیوەندییە چارەنووسسازەی نێوان خۆیان و نەتەوەکەیان و ئاسۆی خەباتی کۆمەڵایەتیان لە رەوشێکی ئاوا نا ئاسایدا بەرجەستە دەکەن ، کە رۆشنبیرانی ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوەیاندابێ لە رێگەی دیکەوە یان کەناڵی دیکەوە وەک (بنەماڵە، تیرە، تایفە، حیزب ) ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ نەتەوەدا بەرجەستە بکەن، نەک لە رێی هەڵوێست یان داهێنانی هزری و مەعریفی خۆیان، بەشداری پرۆسە سیاسی و رۆشنبیرییەکان بکەن ، بۆیە دەبینین زۆرجار ئەو جۆرە رۆشنبیرانە ناکارن ئەو پەراوێزە ئازادییەی کە هەیە کەڵکی لێوەرگرن و بەناوی خواستەکانی نەتەوە قسە بکەن و بینە وتەبێژی نەوەیەک کەلە مێژوودا دابراوە ، کە تا نهۆ مەگەر خۆی لە مێژوی تیرەکەی یان کوێرە دێیەک یان دەڤەرێکدا دەنوێنێ ، بۆیە سەیر نییە لە رەوشێکی ئاوادا ئەو پەیوەندیەی نێوان رۆشنبیری و نەتەوە زێتر پەیوەندییەکی کاریکاتۆری دەبێت، رەنگە پشپرسن بۆچی رۆشنبیران ئێمە گۆشە گیرن و دوورن لە خواست و ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ، ئەو خەڵکانەی کە هەمیشە لە ئان و ساتە سەخت و نالەبارەکاندا دەبن بە سوتەمەنی شۆرش و قوربانیدان ، کەچی پێچەوانە زۆر لە ئەو رۆشنبیرانەی ئێمە لەبورجی عاجدان و لە دەرەوەی رووداوەکاندا دەژین و بێ ئاگا و لە پەناوە خەریکی تەنزیرانی فەلسەفین، کە قسەش دێتە سەر هەبوونی نوخبەی رۆشنبیران بەردەوام پێمانی دەفرۆشننەوە ، ئەدی ئەوە نیە ئێمە مانانیش چەندان کەڵە رۆشنبیری وەکو فلان و فیسارمان هەیە .. بە چاو پۆشین لەو رۆشنبیرانەی زۆرترین تەمەنی ژیانیان بۆ پرۆژە رۆشنبیرییەکان تەرخان کرد ، داخۆ ئەمانە ناخرێتە ناو چوارچێوەی رۆشنبیریی ئۆرگانیەوە کەلە ژیانی خۆیاندا تەنانەت پاش مەرگیشیان ، فرمێسکی حەسرەت بۆ کۆچی ناوەختەیان دەرێژن و دەبنە رەمزێکی گەورەی مێژووی نەتەوەیەکی لە مێژوودابراو ، داخۆ بوونی رۆشنبیرێکی خاوەنبیرو تەنزیرانی فەلسەفی لەناو میللەتێکی داگیرکراو ، دەتوانێ بەکام لادا رەوتی مێژو وەرچەرخێنێ، کە سەرەنجام لە بەرژەوەندی میللەتەکەی دا بێ، ئاخۆ ئەو بیرمەندانە دەیانتوانی لە بواری پراکتیکیەوە ئەو هزرە فەلسەفیەیان بکەنە کردارو تەنانەت بۆ تاوێک و بە وشەیەک بە هەرشێوەیەک لە شێوەکان بێت لەبەر دەم تراژدیای ئەنفالکردنی نەتەوەکەیان ) کە وەک باقی مرۆڤی سەر زەوی شایستەی ژیان و ئازادین ، لەبەردەم ستەمکاراندا بڵێن نەْ..... کە رەنگە ئەو هەڵویستە جوامێرانەیە بۆ ئەوساکەی نەتەوەیەکی ستەملێکراو دەبوو بە هەوێنی وەچەرخانێکی مێژوویی و رۆشنبیری و سیاسی و رەنگە تا رادەیەکیش تراژیدەکانیش لە ئاستێکدا دەوەستان، بەلام ئاخۆ ئەو کەڵە رۆشنبیرانە لەکوێ بوون کە نەیانتوانی راستەوخۆ بەشداری بکەن لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی گەلەکەیان .. مخابن لە رەوشە سیاسییە نالەبارەکانی نەتەوەکەیاندا خۆیان لە پەراوێزی رووداوەکان بینی، ئەمەش لە بنەرەتدا بە واتای دژایەتیکردنی کەلتوری نەتەوەیەک هات کە لەلایەن توێژێکی کەمینەی رۆشنبیری سەر بە دەسەڵاتەوە قەرەقۆزانە هەڵسوکەوتیان پێ دەکرا، لە ئان و ساتی پێویستشدا راگەیاندنی ئەو دەنگانەی وەک ریکلامێک . یان پروپاگەندەیەک بۆ دەستەکەوتەکان ، لە لایەکی دیکەش بۆ چەواشەکردنی رای گشتی ناوەخۆ دەرەوە بەکاری دەهێنان.. باشە ئەو جۆرە رۆشنبیرانەی ئێمە با بلیمەت و بیرمەندیش بن ، بەڵام کە لە پەراوێزێکی تەنگ و فەرامۆشکراوی نەتەوەیەکدا خۆیان بدۆزنەوە و لە نێو بازنەی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستدا چالاکی رۆشنبیری ئەنجام بدەن ، دەبێ بۆ رۆشنبیری ئێمەی نەتەوەی بن دەست، چ ئینتمایەکیان بۆ مێژوو و بۆ گەل و نیشتمانەکەیان هەبێت، دواتر ئەو هەموو پرسە و سەرخۆشیانە چ دەگەیەنن، جگە لەو واتایانەی کە تەنێ ئەو رۆشنبیرانە شایستەی رێزلێنانن ، کە هەمیشەو لە هەمو سەردەمێکدا لە دەسەڵاتەوە نزیکن ، بە پێچەوانەش ئەو رۆشنیرانەی کە لە دەرەوەی ئەو ئینتیمایەن ، تەنانەت لە ژیانی کۆڵەمەرگی خۆشیاندا شیاوی بەسەرکردنەوە نین، بۆیە بەرای من هەر گۆرانکارییەک و وەچەرخانێک لەهەر کات و شوێنێکدا لە هەر کۆمەڵگایەکدا لە قۆناغێکی دواکەوتوو بۆ پێشکەوتوو دا ، پەیوەستە بە دارشتنی پلاندانانێً‌کی تۆکمە ، ئیدی رۆشنبیرە بەخشندەکان دەبێ سەرقافلەی هەڵوێست ونمونەی باڵای نەتەوەیەک بن، کە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەیان ئەرکیان زێتر دەبێ ، تا دەبن بە توێژێکی کاریگەر، بە پێچەوانەی رۆشنبیرە تیۆریستانەی کەلە بواری پراکتیکدا دادەبڕێن بۆ پشتگیری کردن لە رەوتی دژە رۆشنبیربیشدا دەبن بە بکوژی راستەقینەی داهێنان ، هزرو هەڵوێستی ئەو رۆشنبیرانەی کە هەمیشە لە خەمی پرس و رەوشە تراژیدیاکانی نەتەوەیەکی ناسنامە لێ زەوت کراون ، چەمکی پەیوەندی نێوان رۆشنبیرو نەتەوە قوڵتر دەبێتەوە ، کە ئیدی دەسەڵاتی کوردی لەسەر بنەماکانی رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی رێز لە هزری قەڵەمی رۆشنبیرانی کورد بگرێ نەک بە پێچەوانەوە. کە دیسان پێموایە لەم سەردەمەدا تا ئاستی مەحاڵ ئەو پەیوەندییە رووخاوەو کاتێک و قۆناغێکی دیکەی گەرەکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو متمانەیە لەنێوانیاندا دروست بێتەوە .

**ئینتما و نامۆبوون**

هەرچەندە زاراوەی نامۆ بوون لەفەلسەفەی ئەڵمانیدا واتە لای (هیگل و فیورباخ) سەنتەرێک داگیر دەکات کە سەرچاوەکەی ئایینە . لای مارکسیش کە وەک کۆمەڵناس و ئابوریزان و بیرمەندێکی ناسراوە ، باس لە ڕەوشی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی دەکات، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ چەند توێژو و چینێک و دەسەڵاتی کەمینە دابەش دەکات و تاکە ڕێگەیەکیش بۆ رزگاربوون لەو ڕەوشی نامۆبوونە شۆرش کردنە. بەڵام بۆ نامۆ بوونی سیاسی ئەو وێ ًنەمان نیشان دەدات کەملکەچی تاک بۆ ستەمکار دەگەیەنێ کە تاک وەک ئامرازێکی لێدێ کە هێزێکە لە دەسەڵاتی خۆیدا دوورە .

نامۆبوونی ئابوریش دوورخستنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ و چینی کرێکارانە کە دەبنە ئامرازێک بۆ بەدەست چینی ستەمکارو سەرمایەدارانی دارابییەوە. ئالێرەدا مرۆڤ ئەو پەیوەندییە زیندووە لە نێوان خۆی و کارەکەیدا بزر دەکات، ئەوەشیان دەبێتە هۆی دروست بوونی دەرەنجامێکی ئالۆزی دەروونی و ماددی دوورخایەن، چارەسەرکردنیشی بە مۆڵکایەتی بەکۆمەڵی هۆیەکانی بەرهەمهێنان تەواو دەبێ، نامۆبوونی ڕۆشنبیریی لە کاتێکدا سەرهەڵدەدات کاتێ زمان ، کەلەپور و ئەدەب و هونەر ، ئایین و ئایینزاکان ، مێژوو، نیشتمان ، ئەمانە هەموویان وەک کۆڵەگەی دروستبوونی نەتەوە ، هەرنەتەوەیەکیش بێبەش لەم بنەماو کۆڵەگانە ناتوانێ قەوارەی نەتەوەیی خۆی چ لە ئێستاو چ لە پاشەرۆژدا بونیات بنێ ، هەبوونی ئەم کۆڵەگانە هۆکاری گرنگن بۆ دروست بوونی قەوارە و دەوڵەتی نەتەوەیی ، ئەگەرچی زۆر نەتەوەش لەسەر رووی ئەم زەوییە قوربانی جوگرافیان و(لەوانەش کورد) هێشتا خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نین ، بەڵام بێ گومان تا ئەو بنەماو کۆڵەگانە هەبن، ئەوا حەتمیەیەتی مێژوویی و خەباتی ڕەوای بزافی رزگاریخوازی ئەم گەلە دەکاتە بڕیار دانی چارەنووسی خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆدا ، داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەوڵیان داوە، خەباتی بەردەوام و بێوچانیان کردووە لە پێناو نەهێشتنی هەریەکێک لەو کۆڵەگە نەتەوەییانە بۆ ئەوەی تاکی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری دووچاری لێکترازان وناموبوون بن و سەرەنجام جیاوازی بکەوێتە نێوان رۆڵەکانی توێژو چین و ناوچەو دەڤەرە جیاوازەکانی جڤاکی کوردستان ، داگیرکەران هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە رۆژێک بەناوی پیرۆزی ئایین و رۆژێکی دیکە بەناوی ئاسلیشی نەتەوەیی خۆیان ، زمان و چاندی ڕەسەنی کوردی قەدەغە بکەن و لە قوتابخانەو دام و دەزگا رەسمیەکان نەخوێنرێت یان ناوی منداڵ و تەنانەت جل و بەرگ و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان قەدەغە بکرێن ، بێگەومان ئەم هەموو ئاستەنگانە جگە لە نامۆ کردنی مرۆڤی کورد چی دەگەیەنێ ، ئەمە جگە لەوەی کە تاکی کورد هەست بەوە بکات کە بەرامبەر بە نەتەوەی سەر دەستی داگیرکەردا لاوازو بێ بنەچەو بێ رابردووە، نەتەوەیەکە شایستەی ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، مرۆڤی کورد رۆڵەی کۆمەڵگەیەکی دوا کەتووە دەبێت هەمیشە ژێر دەستە بێ و نابێ خوازیاری ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆ بێ ، هەر بۆیەش داگیرکەران بەشێک لە خاک و زێدی کوردان لە نیشتمانی ڕەسەنی کوردا دادەبڕن ، بۆ کەڵک وەرگرتن لەو نامۆبوونە بە سانایی دەتوانن پلانە شوومەکانیان جێبەجێ بکەن کە لە نامۆ کردنی هەست و هزری مرۆڤی کورد بە زێد و وڵاتەکەی و بە گەل و کۆمەڵگەکەی، بە زمان و ئەدەب و هونەرەکەی ، تەنانەت تا وای لێ دێت کە هەوڵی ئەوەش بدرێ ئەو مرۆڤە نامۆ بووە بکەن بەداردەستی خۆیان و دژی مافە رەوا کانی گەلەکەی خۆی بێتەوە و بچێتە سەنگەری دوژمنایەتی کردنی گەلەکەی خۆی ، نەتەوەی سەردەست هەمیشە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەماعکارانەی خۆیان کە زۆر جار ئەم ئایدلۆژیایە خۆی لە ئاییندا بەرجەستە دەکات، چونکە کۆمەڵگەی مرۆیی هەر نەتەوەیەکی جیاواز لەگەڵ نەتەوەی سەردەستدا ، ئەگەر چی لە سەرەتا بە توندی دژایەتی ئایدلۆژیای ئایینی نەتەوەی سەردەستی داگیرکەران دەکەن، بەڵام دواتر کە ملکەچ بوو کەوتە ژێر دەستی هەژموونی داگیرکەر ، بە شێنەیی و هێ ًدی هێدی دەسەڵاتە ئایینەکەی بەسەریدا دەسەپێنێت و لە سەرەنجامیشدا دەبێتە هۆی سڕینەوەی شوێنەواری ئاینی نەتەوەی ژێر دەست و گۆڕینی داب و نەریت و کەلتور و کەش و سروتی تایبەتی ئەم نەتەوەیە و لەناو و ناسنامەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی دادەماڵێ و نامۆ بوونەکەی هێندە قوڵ دەبێتەوە تا رادەی (تقمص) کە ڕەنگە زۆر لەوەی تاکی نەتەوەیی ژێر دەستی بن دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستی ئەنجامی دەدات زۆر دەگمەن بێ ، چەندان نمونەی زیندووش هەن کەدەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ ، بە هەرحاڵ ئەوەی زێتر بە لای من شیاوی بایەخ پێدانە چۆن مرۆڤی کورد لە سێبەری دەسەڵاتی نیشتمانی خۆیدا هەست بەوە بکان کە ئینتیمای بۆ وڵاتەکەی ، بۆ زمانەکەی بۆ فەرهەنگ و مێژووەکەی ، تەنانەت بۆ دەسەڵاتەکەی خۆی هەیە، ئەگەرچی دەسەڵاتەکەش بە لایەنی کەم نەتوانێ لەو قۆناغە گوزارشت لە خەون و خواست و هیوای مرۆڤی کورد و ئامانجەکانی بکات ، بابڵێین ئەو دەسەڵاتە لە بەرژەوەندی لایەنێک، گروپێک دایە و هەر چی دەستکەوت و ئیمتیازاتێکی هەیە هەر بۆ لایەنگرانی ئەوانە ، بەڵام دیسان ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤی کورد سەبارەت بە بێبەشی یان بێ کاری دووچاری نامۆ بوون و دابڕان بێتەوە ، بە ناوی خۆپیشاندان و ممارسەکردنی ئازادی داوودەزگاکانی حکومەتەکەی بەردبارا بکات، یان هەوڵی تاڵانکردنی کەل وپەل و پێداویستیەکانی بدات ، بۆیەش گەرەکە تاکی ئەم وڵاتە لەبەشداری کردنی لە پرۆسەی بوژانەوەو گەشە پێدانی رێ ًرەوی پێشکەوتن وڵاتەکەی شێلگیرانە خەبات بکات بۆ سەقامگیرکردنی پایەکانی قەوارەی ئەزموونەکەی نەک لەناو بردنی .

لە قۆناغی پاش ڕاپەرین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەبوونی ئەو هەموو کەناڵ و راگەیاندن و چاپەمەنی و رۆژنامەوانیانە، لەسایەی هەبووونی ئەو پەراوێزە ئازادییەی کە بۆ گەلی کوردستان رەخساوە هەبوونی ڕاو بۆچوون و سەکۆی جیاواز، کە بەراستی ناکرێت لە هیچ روویەکەوە ئەو ئەزموونەی حکومرانی ( سەرباری کەموکوڕیەکانی ) و بە سیستمی سیاسی و حکومرانی وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی بەراورد بکرێت ، ئایا دەسەڵاتی کوردی توانای لەوە زێترە ئینتیمای نەتەوەی و نیشتمانی لای تاکی کورد دروستبکات یان بە پێچەوانەوە هەبوونی ئەو

هەموو کێشەو گرفت و ململانێ نارەوایەی لەسەر دەسەڵات و پارەو بەفیرۆدانی هێز و توانای لاوانی کورد لەشەری نارەوای ناوەخۆدا ، ئایا ئەمانە نەبوونە هۆکاری سەرەکی کۆچی لاوان بۆ هەندەران، ئایا ئەمانە هاندەر نەبوون کە سەدان لاوی کورد لەسەر رێبازی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری و لابدەن روو لە سەنگەری دژی بە میللەتەکەی خۆیان بن. ئاخۆ تا چەند دەسەڵاتی کوردی بیری لە پرۆژەی نەتەوەییمان کردۆتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو مەدەنیەت ببەن و تا رادەیەک پەیرەوی سیستەمێکی دیموکراسی بکەن. بایەخ بەرای گشتی بدەن و رێزی لێبگرن ، دیارە ئەمە و چەندان فاکتەری دیکە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ لاواز بوونی هەستی ئینتما لای مرۆڤی کورد ، چونکە کە تاکێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەریی ئەم کۆمەڵگای کوردەوارییە کە چەندان ساڵە لە پێناو پاراستنی کەرامەتی خۆی و گەل و نیشتمانەکەی لە سەنگەری داکۆکی کردن بوو، قوربانی بە خوێنی خۆی و خێزانەکەی دابێ، تەماشا دەکات لە سایەی دسەڵاتی کوردیدا دەچەوسێتەوە ، بێ کارە، هەژارە، لە پەراوێزدایە ، روو لە هەر دەزگایەک دەکات داوی تەزکیەی حزبی لێ دەکرێ، بە چاوی بیانی تەماشای دەکرێ وتەنانەت هیچ مافێکی رەوانی پێ نابینرێت (تەنانەت کوردبوونیش) مەگەر لایەنگری حزبە دەسەڵاتدارەکە بێ، ئیدی چۆن ئەم مرۆڤە دووچاری نامۆ بوون و لێکترازانی کەسایەتی نابێ و لەئامانج و خواست و خەونە دێرینەکانی خۆی پاشگەز نابێتەوە بۆیە بەرای من بەر لەوەی باس لە ئینتیمای مرۆڤی کورد بکەن ، باشە چۆن بیر لە ئینتیماکانی خۆی بکاتەوە بۆ زمان و کەلتور نیشتمان و مێژووەکەی، یان ئینتیما بۆ هەر گروپ و رێکخراو و حزبێکی سیاسی ، گەرەکە لە چەمکە دژەکەی کە (نامۆبوون)ی بکۆڵێتەوە بزانێ تاکی کورد تا چەند دووچاری نامۆ بوون بووە، ئەوسا دەزانی تا چەند ئینتیمای بۆ ئەو چەمکە هەیە، مخابن مرۆڤی کورد هەر دوای لە دەستدانی دەسەلاتی دیرۆکی خۆی (کە رەنگە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆیەتی میدیا) بگەرێتەوە دواتر بە داگیرکردنی کوردستان و دابەش بوونی لەلایەن تورک و فارس و دواتریش عەرەب و ئیمپرالیزمی ئینگلیزەوە تاکی کورد لە نەستی خۆیدا (تەنانەت نەخوێدەوارێکی کوردیش) دووچاری نامۆ بوون هاتووە، ئەو نامۆ بوونەی بە واتای بزر بوون کە بزرکردنی گەوهەرو رووخان و پاشکۆیی دەگەیەنێ ، نامۆبوونی مرۆڤی کورد بە واتای دابران یان بەجێهیشتنی گەل و نیشتمان یان نکۆڵی کردن بۆ ئینتیما لەسەر ئەو گەل و نیشتمانەو پاشگەزبوونەوە لەبنەچە و رەسەنایەتی و تاک وکۆمەڵە بن ، ئینتیما کردن بۆ نەتەوەی سەر دەست . حاڵەتێکی کە لاوازی ئینتیما و نامۆبوونی مرۆڤی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە کە بە یەکێک لەو نامۆبوونە کوشندانە دەناسرێ ، کە تاک و کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو خۆکوشتنی بەکۆمەڵا و هزری بەهرەو رەوشت و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەبات، چونکە نامۆبوونی بەکۆمەڵا ستەمێکە بۆ هەژموونی دەسەڵاتی داگیرکەر و رەفتارە رەگەزپەرستەکانی دەگەرێتەوە ، کە لە بنەرەتدا دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستە بە سەر نەتەوەی ژێر دەست و ستەملێکراودا ، کە خۆی لە رووخاندنی کەسایەتی و ئازادی و شارستانیەت و مرۆڤایەتی دەنوێنێ ، بەم جۆرە نامۆ بوونەش دەگوترێ نامۆبوونی بەرفرەوان ، جا بۆئەوەی لەوە زێتر مرۆڤی کورد دووچاری قەیرانی نامۆبوون نەیەتەوە ، گەرەکە بە مەبەستی خزمەتکردنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد بیر لە پرۆژەیەکی نەتەوەیی دیموکراسی و پێشکەوتنخواز بکرێتەوە و ئامانجی سەرەکی ئەوە بێ هەستی ئینتیما لای مرۆڤی کورد پەرەپێبدا و گەشەی پێ بکات و هەموو کۆسپ و و ئاستەنگانەی کەلەبەردەم نامۆبوونی تاک و کۆمەڵی کوردەوارین نەهێڵێ ، خەمساردی و نیگەرانی و دڵ ًٍه راواکێیەکانی ، چارەسەری هەنوکەیی گرفتە سەرکیەکانی کۆمەڵی کوردەواری بکات.

**رۆشنبیری مشەخۆر**

داهێنان بە زۆر واتاو چەمکی جیاوازەوە لێرەو لەوێ لەسەری نوسراوە و هەر نووسەرە بۆچوون و تێروانین و دیدی تایبەت بە خۆی هەیە، لەکاتێکدا بیرمەند و کەڵە نووسەرە ناسراوەکانی جیهان تێروانینی ئەوان لەمەڕ ئەم چەمکانە لەسەر ئاستی چەندان لێکۆڵیەوە یان کتێب پێشکەشیان بە خوێنەران کردووە ، هەر بۆیەش نامەوێ بگەرێمەوە سەر پێناسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم چەمک و زاراوانە و زێتر خوێنەرانی پێوە خەریک بکەم ، چونکە دڵنیام بەم نووسینەوەیە شتێکی تازەتر ناخەمە سەر نووسینەکەم ، مەگەر چەند تێبینی و سەرنجێک نەبێت کە دەمێکە لە بیرو هەستمدا گەلاڵە بوون ، لەسەر ئەم بنەمایەش گەرەکمە بێمە زمان و بێژم ئیدی بەسە لەوە زێتر بێ دەنگ نابم ، ئاخر براگەلینە ئەو هەموو تەنزیراتە نابەجێ وبێ بناخانە لە پای چی... مەگەر ئێمە مانان لەگوێ گادا خەوتووین لێیان حاڵی نابین ، ئەگینا چۆن دەکرێت کەسێ بەخۆی بڵێ داهێنەر ، کەچی بۆ خۆی لە چەمکی داهێنان نەگەیشتبێ و نەزانێ داهێنان چییەو کەی و لەکوێ و چۆن و بۆچی سەریهەڵدا و نەزانێ چۆن و لەکوێ هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردی و چۆن رۆشنبیری کورد بە چەمک و روئیایەکی تازەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستی ئەدەبی دەکات و چۆن دەبێ و بەرەوای بزانین بە خۆمان بڵێین داهێنەر ، لەکاتێکدا هێشتا لەبواری نووسیندا لەسەرەتادان ، ئاخر داهێنەر لانی کەم دەبێ میراتێکی گەورەی کەلتوری و فەرهەنگی بۆ کتێبخانەی میللەتەکەی بەجێ هشیتبێ و چەندان سەرچاوەی فیکری و فەلسەفی بۆ خوێنەران پێشکەش کردبێ ، نەک ئەو برا روحسوکانەی بەسەرە قەڵەمەیک و کورتە چیرۆکێ یان دەقێکی شیعری یەکسەر بانگەشەی

داهێنان  بكات و كەلەپوورو ئەدەبیاتی گەلەكەوی بەرهەمی سەرجەمی نووسەرانی بەر لەخۆی ڕەت بكاتەوە دواتریش لەسەر لاپەڕەیەكی گۆڤارێكدا دیداری بۆ سازبكرێ و لەسەر حسابی نووسەران و ئەدەبیانی بە ئەزموون بەسەر بكرێتەوە.. هاوكات ئەو دەزگایانە كارێكی ڕەخنەیی یان دەقێكی ئەدەبی بڵاودەكەنەوە و فرێی دەدەنە نێو دەلاقەی فەرامۆشی ، ئێوە بڵ ًێن پەسەند كردنی بابەتێک لەبەر ئەوە بێت كە لەو هەموو ڕوویەكی هونەری و تەكنیكی و زمانەوانی ماقوڵ و بە جێ بێت بە پێچەوانەوە ڕەتكردنەوەی ، جا سەبارەت بە لاوازی كرچ و كاڵی بێت كەشایستەی بڵاوكردنەوە نەبێ.. من نامەوێ لەو هەموو هۆكارانە بدوێم و ئاماژەیان بۆ بكەم كە بەرپرسێ ڕۆژنامەیەک یان  گۆڤارێک مەزاجیانە ڕەفتار لەگەڵ دەقێكی ئەدەبی دەكات، كە زۆرجار بەرژەوەندیش ڕێگەی پێ دەدات یان ڕێگەی پێ نادات نووسینەكە بڵاو بكاتەوە ، ئەگەر چی نووسینەكەش بە قەڵ ًەمی  داهێنەریشكیش بێ ، ئەوا  سەبارەت بە زۆر هۆكاری نابەجێ ئامادەیە نووسەرێكی ئاسایی بكاتە داهێنەرێک و داهێنەرێكی راستەقینەش وردو خاش بكات و بۆ نووسەرێكی پەراوێزی كراوی وەچەرخێنێ. دیاردەكان هێندە زۆرن وا بە سانایی و بە خێرایی چارەسەری گرفتەكانیان ناكرێ ، دەكرێت تەماشای بەرگی یەكێک لە هەفتەناەكانی هەرێمی كوردستان بكریچت كە چۆن لە ماوەی چەند مانگیكدا چەندان جار ریكلام بۆ شاعیرێک كراوە و بەقەبارەی جیاواز وێنەكانی لەحالەتێكی ڕۆمانسیانەدا بڵاوكردۆتەوە ، خوێنەرێكی بیانی ئەگەر سەردانی وڵاتەكەمان بكات بەدڵنیایی واتێدەگات ئەو وڵاتەهەر تەنها ئەو شاعیرە داهێنەرەی تێدایە ن لەگەڵ رێزم بۆ شاعێرەكە خۆی كەئەگەر بۆ خۆی حەزی لەو ریكلامە بازرگانییە نەبێت چۆن ئەوە قبول دەكات،یان  سەیر لەوەدایە كە نووسەرێک بەخۆی بڵێ من ڕەخنەگرم ، بەڵام كاتێ وتارێكی ڕەخنەیی دەگاتە لای لە جیاتی بە ئەوپەری بە ئەمانەتەوە بڵاوی بكاتەوە ، هەر زوو ناواخنی ئەم وتارە ڕەخنەیە بۆ ڕەخنە لێگێراو دەخوێنێتەوە و  بە هەرێگەو فڕو فێڵێک بێت ،  تەنانەت بە هەڕەشە كردنیش بێت ڕەخنەگر ناچار دەكات پەژیوان بێتەوە لە نووسینكەی پاشەكشە پێبكات. یان لێرەو لەوێ نووسەرێک یان شاعیرێكی ئاسایی و لەخوار پلەی تێگەیشتنی چەمكی داهێنان ، بۆچوونێكی خۆی لەمەڕ بزاڤی شیعری ئەدەبی دەربڕێ و دواتر سەبارەت بە زۆر هۆكار چەند  ناوێک لە دۆست و یارانی ریز دەكات و بەسەر قافلەی نوێخوازی و داهێنانیان دەژمێرێ و بێ هیچ بنەماو  بنەڕەتێكی ئەدەبی و فەرهەنگی و لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی (كە ئەو ناوبراوانە نەشاعیری ناسراوان نە خوێنەری باشی شیعر) ڕەخنەنووس دێت و دەیانكاتە سیمبولی شیعری نوێ  و داهێنان و بزاڤی نوێخوازی... سەیرەكە لەوە دایە نیە هەندێ لەو قەڵەمانە لە ڕۆژگارێ ًكدا كەڵكیان لەناو و شۆرەتی خۆیان وەرگرتووە و هەندێ بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی یارمەتی داون یان بە ڕێككەوت بوونەتە خاوەن بڕوانامەی باڵا لە خوێندن وەک مامۆستایەكی زانستگا لەگەڵ ڕۆشنبیران و نووسەران ڕەفتار دەكەن ، بۆیە دەبێ بەرێزەو گوێ لە فەرمایشتەكانیان بگیرێ ، بە هەرحاڵ ناوەندەكانی ڕۆشنبیری كوردی خۆیان قەیرانەكەیان بۆ  ڕۆشنبیرانی كورد دروست كردووە  ، بۆیەش كە ڕۆشنبیری راستەقینە لەو ڕەوشە  دۆش دادەمێننێ لە ئاست ئەو هەموو دیاردە نابەجێیانە  نیگەران دەبێت تا دەگاتە حاڵەتێک لە حاڵەتەكانی ئیحبات و نامۆ بوون، كە ئەویش نامۆ بوونی فیكری و كەلتووری و شارستانیەتەو لەگەڵ ئەو واقیعە تالەكانی ئەو دامەزراوە  ڕۆشنبیرییە بەحیزبی ئایۆنكراوانە كە زێتر پێشینەیەكی كولتووری بەعسیانەیە و داگیركەرانەی ڕۆشنبیری كوردی بووەو وەک پەتایەک بۆ مان بە جێماوە ، مخابن لە ڕۆژگارێكی ئاوا كە چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو كەناڵی راگەیاندن و داو دەزگاكانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەیە كە هەندێ نووسەری بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەر و فەرامۆشبكرێ و نووسەرە بوودەڵەكانیش  شاباش و خەڵات بكرێن و ڕۆشنیرانی كورد (ئەوانەی قەڵەمەكانیان لە خزمەت ڕۆشنبیری داگیركەر نەبوو) وای لێ هاتووە وا هەست بكەن ئەوان هەڵەن و تاوانبارو خایەنن وسەرەنجام  نەشتوانن بە راشكاوی ململانێ لەگەڵ ئەو واقیعە بە زۆر سەپاوەدا بكەن ، هەڵبەت كە دەڵێم ڕۆشنبیری كورد بە هەموو واتا  و پێناسەكانی ڕۆشنبیری زانست و زانیاری ئاوێتە كردنە بەهزری ڕۆشنی خۆیانەوە، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ دووچاری نامۆ بوون هاتووە ، بەهەرحاڵ ڕۆشنبیری كورد بەدەست كۆمەڵێک دەردەوە دەناڵێنێت كەسیش گوێی لێ ناگرێ ((یان ڕێگەی پێنادرێت لە راستی ئەو كێشەو گرفتانە بكۆڵینەوە ..)) كە هەڵبەت ئەو واقیعەش لەلایەنە كەسانی ڕۆشنبیری گەندەڵا و  مشەخۆرەوەوە لە بوارەكانی راگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری دا دروست كراوە كە حاڵەتە ناشازو نائاساییەكان ببنە حاڵەتی ئاسایی باو..  من پێم وایە كە نووسەرێک بەخۆی بڵێ خاوەن ویژدان مەحاڵە لە نێو زەلكاوی مەرایی و ریادا جێگەی بێتەوە ، هەربۆیە ئیدی گەرەكمە بڵێم بەسە با بێدەنگ نەبین  و بنووسین و لە ئاست ئەو هەموو كێشەو گرفتانەی سڵ نەكەینەوە ، هەق وایە نووسەری دڵسۆزی وەک ئەو چۆن بیر دەكاتەوەو دەنووسێ ئاواش ڕەفتارو مامەڵە لەگەڵا دیاردەكان بكات وراستگۆیانە واقیعەكە هەڵبسەنگێنێ و رێگە لە بازرگانانی وشەی پیرۆزی كوردی بگیرێ بە تایبەتی ئەوانەی بەناهەق وەک بەر پرس  بەسەر داوودەزگا ڕۆشنبیریەكاندا سەپێنراون .

**ڕۆشنبیر وەک مرۆڤێكی ئاسایی**

ڕۆشنبیریش وەک  هەر مرۆڤێکی ئاسایی میناک ئەزموونی ژیان باگڕاوەندێکی تایبەت بەخۆی هەیەکە پێکهاتووە لە پەروەردەی سەردەمە جیاوازەکانی قۆناغەکانی منداڵی  تادەگاتە پیری، بێگومان  ئەم باگراوەندەش  بۆ شارستانیەت و ڕۆشنبیریش هەروایە، لەوڵاتی ئێمەدا چونکە دۆزی گوزەران و ژیان هێندە ئاڵۆزبووە ، ڕۆشنبیران بەتایبەتیش (نووسەران و هونەرمەندان) ناچار دەبن بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان لەچەندان داوودەزگای ڕۆشنبیری  حکومی یان حیزبی دا کاربکەن ، وەلێ دەمێکە ئەوە سەلمێنراوە و سەرەنجامی کارکردن لە کایەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کاریگەری نیگەتیڤی بەسەر داهێنانی نووسەران وهونەرمەندانەوە هەیە،  بەپێچەوانەوە لەوڵاتانی خۆرئاوا   وەها نییە، چونکە پسپۆری و کاری پرۆفیشنالی هەیە، واتە ڕۆژنامەنووس تەنها ڕۆژنامەنووسە، هونەرمەندیش هەر تەنها هونەرمەند و لەبوارەکانی هونەریدا کاری هونەری دەکات ، هەڵبەت ئەدیب و نووسەرانیش هەروان ، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە لەو هەرێمە گەمارۆدراوەی  ئێمەدا وانییە، بەدەر لەبەهرەی ڕەسەن و خۆرسکی ڕۆشنبیرێک ، بەڵام لە لەحزەیەکدا هەموو نووسەرو ڕۆژنامەنووسن ، ڕەنگە بۆ هونەرمەندەکەش هەروابێ  ، چونکە حیزبایەتی بیناقاقا و هەوکی خەڵکی ئێمەی گرتووە، جگە لەخزم خزمێنەو تیۆری هەموو شتێ بۆ خۆم و ئەوەی تۆش دەخۆم ، سەرەنجام دەبینین کارەکان هێندە تێکەڵ و پێکەڵ بوون وەک گرێکوێرەیان لێهاتووە ، هیچ شتێک وەک خۆی نییە،  گۆرانی شاعیر لەشیعری بەندیخانەدا دەڵی :

کا لەبەردەم سەگەو ئێِسکیش لەبەردەم ئەسب ...

چونکە لە وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکان بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە و هاووڵاتی کێشەی  نان و نیشتەجێ بوون و هاتوو چۆی نییە، دەبینین ئەفراندن و پسپۆری هاوکێشەیەکی تەبان ، بۆیەش  لە وڵاتی ئێمەدا بە سانایی دەرفەت نارەخسێ پراکتیزەی ژانرەکانی  ئەدەب و هونەر بکرێ، ئەگینا ئەو هەموو پەلهاوێشتنە بۆکاری دیکە ، ئایا لەداهێنانی شاعیران ونووسەران ناکوژێ؟

لەئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا وێڕای داهێنانە ئەدەبییەکانیان ، ئەرکی ڕووناکبیران پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی وسیاسی نییە بەقەت ئەوەی کەچۆن کێشەوململانێ فەلسەفییەکان چارەسەردەکەن، کە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام لای ئێمە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکە تا ئێستا ئەدەبێکی چوارچێوەدارە و پانتایەکەی هێندە بەرفراوان نییە تا مرۆڤ باس لە کێشە فەلسەفییەکانی  خودی تاک و کۆمەڵگا  بکات ، هەتا ئێستاش ڕووناکبیری کورد ناتوانێ بە ڕاشکاوی باس لە تابووە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان بکات ، ناتوانی بەڕاشکاوی ڕەخنە لە سەرکردەی حیزبەکەی خۆی  تەنانەت لە بەرپرسی فەرمانگەکەشی بگرێ و گفت و گۆ لەسەر کێشە پەراوێزەکانیشی بکات  ، ئەم  سنوور و چوارچێوەیانە وا لە ڕووناکبیران  دەکەن کەهزر و نووسینەکانی خۆیان بخەنە ناو قاڵبێکی داخراو و ئیدی نەتوانن بە سانایی لێی دەربازبن ، دەکرێ وەزیفەی نووسەر یان هونەرمەند  ئەوەبێ بتوانێ هاوکاری حیزب و دەسەڵات بکات ، بەڵام بەو مەرجەی نەبێتە بەشێک لە سیاسەتی ئەو دەسەڵاتە وەک چۆن دەبینین کە زۆربەی زۆری ڕووناکبیرانی ئێمە لەو ڕەوشە ئاڵۆزەی هەرێمدا بوونەتە بەشێک لە کێشەکانی دەسەڵات نەک چارەسەرییەکانی ، دیارە ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەخزمەتکردن بەکێشەی میللەتەکەی و  گەیاندنی پەیامی ڕۆشنبیریەکەی  بە خەڵکی وڵاتەکەی  و تەنانەت بە ناوەندە جیهانییەکان کەمتر نییە لە ڕۆڵی پیاوانی سیاسەت ، واتە ئەگەر ئێمە ڕۆشنبیر وەک مرۆڤێکی ئاسایی ببینین  کە مافی ژیان و گوزەران وکاری حیزبایەتی هەیە وەک چۆن ئەو مافە بە مەلایەک یان سیاسی دراوە کە لەکایەی سیاسیدا کاربکات و بەدوای خەونەکانی خۆیدا بگەڕێت ، کەواتە بۆ ڕۆشبیرانیش ئاساییە خەون ببینن وەک مرۆڤێکی ئاسایی پراکتیزەی ئازادی بیرو بۆچوون و سەربەخۆیی هەڵوێست و هزری خۆیان بکەن ،  با ئەو ڕۆشنبیرەش وابەستەی حیزبێک بێت ، بەڵام نەک ببێتە کۆیلەی حیزب کە مخابن ئەزموونی وابەستەیی ڕۆشنبیران لەگەڵ ژیانی حیزبایەتی لە کوردستاندا لەپاش ڕاپەڕین بۆتە کۆیلایەتی نەک سەروەری ،   چەپ و ڕاست ئەوانەی سەرووی خۆیان چ فەرمانێکیان بۆ دابەزاندن گەرەکە ڕۆشنبیریش پەیرەوی بکات ، باشترین نموونەش بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی هەتا دوێنێ کە خۆیان بەکەسانی بێلایەن یان ڕۆشنبیری سەربەخۆ لەقەڵەم دەدا لە نووسین و هەڵوێستەکانیان لەمەڕ ململانێیەکانی نێوان بزووتنەوەی گۆران و هەردوو حیزبی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی ڕوون بووە لە ڕۆشنبیرانی حیزبی حیزبیترن ، ئەگینا لەم ڕەوشە هەستەوەرەدا هەڵوێستی ڕۆشنبیری سەربەخۆ ئەوەیە  پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی بڵاوبکاتەوە نەک بەنووسین و لێدوان و گفتوگۆکانیان  ئاگری شەڕەکە خۆشتر بکەن  ، ئاخر هاوڕێینە دەزانن ئەو ئاگرە بتەنێتەوە هەموو لایەک گڕ دداو دەسووتێنێ ، لە ڕاستیدا من پێوایە نە هەموو ڕۆشنبیران گەندەڵا و مشەخۆرن ، نە هەموو سیاسیەکانیش نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی ئەم گەلەن ، بۆیەش قسە کردن لەسەر پاکی و ناپاکی ومشەخۆری و گەندەڵی ئەگەر دادگا یان دەستەی نەزاهە نەیسەلمێنێ ئەوا بێگومان ئەم و ئەو ناکارن  بیسەلمێنن.

**چەتەگەری سایتەکان**

**دیاردەی هەبوونی سایتە ئەلکترونییەکان وەک ڕۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کە دەرەنجامو بەرهەمی شۆڕشی زانیاریو گلۆباڵە. مژدەهێنەری دەسکەوتێکی مەزنی ئاوەزو زەینی مرۆڤی هاوچەرخ بوو لەم سەدەیەدا، دیارە کۆمەڵگای کوردیش لەم دەسکەوتە گرنگو مەزنە بێبەش نەبووە، کە ئەمڕۆکە لە سایەی ئەم سایتە ئەلکترونیانە بەدەیان بگرە بە سەدان ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کوردی بە ناوو شێوازو ستایلو شێوەزاری جیاوازی کوردی لەهەر چوار پارچەی کوردستانو تەنانەت لە هەندەرانو بەتایبەتیش لە ئەوروپا بەرچاو دەکەون، ڕاستە لەرێگای ئەم کەناڵەوە تا ئەندازەیەکی باش دۆزی کورد بەهەموو جیهان گەیەنراوەو توانراوە هەواڵو نووچەی بەشەکانی کوردستانی بن دەستی تورکیاو ئێرانو سوریا تەنانەت ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی باشوریش بەڕای گشتی جیهان بگەیەنریو خەڵک بە کێشە ڕەواکەمان و بە کەلتوورو دابونەریتو زمانو مێژوو و جوگرافیامان ئاشنا بکرێن، دیارە جگە لە زمانی نەتەوەییش کە زمانی شیرینی کوردییە لەم سایتانەدا بە چەندان زمانی وەک عەرەبیو فارسیو تورکیو ئەرمەنیو ڕووسیو ئینگلیزیو... هتد. لەم سایتانە بەڕێوەدەچن وێڕای بابەتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان کێڵگەیەکی گرنگ هەیە، ئەویش بواری چاندو کولتووری کوردییە، کە ڕۆژانە بەدەیان لەتی ئەدەبیو هونەری لەم سایتانەدا دێنە وەشاندنو بڵاوکردنەوەو لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە یان بەرینەدا خوێنەری کورد دەکارێ دوا بەرهەمی داهێنانی شاعیرو نووسەرو چیرۆکنووسو ڕۆمانووسو ڕەخنەگرانی کورد بشیوێنێو ئاگاداری ئەفراندنەکانیان بێت.**

**لێ مخابن هەندێ جار هەندێ خوێنەری بێ بەهرەو تەمبەڵو تەوەزەل لە جیاتی ئەوەی بۆ خۆیان هەوڵ بدەن شوێنێک لە بواری ئەفراندن لەم دەلیڤەیەدا بدۆزنەوەو جێ قەڵەمی داهێنانی خۆیان لەم سایتانە دیار بێت. بەداخەوە دێن بەکارێکی چەتەگەرییو نایاسایی ئەم بەرهەمانە کە بەرهەمی هزرو هەستو قەڵەمی نووسەرانو ڕووناکبیرانی کوردن، بەتایبەت نووسەرانی هەندەران (داون لۆد) دەکەنو بێ ئاگاداری خۆیان بەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارە لۆکالییەکانی ناو هەرێمی کوردستانی دەبەشنەوەو بڵاویاندەکەنەوە.. مەبەستیش هەر تەنها کارێکی کاسبیو بازرگانی کردنو دەسکەوتی ماددی و پاداشتێکی چەورە ، ئەگینا لەسەر چ بنەماو یاساو ڕێسایەک بێ ئاگاداری خودی نووسەرەکە بەرهەمەکەی لە ڕۆژنامەیەک یان لە گۆڤارێکی ناو هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە پاداشتەکەش دەچێتە گیرفانی چەتەی بێ ویژدان، باشە ئەگەر ئەمە چەتەگەریی ڕۆژنامەگەریی سایتەکان نییە. دەبی چ ناوێکی دیکەی لێ بنرێ ، بۆ ئەوەی یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستاندا بتوانێ ئەم جۆرە چەتەگەرانە ڕووبەڕووی دادگا بکاتەوەو سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن.**

**ئەوەی من لەشاعیرانی دیکە**
**جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە من خۆمم...**

**هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە(435)23 ی تەمووزی 2011 ، دیمانە : پەرەمووچ**

**٭ تۆ لە نێوان نەوەی هەشتاکانی شیعری هەولێر و شاعیرە لاوەکانی دوای ڕاپەڕیندا هەبوویت ، ڕوانینت بۆ بەرهەمی ئەو دوو نەوەیە چییە ؟ خۆت لە کێی ئەم هاوکێشەیەدا دەبینیەوە ؟**

**فەرەیدوون سامان : ئەزموونی شیعری من لەگەڵا نەوەی هاوسەردەمی خۆم لە هەشتاکاندا تا ئەندازەیەک ئەوەندە جیاواز نەبوو ، لە رووی نووسینەوە منیش لە ژێر کاریگەری ئەدەبی بەرەنگاری و سیاسیدا بووم و شیعرەکانم بۆ کێشەو ئازارەکانی نەتەوەکەم تەرخانکردبوو،کە ئەمەشیان تارادەیەک لەسەر حسابی لایەنی هونەری و تەکنیکی و ئەفراندنی تێکستەکانم بوون، دیارە ڕەوشەکە لەرووە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکە ئەو ستایلە شیعرەی دەویست کە ڕەنگدانەوەی خەون و خواست ئازارەکانی خەڵک بێت، هەڵبەت بۆ ئێمە مانان وابوو ،من زۆربەتوندی لە ژێرکاریگەری ڕەوشە سیاسیەکە بووم تەنانەت بە توندی داوودەزگاچاپەمەنی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی سەر بە بەعسم ڕەتدەکردوە ، بێگومان ئەمەش سەرەنجام زیانی بە ئەزموونی شیعری ورۆشنبیری من گەیاند ، چونکە زۆر لەو شاعیرو نووسەرانەی ئەمڕۆ کە خۆشبەختانە بۆ خۆیان ناوێکی دیارو قەڵەمێکی باشن بە پێچەوانەی من تا ڕادەیەکی باش سوودیان لەو کەناڵانە وەرگرتبوو ، ئەمڕۆکەش بە هەمان شێوە سودمەندن و لەپێشی پێشەوەی فێستیڤاڵ و میهرەجانەکانن و... پێم وایە ئێستاش ئەم ستایلە (شیعری جەماوەری و سیاسی و بەرگری ...)لەنووسینی شیعردا بۆ ئێمەی پڕ کێشەی چارەسەر نەبوو زۆر پێویستە ، چونکە دیسان دنیایەک کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیمان ماوە**

که دەکرێت لە ڕێی داهێنانی ئەو شێوازەشیعرییەوە دەربېڕدرێن ، بەڵام بۆ من جیاوازییەکەی لەوەدا بوو،کە بەناوی خوازراو و لە چاپەمەنییەکانی شاخیش بڵاوم دەکردەوە ئەوەش بێگومان زیانی بە ناساندنی من گەیاند، من زۆربەی شیعرەکانم بەناوی جیاواز لە شاخ بەناوی خوازراو بڵاودەکردەوە، بۆ نموونە دوای ڕاپەڕین کە سەردانی ئارشیفی گۆڤاری بیری نوێی ئەو حیزبەم کرد (حشع)کە زۆربەی شیعرەکانی منی تێدا بڵاو کرابۆوە مخابن نەیانمابوو،

ەلێ بۆ قوناغی دوای ڕاپەڕین مەسەلەکان زۆر جیاوازتر هاتنە پێش، بۆ نموونە هەبوونی ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵ میدیایانە کاریگەری زۆری هەبوونی لەسەر ناساندنی تواناو داهێنانی ژمارەیەکی بەرچاو لە داهێنانی ئەو شاعیرانەکە بەنەوەی شیعری نەوەدەکان دەژمێردرێن،سەرباری تێبینیم لەسەرئاستی داهێنان و ئەفراندنی هەریەکەیان ، بەڵام بەگشتی ڕەوشە ڕۆشنبیریەکە ڕێک پێچەوانەی ساڵانی بەر لەراپەرین بوون، هەر بۆیەش لە ڕووی هونەرییەوە پێموایە هەردوو دەیە یان قۆناغ تەواوکەری یەکترین، هەرچەند پێشتریش من لە دیمانەیەکدا ئاماژەم بەو کردبوو کە من خۆم لەدەرەوەی قۆناغە شیعرییەکانم دەبینم ، چونکە نەچووەمە نێو هیچ گەمەیەکی سیاسی و گرووپێکی ئەدەبییەوە بروابکە هەر بڕواشم بە گلرووپ و گرووپکاری نەبووە ، هەمیشە پێموابووە ئەدەب بەگشتی وبەتایبەتیش نووسین پرۆسەی ئەفراندێکی خودییە و بەس ...

* هەست بە غەدری ناوەندی ئەدەبیانی کورد دەکرێ سەبارەت بە ئەزموونی شیعری تۆ .. ئایا ئەمە ڕاستە ؟ ئەگەر ڕاستە هۆکارەکەی چییە ؟

فەرەیدوون سامان : بێگومان ڕاستەو چاکیشت پێکاوە ، بەڵام خۆشتر بوو کە ڕاو بۆچوونی دووسێ برادەری نووسەری بە ویژدانت لەبارەی منەو وەرگرتبووا کە بۆچی من غەدرم لێکراوە، ئایا ستەمەکە پەیوستە بەئاستی ڕۆشنبیری و هزری من یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکاری دیکەی وەکشۆفینیەتی شارچییەتی و ناوچەگەرییەتی هەیە.... هەر بە نموونە بەداخەوە دەیڵێم زۆرنووسەری ناسراو هەیە کە وەکو ڕەخنەگر خۆیان بە خوێنەران و نائەندە ڕۆشنبیرییەکە ناساندووە و هەندێک دەسەڵاتێکی سیاسی و وەزیفیان لەبەردەستە بۆمەبەستێکی حیزبی یان سیاسی و شەخسی ئەوەندە بایەخ بە شاعێریکی کەم ئەزموون یان خانمەشاعیرێکی ئاسایی دەدەن بەرامبەر بەوەش ئەزموونی شیعری وەکو ئێمە مانان بە پەراوێز دەخەن، لەوانەش ئەو ڕۆژنامە نووسە ماستاوچییانەی کە بۆ دەسکەوتی ماددی و وەزیفی برەو زیاتر بەم دیاردەیە نامۆیە دەدەن، بەتایبەتیش بۆ شاعیرانیک کەدەبینن پۆستێکی وەزیفی باڵایان هەیە ....ئەم دیاردەیە تا بە ئەمرۆش دەگات لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا زۆر بەزەقی بەدی دەکرێت و من بەکارەساتیشی دەزانم ، چونکە ڕێی لەسەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی ڕاستەقینەی کوردی گرتووە و هەرگیز ناهێڵێت بە سروشتی خۆی ڕەخنەی کوردی گەشەبکات ، لێرەدا دەتوانم بە نموونەیەک بۆچوونەکاتم بسەلمێنم کە ڕاستن سەیرکە من کۆشیعری (پڕم لە عیشقی تۆم ) کە لەهەولێروسلیمانی دووجار بەچاپ گەیاند ، پێموایە جگە لە نووسینی چەند وتارێک لێرەو لەوێ ، ڕەخنەگرێک نەهات ئەوهەقەی خۆی پێ بدات وەک چۆن تا ئێستا کەزێتر لە نۆ نوسەرو ڕەخنەگری عەرەب و عیراقی لە سەرکۆشیعرێکی وەرگیردراوم بۆ عەرەبی لەسەر ڕەگەزە هونەرییەکانی ئەو شیعرانەیان نووسیوە وەک لایەنی زمان و خەیاڵ و بەهای ئیستاتیکی و ڕەمز و میسۆلۆژیا لەلایەن نووسەران و شاعیرانی وەک شاکر مەجید سیفۆو خەلدون جاوید و رحاب حسین الصائغ و فلاح شكرجي و حواس محمود و لوقمان محمودو هەروەها بەڕیزان بلال عەزیز و کەمال غەمبارو موکەرەم تاڵەبانی بە زمانی عەرەبی لەسەریان نووسیوە، لێرەدا هست بە جیاوازیەکان دەکرێت ، کە نووسەرە بیانییەکان بە بێ ئیرەیی لەسەرت دەنووسن ونووسەرانی خۆمان مخابن پشتگوێت دەخەن.

* هەن دەڵێن شیعر مەعبەدە و هەندێکیشیان پێیان وایە شیعر فەزایەکی زمانی بێ مۆراڵە .. تۆ لەبارەی ماهیەتی شیعرەوە دەڵێی چی ؟

فەرەیدوون سامان : چییەتی شیعر لای من وەک ستراکتۆری تێکستەکە کە هەڵگری چەندان خەسڵەت و ڕەگەزی هونەرییە وەک زمانە ناباوەکەی شیعر ( زمانی هونەری ) کە لە ڕێی چڕکردنەوەی وشە ، وێنەدا ، واتا بەرجەستە بێت و لەوێوە شاعیر تێکستێکی شیعری هونەریمان پێ دەبەخشێت ، بە واتایەکی دیکە کە وێڕای ئەوەی شیعر هونەری دەربڕینی خەیاڵ و هەستی شاعیرە، هاوکات شوێنی هزر یان بەهۆشیاری هونەراندنی شیعرەکە لەڕووی تەکنیکەوە، وەک مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ فیگەرەکانی ئەو تێکستە شیعرییە ، شوێنێک بۆ هۆش یان هزری شاعیر دەمێنێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا بۆ خوێنەرکە گەرەکە ئەرکی ڕەخنەگر یان چێژ وەرگر ببینێ لەسەریەتی تاوتوێی ئەو تێکستە بکات کە شیعرێکی زیندووە یان مردوو ، دیارە ئەمڕۆ لە نێو کتێبخانەو سەر ڕووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ، لەو هەموو کۆشیعرو چامەشیعرو مەسیجە شیعرو پۆستەرو پۆستاڵە شیعرەی ڕۆژانە فرێ دەدرێنە بەر چاوی خوێنەران ، خوێنەری کورد چۆن دەتوانێ چێژ لە دەقی شیعرێک وەربگرێت و سەرەنجامیش لە یادەوەری یان لە نەستیدا بە نەمری بمێنێتەوە ،

کەواتە وەک خوێنەر چۆن دەکارین ڕێز لە بەها جوانناسییەکانی خوێندنەوە بگرین و متمانە بۆ خوێنەرایەتی خۆمان بگەڕێنینەوە کە بۆ هەمیشە شیعر ژانرێکی زیندووەو بە جاویدانی دەمێنێتەوە.ئەو زۆری و بۆری و بی سەروبەریەش کەبێ فلتەرهەموو جۆرە دەقێک بەناوی شیعرەوە بڵاو دەکرێنەوە ، پێموایەلەسر حسێبی ئەفراندنی شاعیرە داهێنەرەکانە ، ئاخر لەم جەنجالی عەولەمەو تەکنەلۆجیاو شۆرشی زانیاری و بازاری ڕەشی ئابووری و بێ بەهایی مافەکانی مرۆڤ و گاڵتەجاری دیموکراسییە، شیعر دەتوانێت وەک بوارەکانی دیکەی هزرو فەلسەفە پرسیار لای خوێنەرانی ئێمە دروست بکات ، ئەدی ئەگەر وایە کوا ڕووبەری داهێنانی ڕاستەقینەی شیعری کوردی لەنێو جوگرافیای شاعیرانی وڵاتانی دەوروبەرو جیهاندا

، ، باشه چەمک و خەسڵەتەکانی داهێنانی شیعری لای شاعیرێکی داهێنەرلەگەڵ ناداهێنەردا چۆن بەرجەستە دەبێ ؟ ئامادەبوون یان نەبوونی ڕەخنەی جددیش لەئاست داهێنانی شاعیرێکدا بەرای من خراپ کەوتۆتەوە ، تۆ وەرە هەر لەسەرئاستی ڕەخنە ئەکادیمییەکانەوە بگرە کە ئەویش لە ژێرکاریگەری مەزاجی شەخسی و ناوەگەرێتی دایە تادەگاتە ڕەخنە ڕۆژنامەوانییەکان ، ئەو کێشانە چین ڕووبەڕووی ڕەخنەگرانی ئێمە دەبنەوە وەک لە جیاکردنەوەی ڕەگەزی ( نووسین لە سەر شاعیرە ژنەکان ) ، ناوچەگەرێتی ، پەیوەندییە کەسێتیەکان. ئایا ئێمە تا ئەو ڕادەیە خوێنەری جددیمان هەیە تا بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و ئێستاتیکیانە دەقێکی شیعری هونەری لەدەقێکی ناهونەری جوێ بکاتەوە، سەرەنجامیش پەیوەندی نێوان شیعر خوێنەرو ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئاسایی بکاتەوە.

* لەناو هەراو زەنای شەڕی بەناو ( نەوەکان ) و نوێگەری و تازەگەری شیعری و تاد .. تۆ لە دیدی خۆتەوە ، چی لەوانەی ترت جودا دەکاتەوە ؟

فەرەیدوون سامان : ئەوەی من لەوانی دیکە جودا دەکاتەو خۆمم، خوێندنەوەی بەردەوامی من بەهەر سێ زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و متابەعەکردنی بەردەوامی تەڤگەری ئەدەبی وشیعری ئەو شاعیرە داهێنەرانە و هەڵبەت ئێمە کە قسە لەسەرتازەگەری و نوێگەریش دەکەین مانای ئەوە نیە پشت لەداهێنانەکانی شاعیرانی کلاسیک بکەین ، چونکە بە دڵنیایی ئەمان سەرچاوەی سەرەکی و بنەرەتی ڕۆشنبیری ئێمەن .

* زۆر بە کەمی لە شیعرەکانتدا دەردەکەوێ کە کاریگەری شاعیرانی دیکەی کوردت بەسەرەوە بێت ، ئەمە لە چییەوە دروست بووە ؟ ئایا دەکرێ شاعیر یادەوەری شیعری لەوانەی پێش خۆی بەتاڵ بکاتەوە ؟ یان تۆ سەرچاوەی ڕۆشەنبیری دیکەت هەیە بێجگە لە ئەدەبیاتی کوردی ؟

- فەرەیدوون سامان : پرسیارێکی جوانە...سەرەتای ئاشنابوونی من هەر لە ڕێی خوێندنەوەی دیوانی شاعیرە هاوزمانەکانم بووە و سەرەتای دەسپێکیشم هەستم کرد زۆر لە ژێر کاریگەری شیعرەکانی پەشێو و شێرکۆ و هەلمەت و تەنانەت ڕەفیق سلبیریش دەنووسم ، بەڵام دواتر کە دەروازەی ڕۆشنبیری دیکەم بە ڕوودا کرایەوە لەوانەش زمانەکانی عەرەبی و فارسی ، ها... باش بوو وەبیرت هێنامەوە ، دەزانی من لەکاتی خۆیدا بێ مامۆستا و بێ خوولی فێربوونی زمانی فارسی، عاشقانە و بێوچان خۆم فێری زمانی فارسی کرد ، هەر لە ڕێگای ئەدەبیاتی ئەو زمانەشەوە بە دنیای ئەفراندنی شاعیرانی وەک نیما یوشیج و ئەحمەد شاملوو و سوهراب سپەهری و فەرەیدوون موشیری و مەهدی ئیخوان سالس و فرووغی فرخزاد بوو ، هەر بۆیەش خوێنەر هەست دەکات تا ڕادیەک ستایلی نووسینی شیعرەکانی من لە شیعری فارسییەوە نزیکە نەک عەرەبی، ئەگەرچی نکۆڵی لەوەش ناکەم کە ئەزموونی داهێنانی شیعری عەرەبی چ کلاسیک و چ هاوچەرخ زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام من چێژی زیاترم لە شیعری فارسی وەرگرتوە و هەوڵمداوە ئەزموونی شاعیرە فارسەکان بە زمانی خۆیان بخوێنمەوە نەک لە ڕێی وەرگێرانێکی وشک و بێ گیانەوە ، دواجاریش سەرەنجامی شۆپاندنی زۆرم بۆ شاعیرانی کورد و بیانی ئەو باوەڕەم لا درووست بوو کە گەرەکە شاعیر سەربەخۆیی ستایلی خۆی هەبێت و کۆپی ئەزموونی شیعری هیچ شاعیرێکی دیکە نەکات و هەمیشە تێکستە شیعرییەکانی خۆی لە فلتەر بداتەوە نەبادا کاریگەری شاعیرانی دیکەی بەسەرەوە بێت ،

* لە شیعری گەنجەکاندا کێ دەخوێنیتەوە و بە دڵتە ؟ دواتر لە ئاراستەی شیعریی گەنجەکاندا چیت بە دڵ نییە ؟

فەرەیدوون سامان : دەزانی من هەر بڵاوکراوەیەکم بێتە بەردەست سەرەتا شیعرەکان دەخوێنمەوە، لەراستیشدا ئەمرۆکە تەڤگەرێکی جوانی شیعری لای شاعیرە لاوەکان بەرێوەیە و چ لێرە لای خۆمان لەباشووری کوردستان وچ لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەرباری هەندێک تێبیینم لەسەر هەوڵیهەندێکلەو شاعیرە لاوانە کە ئەزموونی شاعیرانی بەر لەخۆیان ڕەتدەکەنەوە ولەهەمان کاتیشدا هێشتا هەر لە ژێرکاریگەری شاعیرانی بەر لە خۆیانن ، بمبورە ئەگەرنەتوانم ئاماژە بەناوەکان بکەم نەبادا یادەوەریم خیانەتم لێ بکات ، بەڵام دەنگی داهێنەرانەی جوان بەرێوەیە .

* بوونت ئەو هەموو ساڵە لەناوەندی ئەدەبیاتی کوردیدا ، تیایدا چی لە هەموو شتێک زیاتر بێ تاقەتت دەکا ؟ چیش دڵخۆشت دەکا ؟

- لەناوەندی ڕۆشنبیریکوردیدا ئەوەی ساڵهایە بێ تاقەتی کردووم ئەو داوودەزگا ڕۆشنبیریانەیە (چ حکوومی و چ ناحکوومی ) کە کەسانی ناڕۆشنبیر و کادیری تەمبەلی حیزبی بەرێوەی دەبەن و مخابن دەسەڵاتیان بەدەستە و بەمەزاجی شەخسی خۆیان و ڕێنمایی کادانی حیزبەکەیان مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیری و ئەدیبانی کورد دەکەن هەڵبەت، ئەوەی زۆریش دڵخۆشم دەکات هەبوونی کەناڵی دیکەی بڵاوکردنەوە ڕاگەیاندنی دیکەیە هەروەها من بۆ خۆم تۆرێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریم لەگەڵ ڕۆشنبیرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەندەران هەیە و نووسین و بەرهەمەکانی یەکتر دەشۆپێنین.

من لە دەرەوەی نەوە و قۆناغە شیعرییەکانم

**دیمانەی قەهار شێخانی لە گۆڤاری نەوشەفەق لە ژمارەی ( ) بڵاوبۆتەوە ،**

**گۆڤاری نەوشەفەق : با سەرەتا لە ئەزموونی شیعریتەوە دەست پێبکەین ؟**

**ـ فەرەیدون سامان: ئەزموونی شیعری من باکگراوندێکی کەمێک دووری هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاریم، هەر لەو ساوە هەستم کرد کە خولیایەکم بۆ خوێندنەوە هەیە بە تایبەتی شیعر، لەو کاتەش دەستم بە خوێندنەوە کرد. کتێبخانەیەکی خاکەڕا لە ماڵێ هەبوو، لە ناوەڕاستی حەفتاکان کە ئەو کاتە تەمەنم چواردە پانزدە ساڵان دەبوو، یەک دوو دانە (ڕۆژژمێری هاوسەر) لە کونجێکی کتێبخانەکەی ماڵێ کەوتبوو، لە پەراوێزی هەر لاپەڕەیەکیشدا چەند بەیتە شیعرێکی شاعیرانی کلاسیکی وەک (نالی و مەحوی و حاجی و پیرەمێرد و هێمن)ی شاعیر و ئەوانی دیکە هەبوون، جا من وەکو مەسەلەیەکی فزولی ئەو بەیتە شیعرییانەم لە دەفتەرێکدا نەقڵ دەکردەوە، نیشانی برادەرانی خۆم دەدا، ئیدی ئەو کاتی هەستم دەکرد ئەوەندەی خولیاو حەزم بۆ خوێندنەوەی ئەدەب و شیعر هەیە ئەوەندە بۆ وەرزش و کارێکی دیکە نییە. ئەو حاڵەتە هانی دام کە بەردەوام بم لە خوێندنەوەو بگەڕێم بە دوای کتێبی ئەدەبی و دیوانی شاعیران، بە تایبەتی ئەو کاتەش شاعیرانی وەکو (گۆران و پەشێو، شێرکۆو ڕەفیق سابیر و لەتیف هەڵمەت) کۆمەڵێک شاعیر هەبوون لای خوێنەران ناسرابوون، ئەو قۆناغەش شیعری حەماسی کاریگەری بە سەر هەستی ئەو گەنجانەدا هەبوو، سەردەمی ڕوانگەو چەند بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری کوردی بۆ ئێمە ئیدی شتێکی خۆش بوو، ئەوسا ئاستی تێگەیشتن و خوێندنەوەمان بۆ شیعر هەر ئەوەندە بوو، کەمتر دەرەفەتی شیعری کلاسیکی دەهاتین. چونکە تێگەیشتن لە شیعری کلاسیک هەڵبەت پێویستی بە باکگراوندێکە قووڵی ڕۆشنبیری هەیە، شتێکە تۆ دەبێ بزانی لەو دیو واتا شاراوەکانی زمانەوە (نالی) چی دەڵێ، واتە گەرەکە تۆ شارەزاییت هەبێت لە زانستەکانی ئایین و سۆفیگەریتی و... هتد. نکۆڵی لەوەش ناکەم سەرەتای نوسینم لە ژێر کاریگەری مەوجود سامانی برام بووم کە لەو سەردەمە لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری گەنجی شاری هەولێر خەریکی ئاڵوگۆڕی کتێب و خوێندنەوەو نووسینی شیعر بوون، لەوانەش عەباس عەبدوڵڵا یوسف و دڵشاد مەولوود و ئەبوبەکر خۆشناو.. ئەو ناوانە لای من جێگای سەرنج بوون. دەمویست پەلە بکەم لە خوێندنەوەو نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم.. بەڵام چونکە کەم ئەزموون بووم هەر زوو ئەو قەناعەتەم لەکن دروست بوو، کە هێشتا زووە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام سەیرت پێ نەیێ لەو سەردەمە زۆربەی شیعرەکانی شێرکۆو پەشێوە هەڵمەتم لە بەربوو، بە داخەوە ئەوسا وەک ئێستاکە نەبوو، دامودەزگای ڕۆشنبیری کوردی کەم بوون، چاپەمەنی جگە لە هاوکاری و بەیان و ڕۆشنبیری کە ئەوان سەر بە حکومەتی بەغدا بوون، هیچ ناوەندێکی ڕۆشنبیری کوردی نەبوو تا هانمان بداو دەستمان بگرێ، بەڵکو زۆر جار لە لایەن هەندێ لە کارمەندانی ڕۆشنبیری سەر بە حکومەتەوە دژایەتی دەکراین.**
**بەڵام ئەو ڤات و ڤڕی ڕۆشنبیرییەو ئەو نەهامەتی و دژایەتی کردنە ساردی نەکردینەوەو هەر بەردەوام بووین تا دواتر ساڵی 1980 بۆ 1981 کە چوومە زانکۆی بەغدا ـ کۆلێژی ئابووری و کارگێڕی، خەونێکم هەبوو بەو حیسابەی کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانین، ئەمەش دەبێتە هۆی هاندان و دروست کردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەگەڵ ئەو شاعیرو نووسەرانە. مخابن ئەمەش وا دەرنەچوو، بۆ من بووە خەونێکی ناخۆش لەگەڵ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا نەگونجام، دیارە شیعرەکانی ئەو سەردەم کە زێتر لە ژێر کاریگەری تەوژمی شیعری ڕوانگەو شیعری حەماسی و شۆڕشگێڕانە بوو، کە دواتر لە شیعرێکدا بە ناوی (هۆنراوە یاخییەکان) بە تیراژی 500 دانە لە پاش ڕاپەڕین لەسەر ئەرکی خۆم بە چاپم گەیاند، بە هەرحاڵ دواتر بڕیارمدا شێوازو ستایلی شیعرەکانم بگۆڕم و جۆرێکی تر لە داهێنانی هونەری و تەکنیکی لە شیعرەکاندا بەرجەستە بکەم، ئەوە بوو کە شیعری (نزیکتر لە ئەوین ـ دوورتر لە مەرگ) کە لە ساڵی 1999 بە چاپم گەیاند بە ئاشکرا ئەو جیاوازییانە لە دنیابینی و ڕۆئیاکانم بەدی دەکرێن. چەند ڕەخنەگرێکی وەک نەجات حەمید ئەحمەد و عیرفانی مستەفا و سۆران محمەد و شوکر سلێمان و د. سالار و محەمەد بەغدادی لەسەر شیعرەکانیان نووسیم، زۆربەی ئەو شیعرانەشم لەلایەن مامۆستا بیلال عەزیزەوە بەرچڤەی زمانی عەرەبی کران و لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکرانەوە.**

**گۆڤاری نەوشەفەق : بۆ چی بە پێی پێویست فەرەیدون سامان نەناسراوەو هۆکارەکان چین؟**

**ـ فەرەیدون سامان: هەڵبەتە چەندین هۆکار هەن، کاتی خۆی لە ناوەڕاستی نەوەتەکانیش چەند نووسینێکی ڕەخنەییم بڵاو کردەوە، دێتەوە بیرێشم وتارێک تا ڕادەیەک تەنز ئامێز بوو نووسیم، بە نێوی ( هەر حیزبەو شاعیری خۆی هەیە ) بڵاوم کردەوە، لای ئێمە مخابن خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ دەقێکی شیعری یا بۆ ناسینی شاعیرێک کۆمەڵێک ئیعتیباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیدۆلۆژی و ناوچەگەریەتیش هەیە، ئێمەی کورد ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی دوا کەوتووین، بۆیە ڕەخنەی ئەکادیمی نابینین، کۆمەڵگای دوا کەوتووین ئیستیعابی ڕەخنە ناکات، هەمیشە لە کۆمەڵگای پێشکەوتوو ڕەخنە بوونی هەیە، جا دەبینین لێرەدا ئەو داموو دەزگایانەی ڕۆژنامەو گۆڤار و کەناڵەکانی ڕا گەیاندنیان هەیە تا شاعیران و نووسەران و ئەدیبانی خۆیان هەبێ، ڕوو لە شاعیری دیکە ناکەن. تەنانەت ڕەخنەگرەکانیش کە سەر بەو دەزگایانەن ئاوڕ لە داهێنانی ئەو شاعیرانە نادەنەوە. لە جیاتی ئەوەی بێن قسە لەسەر دەقە شیعرییەکە بکەن و شرۆڤەی بکەن، هەندێ جار وا بووە تەشویهی سومعەی ئەو شاعیرەش دەکەن، بە پێچەوانەوە هەر کە تەماشای ناوی شاعیرەکەیان کرد ئیدی داهێنانەکانی شیعری ئەو شاعیرە فەرامۆش دەکەن. بەرانبەر بەوەش سەبارەت بە زۆر هۆکاری ناڕەخنەیی بەرژەوەندیخوازانە ئاوڕ لە دەقێکی کرچ و کاڵی شاعیرێکی خۆیان دەدەنەوەو هەرچی ناو و نازناوی نوێخوازی نوێکارو داهێنەرانەو هتد... بەسەری دەسەپێنن. هەندێ لەو ڕەخنەگرانە دوای تۆرانیان لەو حیزبە یا لەو دەزگایە پاشگەز بوونەوەی**

خۆیان راگەیاندووە کە ئەم جۆرە نووسینانە بە زۆری بە سەریان سەپێنراوە. ئەگەر چی من بۆ خۆشم ئاماژەم بەوە کردووە لە ڕابردوو دا من لەو شاعیرانە بوومە کە لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان لە شاخ شیعرم بڵاو کردۆتەوە، بە تایبەتی لە گۆڤاری ( بیری نوێ )، چەند شیعرێکی حەماسی و شۆرشگێرانەم بڵاو کردۆتەوە بە ناوی ( هەوراز ) لە سەنگەرێک دا بووم. هەڵبەت بۆخۆم راستەوخۆ پێشمەرگە نەبووم، بەڵام خۆ دەمتوانی ئەو کاتە لە چەند رۆژنامەو گۆڤارێک کە لە هەولێر و بەغدا دەر دەچوون بەرهەمەکانم بڵاو بکەمەوە، بەڵام قەناعەتی ئەو کاتەم وابوو کە من دەبێت لەو رێگایەوە خزمەت بە گەلەکەم و ئەدەبەکەم بکەم کە ئەو کاتە ئەدەبەکە دەبێ ئەدەبێکی بەرگری بێ. بەڵام مخابن ئیدی خۆت دەزانی کلتووری ئێمە کلتوورێکی خێڵەکییانەیە، رۆشنبیری ئێمە رۆشنبیرێکی ئۆرگانی نییە.

گۆڤاری نەوشەفەق : حیزب و دەسەڵات دامەزراوی رۆشنبیری خۆی هەیە، پێتوایە ئەو کاتەی شاعیر موڵکی حیزب بوو ئەوکات خۆی لە کوێ لە داهێنانی ئەدەبدا دەبینێتەوە؟

فەرەیدون سامان: بەڕای من هەر شاعیرێک لە هەر کوێی ئەم دنیایە بێ، لە هەر کات و شوێنێک بێ، ئەگەر بوو بە شاعیری دەربار ئەوا شاعیرێکی ناکامە، شاعیرێکی باش نییە، شاعیر بۆ خۆی کارەکتەرێکە وەک خوداوەندێک وایە، دەبێ وەک پەیام و کتێبە پیرۆزەکان مامەڵە لەگەڵا دەقی ئەدەبی و شیعری بکات، ئیدی کە خۆی رادەستی دەسەڵاتێک کرد جا ئەو دەسەڵاتە هەر ناوێکی هەبێت، پێم وایە لە بایەخی شاعیریەتی و بوونی داهێنەرانەی خۆی لەدەست دەدات.

گۆڤاری نەوشەفەق : تۆ لەو شاعیرانەی حەز دەکەیت خوێنەر بە سادەیی لە شیعرەکانت بگات یان دەیخەیتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیارو رازو هێمای شاراوە؟

فەرەیدون سامان: خوێنەری شیعر دەبێ خوێنەرێک بێ جیاواز بێ لەگەڵ خوێنەری ئاسایی، دەبێ خوێنەرێک بێ باکگراوندێکی قووڵی رۆشنبیری شیعری هەبێ، تۆ کە دەقێکی شیعری شاعیرێک دەخوێنێتەوە ئەورۆکە ساڵی (2006)ە دەبێ بزانی ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە و ساڵانی رابردووی چی بووەو چی نەبووە، ئینجا ئەوەشیان پابەندە بە کۆمەڵێک باکگراوندی رۆشنبیری دیکە، واتە ئەو کەسە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ چەند زاراوەیەکی میسیۆلۆجی کە لە چیرۆک و ئەفسانەکان هەیە، کە شاعیرێک وەک وێنەو بابەتبەرجەستەی بکات و تازەگەرانە بۆ ئەفراندنی شیعری خۆی بە کاریان بێنێت. خوێنەری شیعر راستییەکەی دەبێ خوێنەرێکی زۆر جیدی بێت، رۆشنبیر بێ، خوێنەری ئێمە بە داخەوە بە دوای شیعری سادەو راستەوخۆ دەگەڕێن، چونکە ئێمە شاعیری خراپمان زۆرە، شاعیرەکانمان شیعری راستەوخۆ دەنووسن، دەیانەوێ خەڵک رازی بکەن. ئەو خوێنەرانەیان بەوە گۆش کردوە کە دەبێ راستەوخۆو بێ تێرامان لە شیعر بگەن، واتە هەست و هزری خوێنەران ناوروژێنن بۆ ئەوەی بێن هاوکێشەکانی ئەو شاعیرە شی بکەنەوەو بزانن ئەو شاعیرە چ دەڵێ و مەبەستی چییە؟ بۆیە من پێم وایە دەبێ خوێنەر بە قەد شاعیرەکە رۆشنبیر بێ بۆ ئەوەی لە دەقێکی شیعری بگات.

گۆڤاری نەوشەفەق : خەونی نەوەی ئێوە لە هەشتاکان و دوای راپەڕین چی بوو؟

فەرەیدون سامان: ئەگەرچی لەو جۆرە پۆلێنبەندییە من خۆم لە دەرەوەی نەوە شیعریەکانم دەبینم، تا ئێستاش رەخنەگران و شاعیران ئاماژەیان نەک هەر بە من، بەڵکو بە زۆربەی نەوەی ئێمە نەکردوە، کە دیسان بۆ ئەمەش چەندین هۆکار هەن، من بۆ خۆشم حەز ناکەم سەر بە هیچ نەوەیەکی شیعری و قۆناغێکی تایبەتی شیعری بم، ئەگەر چی ساڵانێکە شیعر دەنووسم و بڵاویشی دەکەمەوە، بەڵام بە داخەوە خەونی ئێمە لە رۆژگارێک بە تایبەت لە قۆناغی هەشتاکان کە کۆمەڵێک خەونی جوان بوون بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤی کورد، خەونی ئێمە دوای راپەڕین ئەوە بوو کە تا رادەیەک ئاسوودەبین، بە داخەوە ئەو خەونانە تا رادەیەک بە نیسبەت منەوە لە بار چوون، تەماشا دەکەیت لە هەموو وڵاتێک خەڵکی ئەدیب و رۆشنبیرو رۆژنامەنووس و هونەرمەند خەڵکانی دەگمەن و دانسقەن، بە راستی دەبێ ئەوانە رێزیان لێبگیرێ، مخابن سەبارەت بەو ملمڵانێ و کێشەی حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆ، دواتریش پەلکێشکردنی خەڵکی بەعسی و هەلپەرست و بێ توانا بۆ ناو دامەزراوە رۆشنبیرییەکانی حکوومەت و دەسەڵات پێدانیان، پێچەوانەشی ئەو خەڵکانەی کە لە رۆژگاری رابردوو لە رۆژگارە سەختەکان هەڵوێستیان هەبوو لە سەنگەری مقاوەمەتدابوون، ئەمرۆکە تا ئەو لەحزەیەش لە پەراوێزدان. رێز لە قەڵەم و هەڵوێستیان نەگیراوە منیش یەکێکم لەوانە.

ستایل : هەر شاعیرێک لە سەر رێبازو مێتۆدو ستایلێک شیعر دەنووسێ، تۆ لە سەر کام رێباز دەنووسی؟

فەرەیدون سامان: کاتێ من پەنام دەبەمە بەر قەڵەم چاکتر وایە (ئەدۆنیس) ئاسا کە بڵێم شیعرێک دەمنووسێتەوە، بیر لەوە ناکەمەوە بڵێم بە کام ستایل شیعر دەنووسم، بەڵام سەرەنجام لە ناواخنی شیعرەکاندا وەدەردەکەوێ، کە من ئەگەر چی بایەخ بە تەکنیکی شیعر دەدەم، بایەخ بە فۆرمی نوێخوازانەی شیعر دەدەم، بەڵام لە ناواخندا حاڵەتێکی رۆمانسییانە، لیریکی، سۆفیگەرانە لە شیعرەکانمدا بەدی دەکرێن، بەرگێکی رەمزییانەش لەبەر شیعرەکان دەکەم.

گۆڤاری نەوشەفەق : باسی نوێخوازیت کرد، پێتوایە نوێخوازی شیعر لە رووی فۆرمەوەیە یان لە رووی ناوەرۆکەوە، یا هەر دووکیانە؟

فەرەیدون سامان: شاعیری نوێخواز ئەو کەسەیە کە شیعرێکی  تازە بڵاو کە لە بەرایيدا ئەو جۆرە دەقە بوونی نەبێ، واتە داهێنانە شیعری و ئەدەبیەکەی جیاواز بێ لەگەڵ بەرهەمی شیعری شاعیرانی نەوەی خۆی، ئەگینا کۆپیکردنی ئەزموونی شاعیرێکی بیانی یان مەحەلی ناچێتە خانەی تازەگەری و داهێنانەوە، تۆ ئەگەر بێیت و بانگەشە بۆ تازەگەری و نوێخوازی بکەیت و لاسایی شاعیرانی دیکە بکەیتەوە ، پێم وایە ئەوە ناچێتە خانەی داهێنان و تازەگەرییەوە.

گۆڤاری نەوشەفەق : لای تۆ ستایلێکی جیاواز هەیە لەو شیعرانەی کە پێشتر نووسیوتە لە گەڵ ئەوانەی ئێستاو لە داهاتوودا دەیاننووسی؟

فەرەیدون سامان: من بۆ خۆم هەڵبەت رۆژێ لە رۆژان نە بەیاننامەی شیعریم بڵاو کردۆتەوە، نە لە نووسین و لە قسەکانیشم دا بانگەشەی نوێخوازیم کردوە، بەڵام پێم وایە ئەو شێوە شیعرەی دەینووسم و بڵاوی دەکەمەوە، داهێنانەو دەچنە خانەی شیعری نوێوە، شیعرێکن دەتوانم بڵێم جیاوازن لەگەڵ دەقی شیعری شاعیرانی دیکە، چونکە هەر هیچ نەبێ ئەوە خۆمم بە جوانی و ناشیرینی، بە باشی و خراپییەوە خۆم خاوەنی ئەو شیعرانەم، چاکترە لەوەی من بێم کۆپی شیعری شاعیرێک بکەم یا لەگەڵ ئەزموونی شاعیرێکی دیکە بێم تەماسێک بکەم و بانگەشەی ئەوەش بکەم کە نوێخوازم.

گۆڤاری نەوشەفەق : لێرەشدا دەپرسم شیعر دەتنووسێتەوە یا تۆ شیعر دەنووسییەوە؟

فەرەیدون سامان: شیعر نووسین وەک چیرۆک نووسین، وەک رۆماننووسین و شانۆنامە نووسین و وتارێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، شیعر سەرباری گەڵاڵە بوونی هزری و مەعریفی و روئیایەکی فەلسەفی لە هەمان کاتدا حاڵەتێکی رۆحییە، راستییەکەی لە رووی سایکۆلۆژییەوە پەیوەندی بە هەستەکانی مرۆڤەوە هەیە، حاڵەتێکە کە تۆ ئەزموونێک یان کۆمەڵێک وێنەی شیعری و کۆمەڵێک بابەت لە نەستی شاعیردا گەڵاڵە دەبن، سەرەنجام وەک ئەو ژنەی ژان دەیگرێ و دواتر منداڵی دەبێ، ئەو شیعرە وەبەرهەم دێ، بەڵام زۆر شیعریش هەن بە مردویی لە دایک دەبن.

گۆڤاری نەوشەفەق : تۆ کە شیعرێک بڵاو دەکەیتەوە، یان درەنگ دەپڕژێیتە سەر بڵاوکردنەوەی شیعرەکانت، ئایا بەو مانایەیە کە دەتهەوێ خۆت لە زۆری و بۆری شیعر دەرباز بکەیت یان ستایلێکی تایبەتە گرتووتە بەر؟

فەرەیدون سامان: گوناهێکی گەورە لای خوێنەرانی ئێمە بەرامبەر بە تێگەیشتنی شیعر هەیە، هەمیشە وەکوو تاوانێک دەخرێتە ئەستۆی خەڵکی ئێمە، کە کورد هەمووی شاعیرن، بە راستیش کە ئێمە سەیری رووپەڕی گۆڤارو رۆژنامەکان بکەین، یا بەرنامەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن بکەین دەبینین ئەوەندەی خەڵکی ئێمە بە تایبەتی گەنجان هەتا ئەوانەی بە تەمەنیشن پەنا دەبەنە بەر نووسینی شیعر، کەمتر روو لە نووسینی رۆمان و چیرۆک و دەقی شانۆیی یا بابەتی دیکەی ئەکادیمی و زانستی دەکەن، ئەو خەڵکەی ئێمە مخابن پێیان وایە شیعر باڵندەیەکە زوو ماڵی دەبێ و بە ئاسانی دەستەمۆ دەبێ، بۆ ئەوەی لەو ئاپۆڕەی دنیای شیعر دا کە ناوی لێنراوە شیعر زۆربەی زۆری ئەو بابەتانەی کە بە ناوی شیعر بڵاو دەکرێنەوە نیگەرانم، رەشبینیم. راستە ئێمە دەقی شیعری دەبینین شاعیری چاک لای ئێمە هەڵدەکەوێ، هەر ئەوەش وای لێ کردووم بە راستی کە من خۆپارێزی بکەم لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم، من دەنووسم، بەڵام مەرج نییە لە کاتی خۆیدا بڵاوی بکەمەوە، لێی دەگەڕێم دوای مشتومڕێک لەگەڵا ئەندێشەو خودی خۆمدا، دەستکاری کردنێک لە رووی هونەری و گەمەی زمانەوانی ئەو شیعرە ئینجا بڵاوی دەکەمەوە.

گۆڤاری نەوشەفەق : مەبەستت لە شیعری "کوڕی خۆڵەمێش" چییە کە لە دوا ژمارەی گۆڤاری نووسەری نوێ بڵاو کراوەتەوە؟

فەرەیدون سامان: هەروەکو پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە خوێنەری جدی شیعر جا ئەو خوێنەرە بۆ هەر شاعیرێک بێ نەک هەر تەنها بۆ شیعرەکانی من، دەبێ باکگراوندێکی فرە رۆشنبیری هەبێ لە بوارەکانی ئەدەب بە گشتی و کەلەپووریش بە تایبەتی، لەوانەش ئاشنایی میسۆلۆژیا و ئەفسانە و چیرۆک و داستانە میللییەکان هەبێ، (کوڕی خۆڵەمێش) لای  من کە وەکو زاراوەیەکی شیعریم بە کار هێناوە لە ئەفسانەو داستانە میللییەکاندا باڵندەیەکی ئەفسانەیی هەیە بە ناوی (قەقنەس) یان بە (سەمەندەر) ناسراوە، ئەو باڵندە عاشقە خۆی دەسوتێنێ و دواتر زیندوو دەبێتەوە هەڵبەت لێرەدا منیش وەک هێمایەک (رەمزێکی شیعری) کە ناوم لەو دەقە شیعریەم ناوە (کوڕی خۆڵەمێش)، مەبەستم لەو عاشقەیە کە هەمیشە دەسووتێ دواتر بە بەجاویدانی زیندوو دەبێتەوە، هەندێ کۆدو سیمبولیش هەیە بۆ رەخنەگرانی بە جێ دەهێڵم.

گۆڤاری نەوشەفەق : تۆ چەمکی عیشق لە نێو شیعرەکانتدا چۆن بەرجەستە دەکەیت؟

فەرەیدون سامان: چەمک و زاراوەی عیشق لای من راستییەکەی جیاوازە لەگەڵا ئەو چەمک و زاراوەی کە ئەوانی دیکە بە کاری دەهێنن، جیاوازییەکی زۆر فراوان لە نێوان چەمکی دڵداری و ئەویندداری هەیە ، دڵداری پێم وایە وێناندنێکی هەرزەکارانەیە، هەندێ جاریش دەچێتە خانەی مێبازییەوە، بەڵام عیشق رەهەندێکی فەلسەفی و سۆفیانەی هەیە، بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی هەیە بۆ حاڵەتەکانی رۆحی مرۆڤ، بۆ ئەو خۆشەویستییە قووڵەی کە مرۆڤ بەرامبەر بە دەوروبەرەکەی یان بەرامبەرەکەی هەیەتی هەروەها بەرامبەر بەرامبەرکان کە ئەوەیان هەر تەنها لە تاکێکدا بەرجەستە نابێ یان لە زێدێکد، لە بنەدارێکدا، لە مێرگێکدا، لە کات و شوێنێکدا بەرجەستە نابێ. ئەوە سەرجەم ئەو عیشق و خۆشەویستییەی کە ساڵەهای ساڵە لە هەست و نەست و هرزی مرۆڤدا خۆی حەشار داوە دەمێنێتەوە لە دوو تویی بەرجەستە کراوی زاراوەی عیشقدا خۆی دەنوێنێ، من ئەو کۆدو مەبەستەم هەیە، مەگەر من چەند شیعرێکم بۆ هەندێ کەس نووسیوە کە شەهید کراون یان دمێکە لێرە نین و سەریان هەڵگرتووە، رەنگە ئەو کەسەش کە من عاشقی بوومە بەشێک بووبێ لەو هەموو عیشقانەی کە من هەمبووە هەر لە رۆژی لە دایکبوونمەوە تا ئەو ساتەی کە من ئێستا تیایدا دەژیم، عیشقی من بۆ هەموو مرۆڤە جوانەکانە لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا جا لە هەر کوێیەکدا هەبن.

**گۆڤاری نەوشەفەق : ئەو ساتانەی کە شیعرێک لە دایک دەبێ، لای تۆ ساتێکی دیاریکراوە یان هیچ کات و ساتێک بۆ پرۆسەی نووسینی شیعر لای تۆ نییە؟**

**ـ فەرەیدون سامان: راستییەکەی لای من سات و کاتێک بۆ نووسینی شیعر نییە هەتا بۆ نووسینی وتارێکی ئەدەبی یان هەر وتارێکی دیکە، حاڵەتێکە دێ و ئیتر جۆرێکە لە مەستبوون، واتە ئەوەندە نووسەرێک یان شاعیرێک پێشتر خۆی ئامادە بکات و بۆ نووسینی شیعرێک یان وتارێک. پێم وایە زۆربەی نووسەران لە کاتی نووسینی دەقێکی ئەدەبیدا پێویستیان بە قەلەق و ژانگرتن دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنەرانە، واتە گرینگە نووسەر دۆخێکی رۆحی یان کەشێکی لەبار بۆ خۆی بڕەخسێنێ دوور لە کاریگەری هەراو زەنای دەوروبەر، رەنگە هەر ئەو هۆکارەش بێ هەندێ لە نووسەران لە حاڵەتی نووسینی بابەتێکی ئەدەبی حەزیان لە جۆرێک لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و تەنیایی بێت، زۆر جاریش هەن پەنا دەبەنە بەر کونجی ژوورێک یان کوێرە دێیەک یان سوچێکی مەیخانە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی نەست بە سەر هەستدا زاڵ بێت و شاعیر ئازادانە بتوانێ گوزارشت لە ئەندێشەو کۆژانەکانی خۆی بکات، بۆیە من دژی ئەو شاعیرو نووسەرانەم کە شیعر بۆ مناسەبات دەنووسن، شیعر بە ڕادان دەدەن، شیعر بازێکی پیرۆزە لە پردێکدا دێت و بە سەر شانی داهێنانداهەڵدەنیشێ و بێ ئەوەی بۆ خۆت بتەوێ ئەو بازە تاجی شاهانەی داهێنانت لە سەر دەکات.**

**گۆڤاری نەوشەفەق : دواجار ئەگەر پۆلێن بەندییەک بکەین بۆ کایەکانی ئەدەبیت دابنێین لە شیعر و نووسین و کاری رۆژنامەنووسی، کامەیان پێش کامەیان دەخەی؟**

**ـ فەرەیدون سامان: لە دنیای شیعرەوە هاتمە ناو کایەی رۆژنامەگەری، ئێستاکەش هەر لە رۆژنامەگەری ئەدەبی کار دەکەم، ئەگەر چی جارجار پەنا دەبەمە بەر وەرگێڕان و رەخنەیەکی ئەدەبی یا کۆمەڵایەتی، پێم وایە ئاساییە مرۆڤ شاعیر بێ لە هەمان کاتیشدا رۆژنامەنوسێکی باش بێ ، چیرۆکنووس ، یا شانۆکار بێ، بەڵام من کە دەڵێم حەزم لە شیعرە ئیدی مانای ئەوە نییە کە هەموو فەزاو پانتاییەکانی شیعری دونیا بۆ خۆم داگیر بکەم. من کەسێکی خاکەڕام هەرگیز چاوەڕێی پاداشت نیم، چاوەڕێی ئەوە نیم رەخنەگران بێن لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی رەخنەیی لە سەر شیعرەکانم بنووسن لە فیستیڤاڵەکان بانگهێشت بکرێم و سوودمەند بم، تیجارەت و سیاسەت بە شیعرەکانم بکەم، من شیعر بۆ خۆم دەنووسم، هەروەکو لە دەقە شیعرییەکاندا بە دەردەکەوێ شیعرەکانم رەنگدانەوەی هاوارەکانی ناخی منن.**

**نەمری شیعر لەوەدایە کە لەنەست**
**نەک لەهزری شاعیرەکە خۆی دێتە بەرهەم**

- **دیمانەی گۆڤاری (نووسەری نوێ)ی ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر**

**لەوە زێتر فەرەیدوون سامانی شاعیر پێویست بە ناساندن ناکات ، چونکە ئەو وێڕای ئەوەی خاوەنی چەند کۆ شیعرێکە لەهەمان کاتیشدا بەردەوام لەسەر شیعرو رەهەند و بەهاکانی جوانناسیی شیعر دەنووسێ، بۆیە لەم دیمانەیەدا رووبەرووی چەند پرسیارێکمان کردەوە:**

**نووسەری نوێ: لەشیعرەکانتدا سەردەمی منداڵیت وەک گەڕانەوەیەک بۆ یادەوەرییەکان و وەک فیگەرێکی زەمەنی دەیبەستیتەوە بە فیگەرەکانی شوێنگەلی زۆر ...ئەم هەمووسۆزە لەپای چیدایە ؟**

**فەرەیدوون سامان: ئەمە هەر وەک حاڵەتە نۆستالیژیەکە ئەم بەسەرکردنەوەیە لەچەند شیعرێکمدایە نەک هەمووی ، لای من جۆرێکە لەگەڕانەوە بۆ سۆزی ڕابردوو، بۆ کات شوێنێکی جیاواز لەگەڵ ئێستادا، گۆرستانەکانی هەولێر و خانووە لەخشت و قوڕ دروستکراوەکانی تەعجیل و قەڵات و... ، کە نەخشەسازی جولەکەکانی هەولێر بوون ، دیواری پڕ لەدەلاقە و ، زۆرلەدیوارەکانیش هێلانەی کۆتری تێدابوو، لەپشت کۆڵانی ئێمە گۆرستانێکی گەورەهەبوو، مزگەوت و مەزارێکی دێرینی تێدابوو، ماڵی حەمەشێتیش لەناوکوڵانەیەکی ئەو گۆڕستانە بوو، کەمێک دوورتریش لەو گۆرستانە وێستگەی ڤیتاری هەولێر هەبوو کە بە مەحەتە ناسرابوو، کەسەر رێگای گەرانەوەی مەکتەب بوو، بەتایبەتیش لەبەهاراندا خاکەکەی پڕدەبوو لەجۆرەها گوڵی جوان و رەنگاورەنگی وەگ حاجیلەبەیبوون و گولەمێلاقە و .... هەڵبەت ئەم دیمەنە جوانانە لەیادەوەری منداڵی مندا**

وەها تۆمارکراون ، وەک چیرۆکی فیلمێک بێ و کۆتایی نەیێ، بەگشتی ژیانی منداڵی منیش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵا زۆربەی منداڵانی دیکەی ئەو شارە نەبووە، من لەسەرەتای شەستەکان لەدایکێکی هەولێری و باوکێکی دەشتەکی، لەگەڕەکی هەژار نشینی تەعجیلی بناری قەڵاتی هەولێر لەدایک بووم ، دیارە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی کوردستان نالەبار بوو، ئەوسا بە حوکمی هەڵویستی سیاسی باوکم کە دەروێشی کوردایەتی بوو، هەمیشە هەواڵی شەڕو شۆڕو بۆ دەهێناین ووەکو ئەفسانە باسی پێشمەرگەی بۆ دەکردین ، منیش وەک منداڵێک هەستم بە ڕووداوە تراژیدیەکان دەکرد ، دوورخستنەوەی باوکم بۆ شاری دیوانیەی باشوری عیراق کە وەزیفەی قۆمیسەری پۆلیس بوو ، کە هەر دوای کودەتای1963ی بەعسییەکان، دوورخرایەوە، ماڵێک لەهەولێر وماڵێکی دیکەی لەشاری دیوانیە نیشتەجێ بوون ، ئەمانە هەموویان یادەوەریی تاڵی منداڵانەی من بوون، لەو سەردەمە بەحەسرەتی جووتێک پێڵاوو یان قاتێک جلی نوێ بووم کە لە ڕۆژی جەژندا وەک هەرمنداڵێکی دیکە لەبەری بکەم ، لەقۆناغی هەزەکاری و مێرمنداڵیشمدا، ڕێکەوتەکەی پاش ڕێککەوتنامەی جەزائیر ، ئەوساش بە هۆی ئەوەی باوکم و دوو برای دیکەم پێشمەرگەی ئەیلول بوون، ئەو ڕووداوە چاوەڕێ نەکراوە بۆ من تێکشکانێکی ڕۆحی لێ کەوتەوە، کە جارێکی پاش گەڕانەوەیان دووبارە ڕەوانەی باشوری عیراق کرانەوە، دیارە ئەوهەموو نالەباریانە بۆ من ، وایکرد کە تارادەیەک گۆشەگیربم ، ڕەنگە ئەوحاڵەتەش بەشێک بوویێت لەوهۆکارانەی کە من بەلای کتێبدا چووم ، هەر لەسەرەتاوەش کتێبخانەیەکی سادە کە هی برا گەورەکەم بوو خۆشبەختانە وایکرد لەنزیکەوە ببمە هاوڕێی کتێبخانەکەو بەزۆرترین کتیبەکان ئاشنا بم ، لەڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەکان بتوانم بۆشاییەک لەژیانم پڕکەمەوە، کە هەر لەتەمەنی سیانزدە چواردە ساڵییەوە ئاشنابووم بە چیرۆکنووس و شاعیرانی کورد دەیان کتێبی چیرۆک و شیعر بخوێنمەوە.

نووسەری نوێ: ئەگەر بێتەوە بیرت یەکەم کتێب کە خوێندتەوە، هی کام نووسەر بوو؟

فەرەیدوون سامان: پێم وایە شای قەرەجانی محرەم محەمەدەمین ، یان دیوانیکی گۆرانی شاعیر بوو. بتی شکاوی عەبدوڵا پەشێو ، ئەلمان کوردی دکتۆر مارف خەزنەدارو کۆمەڵە چیرۆکێکی محەمەد مەولود مەم بوو، بوڵام ڕێک نازانم سەدلەسەد یەکەم کتێب کامە بوو.

نووسەری نوێ: باشە یەکەم نووسین ئەگەر وەبیرتان بێتەوە...؟

فەرەیدوون سامان: چەند کۆپلە شیعرێکی سادە بوون و نایەتەوە بیرم... بەر لەساڵی هەشتاکان بوو، هەوڵی نووسینی شیعرم هەبوو ، دواتر لەقۆناغی خوێندنی دواناوەندی کە بەزۆریش خوێندنمان کرابووە عەرەبی ، ناچار هەوڵمدا بەجدی فێری زمانی عەرەبی بم و هەر لەو قۆناغەش ئارەززمەندانە بەخولیایەکی زۆرەوە هەوڵمدا فێری زمانی فارسی بم ، چەند سەرچاوەیەکم دەسکەوت وەک فەرهەنگی تەلائی دکتور محمد ئەلتونجی ، کاک کەریم سۆفیم ڕاسپارد لەبەغداوە بۆم بکرێ هەروەها چەند ڕۆمان وکورتە چیرۆکی فارسی ودیوانی شاعیران و پاش خوێندنەوەیان و چێژ لێوەرگرتنیان دواتریش هەستم کرد کە ئیدی من دەتوانم خوێنەرێکی باش بم و شیعری جوانیش بنووسم، دوای چەندین هەوڵی بەردەوام کە لێرەو لەوێ تەنانەت لەماڵەوەش بەتوندی دژایەتی دەکرام کە واز لە شیعر بهێنم ، بەو بیانووەی کە نابێ لەماڵێکدا دووبرا شاعیر بن ، ئیدی ئەوساش وەک ئێستا نە سەنتەری ڕۆشنبیری هەبوون ، نە بڵاوکراوەی کوردی وەک ڕۆژنامەو گۆڤار مەگەر ئەوەی هەبوو، دەگمەن بوون ، جگە لەهەفتەنامەی (هاوکاری) کەیەکەم بەرهەمی نووسین خۆم تێدا بڵاو کردەوە ، تەمەنم هەر پانزدە ساڵێک دەبوو ،دواتر گۆڤارەکانی وەک ڕۆشنبیری نوێ و بەیان و دواتر کاروان دەردەچوون، من وەک گەنجێکی خۆ بە شاعیرزان کاردانەوەی هەڵوێستێکی سیاسی و یاخیگەرانە هەبوو، بڕوام بەو بڵاوکراوانە نەبوو ، بۆیەش لەڕێی هەندێک برادەرەوە کە لەزانکۆی بەغدا خوێندکاربووین و لەڕێی پۆستە نهێنییەکانەوە لەبڵاوکراوەکانی شاخ کۆمەڵێک شیعرم لەگۆڤاری (بیری نوێ) بەناوی خوازراوی ( هەوراز) بڵاوکردەوە .

نووسەری نوێ: پەشیمان نیت لەبڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانە کە خۆت دانی پێدا دەنێی کەشیعری سیاسی و جەماوەری بوون ؟

فەرەیدوون سامان: بەڵێ وەک لایەنە هونەریەکە تارادەیەک پەشیمانم باشتروایە بڵێم شیعری ناهونەری بوون، چونکە بە فکرێکی سیاسیانە نووسرابوون و سەردەمەکەش ئەوەی دەخواست ، چونکە ئەگەر تۆ شیعرێکی هونەریت بنووسیبا خەڵک خوێنەران نووسینەکانی تۆیان ڕەتدەکردەوە هەبوو دەیگوت تۆ کەسێکی بۆرژوای، هەشبوو دەیگوت تۆ ئاگات لەئازاری گەلەکەت نییە و هەرخەریکی شیعری عاشقانەی، ئیدی هەرکەسەو بەجۆرێک پەرگال و ڕاستەی بۆ دادەنای کەدەبێ شیعر ئاوا بنووسرێ و ئاوا نەنووسرێ، بۆچوونەکان لەڕوانگەی ئیدۆلۆژی و سیاسی بوون نەک هونەری.

نووسەری نوێ: دوای چاپکردنی هەر کۆشیعرێک تۆی دەڵێ هەوڵ دەدەم شێوازێکی نوێ لەستایلی شیعرەکان بگرمە بەر، ئایا ئەو کردەیە چۆن ئەنجام دەدرێت؟

فەرەیدوون سامان: چاپکردنی هەر کتێبێک لەقۆناغێک بۆ قۆنایێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە باسم کرد لەقۆناغێکدا شیعری بەرگری وسیاسیم دەنووسی ، ئەم ستایلە لەنووسین پێویستی بە ڕەوانی و ڕاستەوخۆیی هەیە و کەمتر خۆی لەقەرەی وێنەو زمانێکی هونەری و سیمبۆل دەدات ، دوای ڕاپەڕین ئەو چەند دەقە شیعریانەم کۆکردەوە لەدووتوێی نامێلکەیەکدا بەناوی( هۆنراوە یاخییەکان) بڵاوم کردەوە، لەکۆڕێکدا ئەوجارەیان تێبینی خوێنەران و ئامادەبووان ئەوەبوو کە من شیعر بۆزاتی خۆم نانووسم ئیدی باوی شیعری جەماوەری نەماوە، بەڵام دواتر کە کۆشیعری (نزیکتر لەتۆ و دوورتر لەمەرگم) لەساڵی 1999 بە چاپ گەیاند، لەو ئەزموونەدا زێتر لەنێو زاتی خۆمدا قووڵ بوومەوە، تا ڕادەیەکیش

هەست بەو جیاوازیانە دەكرێت، چەندین وتارو لێكۆڵینەوەی بەپێزی رەخنەییشی لەسەر نووسرا، دواتر كۆ شیعری (پرم لەعیشی تۆ) بەچاپ گەیاند، لەساڵی 2006، بۆیە لای من ئاساییە ئەو ستایلەی پێی دەنووسم هەوڵ دەدەم، بەڕاستی جیاواز بێت لەگەل ستایلی شاعیرانی دیكە و لاسایی ئەزمونی هیچ شاعیرێكی دیكە نەبێت ، واتە دەبێت شاعیر ستایلی جیاوازی خۆی هەبێت و ئەگەرنا نەنووسێت باشترە.

نووسەری نوێ: لەكاتی شیعر نووسیندا جڵەوی شیعر بە دەست شاعیرەوەیە یان پێچەوانەكەی؟

فەرەیدوون سامان: كەم شیعر دەنووسم و كەمتریش بڵاودەكەمەوە، زۆر جار نوسینەكانم ڕادەستی نەستی خۆم دەكەم، لەسەر داوای كەس و بەرنامە و فیستیڤاڵەكان نانووسم، زۆر جار وەک تێبینیش دێڕێک و دوو دێڕ وەک بەهای ئیستاتیكی دەبێتە شیعرێكی بەرهەم هێنراو، بەڵام پێم وایە بۆ نووسینی شیعر حالەتەكان جیاوازن لەگەڵ وتاری سیاسی و نووسینی دیكە، پیرۆزی شیعر لەوەدایە كە زۆر لەنەستی نەک هزری شاعیرەكە خۆی دێتە بەرهەم، بۆیە من وای دەبینم كە دەبێ تەسلیمی بم.

نووسەری نوێ: دوای چاپ و بڵاوكردنەوەی هەر كتێبێكت لەڕووی ماددییەوە تا چەند سوود مەند بوویت؟

فەرەیدوون سامان: هەڵبەت نەک هەر سوود مەند نەبوومە، بەڵكو زەرەرمەندبووم ، وەلێ لەڕووی مەعنەوییەوە هەر بۆ نووسەر قازانجە، لەو چەند ساڵانەی دوایی چاپەمەنی زۆربووە، ئیدی لەناو حەشاماتی ئەو هەموو كتێبە جۆراوجۆرە، كتێبی باش بزر بووە، بەڕاستی خەڵكی ئێمەش بە نووسەران و ئەدیبان و شاعیرانیشەوە، تا كتێبیان پێشكەش بكرێت نایكڕن، داتر دەزگاكانی چاپەمەنی وەكو پێویست پاداشت نادەن بە نووسەر، ئەوەش پێشێلكارییە لەرووی یاساییەوە، ئەگەر دەشی دەن شتێک نییە ببێتە هۆی چاپكردنی بەرهەمێكی دیكە، بۆنموونە من ئەو هەموو كتێبەم چاپكردووە، زۆریم بە خۆڕایی بەسەر هاوڕێیان و كتێبخانە حكومییەكان دابەشكردووە، بەڵام كەس ئامادەنییە بڵێ من 50 دانە لەسەر ئەركی خۆم دەكڕمەوە، ئەوەمانای ئەوەنییە، كە ئێمە نرخێكی كەم بۆ كتێب دادەنێین یان كتێبەكە بێ بەهایە، لەوڵاتی ئێمە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وتەنانەت توركیاو ئێران و ئەورووپاش كتێب هەرزانە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە كە هیچ كام لەپیشانگای كتێبەكانكە ساڵانە لەهەولێر دەكرێنەوە لە50 بۆ 100 دۆلار كەمتر نییە وە هەیانە زیاتریشە، كەچی لێرە بە 1000تا 2000 دینارێكە.

نووسەری نوێ: لەو پەراوێزە ئازادییەدا كەمی خوێنەر بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- فەرەیدوون سامان: دەبێ دان بەوەدا بنێین كەهێشتا كۆمەڵگەی كوردی نەریتییەو مۆدێرن نییە ، وەكو بەر لە ڕاپەڕین مخابن تاكەكانی خەونی جوان نابینن و ئیدی مرۆڤیش كە خەونی نەبینی پێموایە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو لێوارەكانی مەلاگ دەروات ، هەڵبەت ئاماژە بۆئەوەش دەكەم ئەوانەی دەشخوێننەوە جدی نین، چونكە خوێنەری جدی ئەوەیە وەک ئاركۆلۆژیک دەبێ بەدوای كتێبی باش بگەڕێ، كتێب زۆرە و خوێنەر كەمە، ئەوەش قەیرانیكی بەرفراونە ، دیارە تائەندازەیەكیش بوونی سەتەلایت و ئەنتەرنێت هۆكارێكی دیكەیە،

نووسەری نوێ: پێداویستی مرۆڤ چییە كە دەبێ شیعر لەپێناویدا هەبێ؟

فەرەیدوون سامان: هەڵبەت پێداویستییەكانی مرۆڤ زۆرن لەكات و شوێنی جودان، ئەو شاعیرانەی لە شاخ یان ئاوارەیی وتاراوگە دەژین سۆزی یارو دیارو نیشتیمان بە پێویست دەزانن بۆ داهێنانی شیعرەكانیان، شاعیر بۆ ناخی خۆی قووڵ دەبێتەوە، ئینجا ژیان و رەهەندە فەلسەفییەكانی كاریگەری خۆیان هەیە بو نووسینی شیعرو تێخوێندنەوەی شیعر لە شاعیرێكەوە بۆ یەكێكی دیكە ،

نووسەری نوێ: ئەو كەرەستە شیعرییانە چین كە مرۆڤ تێر دەكەن؟

فەرەیدوون سامان: كەرەستە شیعرییەكان زۆرن وەلێ ئەمن تا ڕادەیەک خوێنەری كوردە بە تەمبەڵ دەزانم، ، من ماوەیەک لەئێران ژیام هەستم كرد كە مرۆڤی سەر شەقام ئاگای لەشیعرەكانی سەعدی و حافز وخەیام و .... هەیە، داخەكەم لەگەڵ ئەوەشدا كورد لەسامانی فەرهەنگی شیعریدا بە حساب دەوڵەمەندە، بەڵام شیعر نەبۆتە پێداویستییەكی جەماوەری و باسی كێشەكانی بوون و نەبوون و ژیان و مردن بكات، من ئامۆژگاری خوێنەران ناكەم ، بەڵام خوێنەری كورد تەنانەت رۆشنبیری كورد ئێستاكە تاقەتی خوێندنەوەی شیعری نییە و بەدوای كەرستەكانی ناگەڕێ .

نووسەری نوێ: شیعر پەیامێكی تایبەتە یان گشتگیرە؟

فەرەیدوون سامان: هەر دەقێكی ئەدەبی ، بۆ خوێنەری نوخبە یە و بۆ جەماوەرنییە، شیعر هەیە بۆ جەماوەردەنووسرێ وەک شیعری میللی و شیعری سیاسی و بەرگری كە پەیامێكی ئاراستە بۆ كراوی هەیە بۆ خەڵک.

نووسەری نوێ: زمانی شیعر چۆن بێ بۆئەوەی لەگەڵ خوێنەرەكەی تووشی گرفت نەبێ؟

- نووسینی هەر دەقێكی شیعری، گەرەكە زمانێكی هونەری باڵاو ناڕاستەوخۆبێ ، چونكە كە بووە زمانی باو و ڕاستەوخۆ ئەوا دەبێتە شیعرێكی سادە و ناهونەری ، بەڵام شیعری داهێنراو كۆمەڵێک تایبەتمەندی هونەری تێدایە ، بۆ نمونە بەگەر خستنی ڕەمز و وێنەی هونەری ، بوونی توخم و بەهای ئێستاتیكای شیعر، یان گەمەی زمانەوانی ، ئەوانە هەمووی پێداویستی شیعری نوێن، كە ئەوانە كەمتر لەشیعری سیاسی و جەماوەری بەدی دەكرێن .

نووسەری نوێ: ئەو هۆكارانەی شیعر لەپەل و پۆ دەخەنە چین؟

**فەرەیدوون سامان:** چەند دیاردەیەکی نامۆ هەیە لەناو ئەدەبیاتی کوردی ، وەک بەرجەستە نەبوونی رەخنەی ئەکادیمی و ( بە پێکەنینەوە... جێم کە رێت کەم...)یان ئەو گەنجانەی کەم ئەزموونن لەنووسینی شیعر بێ ئەوەی بزانن بێکەس و پەشێو و پەرۆش کێن دێن دیوانێک چاپ دەکەن و کۆمەڵێک قسەی گەورە و زەبەلاح دەنووسن، ئینجا بەناوی شیعری تازە و داهێنەرانە، دەڵێت من داهێنان دەکەم و ڕەمزم هەیە و ستایلی خۆم هەیە،دوا جار شاعیری داهێنەر ئەو شاعیرەیەیە کە باکگراوەندێکی قوڵی هەبێ، بۆنموونە ئاگای لەمێژووی میللەتەکەی خۆی بێ، ئاگای لەکەلەپوور هەبێ وەک حکایەت و داستان، بە بێ ئەوانە ناتوانی شیعرێکی باش بەرهەم بێنی، ئینجا تۆ دەبێ ڕۆشنبیرییەکی باشت لەئەدەبیاتی گەلان هەبێ، بۆ نمونە کورد نزیکە لەعەرەب و فارس و تورک، جگە لەوە لەڕێگەی تەرجەمەوە دەبێ ئاگامان لەئەدەبیاتی بێگانان بێ.

**نووسەری نوێ:** شیعر و بیرکردنەوەی شاعیر دنیایەکی ترن، لەوێ سێو تامێکی تری هەیە، ئەو دونیا جیاوازە چییە، ئەگەر شیعرمان نەهێشت مرۆڤ چی زەرەرە؟

**فەرەیدوون سامان:** چونکە شاعیر مرۆڤێکە وگشت خەسڵەتەکانی مرۆڤبوونی خۆی هەیە ، شاعیر مرۆڤێکی هەست ناسک و حەساسە ، بۆیە ئاساییە کە شیعرێک دەنووسێ باس لەخەون و هەستی خۆی دەکات ، وەک چۆن خەڵکی شاعیر و هونەرمەندی مۆزیکی و سینەمایی و شانۆیی باشیان هەیە ، با ئێمەش ئەوانەمان هەبێ، وبیکەین بەسەرمایەو سیمبۆلینەتەوەیی خۆمان ، وەلێ مخابن وانییە ، ئێستاش هەندێک کەس هەن پێیان وایە کە باوی شیعر نەما وگوایە دونیا ن دونیای تەکنۆلۆژیایە، ، هەر چەندە کۆمەڵگە پێشکەوێت، دواجار شیعر دەمێنێت، چونکە شیعر گوزارشتە لەدەربرینی هەستەکانی مرۆڤ وشرۆڤەی خەونە جوانەکانی مرۆڤن ، وەک خەونی ئازادی ، خەونی یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی هتد...مخابن ئەورۆ کۆمەڵێک کتێب لەبازاردا هەن بەناوی شیعر بڵاوکراونەتەوە کە هیچ مەرجێکی هونەری شیعری تێدا نییە، لەبازار دەفرۆشێت، رەنگە ئەوە هۆیەک بێ کە خەڵک ڕقی لەشیعری بێتەوە.

**نووسەری نوێ:** شیعر ئاسوودەییت پێدەبەخشێ ، بێ ئەوەی کە کێشەت بۆ چارەسەر بکات ؟

**فەرەیدوون سامان:** هەندێک لەزانایانی دەروونناسی و سایکۆلۆژیان دەڵێن مۆزیک باشترین دەرمانە، ژەنینی ئاوازێکی مۆزیکی ئەو کەسانە چارەسەر دەکات کە نەخۆشی دەروونیان هەیە یان نەخۆشی جەستەییان هەیە و لەماڵەوە کەوتون یان لەنەخۆشخانەکانن، بەڵام هەندێک لەسۆسیۆلۆژییستەکان، لەئەنجامی کۆمەڵێک ئەزموونی پراکتیکی لەنەخۆشخانەکان وبەتایبەت لەناو گەنجان یان ئەو خێزانانەی کە کێشەیان هەبوو وەک تاقیکردنەوە کۆمەڵێک دەقی شیعرییان بۆخوێندەنەوە بە دەنگ و میلۆدێکی مۆزیکی ئەو شیعرانە زۆر کاریگەریان هەبوو لەسەر چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی کە گرفتاری کێشەی کۆمەڵایەتین، کەواتە شیعر ئاسوودەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

**نووسەری نوێ:** سروشت کاریگەری بەسەرداهێنانی شیعرەوە هەیە؟

**فەرەیدوون سامان:** بەڵێ کاریگەری زۆری بەسەرئەفراندنی شیعرهەیە، چونکە توخمەکانی سروشت ڕەگەزێکی زۆر گرنگن بۆ ئەدەب و هونەر، دەریاو تاڤگەی ئاو ولوتکەوبناری شاخ ولم و گەردەلولی بیابان........ هەموویان کاریگەرییان بەسەر شاعیرانی ناوچەکانی خۆیانەوە هەیە، ئەوە ئیستاتیکای شوێنە، جیاوازی شوێن کە هەموو مێرگی گوڵ و گوڵزاربێ بەبەراورد لەگەڵ شوێنی وا کە لەنێوان چوار دیواردا بێت و هیچ ئیلهامت پێ نەبەخشێ،

**نووسەری نوێ:** هەولێر لەقۆناغبڕی شیعردا بە کوێ گەیشتووە؟

**فەرەیدوون سامان:** لەسەرەتای شەستەکان و بەر لەو ساڵانەش، لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیری وەکو پیرباڵ مەحمود و عەبدوڵڵا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و سەعدوڵڵا پەرۆش و و چەندانێکی دیکە، دواتر لەحەفتاکان کۆمەڵێک شاعیری وەک عەباس عەبدوڵڵا یوسف و ونەوزاد رەفعەت و مەوجود سامان و کەریم دەشتی و هاشم سەراج و دڵشاد عەبدوڵڵاو جەلال بەرزنجی و دواتر شەپۆلێکی دیکە دێت کە منیش یەکێکم لەوان بەڵامدرەنگتر خۆم بەخوێنەران ناساند... بەهەرحاڵ بزاڤێکی شیعری لەهەولێر سەریهەڵدا کە دەتوانم بڵێم هەولێر وەک قوتابخانەیەکی شیعری وایە کەپێشتر عەباس عەبدوڵڵا یوسفی شاعیر ئاماژەی بۆکردبوو هەیە، ئەویش لەسەر دەستی ئەو شاعیرە پڕ بەرهەمانە کە لەسەر ئاستی کوردستاندا ناسراون، پێویستیش بەوە ناکات ناوی هەموویان بێنم بۆئەوەی نەبێت مەسەلەی ستایش و ستایشکاری، بەڵام ئەزموونی شیعری نوێی کوردی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە لەشاری هەولێر زۆر دەوڵەمەندە.

**نووسەری نوێ:** کارکردنت لەبواری رۆژنامەوانی بەتایبەتیش ئەزمونی گۆڤاری کاروان و هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی تا چەند پەیوەندیتی لەگەڵ شاعیران و نووسەران بەرفراوان کردووە؟

**فەرەیدوون سامان:** ڕاستیەکەی من هەر لەساڵی 1998ەوە لەگۆڤاری کاروان کاردەکەم ، کاروان مانگنامەیەکی ڕۆشنبیریی ئەدەبی هونەرییە، زیاتریش بایەخ بەوتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدات، بۆیە لەڕێگەی ئەو گۆڤارەوە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ ئەدیبان و نووسەران لەهەموو شارەکان و پارچەکانی کوردستان دروست کردووە، ئەو پردەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بێ جیاوازی ڕێز لەشاعیران و نووسەرانی کورد بگرین.

## ئەفراندنی  شیعر پەیوەندیی  ئۆرگانیکی بە جیهانبینی و خەیاڵی شاعیرەوە هەیە

* دیمانەی  رەسوڵ سوڵتانی   لە پاشکۆی رووبەری داهێنانی هەفتەنامەی رووبەر بڵاوبۆتەوە

فەرەیدوون سامانی شاعیر ساڵانێکە لەگەڵ هەنیسکی شیعرا دەژی و بەدەم خەمی وشەوە دەتلێتەوە و روانینەکانی بڕیوەتە ئاسۆی دوورەدەستی هۆنراوە و دەیەوێ لە گێژەڵووکە و تەپوتۆزی سەردەمدا رێچکەیەک بۆخۆی بکاتەوە، رێچکەیەکی ئەوتۆ کە لە داهاتوودا رێبوارانێک شوێن پێی هەڵگرن و رێیان لێ هەتڵە نەبێت. رەنگبێ داوەریکردن لەسەر ئاستی سەرکەوتنی ئەو شاعیرە لێرەدا و لە لایەن منەوە مانای دیکەی لێ وەربگیردرێت بۆیە ئەوەیان هەم بە خوێنەرانی شیعر و هۆزانی فەرەیدوون سامان لە ئێستادا و هەمیش بە نەوەی داهاتووی دەسپێرم. چونکە زەمەن هێڵەگێکی بەدەستەوەیە و تەنیا رەسەنەکان دەگەیێنێتە داهاتوو. زەمەن شەپۆلێکە و ئەوەی مەلەوان نەبێت بواری نادات و هەر لە تەنکایییەکاندا ئاسەواری لێ نامێنێتەوە، بەڵام ئەوەی توانیوێتی بەناخی بووندا رۆ بچێت، ئەوا بای باڵان دەدات و گێژەنان هەنگاوی پێ شل ناکەن و هەوراز بڕستی لێ نابڕن و بەو شێوەیە سنوورەکانی زەمەن دەبڕێت و "نالی"یانە بەنەمری دەمێنێتەوە.

فەرەیدوون سامان جگە لە هۆنینەوەی شیعر لە بواری رەخنەی ئەدەبیشدا چالاکە و رۆژانە لە گۆڤار و گۆشەی رۆژنامەکانی کوردستاندا شوێن قەڵەمی ئەو شاعیرە بەدی دەکرێت.ئەو دیمانەیە باشتر فەرەیدوون سامان و بیر و بۆچوونەکانی بە ئێوەی خوێنەر دەناسێنێت.

رووبەری داهێنان: پەشێوی شاعیر دەڵێ: شیعر وەک شۆخێکی دوو دڵ وایە، یان بەدەگمەن دێتە ژوانم یان هەر نایە، حەز دەکەین بزانین ژوانی فەرەیدون سامان و شیعر چۆنە؟

فەرەیدوون سامان : لە راستیدا لە دۆخە زۆر تایبەتەکانی نووسینی شیعردا کە پەیوەندیی بە رەوشە دەروونی و رۆحییەکەی شاعیرەوە هەیە، ئەوە نییە کە تۆ وەک عاشقێک شوێن و کات بۆ شۆخە خۆشەویستەکەت ( کە شیعرە) دیار بکەیت، یان بەمەبەست بەرنامەیەکی بۆ دابرێژی و بڵێی دەمەوێ  رۆژانە یان شەوانە لە کاتێکی دیارکراودا ژوانێک لەگەڵ خانمی شیعردا دەگرم و گەرەکمە لەباوەشی خەیاڵ و ئەندێشەکانیدا  بخەوم . پێموایە نووسینی شیعر پەیوەندییەکی  ئۆرگانیکی بەو رەوشە رۆحی و دەروونیەی شاعیرەوە هەیە، کە سەرەنجام تەحەکوم بەسەر جیهانبینی و خەیاڵی شاعیردا دەکات،  دواجار شیعرێک بەرهەم بێنی زادەی هزرو هەست و رۆحی خۆی بێت ،  راستە بۆ شاعیر پێویستە  وەک باگکراوەندێکی رۆشنبیری کە بەرەنجامی خوێندنەوەی دەیان دەقی  دیوانی شاعیرانە، جا چ شیعری نوێ یان کلاسیک، شیعری کوردی  یان بیانی ، بەڵام لەساتەوەختێکیشدا کە جیهان پڕبووە لە رووداو و کارەسات و سەدان وێنەی تراژیدی بەبەرچاوتدا دێن و دەڕۆن،  تۆی شاعیر سروشی شیعرێکت بۆ دێ و هەست و ناخت دەورووژێنێت و لەو رەوشەدا تەنیا ئەرکی تۆی شاعیر ئەوەندەیە  تێکستەکە لە وێنەیەکی خەیاڵیەوە بۆ سەر وشەکان بگوازیتەوە ، واتە لەسەر تابلۆی ناخەوە دەیگوازێتەوە سەر پەڕەی کاغەز، لەزمانە باوە سادەکەوە دەیکەیتە دەربڕینێکی هونەری ، دیارە من لەچەند وێستگەیەکی نووسینی شیعردا ئەزموونێکم  هەیە، رەنگە لەساڵێکدا دەقێکی شیعری یان دوو  دەقی شیعری بنووسم. هەڵبەت ئەمەش پەیوەندی بە کورتی و درێژیی شیعرەکەوە نییە کە بڵێم ئەوە چامەیەکە، یان کۆپڵەیەکە یان وێنەیەکە، گرنگ دەقێکی شیعرێک  بەرهەم دێنم وەک جگەرگۆشەی خۆم مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم . بۆیە هەرگیز نامەوێ  لەژوانی شیعردا بتۆرێم و نەبادا بەها رۆحی و ئیستاتیەکان  لەدەست بدەم .

رووبەری داهێنان: ئەو فاکتەرانەی کورتی و درێژیی شیعر دیاردەکەن چیین؟

- فەرەیدوون سامان: ئەو فاکتەرانەش  هەر پەیوەندییان  بە دونیابینی و خەیاڵگەی شاعیرەوە هەیە. بەو شتانەی دەوروبەرەوە کە هەستی شاعیر دەورووژێنن. راستە شاعیر پێویستیی بە باکگراوەندێکی هزری و فەلسەفی و مێژوویی هەیە، واتە دەبێ شاعیر جگە لەوەی ئاگایی لە کەلەپووری نەتەوەکەی  خۆی بێت ، گەرەکە ئاگای لەدونیای دەرەوە وشارستانیەت و مێژوو و ئەدەب و هونەری  گەلانیش بێت، تا لە نووسینی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەتایبەتیش  لە شیعرێکی ئەفرێنراودا ئەم رۆشنبیرییە فەلسەفییە رەنگ بداتەوە، بۆیە بەرای من  وێڕای ئەنبارە فیکری و کولتورییەکە لایەنی سایکۆلۆژی شاعیر گرینگە ، کە چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ وشەوە وێنە شیعرییەکاندا دەکات  تەنانەت بۆ نووسینی دەقێکی شانۆیی یان رۆمانیش پێموایە هەروادەبێ ،چونکە لەدەقی شیعریدا  شاعیر دەبێ وێنە و کۆپڵە شیعرییەکان  چڕ بکاتەوە. وەک چۆن زێڕینگەر مامەڵەیەکی  هونەریی لەگەڵ خۆڵی  زێڕدا دەکات و هونەرمەندانە دایدەڕێژێ و سەرەنجام ملوانکەیەک یان بازنێکی  جوان و گرانبەهای لێ دەردەچێ ، شیعریش ئاوایە دەبێ شاعیر  بزانێ  چۆن مامەڵەیەکی فەنتازی لەگەڵ وێنە، خەیاڵ، رەمز، زمانە هونەرییەکە بکات، چۆن  بەهای ئێستاتیکیی ئەو شیعرە دەپارێزێ. ئەگینا دەقێکی خراپی لێ دەردەچێ. راستە  ئەمڕۆ بە دەیان دەق بەناوی  شیعری و کتێبی شیعر

له کتێبخانەکانی کوردستاندا هەن، بەڵام بە راستی بە هەموویان ناگوترێ شیعری هونەری ... لەوەش خۆشتر هەیانە بانگەشەی کۆمیدیایی بۆخۆیان دەکەن و بەخۆیان دەڵێن (داهێنەر ، نوێخواز، قوتابخانەو نازانم چی و چی ... بۆدەقی شیعرێک کە خەسڵەت ومەرجە هونەرییەکانی تێدابێت و ئەفرێنراوی خەیاڵگەی شاعیرەکە خۆی بێت ، مەگەر هەوڵی چەند دانە شاعێریکی باش نەبێت کە بەبەرهەمە جوانەکانیان لای هەموومان ناسراون ئیدی بە دەگمەنیش نەبێت لەو فەوزایەی ئەوڕۆی نێوەندی ئەدەبی کوردی کە هەر یارۆیە بانگەشەی داهێنانی شیعری دەکات لەبەردەم کامیراکاندا فرمێسک هەڵدەرێژێ و وەک بەدبەختێک خۆی بەخەڵک دەناسێنێتەوە.

رووبەری داهێنان: رەخنەی ئەدەبیی کوردی چەندەی ئاوڕ لە شیعر داوەتەوە و چەندە یارمەتیدەر بووە بۆ دەرخستنی ئەو لایە هونەرییانەی دەقی شیعری کوردی ؟

- فەرەیدوون سامان: دیارە دەمێکە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی هەیە لە سەر ئاستی رەخنەی ئاکادیمی لە زانکۆکانی کوردستاندا ، سەرباری تێبینیەکان ، زۆر و کەم باش و خەراپ هەوڵێکی باش بووە بۆ خزمەتکردنی هەندێک لە شاعیرانی کۆن و نوێ وهەروەها رەخنەی رۆژنامەوانیش هەیە کە بنەمایەکی زانستی نییە وزێتر دەچێتە خانەی پەیوەندییە کەسێتیەکان ، هەندێ نووسینی رەخنەییش هەیە لەسەر ئاستی ناوچەگەری دایە وەک نووسەرانی دەڤەری بادینان سەبارەت بە نەشارەزاییان لە شێوەزاری سۆرانی دێن تەنها لەسەر شاعیرە بادینییەکان دەنووسن رەنگە ئەمە بۆ رەخنەگرانی لای ئێمەش هەرراست بێ کە جگە لەشێوەزارەکەی خۆی کە هی ناوچەی سلێمانییە وێرا ناگات لەسەرشاعیری ناوچەیەکی دیکە بنووسێت ، مەزاجین ، هێشتا رەخنەگرانی ئێمە بێلایەنانە لایان لە دەقی شیعریی داهێنراو نەکردۆتەوە. ئەگەر هەشبێ زۆر دەگمەنە.

رووبەری داهێنان : تۆ کەسێکیت کە هەم کۆپلە شیعری کورت دەنووسیت و هەمیش قەسیدەی درێژ، ئەم کورتی و درێژییە چەندە پەیوەندیی بە پشوودرێژیی شاعیر و زاڵبوونی شاعیر هەیە بەسەر زماندا؟

- فەرەیدوون سامان: ئەمە پەیوەندیی بە ئاستی رۆشنبیری و ئەزموونی ئەو شاعیرەوە هەیە بۆ خوێندنەوەی ئەزموونی شاعیرانی دیکە. واتە ئەو شاعیرانەی کە زمانی دیکە دەزانن، وەک زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی ، بە راستی زێد و سەرچاوەی دنیای رەسەنی شیعر رۆژهەڵاتە. دیارە پشوودرێژیی شاعیر لەوەدا دەردەکەوێ کە خاوەنی باکگراوەندێکی رۆشنبیریی شیعرییە . ئەگینا ئەو شاعیرانەی کە جگە لە زمانی خۆیان و زاراوەی ناوچەکەی خۆیان زمانێکی دیکە نازانن و ئاگایان لە ئەزموونی گەلانی دیکە نییە و ئاگایان لە ئەزموونی شاعیرانی کلاسیک نییە، بڕوا ناکەم بتوانن لە شیعرێکی هاوچەرخ و نوێخوازیشدا بەسانایی حاڵی بن و لە نووسینی شیعرێکدا یان لە نووسینی چامەیەکدا پشوودرێژ بن. تەنانەت داهێنەریش نابن.

رووبەری داهێنان: تۆ باس لەوە دەکەیت شاعیر دەبێ ئاگای لە ئەزموونی شیعری گەلان هەبێت، ئەوەش دەمانباتەوە سەر تیۆرییەکەی باختین، کە باوەڕی بە نێوان دەقێتی هەیە، و پێیوایە دەقی سەربەخۆ نییە و هەمووی بە چەندین سەرەداوەوە بە دەقەکانی بەر لەخۆیانەوە گرێ دراونەتەوە؟

- فەرەیدوون سامان: بێ گومان باوەڕم بەو تیۆرە هەیە ، بەڵام دیسانیش بۆ شاعیری داهێنەر ئەوە گرینگە کە چۆن خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆی لە شیعرەکەیدا بەرجەستە بکات و مۆرکی خۆی لە شیعرەکە بدات. ئێمە ناتوانین بڵێین لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی بەر لە خۆماندا نین، بەڵام کاریگەری و تەئسیر شتێکە و کۆپی کردن شتێکی دیکەیە کە هەندێ لە مامۆستاو بەناو شاعیری کورد دەیکەن دێن دەقێک دەدزن و سەروپۆتەڵاکی دەشکێنن دواتر کە کەشفدەبن دەڵێن نا ئەمە تەناسە دزین نییە و دیارە داهێنان چەمکێکی دیکە ی هەیە. بەڵام گرینگە تۆ بزانیت تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەو شاعیرە چین. کام دەق دەبێتە ناسنامەی داهێنانی ئەو شاعیرە.

رووبەری داهێنان: چەمکێک کە بەڕای من دیارترین رەگەزی نێوان دەقێتیی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانە، چەمکی عیشق و پەژارەیە، لە شیعرەکانی تۆشدا زۆر دێنە بەرچاون ئەو دوو چەمکە بە درێژایی مێژووی ئەدەب بەردەوام دەگوترێنەوە و دادەرێژرێنەوە، تۆ چۆن دەڕوانیتە چەمیکی عیشق لە شیعردا؟

- فەرەیدوون سامان: لەپێناو ئەوەی ژیان بە ئاسودەیی و بە جوانی بەردەوام بێ و بۆ مرۆڤ بە گشتی و شاعیر بە تایبەتی پێویستە عاشق بێ. چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەو مرۆڤە خۆی دەبێتە گیانەوەرێکی دڕندەی بێ هەست و نەست . یان دەبێتە مرۆڤێک کە رەشبینانە لە ژیان بڕوانێت. دواجار ببێتە هۆکاری خۆکوشتن یان کوشتنی ئەوانی دیکە ن بۆیە چەمکی عیشق بۆ مرۆڤی شاعیرو هونەرمەند نەک هەر دەبێ پیرۆز بێ ، بەڵکو پێویستە بیکاتە پەیام و فەلسەفەی خۆی ، چونکە مرۆڤ هەرچەندە بژی ، بەڵام لەچاو مێژووی سروشتدا کەم تەمەنە و زوو ماڵاوایی دەکات ، بۆیە عیشق هۆیەکە بۆ بەردەوامبوونی مرۆڤ لە داهێنان و خوڵقاندندا. ئەمن پێموایە ئەگەر شاعیرێک، موزیکژەنێک، پەیکەرتاشێک ، نیگارکێشێک ، ئەگەر وەک مرۆڤێکی عاشق لە ژیانی رۆژانەیدا پراکتیزەی عیشق نەکات ، جا ئەو عیشقە چ لەگەڵ ئافرەتێکدا بێت یان سرووشت یان نیشتیمان ، ئیدی نازانم چۆن دەژێت ،

رووبەری داهێنان: واتە جەنابت، عیشق بە هەموو رەهەندەکانییەوە بە سەرچاوەیەکی ئیلهامدەر دەناسیت بۆ شیعرو داهێنان؟

- فەرەیدوون سامان: بێ گومان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی داهێنانی دەزانم ...

رووبەری داهێنان: شیعر لە نێوان ئیلهام و ئەفراندندا، لە نێوان ئیلهامێکی شاعیرانە و دروستکردنێکی زانیستیانەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**- فەرەیدوون سامان: لەرووی دەروونی و رۆحییەوە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ئەفراندنی شیعر ئیلهامە. بەڵام شیعر پێویستی بە کۆمەڵێک رەگەزی دیکەی داهێنان هەیە، وەک خوێندنەوەی ئەزموونی شاعیرانی دیکە، چ رابردووان و چ شاعیرانی سەردەمی خۆی، ئەوجا تۆ ناکرێ لە خوێندنەوەی دەقی شیعریدا بە دوای داهێنانی شاعیرانەی خۆتا بگەڕێیت، تۆ پێویستە لە هونەرەکانی دیکە بگەیت، بۆ وێنە تۆ تا چەند چێژ لە تابلۆیەکی هونەری وەردەگری؟ چێژ لە بیستنی پارچەیەک موسیقا وەردەگری؟ ئەوانە گرینگن بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت دەقێکی شیعریی جوان بەرهەم بێنیت. دەکرێ ئێمە قسە لەسەر داهێنانی شیعرێک بکەین ، چەندان مەرج و خەسڵەتی هونەری هەیە کە دەبێ لە شیعرێکدا بەرجەستە بووبن،**

**رەسوڵ سوڵتانی: ئەو خەسڵەتانەی لەدەقێکی شیعریدا دەتوانین وەکوو داهێنان لەگەڵیدا بەرەو ڕوو بینەوە، بۆ وێنە ئەگەر دوو دەقی شیعریت بدەنێ چۆن بەبێ پێناسەکردن دەتوانیت خەسڵەتی داهێنان لەو شیعرانەدا دیار بکەیت؟**

**فەرەیدوون سامان: خەسڵەتەکان زۆرن وەک وێنەی شیعری ، بەگەڕخستنی سیمبۆل ، زمانە هونەرییەکە کە داهێنانی شاعیرێک لە شاعیرێکی دیکە جیا دەکاتەوە، لایەنی هونەریی زمانە شیعرییەکەیە کە دەبێ زمانێکی هونەریی و ناباو بێت، زمانێک نەبێ کە شاعیران هەموو وەک یەک پێی بنووسن و کۆپیی یەکتر بن، تۆ ئەگەر بێت و بە ستایلی عەباس عەبدوڵلا و ئەنوەر مەسفی یان هاشم سەراج بنووسیت یان هەر شاعیرێکی دیکە، ئیدی داهێنانەکەی تۆ لەکوێدایە، ئەمە لەرووی زمانەوە، وەک ئەزموونیش تۆ دەبێ زمانێکی هونەریی تایبەت بە خۆتت هەبێ، کە کۆدی نهێنیی تایبەتی لەو زمانەشیعرییەدا هەیە، هەروەها لەرووی تەکنیکی نووسینی شیعرەکەیشەوە کە لایەنی هونەریی و بیناسازی شیعرەکەیە، ئەوەشیان دەبێ جیاواز بێ لە ئەزموونی تەکنیکی شاعیرانی دیکە،دیسان بۆ وێنە ئەگەر ئێمە بیگەڕێینەوە سەر ئەزموونی شاعیرانی بیانیش وەک سۆهرابی سپێهری یان ئەدۆنیس و ئیلیەت بنووسین، لەهەمانکاتیشدا بانگەشە بۆ داهێنان بکەین کە لەو بوارەشدا زۆرلە شاعیرانی ئێمە بە جاردانی مانفیستی شیعری بانگەشەیان بۆ کرد بەڵام دواجار جگە لە وشە ڕێزکردن شتێکی دیکە نەبوو، داهێنانێکی جیاواز لە هی ئەوانی تر بە قسەی زل و ڕێکلام وپڕۆپاگەندە نابێ . بەڵکو بەو خەسڵەتانە دەبێ کەلەشیعرێکی هونەریدا بەرجەستە دەبن ، گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە چەندە بەهای ئێستاتیکی لەدەقە شیعرییەکە دایە، هەروەها ئەو لایەنە دراماتیکییانەی کە تۆ لە شیعردا بەکاریان دێنی، مەسەلەی جێگۆرکێ نێوان کات و شوێنە. مەسەلەی ئاستی رۆشنبیری شاعیرە کە تۆ شیعرێکی دەخوێنیتەوە دەزانیت ئەو شاعیرە چەندە ئاگای لەدنیای ناوەو دەرەوەی خۆی و وڵاتەکەی و جیهان هەیە.**

**رەسوڵ سوڵتانی: باسی گرینگیی زمانی هونەری شیعریت کرد، لێرەوە با بزانین لە روانگەی تۆوە، زمان لە شیعردا چ جیاوازییەکی هەیە لەو زمانەی کە بۆ نووسینی دەقەکانی دیکەی وەکو رۆمان و چیرۆک و ژانرەکانی دیکە بەکار دەبردرێ؟**

**فەرەیدوون سامان: زمانی هونەری بریتییە لەو داهێنانە ئەدەبییەی کە لە دەقێکدا بەرجەستە دەبن. بەڵام تۆ لەوتارێکی سیاسیدا دەکرێ راستەوخۆ مەبەستی خۆت دەربڕیت و پێوسیتیت بە دەربڕینێکی هونەری نەبێت . بەڵام لە وتارێکی کۆمەڵایەتی یان وتارێکی سیاسیدا کەباسی بابەتێک دەکەیت وەک خۆی چۆنە ئاوای باس دەکەیت بەڵام ئەگەر بە زمانی هونەری باسی بکەیت،ئەوا دەقەکە دەبێت بە دەقێکی فانتازی وێنای بکەیت.**

**رەسوڵ سوڵتانی: واتە زمان بارگاوی دەکەیت بە واتای زۆر و لە زمانێکی تاکڕەهەندییەوە دەیکەیتە فرەڕەهەند؟**

**- فەرەیدوون سامان: بەڵێ نووسینەکە بە چەمکی زۆر بارگاویی دەکەیت ، بەهایەکی ئیستاتیکای پێدەبەخشی ، ئەوەشە جیاوازیی نێوان دەقێکی ئەدەبی و نائەدەبی. زمان لە شیعردا چڕ دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی کە تۆ دەتوانی لەوشەیەکدا یان لەکۆپلەیەکدا مەسەلەیەکی گەورەو بەربڵاو بدرکێنێت و بوروژێنیت. لەحاڵێکدا لە رۆماندا پانتاییەکی بەرفرەوان و هەراوت لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی باسی شتەکان بکەیت. بۆ ئەوەی باس لەمێژوویەک بکەی، باس لە رووداوێک بکەیت ، تەنانەت لە کورتە چیرۆکدا دەتوانی باسی رووداوێک بەدرێژادرڕی بکەیت، وەلێ لەشیعرێکدا کە باسی بابەتێک دەکەیت، دەکرێ بە چەند وشەیەک یان وێنەیەک کۆتایی پێ بێنیت. بەڵام لە رۆماندا دەرفەتی دەربڕینی زۆرتر هەیە.**

**رەسوڵ سوڵتانی: لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا دەبینین زۆر جاران شیعر کەڵک لە تەکنیکەکانی چیرۆک وەردەگرێ وەکوو تەکنیکی گێڕانەوە، یان چیرۆک کەڵک لە زمانی چڕی شیعر وەردەگرێ...؟**

**فەرەیدوون سامان: بەڵێ، زۆر چیرۆکنووس و رۆماننووس هەن کە زمانی نووسینەکەیان شاعیرانەیە، بەڵام ناکرێ بڵێی ئەو دەقە دەقێکی شیعرییە.ئەوەی گرینگە بەڵام بە رای من ، ئەگەر شاعیرێک بیەوێ کەڵک لە تەکنیکەکانی چیرۆک یان شانۆنامەو رۆمان وەربگرێ ئەو دەقە سەدلە سەد نابێتە دەقێکی شیعریی تەواو.ناوێکی دیکە هەڵدەگرێ وەک شیعری شانۆیی یان رۆمانە شیعر.**

**رەسوڵ سوڵتانی: من ئاماژە بە کتێبی (ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەس دەکەم، ملوانکە گێڕانەوەیەکە وەک (شانۆ، چیرۆک و شیعر) و تێکەڵییەکە لە هەمووان...؟**

**- فەرەیدوون سامان: بۆ ئەزموونی شێرکۆ بێکەس کە دەقی شیعری شانۆیی نووسیوە، رۆمانە شیعری نووسیوە، ئەو وەک ئەزموون یان لاسایی کردنەوەو خۆ سەلماندن کە رەنگە تائەندازەیەکیش تێیدا سەرکەوتوو بووبێت ، کاتی خۆی شاعیرانی عەرەبیش شتی بەلاسایی کردنەوەی**

شاعیره ئەوروپییەکان ئەزموونی لاساییکردنەوەی وایان کردووە، ، دیارە شاعیرانی رۆژئاواش هەر بەکاریگەریی ئەو دەقە شانۆییانەی کە لەسەردەمی گریکی کۆندا هەبوون وەک ئەسخلیۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیی کە بە زمانی شیعر نووسراون،تەنانەت دەقی شانۆییەکانی شکسپیریش هەر بە زمانی شیعر نووسراون، بەڵام ئێستا باوی ئەوجۆرە دەقی شێعرییە نەماوە و فەشەلی هێناوە، شیعر زۆر چڕ و کورت بووەتەوە، بۆ نموونە با ئاماژە بە هایکۆکانی ژاپۆنییەکان بکەین کە لەدێرێک یان دوو دێڕ دایە، چامەیەک دەبینی کە یەکێک لە مەرجەکانی درێژ دادڕییە، بەڵام ئێستا لەچەند وشەیەکدا ، لە وێنەیەکدا کورت کراوەتەوە، تەنانەت رۆمانەکانی کۆن زۆر دووردرێژ بوون هەزار و دوو هەزار لاپەڕە بوون،بەڵام ئێستا دەبینی چاکترین رۆمانی جیهانی پەنجا شێست لاپەڕەیە.

رەسوڵ سوڵتانی: ئەمن هەر لەوەڕا دێمە سەر باسێک کە هەنووکە لە نێو ئەدیباندا باوە، دەڵێن مرۆڤی ئێستا ئەوەندە سەرقاڵە نایپەرژێتە سەر خوێندنەوەی دەقی دووردرێژ، کەواتە قەسیدە بۆ ئەو مرۆڤە سەرقاڵەی نێو ژیانی ئاڵۆزی ئەمڕۆ چ جێگە و پێگەیەکی هەیە؟

فەرەیدوون سامان: بەڵێ سەردەمی ئێستا کە جیهان بچوک بۆتەوە و زۆر جیاوازە لەگەڵ سەردەمی کۆچەری و خێڵایەتی و کشتوکاڵی جاران مرۆڤەکان بێکاربوون ، وەلێ ئێستا دەرفەتەکانی ژیان کەم بوونەتەوە، ژیان خێرا بووەتەوە، گیانی رۆمانسیانە زۆر بە کەمی ماوە. هەڵبەت ئیدی ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئیتر نابێ شیعر بمێنێت. لەبەر ئەوەی دنیا، دنیای تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت هەژموونی راستەوخۆی بەسەر هۆش و خەیاڵی مرۆڤدا سەپاندووە. ئیدی بە راستی شیعر بەرهەمی شار نییە هەرگیزیش داهێنانی ئەوروپاییەکان نەبووە . هەر لە کۆنیشدا شیعر چاوگەی بیرکردنەوەی ئەرووپییەکان نەبووە، چونکە زێدە رەسەنەکەی شیعر رۆژهەڵات بووە، تۆ وەرە لە ئاڤێستاوە بگرە تا ئاینەکانی تریش گشتیان بە زمانی شیعر نووسراون. گاتاکانی زەردەشت هەموویان بە زمانی شیعر نووسراون. شیعر وەک ئایین لێرەوەلە رۆژهەڵاتەوە چووەتە رۆژاوا.بەرامبەر بەوەش ئێمە لەرۆژاواوە رۆمان و چیرۆک و سینەمامان بۆ هاتووە. ئیتر ئەگەر رەخنەگرێکی بریتانی یان فەرەنسی یان ئیتالی دەڵێت شیعر باوی نەماوە، با بزانین ئەوە لە رۆژاوا باوی نەماوە نەک لە رۆژهەڵات ، چونکە خەمەکان و کەڵکەڵە دەروونییەکان جیاوازن. مەسەلەکە پەیوەندیی بە رۆح و سایکۆلۆژیای مرۆڤی ئەو وڵاتانەوە هەیە. راستە ئێمە ئێستە لە شارە گەورەکاندا دەژین و شارە گەورەکانمان پڕن لە بینای بەرز و پارکی زۆرو ئامرازی تەکنۆلۆژیای زۆر ، بەڵام ئێمە پەروەردەیەکی رۆحیی هەزاران ساڵەمان هەیە کە ئەویش گرۆیی و ئینتیمایەکی دەروونییە بۆ خەمەکانی ئینسان و بۆ ژینگە و سرووشت.

رەسوڵ سوڵتانی: مرۆڤ بڵێی بتوانێ بەبێ شیعر بژیێت؟

-فەرەیدوون سامان: ئەگەر عیشق نەماو کۆتایی هات ئیدی کۆتایی شیعریشە بۆیە نەخێر مەحاڵە مرۆڤ بێ شیعر بژیت، ئەگەرچی بە داخەوە هەندێک کەس هاتوون زیاد لە هەموو ژانرەکانی دیکە بەربینگیان بە شیعر گرتووە و دەڵێن شیعر باوی نەماوە. لە حاڵێکدا چاو دەپۆشن لەو هەمووە نووسین سەقەتانەی کەبەداخەوە بەناوی رۆمان و چیرۆک رۆژانە دێنە نێو کتێبخانەی کوردی ،لەلایەکیشەوە خوێنەرە ساویلکەکان شیعری چاک و خراپ لێک جوێ ناکەنەوە و هیچ پێوەرێکیان نییە بۆ داوەرییەکانیان و یەکسەر شیعر بە هەموو جۆرێکەوە وەبەر دەدەن و دەڵێن ئیدی باوی شیعر نەماوە. بەداخەوە هەندێ لەو ئاخێوەرانە بەحساب رۆشنبیری چاکیشن بەڵام رقیان لە ئەدەبیاتە و دنیا وەک سیاسەت و زانست دەبینن، دەی با بزانین ئەلتەرناتیڤی ئەو برادەرانە چییە؟ با بفەرموون ئەوان کتێبە فەلسەفی و مەعریفیەکانیان پێشکەش خوێنەوارانی کورد بکەن .

رەسوڵ سوڵتانی: ئەوان چۆن بتوانن چاک و خراپ لێک جوێ بکەنەوە؟ ئاخۆ ئەوکات تۆمەتی سانسۆریان نادرێتە پاڵ؟

فەرەیدوون سامان : راستە من باوەڕێکی قووڵم بەوە هەیە کە سانسۆر نەبێ، بەڵام مەسەلەی فیلتەر مەسەلەی چاودێریکردنی پسپۆڕان و شارەزایانە بەسەر ئەو بەرهەمانەدا کە چاپ دەکرێن. ئێمە ئەوەمان نیە. فیلتەر دەقە شیعری و هونەرییەکان هەڵدەسەنگێنێت بۆ ئەوەی بزانێ چەندەی بایەخ و بەهای هونەری تێدایە، دوای ئەوەیە کە رێگەی چاپی پێ دەدرێت.

رەسوڵ سوڵتانی: زیانەکانی ئەو بێ فیلتەرییە چییە؟

- فەرەیدوون سامان: دیارە ئەمڕۆ کە بە سەدان بەرهەمی بەناو ئەدەبی بێ سەرەوبەرە دێنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، دیارە تا ئەندازەیەک خوێنەر دەڕەوێتەوە.

رەسوڵ سوڵتانی: باسی زەمەنی جزیری و نالیت کرد، حەزدەکەین ئاماژە بەو رەمزە بکەیت کە لەو رەوتەدا شاعیرێکی وەک نالی بە نەمری دەهێڵێتەوە؟

فەرەیدوون سامان: ئەمن باسی زەمەن ناکەم چونکە زەمەنی شیعر بێ کۆتاییە و جوگرافیاکەشی بێ سنوورە . وەلێ ئەمن بۆ خۆم زۆر جاران نیگەران دەبم کە داخوا ئێمە بۆچی و بۆ کام خوێنەر دەنووسین؟ بەڵام نەمریی شاعیرانی وەک جزیری و نالی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە مەعریفی و زانیارییەی کە سەرچاوەکەی چووەتەوە سەر ئەزموونی دەیان و بگرە سەدان شاعیری بەر لە خۆیان . نالی کەسێکی ئەوەندە رۆشنبیر بووە. ئاگای لە تەواوی ئەدەبیاتی کلاسیکی فارس و تورک و عەرەب هەبووە. بە چوار زمانیش شیعری نووسیوە. بەڵا م من ئەم پرسیارە لەتۆ دەکەم شاعیری ئەمڕۆ کە زۆرینەیان بانگەشەی گەورەیی و داهێنان دەکەن، کێهەیان لەدەربڕینی شێوەزمانە لۆکالییەکەی خۆی، تەنانەت شێوەزمانی شارو ناوچەکەی خۆیان بەو لاوە بە زەحمەت دەکارێ بە کوردییەکی ستاندارد یان زمانێکی دیکە بنووسێ. مەگەر تاک و تەرا ،

ماوەیەک لەوە پێش سەردانی باکووری کوردستانم کرد، یەکێک لە خەمەکانی رووناکبیرانی کوردی باکوور ئەوەیە کە دەڵێن: دەوڵەتی تورک نالی و شێخ رەزا بە مولکی خۆیان دەزانن، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەوان شیعریان بەو زمانە هۆنیوەتەوە زاڵ بوون بە سەر زمانی تورکیدا و تورکەکانیش دەقە شیعرە تورکییەکانی ئەوانیان وەکو دیوانێکی سەربەخۆ چاپ کردووە. دەی باشە با بزانین کام یەک لە شاعیرانی ئێستامان ئەو توانایەیان هەیە وێڕای زمانەکەی خۆی کە کوردییە ، دەکارێ بەزمانێکی دیکە بنووسێ؟ خۆ ئەگەر هەشبێ ئەو شاعیرانە زۆر دەگمەنن. نالی و شێخ رەزا و مەحوی جگە لە کوردی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیشیان نووسیوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو بەها ئیستاتیکییەکانیان لە تێکستە شیعرەکانیاندا پاراستووە. ئەتۆ چاو لەوە مەکە ئەوان لە چوارچێوەی شیعری عەروزیدا نوسیویانە ، بەڵام هەموو مەرجێکی هونەرییان تێدا بووە.
رەسوڵ سوڵتانی: بۆ خوێندنەوەی دەقێکی شیعری چەندە پێویستە هەڵسەنگێنەر شارەزای ژیان یان ئەزموونی شاعیرەکە بێت؟

- فەرەیدوون سامان: تێڕامان و خوێندنەوەی دەقێک لەخوێنەرێک ئاسایی بۆ خوێنەرێکی نائاسایی جیاوازە. خوێنەرێکی نائاسایی وەک هەڵکۆڵەر بە دیدێکی رەخنەگرانەوە بەرهەمەکانی شاعیر دەخوێنێتەوە. هەربۆیەشە تۆ تا بزانیت باکگراوەندی ئەو چی بووە؟ دەبێ بزانیت وێستگەکانی ژیانی ، هەورازو نشێوییەکانی شکست و داهێنانەکانی هەروەها ئەزموونەکانی بەرایی لەنووسین و بەرهەمەکانی پێشووی بە چەند قۆناغ و وێستگەدا تێپەڕیون. هەروەها ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەی بەباش و خراپەوەی لەسەری نووسراون و ئەو وتارو لێکۆلینەوانەش کە خۆی لەبارەی شیعرەوە نووسیویتی، چونکە شاعیر هەر ئەوە نییە چەند دەقی شیعری بەرهەم دەهێنێ، بەرای من شاعیر دەبێ شرۆڤە و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبێ بۆئەزموون و ژیانی خۆی و ژیانی شاعیرانی دیکەش.

**پێوەرێک نییە بۆ پێناسەی شیعر**
**جگە لەوەی کەسیحری نووسینی شیعر جیاوازە لە ژانرەکانی تری ئەدەب**

* دەقی ئەو چاو پێکەوتنە لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا لە ( بەرنامەی فەرهەنگ و تۆرەی کوردی) پەخشکراوە ، دواندنی: بەڵێن ئەحمەد سالەح.

لەسالآنی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا لەچاپخانەی مچکۆی پیرە هەولێردا، فەرەیدوون سامانی شاعیرم ناسی ، شاعیرێکی بێ دەنگ... بەڵام بێ دەنگییەکی پ‌ڕ لەپرسیار، کەلەسەر شیعر دەدوا هێدی هێدی وشەکانی ناو سینەی دەخستە بەردەم وئەبادا بەشێوەیەک بدوێ وشەی ناسکی شیعر خۆی بریندارکا ، فەرەیدون سامان شیعرەکانی بە جگەرگۆشەی هەست و هزری خۆی دادەنێت ، مەرگ وئەوین بەدیوەکەی تردا عیشق وفەنا بوون ئامادەیی هەمیشەییان لە شیعرەکانی فەرەیدوون سامان دا هەیە.
رادیۆی دەنگی ئەمریکا: فەرەیدون با لە و پرسیارەوە دەست پێبکەین، کە شیعر بەجگەر گۆشەی خۆت دادەنێی، هەڵبەتە دەبێت پێناسەیەکت بۆی هەبێت ئەو پێناسەیەی شیعر لەلای فەرەیدوون سامان چیە؟
فەرەیدوون سامان /بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیات بەتایبەتی شیعرچەندین پێناسەو رەهەندو واتای شیعریی هەیە ،بەڵام بۆچوونی تایبەتی خۆم لەسەر شیعر کە من پێم وایە پێوەرێک نییە بۆ پێناسەی شیعر ،رەنگ بێ شیعر سیحرێک بێ لەرووی نوسینەوە لەهەموو ژانرەکانی تری دەقی ئەدەبی جیاوازتر و پەیوەندی بە ئەندێشەو خەیاڵ ورۆحی مرۆڤەوە هەیە، راستە لە شیعردا دەکرێت پشت ببەستیت بە مەسائیلی فکری وفەلسەفی و لایەنەکانی تری ئێستاتیکی ومەعریفی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بونیاتی داڕشتنی شیعردا حاڵەتێکە جیاواز لەو چەمک و پێوەرانەو پەیوەستە بە لایەنی رۆحی شاعیرو ئاوێتەیە بە رووژانەکانی نەست هەژموون کردنیەتی بەسەر هەستی دەربڕینی شیعردا
رادیۆی دەنگی ئەمریکا: وەک لە پێشەکی بەرنامەکەیشدا ئاماژەم پێکرد مەسەلەی مەرگ وئەوین ئامادەییان هەیە لە شیعرەکانی فەرەیدون دا، تۆ وەک خودی شاعیر لەکامیان نزیکتری لە ئەوین یان لەمەرگ ؟
فەرەیدوون سامان / هەڵبەت دەکرێت بڵێین لەهەردووکیان، چونکە ئێمە پەروەردەی ژینگەیەکی تایبەتین ، پڕ بووە لە تراژیدیاو نسکۆو مەرگ، هەمووشتەکان لە یادەوەرییەکانی ئێمە هەرشێوازە جۆراوجۆرەکانی مەرگ بوون سەرەڕای، ئەوەش چەکی رووبەڕووبوونەوەی مەرگ کە دەبێت لە دژیدا بەکاری بێنین ئەویش ئەوینە، کەدەکرێت کەسێک بەکاری بێنێت بۆ بەردەوامبوون لە ژیان وجوانکردنی ژیان و ئەو شتەی کە مرۆڤ دەیەوێت

بەمەرگی خۆی لە پێناوی عیشقێکی جاویدانە دای برێژێت، ڕەنگە مەبەستم نەبوو بێت دانیشم ئەو زاراوانە بەکار بێنم، بەڵام لاشعوری لەشیعرەکانمدا مەرگ و ئەوین لە پەنا وێنە شیعرییەکاندا بەرجەستە بوونە.

رادیۆی دەنگی ئەمریکا: کاک فەرەیدون سامان بیرمە لەساڵانی نەوەدەکاندا چەند جارێک یەکتریمان بینیوەو گفتوگۆمان کردووە وباسی مەسەلە فەرهەنگیەکانمان کردووە ، تۆبەردەوام گلەییت لە بواری فەرهەنگی کوردی هەبووە، لەیادمە کەوا دەتوت رەخنە بوونێکی راستەقینەی نییە لەنێو ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا ، ئێستاکە دەمەوێت بەهەمان شێوە هەمان پرسیار بکەمەوە رەخنە چەند کاریگەری هەبووە لە سەر داهێنانی شیعری فەرەیدون سامان بۆئەوەی کەوا هەنگاوە شیعرییەکانی خۆی بە هەنگاوێکی تۆکمە بنێت؟

فەرەیدوون سامان / مەسەلەی رەخنە یان ژانری رەخنە و هاتنی بۆ نێوئەدەبیاتی کوردی ئاشکرایە، هێشتا ڕێ کردنەکەی تازەیە و ساڵانێکە لەرێگەی ئەدەبیاتی رۆژئاوا وئەدەبیاتی عەرەبی و فارسییەوە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردی، ئەگەر بەراورد ی میتۆدو ریبازو شێوازەکانی رەخنە بکەین لەگەڵ ئەزموونی شیعردا، ئەو نووسینە رەخنەییانەی کەوا لەو چەند ساڵانەی رابردوو، لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان زێتر رەخنەیەکی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بووە، رەخنەیەک نەبووە ئەکادیمیانە یان شرۆڤەکارانە بووبێت لەدەقە شیعرییەکە بدوێت وشیکاری موفرەداتی شیعرەکە بکات وەک زمانە هونەرییەکەو بەگەڕخستنی سیمبۆل و وێنەی شیعری و تەکنیک و بونیادی دەقەکەو لایەنە هونەرییەکانی تری دەقەکە شی بکاتەوە ، بۆیە مخابن زۆر شاعیری راستە قینە وداهێنەر لەپەراوێز نران لە بەرامبەر ئەوەش شاعیری ناداهینەر بایەخی پێدرا، ئێستاکە هەوڵێکی جدی رەخنەییانە لە ئارادایە لای هەندێ رەخنەگری بەتوانا خۆشبەختانە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی جوانیان پێشکەش کردووە ، لەوانەش هەندێک نامەی ماستەر ودکتۆرا هەیە وەک رەخنەی ئەکادیمیانە، بەڵام زیاتر ئەو مامۆستایانە پەنایان بردۆتە بەر شاعیرانی کلاسیک و کەمتر خۆیان لە قەرەی شیعری نوێ داوە، لە کاتیکدا ئێستاکە لەم ساڵانەی دوایدا رەوتێکی شیعری نوێخوازانەی زۆر بەگوڕ هەیە، بە رای من ئەوئەزموونە شیعرییانە شایانی بەسەر کردنەوەن ، کەرەنگە رەخنە ببێتە پردێکی ئاشتەوایی لەنێوان شیعر وخوێنەراندا.

رادیۆی دەنگی ئەمریکا: کەباس لە دەقێک یان شیعرێک یان تێکستێکی داهێنەرانە دەکەیت، مەبەستت لەوەیە کەوا شیعرێک کە بەنەمری بمێنێتەوە یان نا؟

فەرەیدوون سامان / هەڵبەت دەقی داهێنراو یان هەر دەقێکی نەمر ئەو دەقەیە دەبێت لەرووی ئێستاتیکاو لەرووی زمان و وینەی شیعری و لایەنە هونەرییەکە چەشەیەک بە خوینەر ببەخشێ و بە زیندوویی لە یادەوەرییەکانی خوێنەراندا بمینێتەوە ، هەروەها بەدەربڕینی زمانێکی هونەری و ناباوو لەرووی تەکنیکەوە کە لایەنی هونەرییە لەرێگەی بە گەڕ خستنی ئەو وێنەو زاراوانەی کەوا لەودەقە شیعرییەدا هەیە ، ئەو شیعرەدا جیاواز بێت لەگەڵ شیعرەکانی دیکە ولەگەڵ ئەزموونی شیعرەکانی رابردووی خۆیدا.

رادیۆی دەنگی ئەمریکا: بۆ بەزیندوومانەوەی دەقێکی شیعری بۆئەوەی ببێتە دەقێکی نەمر چەندێک فەرەیدون سامان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی وئەو منداڵیە بەکاردێنێ لەو شیعرەیدا؟

فەرەیدوون سامان /ڕەنگە هەموو مرۆڤێک بەتایبەتیش شاعیرو نووسەر لە وەزعێکدا ژیابێت کە زێترگەڕانەوەیە بۆ سۆزی رابردوو یان نۆستالیژی، خەونی منداڵی من زوو تێکشکێنرا، قۆناغی منداڵیم ئەو کاتە بوو کە ماڵمان لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری هەولێر لەبناری قەڵات بوو، کە چەندان توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوێ دەژیان، بوونی گرفتی سیاسی و کۆمەڵایتی وئابووری لە کۆتایی ساڵی شەستەکان، کە ئەو سەردەمە شەڕو شۆرش هەبوو، تەمەنی من شەش حەوت ساڵی دەبوو، لەبەر چاوی من خەڵکی ئاسایی دەکوژرا، وپێشمەرگە وجاش و، سەرباز دەکوژران، لەگەڕەکێک دەژیاین بەراستی لە حەکایەتی ئەفسانەیی و فیلمی سینەماکان دەچوو، منداڵییەکی پڕ لە خەون و خۆزگە و خەیاڵ ... لەگەورەبوونیشمان هەربەو قۆناغە تاڵانە تێپەڕین کەسەرەتای نسکۆی شۆرش بوو، ئیدی وەک هەرزەکارێک کە دونیایەک خەونی گەورەبوونی هەبوو، سەرەنجام کابوسێک هاتە ناو ژیا نمان، ئێستاش ئەو یادە تاڵانە لە هزروناخی مندا ماونەتەوە و هەرئەوەشە وای کردووە کە ئەو خەمە قووڵە لە شیعرەکا نمدا رەنگ بدەنەوە، زۆر جار ئەو نۆستالیژیایە لەشیعرەکانماندا گەڕانەوەن بۆرابردووی پڕ لە کۆژان و خەونی هەڵوەریو، وەک بۆدلێر کەباس لەرامبۆی شاعیر دەکاو دەڵێ : بلیمەتی گەڕانەوەیەکی بەمەبەستە بۆمنداڵیی، بەڵام مخابن نە لە رابردوو نە لە ئێستاش ژینگەی ئێمە نە بلیمەت دەئافرێنێ ، نە شاعیری گەورەو داهێنەر ،

رادیۆی دەنگی ئەمریکا: کەباس لە نەوەی ئێستاکە دەکەین ئەوەم بەبیر دادێت نەوەی نوێ یان شاعیرانی نەوەی نوێ ئەوانەی کەوا نەوەی دوای فەریدون سامان وهاورێکانی فەریدون سامانن گلەییان لێ دەکرێت ،. شیعرییان تێکداوەو مەسەلەی شیعرییان ناوازە کردووە، تاچەند لەگەڵ ئەو رایەدایت؟

فەرەیدوون سامان / جارێ کە باسی نەوەی نوێ دەکەین، دیارە مەبەستت خوێنەرانی ئێستاکەیە، ئەوەی ئێستاکە تارادەیەک لە ژێر کاریگەری ئەو شۆرشە زانیاریە دایە کەوا ئێستاکە لە جیهاندا بەرپابووە، لەرێگەی سایت و رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان وسەتەلایت ... وایان کردووە خوێنەر کەمتر بپرژێتە سەر خوێندنەوەی شاکاری ئەدەبی بەتایبەتی شیعروچیرۆک ورۆمان، ئێستاکە لە کوردستان بزاڤێکی چاپەمەنی هەیە لە شارەکان وشارۆچکەکاندا وبە چەندین سەنتەری رووناکبیری و رۆژنامەو گۆڤارهەیە، رۆژانە مانگانە بەسەدان کتێب چاپ دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەری جدی نیە، ئەو خوێنەرە ئارکۆلۆژییەی بدووی دەقی ئیبداعی بگەڕێت، کەناڵەکانی راگەیاندن کوردیی دەورێکی سلبیان هەیە لە خزمەت

نەکردنی کایە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان، ڕەخنە رۆڵێکی کارگەری هەیە و دەتوانێت دەقی ئەدەبی بە خوێنەران بناسێنێت، دواجار ببێتە هۆی ئاشتەوایی نیوان دەق و خوێنەرو شاعیردا .

رادیۆی دەنگی ئەمریکا: بەڵام لەهەمانکاتیشدا خوێنەریش گلەیی زۆری لە شاعیران هەیە، دەڵێن بەمەبەست مەسەلەی تەم و مژ بەکاردێنن، شیعرەکانیان هێندە ئاڵۆزە، خوێنەر چەواشە دەکات پێت وانیە کە خوێنەریش مافی ئەوەی هەبێت کە بەشوێن بابەتیکدا بگەرێت یان دەکەوێتە بەردەستی لەگەڵ هەل و مەرجەکەی ئەودا بگونجێت لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو بگونجێت وخوێندنەوەی هزری ئەو بێت و باس لە کێشە وئەندێشەکانی ئەو بکات نەک ئاڵۆزکردن یان ئەو بابەتەی بەناوی هێما و هێماکارییەوە کە باسدەکرێت ودەیکاتە جۆرێک لەئاڵۆزی وەک گرێ کوێرەیەک کەوا کردنەوەی گەلێک سەخت بێت بۆئەو مافەش بەخوێنەر نادەن؟

فەرەیدوون سامان / وەک چۆن پێشتر شاعیر ونووسەرانمان پۆلین کرد، شیعریش ستایل و یاساو رێسای خۆی هەیە لەهەمان کات خوێنەری ئاسایی وخوێنەری نائاسایمان هەیە، خوێنەری نائاسایی پێی دەگوترێت ڕەخنەگر، بەگشتی دەبێت ئەو جۆرو خوێنەرە بەدیدێکی ئارکۆلۆژیکستانە بەدوای دەقی داهێنراودا بگەڕێت، لەگەڵ ئەوەی کەهەندێک ڕەخنەگری خەراپ هەن ،هەندێک شاعیری خەراپیش هەن، زمانێکی تەمومژ، زمانێکی ناهونەری و سادە، بەڵام بۆجیاکردنەوەی دەقێکی داهێنراو لە دەقێکی دیکە پەنا دەبەنە بەر نووسینی تەم ومژ و بانگەشەی داهینان و نوێ و نوێترخوازیش دەکەن، من پێم وایە هەموو دەقێکی ئەدەبی دەقێکی هونەری نایابە شایستەی قسە لە سەر کردنە، بەڵام دەقێکی سادە کەوا زمانی باوی خەڵکە جیاوازی زۆرە لەگەڵ داهێنانێکی ئەدەبی، کە تەواوکەری ئەو رەگەزوپێکهاتە ئەدەبیانەیە کەدەبێ وەک دەقێکی بنەڕەتی لە دەقێکی ئەدەبیدا هەبێت، مەسەلەی ئێستاتیکا بونیاتی دارِشتنی دەقێک یان زمانە هونەریەکەیە، گرنگە چۆن شاعیر ئەو پێکهاتانە بەگەڕ بخات.

**دەقی شیعری داهێنراو دەکارێ پەیوەندییەکی**
**ئۆرگانیکی لەنێوان خۆی و خوێنەراندا دروست بکات**

- ئەم دیدارە راستەوخۆ لەلایەن زیاد کەریم سازدراوەو لە رادیۆی ئازادی پەخش بووەو دواتر لە هەفتەنامەی بارزان بڵاو کراوتەوە.

هەفتەنامەی بارزان: کەریم دەشتی لەبارەی ئەزموونی شیعری فەرەیدون سامان دەڵێ :

فەرەیدون سامان یەکێکە لەو شاعیرە چالاکانەی کە بواری شیعر دا کاردەکات ، من دەمێکە فەرەیدون دەناسم بەراستی ماندووەو هەوڵێکی زۆریش دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ لە نێوەندی ئەدەبی کوردی و هەروەها لە نێوەندی رۆژنامەگەریشدا بوونی خۆی بسەڵمێنێ , ئەو شیعرانەی کە فەرەیدون بڵاوی کردۆتەوە زۆربەیانم خوێندۆتەوە چ دیوان چ بەو شیعرانەی کە لە گۆڤارو رۆژنامەکان بڵاوی کردۆتەوە. هەستم بەوە کردووە فەرەیدوون شاعیرێکە توانای دارِشتنی شیعری جوانی هەیە، لە دۆزینەوەی بیرۆکەی شیعریش توانایەکی باشی هەیە، لە رووی زمانەوە خزمەتی زمانی شیعری خۆی کردووە، توانیویەتی زمانی شیعرییەکەی لە زمانی باو رزگار بکات، بەمەش جۆرێک لە خۆسەلماندنی پێوە دیارە، چونکە ئەمرۆ لە نێوەندی ئەدەبی کوردی شاعیرانێکی زۆر هەن کە شیعر دەنووسن ، بەڵام بەداخەوەلەرووی زمانی شیعرییەوە لاوازن، بەڵام فەرەیدوون سامان زمانێکی تۆکمە و دارِشتنێکی جوانی هەیە، هەروەها لە بواری رۆژنامەگەریشدا توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی بکاتەوە بەوەی کە رێپۆرتاژی ئەدەبی جوان لەمەڕ مەسەلەکانی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردییەوە پێشکەش دەکات.

هەفتەنامەی بارزان: تۆدۆرف دەڵی:(ئەدەب بریتییە لە سیستەمێک لە ئاماژە و بە هۆی بونیادی زمانەوە بونیاد دەنرێت , لە پلەی دووەمیش دا ئەدەب سیستەمێکی دەلالییە ) ئایا هەر دەقێکی ئەدەبی ئەگەر نەگاتە ئاستی پێکهاتنی ئەو سیستەمە دەلالیەی کە تۆدۆرف باسی دەکات , نابێتە دەقێکی زیندوو؟

فەرەیدون سامان: هەڵبەت بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی بە تایبەت شیعر , زمان رۆڵێکی کاراو ئەکتیڤ دەگێڕێ لە پێکهێنانی ستراکۆری ئەو دەقە داهێنراوە لە رووی دارِشتن و تەکنیکی (کۆدەکانی زمان)

لە نێوان وێنەو واتاو دیزاینی ئەو دەقە و بە یەک گرێدانی ئەو رەگەزانەی کە شیعرەکە تەواو دەکەن. لێرە مەبەست لە زمانی شیعریش , زمانە هونەرییەکەیە کە کۆمەڵێک دەلالەتی رەمزی (سیمبولی ) لە دووتوێی خۆیدا بەرجەستە دەکات ، چونکە جیاوازی نێوان دەقێکی شیعری لەگەڵ دەقێکی ناشیعریدا ئەوەیە کە دەقی شیعری زمانێکی هونەری ئاماژەو دەلالەتە لە خەیاڵگەی شاعیردا لەدایک دەبێ , ئەو زمانە شیعرییە کۆڵەگەی

**بنەڕەتی داهێنانە هونەرییەکەیە , هەر شاعیرێک دەسەڵاتی بەسەر ئەو زمانە هونەرییەدا نەشکێ ونەتوانێ داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو زمانە بکات لەبەر بەجەستە کردنی بەهایەکی ئێستاتیکی لە وێناندن و واڵا کردنی ئەو موفرەداتە شیعرییانەدا , ئەوا سەرەنجام نەشیعرێکی داهێنەر لە دایک دەبێت و نە شاعیرێکی باشیش بوونی هەیە , کۆی ئەو توخمە شیعرییانەش لە دووتوێی زماندا لە خەیاڵ و هزری شاعیردا بە شێوازێک وێنا دەکرێن, کە خوێنەران لەو رەوشەدا دەچنە قاڵبی خوێنەرانێکی شرۆڤەکار , یان رەخنەگر , کەواتە لێرەشدا پەیوەندییەکی ئۆرگانێکی لە نێوان دەقی شیعری و خوێنەردا دروست دەبێت . خوێنەر لێرەدا رۆڵی خوێنەرێکی رەخنەگر دەبینێ ، جا ئەگەر بە راو بۆچوونی تۆدۆرۆڤ یا چۆمسکی با هەرکەسێکی کە لەو بیرمەندانەی کە لە بواری زماندا کاریان کردووە ئاواهی بێ , بەڵام بۆ شاعیرێک کە ستایلی تایبەت بە دەربڕینی خۆی هەبێ , کە ئەو زمانە شیعرییە تایبەتمەندەی لە کاتێکدا دەبێ وەک جیاوازی لەگەڵ زمانی نووسینی شاعیرانی دیکە , هەڵبەت زمانە هونەرییەکە زمانی دەربڕینە یان داڕشتنە بەڵام تایبەتمەندی زمانی شیعری ئەوەیە کە چۆن خوێنەر بتوانێ شیعرێکی هونەری لە شیعرێکی نا هونەری جیا بکاتەوە. بۆ نموونە شاعیران هەن بانگەشەی نوێخوازی دەکەن شیعری دادایی یان سوریالی دەنووسن لە کاتێکدا قۆناغی سوریالی و دادایی زۆر جیاوازە لەگەڵ مۆدێرنێتە یان نوێخوازی , هەشە شیعری میللی و جەماوەری دەنووسێ کە دەربڕینێکی راستەوخۆ و ساکارە و کەمترین خوێنەر , سادەترین گوێگر بە سادەیی تێ ی دەگەن ,بەڵام ئەو جۆرە شاعیرانەش هەن هەرهەمان بانگەشەی نوێخوازی دەکەن , کەناڵەکانی راگەیاندنی حزبی دەورێکی خراپ دەگێرن لەچەواشەکردنی خەڵک ، جا ئەوە ئەرکی خوێنەرانە نەک هەر رەخنەگران ئەم جۆرە بانگەشەیە هەڵاودێر بکات و لەداهێنەرانی راستەقینەی جودایانی بکاتەوە هەشە بە زمانێکی فەلسەفی ئامێز مامەڵەیەکی زاراوە سازی لەگەڵ ئەو دەقە دەکات خوێنەر ناچار دەکات بۆ وێستگەکانی ئەزموونی ئەو شاعیرەی بگەڕێتەوە و پەنا بباتە بەر کۆدی ئەو فیگەرانیەی کە نەک هەر کەپێشتر بەکاری هێناون , بۆ نموونە شیعرەکانی (نالی) کە بلیمەت و داهێنەری شیعری کلاسیکە کە رێبوارسیوەیلی لە( کتێبی نالی )دا زیرەکانە باسی لێوە کردووە , خوێنەرێکی ئاسایی نا کارێ بە سانایی لە دەقێکی نالی بگات ئەگەر بێت و رۆشنبیریەکی قوڵی لە رەهەندو مەودا و باکگراوەکانی مەعریفی و ئەدەبی لە زمانی عەرەبی و فارسی و کلتوری رۆژهەڵاتی و ئیسلامی نەبێت , لە شیعری نوێشدا شاعیری بە ئاگا ئەو کەسەیە کە ئاگای لە دەقی شیعری و ئەزموونی شاعیرانی دەورووبەر و وڵاتانی جیهان هەبێ , سەرەنجام دەبێتە مایەی دەوڵەمەند بوونی ئەو تێکستە شیعریە خۆی . ئەگەر نا خوێنەرێکی سادە بڕیاری رەتکردنەوەی ئەو دەقە شیعرییە داهێنراوە دەدات و رەتی دەکاتەوە , لە کاتێکدا کە شیعر بۆ نوخبەیە , ئەو نوخبەیەش بەرپرسە لە تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن و پەسەند کردنی ئەو شیعرە, بەرامبەر بەوەش هەوڵدەدات بە سانایی لە دەقە ساکارەکان بکۆڵێتەوە , لای ئێمە لەبەر زۆر هۆکار نوخبەش راستگۆ نیە لە دان پێدانان و راڤە کردن و پەسەند کردنی ئەو شیعرە داهێنراوە, کە سەرەنجام بە رای من هۆکاری سەرەکیە کە شوێن پێی رەخنەی کوردی لەق کردووە کە ناتوانێ لەشتەجوانەکان بدوێ .**

**هەفتەنامەی بارزان: بابێینە سەر فۆرم و ناوەڕۆک لە شیعردا، کامیان لە مەسەلەی ئەفراندادا زیاتر لەپێشترین تۆکاریگەری بەکامیانەوە؟**

**فەرەیدون سامان : وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد رەگەزی هەر دەقێکی شیعری پابەندە بە کۆمەڵێک توخم، یەکێک لەو توخمانەش فۆرمە لەهەمان کاتیشدا ناواخن، وێنەی شیعری و وشەکاری و وەک بەهایەکی ئێستاتیکای شیعرییەوە زمانە هونەرییەکە دەوڵەمەندتر دەکات, جا ئەمانە هەموویان تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە بواری داهێنانی شیعریدا ئێستا کە کۆمەڵێک رێباز و شێوازی شیعری لەو چەند ساڵەدا هاتنەکایەوە شاعیران هەر لە رۆژئاواوە تا دەگاتە رۆژهەڵات لە بواری ئەفراندنی فۆرمدا کاریان کردووە، لای ئێمە دیسان هەندێ شاعیر بەناوی تازەگەری پۆستتازەگەری خەریکی نەخش و نیگارو شتی سەیرو سەمەرەن ، مەسەلەی ناواخنیش، وەکو مەتنی هەر دەقێک پێموایە لە وەتەی مێژووی نووسین هەیە، لە وەتەی ئەفسانە و ئایین و ئاینزاکان سەریان هەڵداوە هەر لە دەقی ئاوێستای (زەردەشت) کە بەزمانی شیعری پێنج شەش هەزار ساڵێک بەر لە ئەمرۆ نووسراوە و ئێستاش مەتن و ناواخنەکەمان بۆ ماوەتەوە، ئێمە نازانین داخوا بەو زمانە کۆنەی ئاوێستا یان زمانی کۆنی گریکی و رۆمانی و سۆمەرییەکان، ئەو دەقانە لەرووی فۆرمەوە چۆن بوون، بەڵام بەپێی سەردەمەکان ئەو گۆڕانکارییە روویداوە رەنگە گۆڕانکاری زۆر لە فۆرمی دەقەکە کرا بێت ، بەڵام ناواخنەکەی بێگومان تارادەیەک وەک خۆی ماوەتەوە لە هەمان کاتدا ئێستاکەش تۆ کەدەقێکی کوردی بۆ زمانی بیانی وەربگێڕی لایەنی هونەری فۆرمەکەی لەدەست دەدات، واتە دیوێکی داهێنانی دەڕمێ ، بەڵام ناواخن سەرباری لەدەستدانی بەها ئیستاتیکیەکانی دەمێنێتەوە، جا لێرەدا فۆرمی شیعری توخمێکی بنەرەتی ئەفراندنە ، هەندێک جار فۆرم بە پێش ناواخن دەکەوێ ، شاعیرهەیە زێتر بایەخی پێداوە لە وانەش ئەزموونی فۆرمالیستی ئەنوەر مەسیفی سەرکەوتوو بووە ، دەبێ فۆرم لەگەڵ ناواخندا هاوسەنگ بێ، نەک هەر دەقەکە بەڵکو سەرجەم وێنەکان و بڕگەکان و کۆپلەکان هەتا وشەو خاڵبەندیەکان لێکتر نەترازێن.**

**هەفتەنامەی بارزان: فۆرم و مانا هەردووکیان ناواخن پێک دێنن، لێرەدا چۆن دەتوانبن سەیری فۆرم بکەین؟**

**-ناواخن لەگەڵ واتا وەک دوو چەمک جیاوازییەکیان نیە، بەڵام فۆرم تەنها بواری تەکنیکاری شیعرە، لایەنی هونەری شیعرەکەیە، شاعیر هەیە هەتا ئێستاش شیعری کێش و بڕگەیی دەنووسێت، لەرووی فۆرمەوە هەیە شیعری ئازاد دەنووسێ، هەیە شیعری نوێ دەنووسێ , لە شیعری نوێیشدا چەندین رێچکەی هونەری نووسین هەیە، بۆنموونە شاعیر هەیە خاڵ و نوقتە و فاریزە بەکار ناهێنێ، جا لێرەدا ئەو پرسیارەی تۆ لەمەڕ ناواخن**

و ناوەرۆک یەک شتە، هەڵبەت هەموویان تەواوکەری یەکترن، لە شیعردا واتاکان لە نەخشەسازی و تەکنیکاری فۆرم شیعرەکەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن نەک لە ناواخندا.

هەفتەنامەی بارزان: شیعری نوێ هەروەک چۆن دۆزینەوەیە ئاواش جۆرێک لە ئازار و مەینەتی بێ وچانی شاعیر بۆ گەیشتن بەو پەیوەندییە نوێیانەی کە رەگەزەکانی بوونن، شاعیر پێویستە تەجاوزی چی بکات؟

فەرەیدون سامان : مەسەلەی ژان و ئازاری مرۆڤ و کۆمەڵگا و بەشەریەت بەشێکن لە دەربڕینی هەست و خەیاڵ و هزری شاعیرانە، ناکرێ شاعیر هەر ئەوەندە زاتی بێ و هەر تەنها باس لە کۆژانی تایبەتی خۆی بکات، دواجاریش کۆژانی خودی شاعیر کۆژانی کۆمەڵگای بەشەریەتە, لە هەر کوێیەک ئازاری مرۆڤایەتی هەبێت، لە هەر بەشێکی کوردستان ، لە ئەفریقیا , لە ئەمریکا، لەهەر شوێنێکی ئەو سەرزەمینە، شیعرهەڵگری پەیامی مرۆڤایەتیە، دواجار ئێمەش مرۆڤین، دەبێ شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتیانەی هەبێ، ئێمە دەبێ تەجاوزی سنوری جوگرافی و دیدی ئیدیۆلۆژی بکەین، دەبێ شیعرێک بنووسین ئەو شیعرە ناسنامە و خەسڵەتی نەک (نەتەوەیی) بەڵکو (نێونەتەوەیی)شمان هەبێت، گەرەکە ئێمە لە رێگای دەقەکانمانەوە ناسنامەمان هەبێ بۆ ئەوەی خوێنەرێکی بیانی کەدەقێکی شیعری کوردی دەخوێنێتەوەهەست بکات کە کۆمەڵگایەکی شارستانی و ژیاری و پێشکەوتووە, بزانێ لە رێی ئەدەبەکەی لە رێی شاکارە داهێنانەکانی وەک شیعرە چیرۆک و رۆمان و کە کۆژانی هاوڵاتیەکی هیندی یان ئەمریکایی لەو دەقەدا بەرجەستە بووە، وەک چۆن ئێمە لە رابردوو وئێستاکەش کە دەقێکی شیعری رووسی یان فەرەنسی یان ئەڵمانی یان ئەمریکایی لاتین دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئەم و خەون و پەیامی هاوبەشمان هەیە و جیاوازیەکانی سنور و زمان و کولتور و رەنگ لێکمان جودا ناکاتەوە.

هەفتەنامەی بارزان: بۆ تا ئێستا وەک شاعیرانی تر بەیاننامە یان (مانفێستی شیعری)یت نیە؟

فەرەیدون سامان : هەبوون یان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی شیعری لای من هیچ لە ئەزموونی شیعری ناگۆڕێ و من پێشتریش سەبارەت بەو مەسەلەیە بۆچوونی تایبەتی خۆم هەبووە، بەیاننامەی شیعری لە ئەدەبیاتی کوردی هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە لەسەردەمی روانگە تا دەگاتە ئەمرۆ کە کۆمەڵێک شاعیر و چیرۆک نووس و ئەدیب جارِیان بۆ دا نازانم چی بەرەوتی داهێنانی ئەدەب و شیعری کوردی و ئەزموونی ئەو شاعیرو ئەدەبیانە بەخشی؟ شاعیری داهێنەر پێویستی بە بڵاوکردنەوەی (مانفێست) نیە، ئەوە دەقە شیعرییە داهێنراوە خۆی لەخۆیدا (مانفێستە)، گۆرانی شاعیر لە هەموو ژیانی بیری لەوە نەکردەوە مانفێستێک بڵاوبکاتەوە، (نالی) کە داهێنەری شیعری کوردییە، نەیزانی بەیاننامە چیە، ماوەیەک بوو وەشاندنی بەیاننامە دیاردەیەکی لاساییکردنەوەی بەیاننامەی شیعری عەرەبی و فارسی و بیانیەکان بوو , هەندێ شاعیر لە بێتاقەتی خۆیانەوە پەنایان بۆ بڵاوکردنەوە ی برد بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێن من داهێنەرم و بەردەوامم ئیدی فەرموو ئەوە بەیاننامەی شیعری منە.

بەیاننامەی شیعری زادەی دەقە داهێنراوە نەک بانگەشەکردن، بەیاننامە هەرگیز گوزارشت لە داهێنانی فیکری شاعیر و توانای شاعیر ناکات.

هەفتەنامەی بارزان: تا چەند کەڵکت لە کەلەپور وەرگرتووە وەک ئەفسانە و داستان و پەندی پێشینان و لە شیعرەکانتا تەوزیف کردووە؟

فەرەیدون سامان : من پەیوەندییەکی رۆحیم لەگەڵ کەلەپوری کوردی ورۆژهەڵاتی و بیانی هەیە، هەر لە منداڵیەوە تەنانەت دێتە بیرم کە 5،6 ساڵان بووم داپیرەم و دایکم چیرۆکی ئەفسانەییان بۆ دەگێڕامەوە, چێژی چیرۆکانە ئێستاش لە کۆنەست و خەیاڵ و هزری مندا ماونەتەوە و سوودم لێ وەرگرتوون ، هەندێ لەو چیرۆک و ئەفسانە و ئەو پەندە کوردییانە فەلسەفین و دەکرێ هەر کەسێک سودیان لێوەرگرێ , من لە هەندێ شیعردا تەوزیفم کردوون، بەڵام هاوچەرخانە مامەلەم لەگەڵکردووە، دەتوانم نمونەشت بۆ بێنمەوە، ئاماژەیان پێ بکەم لەگەرمەی شەڕی ناوەخۆ من چەند شیعرێکم بڵاوکردەوە، لە شیعرێکدا کە ناوی (تێڕامان) بە یەک دێڕ دەڵێم: (جامەکان زرینگانەوە)، هەڵبەت ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەو پەندە کوردیەی کە دەڵێ: (جام دەڵێ بشکێم بەڵام نەزرینگێم ) هەروەها لە شیعری (چەمەرییەکانی من) کە ئەو شیعرەپەیوەندییەکی هێند تراژیدی و کۆژانی رۆحی من لەو شیعرە هەیە , گوزارشت لە بەسەرهاتی درەختێک دەکات، ئەو درەختە رەمزی راپەڕین بوو کە چۆن تێک دەشکێ و چۆن گەڵاکان هەڵدەوەرن، رەگەکان لەخۆی هەڵدەگەڕێنەوە ، گەڵاو رەگەکان کە ئاماژەن بۆ شەهیدەکان لو دوا دێڕدا کە ئاماژە بە ماڵاوایی و مەرگی مرۆڤەکان دەکەم و دەڵێم: (رۆیشت و ئەویش سێبەری نەبوو)، هەڵبەت لە کولتوری ئیسڵامدا بۆچوونێک هەیە دەڵێ تەنها پێغەمبەری ئیسڵام لە رۆیشتندا سێبەری نەبووە.

هەفتەنامەی بارزان: بۆ چونێک هەیە دەڵێ : زانست و شیعر دووچەمکی ناکۆک و دژ بەیەکن با شاعیران واز شیعر بێنن روو لە کاری زانست بکەن ؟

فەرەیدون سامان : ئەمە بۆچوونی ئەو کەسانەیە کە رۆمانسیەتیان تێدا نیە و هەندێ جاریش رۆبۆتانە مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکەن , کایەی زانستی بۆ ئێمە مانان زۆر گرینگە , بەڵام بۆ دەبێ لە پێناو کاری زانستیدا رێ لە داهێنانی ئەدەبی بگرین , شیعر زادەی خەیاڵ و هەست و ویژدانی مرۆڤە , هەر مرۆڤێکیش لەم چەمکانە دابڕا , لایەنی مرۆڤایەتی و بەها ئەخڵاقیەکان لە دەست دەدات .

زیاد کەریم : لەکاتی وەرگێرانی تێکستێکی شیعری بۆ سەر زمانێکی تر تا چەند ئەو زمانە هونەرییە وەک خۆی دەمێنێ ؟

**فەرەیدون سامان : ئەگەر وەرگێران وەک پرۆسەیەکی هونەری و زانستی تەماشاکەین , پێم وایە هێشتا ناچێتە خانەی داهێنانەوە, لە کۆنیشەوە وەرگێران بە تاوان ناسراوە, بەڵام مەبەست لە تاوان ئەوە نیە کە بیخەیتە خانەی تاوانی (جینائی) , هەرگیز ئەو بەها ئێستاتیکایەو ئەو فۆرمالیستە هونەرییە کە لە دەقێکی ئەدەبی دایە بە تایبەتی لە شیعردا , مومکین نیە کە لە زەمانێکی دیکە وەرگێڕێ و ئەو جوانییەی جاران ببەخشێ, چونکە ئاشکرایە هەر زمانێک خەسڵەتی زمانەوانی تایبەت بە خۆی هەیە لە رووی ئیدیۆم و مۆرفۆلۆژی و هتد... وەرگێرانی دەقەکە وەک دیوی نەخشێنراوی ئەو مافورە جوانەیە , بەڵام کە تۆ وەریدەگێری , دیوی ژێرەوەی پیشان بە خەڵک دەدەی , بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی پرۆسەی وەرگێران بۆ ئێمە مانان , پر بایەخە , چونکە ئێمە لە رێگەی وەرگێرانی پرۆڤیشناڵەوە دەق و شاکارە ئەدەبیەکانمان دەتوانین دەنگ و تواناو داهێنانی خۆمان بە گەلانی دونیا بناسێنین , ئێمە میللەتێکین نووسەرو شاعیرو رۆماننووسی بە توانا و داهێنەرمان هەیە , کارێکی باشە کە وەرگێری پرۆفشناڵمان هە بێ و شاکارە ئەدەبییەکانمان وەرگێڕێ و رووی راستە قینەی داهێنانی ئەدەبی کوردی بە خەڵک بناسێنێ.**

**شیعری نوێی کوردی بە یەک ستایل دەنووسرێت،**
**شاعیرانیش هەموویان بانگەشەی نوێخوازی دەکەن**

***دەقی ئەم دیمانەیە لەلایەن جەمال نەجاری سازدراوەو لە هەفتەنامەی (کوردستان راپۆرت) بڵاوبۆتەوە...**

**باسکردن لە جیهانی شیعر پێویستی بە دەرفەتێکی زۆرە و بە وتارێک و لێدوانێک کۆتایی پێ نایێ، لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە سەردەمی نوێخوازی و بە جیهانیبوونە،أ دەبێ رۆڵی شیعر لەم قۆناغەدا چی بێ؟ دەبێ چ لە شاعیری نوێخواز چاوەڕوان بکرێت؟ دەبێ چ پێناسەیەک بۆ نوێخوازی لەم سەردەمەی ئێستادا بکرێت؟ هەموو ئەم پرسیارانە لە دیمانەیەکی تایبەتدا (فەرەیدون سامان)ی شاعیر وەڵامدەریان دەبێت. بێگومان فەرەیدون سامان روانگەیەکی جیاوازی سەبارەت بە زمانی شیعر و ئێستاتیکاو لایەنە هونەری و تەکنیکییەکانی شیعرەوە هەیە و دەمێکە سەرقاڵی نووسینە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی لێ بڵاوکراوەتەوە، ئەم بەرهەمە شیعرییانەی وەک کتێب بە چاپ گەیاندووە: (هۆنراوە یاخییەکان 1991) - هەولێر، نزیکتر لە ئەوین، دوورتر لە مەرگ1999 هەولێر، پڕم لە عیشقی تۆ 2006 دەزگای ئاراس- هەولێر.**

**کوردستان راپۆرت: دوای بڵاوکردنەوەی دیوانی (پڕم لە عیشقی تۆ)، کۆمەڵێک شیعری تازەت لە گۆڤارو رۆژنامەکان دا بڵاوکردۆتەوە، کە هونەری تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە چ رووی زمان و چ لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، چ جیاوازییەک لەنێوان ئەو شیعرانەو شیعرەکانی دیوانی پڕم لە عیشقی تۆدا هەیە؟**

**فەرەیدوون سامان: من زۆر هەست بەو جیاوازییانە ناکەم رەنگە خوێنەر یان رەخنەگر زێتر هەستی پێبکات، لە راستیدا من بەردەوامم لە شیعر نووسین و جارجارەش خەریکی بڵاوکردنەوەیانم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە دوای چاپبوونی هەر کتێبێک و هەر شیعرێک (ستایل و شێوازی زمان و ئێستاتیکاو وێنەی شیعری)و لایەنی هونەری شیعرەکانم بگۆڕم و هەمیشە هەوڵێک بدەم کە گۆڕانکاریی لەسەرجەم رەگەزی هونەری شیعرەکاندا بەدی بکرێت، هەر ئەوەشە بۆتە هۆکارێک لە دوای بڵاوبوونەوەیان لەلایەن خوێنەرانەوە چ بە نووسینی وتار یان ئیمەیل پیرۆزباییان لە بەرهەمە شیعرییە تازەکانم بکەن**

**کوردستان راپۆرت:: ئەگەر بێینە سەر فۆرمی ئەم شیعرە نوێیانە، ئێستاتیکای شیعری لەناو ئەو شیعرانەدا چۆن خۆی دەردەخات؟**

**فەرەیدوون سامان: سەبارەت بە ئێستاتیکای شیعری من هەوڵم داوە سەرجەم لایەنی زمان و وێنە شیعرییەکان هارمۆنیایەکی جوانیان تێدا بەرجەستە بکەم، لێرەدا هونەرکارانە ئەو دەقە شیعرییە ئێستاتیکایەک لە خۆ دەگرێ، واتە شێوازێک لە جوانکاریی لە پێکهاتەی شیعرەکەدا بەرجەستە دەبێ، هەڵبەت ناڵێم ئارایشکردنی وشە یان گەمەی زمانەوانی، بەڵام لە رێی بونیادی ئەو ئێستاتیکایە کە خوێنەر دەقەکە دەخوێنێتەوە هەست دەکات فۆرم و بەرگێکی تازەی جوان، بەڵام لە رێی وشەکاندا لە هەست و نەست و خەیاڵی خوێنەردا جێی خۆی دەکاتەوە. ئیدی لێرەدا هەوڵمداوە بیناسازانە مامەڵەی هونەریانەی لەگەڵدا بکەم تا دەقێک دابرێژم کە وێنەکان جیاواز بن لەو شیعرانەی کە لە رابردوودا بڵاومکردونەتەوە، ئەوە ئیتر بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە کە تا چەند توانیومە ئێستاتیکا کارانە دابڕێژمەوە و دەقێکی ئەفرێنراوی شیعری نوێی پێشکەش بکەم.**

**کوردستان راپۆرت: باشە مەرجە هەر شاعیرێک دوای ئەو بەرهەمانەی کە بڵاوی دەکاتەوە خاوەنی شێوازو ستایلی تایبەت بە خۆی بێت؟**

فەرەیدوون سامان: شیعری نوێی کوردی بەتایبەتی ئەو نەوە نوێیەی کە لە ئەزموونی نووسینی شیعریدا هاوچەرخین بەگشتی هەموومان بە ستایلێک کارمان کردووە ناومان لێ ناوە شیعری نوێی کوردی، واتە لێرەدا کەمتر ستایلی شاعیران لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، هەڵبەت ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی فیکری و رۆشنبیری و ئەزموونی ئەو شاعیرانەوە هەیە، بەبەراوردکردن لەگەڵ دەقی شیعری شاعیرانی کوردو بیانیدا بەگشتی، شیعری نوێی کوردی هێشتاش لە ژێر کاریگەری شیعری نوێی عەرەبی و فارسی دایە، هەشە کەم تا زۆر لە ژێر کاریگەری شیعری نوێی ئەوروپاییە، بەڵام من دەمەوێ زمانێک یان ستایلێکی شیعری بەکاربێنم، جیاواز لەو زمانە تەمومژو پڕ لە سیمبولەی جاران، زمانێک هەوڵمداوە سادە بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هونەری و قووڵ و جوان، بەڵام گرنگە خەیاڵێک لە هەست و نەستی خوێنەر دروست بکات، خوێنەر و بزانێ ئەو زمانە زمانێکی هونەری نا راستەوخۆییە، چونکە ئەگەر زمانی شیعری نا باو یان هونەری یان زمانێکی نا راستەوخۆ نەبوو، ناکرێ لەگەڵ نووسینێکی ئاسایی جیایان بکەیتەوە، بۆیە شیعر لە حاڵەتی داڕشتنەوەی خۆیدا لەناو زمانەکەی دا بەشێوەیەک دەرببڕدرێت کە چەندین واتا و رەهەند ببەخشێت.

کوردستان راپۆرت: لەناو شیعری شاعیرانی کوردا زمانێکی دووپاتبووە بەکاردێت، بەڵام تۆ لەو بەرهەمانەی ئێستاتدا بڵاویان دەکەیتەوە شیعرەکانی تۆ زمانێکی جیاوازە، چ جیاوازییەک هەیە لەناو ئەو زمانە شیعرییەی ئێستات لەگەڵ رابردوودا؟

فەرەیدوون سامان: سەرەتا دەمەوێ لە خۆمەوە دەست پێبکەم، بەر لەوەی باس لە زمانی شیعری شاعیرانی دیکە بکەم، دەبێ بەرهەمێکی تازە پێشکەش بە خوێنەر بکەم، کە لە راستیدا زمانە هونەرییەکەی و وێنە شیعرییەکەی، تەنانەت وشەکانیش، بتوانن دەقێک بەرهەم بێنم ، ریتمێک بداتە جوانکاری شیعرەکان ، دەمەوێ ئەو شیعرانە لە بێژینگ دەم ، وا لە خوێنەر بکەم و ئەو قەناعەتەی لا دروست بێت کە ئەو وێنەیە یان ئەو فۆرم و زمانە هونەرییە شیعرییانەی کە لەو شیعرە تازانەدا هەن، جیاوازبن لەگەڵ شیعرەکانی دی، رەنگە لە هەندێ دەقدا کارم لەسەر فییگەرەکانی کەلەپورکردبێ، بەڵام من هاتووم هاوچەرخانەو نوێخوازانە سەودام لەگەڵدا کردووە، بەکارهێنانی دەقاو دەقی بابەتێکی فۆلکلۆری یان ئەفسانەیی. پێم وایە زیان بە ئەزموونی شیعری شاعیرەکە دەگەیەنێت، ئیدی گرنگە چۆن تازەگەرانە فیگەرەکان بەگەڕبخەی . دێمەوە سەر ئەزموونی شاعیرانی دیکە، شاعیری زۆمان هەن کە بە شاعیری بە ئەزموون و داهێنەر ناسراون، بەڵام لە ئەزموونی چەند ساڵەی شیعر نووسینی ئەو شاعیرانەدا بەیەک ڕێچکەدا رۆیشتوون ، کە زمانێکی شیعری باوی خۆیان هەیە و هەوڵیاننەداوە لەوماوە و دۆخەدا گۆڕانکاری بەسەر روئیاو هونەری نووسینی شیعری خۆیاندا بهێنن. رەنگە ئەم بۆچوونە زۆربەی شاعیرانی کورد بگرێتەوە تا رادەیەک خۆشم، جا ئەگەر بەگشتی سەیری رووپێوی شیعری نوێی کوردی بکەین، بە حەقیقەت دەقی شیعری چەند شاعیرێک لە ئەویتر جیادەکرێتەوە کە هەیانە زمانیان هونەرییە، ستایلیان نوێیە، بەڵام ئەوانی دی زمانەکەیان سادەو ساکارو راستەوخۆییە کە تایبەتمەندییەکانی هونەری شیعری نوێیان تێدا نییە، لە هەمانکاتیشدا هەر هەمووومان بانگەشەی تازەگەری و داهێنان دەکەین.

کوردستان راپۆرت: باسی نوێخوازی و هاوچەرخ بوونت کرد، مەرجی نوێخوازی و هاوچەرخبوون لەناو شیعری نوێی کوردیدا چییە؟

فەرەیدوون سامان: چەمکی هاوچەرخ و نوێخوازی دوو چەمکی لێک جیاوازن، لە هاوچەرخبووندا شاعیر زۆر جار کە پەنا دەباتە بەر فیگەرەکانی ئەفسانەو داستانە میللییەکان و پەندەکان، چۆن ئەو میراتە ئەدەبیە کۆنە، سەدان ساڵە لەناو خەڵکی ئێمەدا ماوەتەوە، پشتاوپشت گێڕدراوەتەوە و دواتر هاتۆتە سەر کاغەز، بۆ نموونە داستانی شیرین و فەرهاد یان مەمی ئاڵان ، بەڵام ئەوە گرنگە کە بابەتێکی کۆن، بەڵام بەشێوازێکی هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی، بە جۆرێک کە پەیوەست بکرێ بە ئایدیاو رووداو و خواستەکانی ئەمڕۆ، بەجۆرێکیش کە تەکنیکی وای تیابێ کە لە خزمەتی دەقە شیعرییەکە دابێت، ئەگینا ئەگەر دەقێکی کۆن جارێکی دی وەک خۆی بگوازرێتەوە، ئەم پرۆسەیە زیاتر دەچێتە ناو خانەی ئەدەبێکی کەلەپووری نەک ئەدەبێکی هاوچەرخ و داهێنراو. سەبارەت بە نوێخوازیش کۆمەڵێک مەرج هەیە گەرەکە شاعیر کودەتایەک بەسەر شیعرەکانی رابردووی خۆیدا بکات، چونکە بەو تایبەتمەندییانەی نوێخوازی جیا دەکرێتەوە، شاعیر کە نوێخوازانە مامەڵە لەگەڵ دەقێکی شیعریدا دەکات، دەبێ خەسڵەتی تایبەتی خودی شاعیری تیا بێ، نەک کاریگەری شاعیرانی دیکە ، نوێخوازی پەیوەستە بە تەکنیک، ئەو تەکنیکەش پەیوەستە بە گەمەی زمانەوانی، فانتازیاکاری لە بیناسازی و بونیاتی دەقەکەدا، چونکە هەرخودی شاعیرە کە دواجار ئەم دەقە بەرهەم دێنێت.

کوردستان راپۆرت: لایەنی هونەری و تەکنیکی وەک دوو لایەنی زەقی شیعری نوێیەو بەرچاون، ئەو دوو لایەنە چۆن لەناو شیعری تۆدا بەرجەستە دەبن؟

فەرەیدوون سامان: ئەو دوو لایەنە هونەری و تەکنیکی لەناو شیعردا گرنگن، چونکە لە نێوان دیالۆگ و زمان و وێنە شیعرییەکان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

مەسەلەی تەکنیک، رەنگە لە پیتێکدا ، لە وشەیەک دا یان کۆپڵەیەکدا چۆن بیناسازانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەی، ئەوە دەچێتە خانەی تەکنیکی شیعرییەوەو ئیدی سروش و خەیاڵ و حاڵەتە دەروونییەکانی شاعیرو ساتی نووسین دەبنە پرۆسەیەکی سانەوەی.

کوردستان راپۆرت: ئایا شیعری ئەمڕۆ چارەسەری گرفت و کێشەکان دەکەن، تا چەند لەگەڵ ئەو رایەدای کە شیعر چارەسەری گرفتەکان ناکات؟

**فەرەیدوون سامان: پەیامی شیعر جیاوازە لەگەڵ پەیام یان ئایدیاو پرۆسەی نووسینی رۆمان و چیرۆک و هەر ژانرێکی دی، دەکرێ هەر کام لەوانە بە زمانی شیعری بنووسرێن، بەڵام شیعر پوختەی دیمەنێکە، لە رووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەری لەسەر نووسینی دەقەکە هەیە، پێویستە شاعیر لە کەش و هەواییەکی سایکۆلۆژییانەی تەندروست بەرهەمەکەی بنووسێت، بەڵام ناکرێ لۆجیک و بابەتیش لە پەراوێز دابێ. کەوا نەبوو ناتوانێ بە جوانی ئەو دەقە بەرهەم بێنێت. شاعیر ناتوانێ راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بونیاتی شیعر بکات، چونکە نووسین لە رەوشێکی وادا لە کن شاعیر نابێتە شیعرێکی هونەری و ئێستاتێکی ئەفرێندراو.**

**لایەنی دەروونی کاریگەری زۆری بەسەر دەقی شیعری هەیە، راستە شیعری سیاسی و بەرگری هەن، ، بەڵام ئەم جۆرە شیعرانە تا سەر شیعری نەمر نین، شیعرێکن لە ساتێکدا دەنووسرێن ، بۆ خەڵکانێک دەنووسرێن، بەڵام ئەگەر باسی دەقێکی شیعری جیهانی بکەین، کە بۆ نەوەکانی داهاتوو بنووسرێتەوە و ئەو شیعرە دەبێ خەسڵەتێکی جیهانی بەخۆوە بگرێ، لێرەدا دەڵێم شیعر مەرج نییە وەڵامدەرەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی بێت، ، بەڵام لە پۆلینبەندیدا ئێمە شیعری سیاسی، جەماوەری و بەرگری و ... مان هەیە. ناکرێ لە سات و کاتی خۆیدا ئەم جۆرە شیعرانەش فەرامۆش بکرێن، بەڵام من باس لە شیعری نوێ و شیعری هونەری دەکەم، کە هیچ ناسنامەیەکی مێژوویی و جوگرافی و سیاسی لە خۆیدا هەڵناگرێ.**

**کوردستان راپۆرت: تۆ وەکو شاعیرێکی نوێخواز یەکەم هەستێک کە لە کن خوێنەر دروست دەکەی ئەوەیە کە وێنەی شیعرەکانتدا چێژێکی تایبەتی پێ دەبەخشی. ئایا مەبەستت تەنیا دروستکردنی ئەم چێژەیە لە لای خوێنەر یان مەبەستێکی شاراوەی لە پشتەوە هەیە؟**

**فەرەیدوون سامان: بەر لە خوێنەران و رەخنەگران من خوێنەری شیعرەکانی خۆمم، بەر لەوەش بیر لە راو بۆچوونی خوێنەرو رەخنەگر بکەمەوە، ئەو شیعرە پەسەند دەکرێت یان رەت دەکرێتەوە، بەلامەوە گرنگ نییە ، هەلبەت رێزی بۆچونی هەموویان دەگرم، من ئایندەخوازانە مامەڵە لەگەڵ شیعرەکانی خۆمدا دەکەم، ئەوە گرنگە کە لەو ئەزموونەی شیعری خۆمدا بێ کاریگەری راستەوخۆ یان کۆپیکردن لە شاعیرانی فارس و عەرەب و نەتەوەکانی دی کەڵکم وەرمگرتووە.**

**دەبێ شیعر چێژێک لەکن خوێنەر دروست بکات، دواتر خوێنەری جددی بۆ شیعر پەیدا بێت، چونکە دەبێ خوێنەریش لە یەکتری جیا کەینەوە، خوێنەری شیعر جیاوازە لەگەڵ خوێنەری رۆژنامەو بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خوێنەری شیعر نوخبەیە ئەو خوێنەرەیە کە رۆشنبیرە ، رەخنەگرە و بە هزرێکی رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکات. بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەم خوێنەر خۆی ببێتە بەشێک لە کارەکتەری شیعرەکەم تا هەست بکات خۆی نووسەری ئەو شیعرەیە، شیعر وەڵامدەری زاتی مرۆڤە، رەنگە زۆر جار ئەو زاتە لە کۆمەڵیشدا وێنەکانی خۆی بنوێنێ.**

**کوردستان راپۆرت: چۆن مامەڵەت لەگەڵ رەخنەگرانی شیعری خۆت کراوە؟**

**فەرەیدوون سامان: رەنگە پێچەوانەی پرسیارەکەت راست بێ. ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە هێشتا رەخنە نەبۆتە ژانرێکی سەربەخۆ لە ئەدەبی کوردیدا. رەخنەی شیعریش زیاتر لەژێر کاریگەری بۆچونی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ناوچەگەرییەتی و گروپ و گروپچێیەتیە، بەڵام هەر لە تێکستی گاتاکانی ئاوێستای زەردەشتەوە، شیعر لە رۆژهەلات و لە ناو کوردا رەگاژۆیەکی مێژوویی هەیە، شیعر بەرهەمی رۆحی رۆژهەلاتە، هەزاران ساڵە، کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی رۆژئاواشدا هەبووە بە پێچەوانەی رۆمان و چیرۆک لە رۆژئاوا سەریهەڵداوە، بەڵام رەخنە وەک ژانرێک کە لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات هاتووە ، تەنانەت لای عەرەب و فارسیش هەندە قووڵ نیە ، وەک ئەوەی لە ئەوروپا رەگاژۆیەکی مێژینەی هەیە . رەخنە لە شیعری کوردی، لە ئاست شرۆڤەیەکی ئەکادیمی کەمتەرخەم بووە، خوێندنەوەیەکی جیدییانە بۆ شیعری کوردی نەکراوە، بەڵام من بڕوام وایە کە نەوەیەکی خوێندەوار بەرێوەیە ، رۆژ بە رۆژ بە ئاستێکی ئاکادیمی و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن.**

**کوردستان راپۆرت: بە رای تۆ زمانی کوردی تەنها زمانی شیعرە؟ یان دەکرێ بابەتی فەلسەفی و زانستیانەشی پێ بنووسرێ؟**

**فەرەیدوون سامان: من پێم وا نییە زمانی کوردی هەر تەنها زمانی شیعر بێ، زۆرنەتەوەی بچوک هەیە، شیعری نایابی پێ نووسراوە، ژمارەی نەتەوەکەی چەند هەزار کەسێک بووە، زمانی کوردی ( کرمانجی ناوەراست ) هەر لە قوتابخانەی بابانەوە لەسەر دەستی نالی و سالم و کوردی و حاجییەوە بەو لاوە زمانێکە پێکهاتووە لە شێوەزارەکانی سۆران و بابان و موکریان ئێستا بۆتە ستاندارد و چەندین ملیۆن کەس پێی دەنووسن ،پێی دەخوێنن و جیا لە بابەتی ئەدەبی بابەتی ئابووری و سیاسی و یاسایشی پێ نووسراوە، بۆ خۆم دوو کتێبم لە عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە ناوی " یاسای بازرگانی و کارگێڕی کۆگاکان" رۆژانەش چەندین کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی زانستی و ئابووری و فەلسەفی.. چاپ و بڵاو دەکرێنەوە . مخابن بۆ بابەتی زانستی وەرگێڕی کورد زیاتر پشت دەبەستێت بە سەرچاوەی عەرەبی و فارسی و راستەوخۆ ناچێتە سەر زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەوروپییەکان، بۆیە وەرگێڕەکانمان تووشی هەڵەی زمانەوانی و فیکری دەبن، وەرگێڕی پرۆفیشناڵمان نییە، داهێنانی تیا نییە، ئەوە گرفتە، نەک لەناو کوردا، بەر لە شەست حەفتا ساڵ لە ناو عەرەبیشدا وابوو ، دواتر دەکرێ کاربۆ وەرگێڕانی بابەتی فەلسەفی و زانستیش بکرێ و بە زمانی کوردی بنووسرێتەوە، بەرای من زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە فەرهەنگی مەزنی نەنووسراوی لە وشە و زاراوەدا هەیە. کولتوورێکی دەوڵەمەندمان لە شێوەزارەکان هەیە ،بەڵام مخابن وەکو پێویست هێشتا خزمەتی زمانی کوردی نەکراوە،**

**جەمال نەجارێ: تۆ کۆمەڵە شیعرێکت بەرچڤە کراوەتە سەر زمانەکانی تر ئەگەر باسی ئەو لایەنەشمان بۆ بکەیت؟**

**فەرەیدوون سامان:** راستیەکەی لەو کۆمەڵە شیعرەی ( پڕم لە عیشقی تۆ) لە کۆی 28 شیعری 20 شیعری لە لایەن مامۆستایان "بیلال عەزیز وکەمال غەمبارو مستەفا پەژار" شاعیری و ئەمین بۆتانی و ئازاد سوبحی کراونەتە عەرەبی و لە ئێرانیش چەند شیعرێکم لەلایەن بەریزان حسێن شێربەگی و کەیوان قادری و ئەمین گەردیگلانییەوە کراونەتە فارسی ، لەو ماوەیەشدا بڕیارمدا وەک هەوڵێک به عەرەبی بنووسم چەند شیعرێکی خۆم کردە عەرەبی، بەڵێنم پێدراوە لە دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەولێر بە زمانی عەرەبی بۆم چاپ بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

**کوردستان راپۆرت:** وەرگێڕان دەبێتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان شاعیرانی کورد و نەتەوەکانی تر و بە پێچەوانەش؟

**فەرەیدوون سامان:** بە ڕەهایی دەڵێم وەرگێڕان دەبێتە پردێکی ڕووناکبیری لە نێوان نەتەوەیەکی چەوساوەی وەک کورد و گەلانی تر، (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر لەڕێی وەرگێڕانی شیعرەکانی بە نەتەوەکانی جیهان تر ناسێندرا، هەروەها ڕەفیق سابیر و گۆرانی شاعیرو هی تریش لە ڕێی زمانەکانی دیکە ئەدەب و شیعری کوردییان بەخەڵک ناساند، بۆیە بە پێویستی دەزانم لەو سەردەمەدا دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان هەبێت، سەرجەم دیوانە شیعرە باشەکان بۆ سەر زمانە بیانییەکان وەربگێڕدرێن، چونکە دەتوانین لە ڕێی ئەدەبەوە هەم دۆزی نەتەوەکەمان هەم داهێنانە ئەدەبییەکانمان بخەینەبەر چاوی گەلانی جیهان.

**کوردستان راپۆرت:** ڕۆڵی دەزگا ڕووناکبیریەکان چییە لەو قۆناغەدا؟

**فەرەیدوون سامان:** لە راستیدا دەزگای ڕووناکبیرییەکان وەکو پێویست سەرباری هەبوونی بودجەیەکی باش و پارەیەکی زۆر کە سەرفی بەناو فیستیڤاڵەکان دەکرێن، بەڵام وەکو پێویست هاریکاری نووسەرە داهێنەرەکان ناکەن، چونکە دەکرێ کۆمەڵێک دیوانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و بابەتی فیکری بۆ زمانە بیانیەکان وەربگێڕێت و لە ڕێی ئەو وەرگێڕانە، ئەدەبی کوردی پێ بناسرێت. بە پێچەوانەش ئاگامان لە ئەدەب و داهێنانی نەتەوەکانی دی هەبێت.

**کوردستان راپۆرت:** ئەو زمانە شیعرییە چییە کە زمانی تۆ جیا دەکاتەوە لە شاعیرانی تر، تۆ چۆن ئەو جیاوازییەت دروست کردووە لە ناو شیعرەکانتدا

**فەرەیدوون سامان:** ئەگەر ئەوە بۆچوونی تۆ بێ من ئەو بۆچوونم پێ جوانە، چونکە تۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی و فارسی دەزانی و لە کوردیشدا شارەزای، لە راستیدا لەدەستپێکی خوێندنەوە و نووسینمدا کاریگەر بووم بە شیعری فارسی ، بۆیە پاش ماندوو بونێکی زۆر بێ مامۆستا خۆم لە ماڵەوە فێری زمانی فارسی کرد، ئەوەندەی کاریگەر بووم بە زمانی فارسی کاریگەر نەبووم بە زمانی عەرەبی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خوێنەرێکی باشی شیعری عەرەبیشم. بۆیە هەست دەکەم پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان ئەدەبی کوردی و فارسی هەیە، چونکە هەردوو زمانەکە لێک نزیکن، زمانی فارسی ریتمی تایبەت بە خۆی هەیە هەر چەند من راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری ئەدەبی فارسی دانیم، بەڵام سوودم لێ وەرگرتووە، شیعری عەرەبی ئەو چێژەم پێ نابەخشێت، من خوێنەرێکی باشی شیعرەکانی (سوهراب سپێهری و ئەحمەد شاملو و فەروغ فەرخزاد)م ... هتد. لەنەوەدەکان کۆمەڵێک شیعری ئەو شاعیرانەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

**کوردستان راپۆرت:** پاش ئەو هەموو ساڵە، نووسین لە بواری شیعردا و ئاشناییت لەگەڵ شیعری بیانی، ئایا لە شیعری خۆت رازی؟ ئایا توانیوتە لەڕێی زمانی کوردییەوە ئەوەی مەبەستت بووە بیدرکێنی؟

**فەرەیدوون سامان:** تا رادەیەک لەو زمانەی کە پێی دەنووسم لە شیعری خۆم رازیم، ئەمە لە خۆبایی بوون نییە، چونکە ئەو شێوەزارە لە "کرمانجی ناوەڕاست" کە تا رادەیەک بۆتە زمانی ستاندارد، بەڵام من خەونی گەورەترم هەیە حەز دەکەم بەرهەمەکانم تەرجومەی زمانەکانیدیکە بکرێن، شیعرەکانم خوێندنەوەی ڕەخنەییانەیان بۆ بکرێت، وەکو پێویستیش مافی خۆم پێ بدرێت، ئەوەش بۆ زەمەن دەگەڕێتەوە، هەڵبەت ڕۆڵی خوێنەریش نابێ لەبیر بکەین، گەرەکە خوێنەر بە دیدو تێڕوانینێکی نوێخوازانەی ڕەخنەیی شیعر بخوێنێتەوە.

### سینەمای کوردی و دۆزی نەتەوەیەک

هەفتەی رابردوو هەردوو چالاکی هونەری سینەمایی لەشارەکانی دهۆک و سلێمانی سازدران یەکیان بە نێوی (دیداری چرا بۆ فیلمی دیکۆمینتاری)و فیستڤالی سینەمای نێودەوڵەتی لەشاری دهۆک کە لەرێکەوتی رۆژانی 13 تا 15 کە ئەم مانگەدا سازکران، وەلێ مخابن ئەوەی شاری دهۆک دوور و نزیک هەواڵەکەیم لە بڵاوکراوە کوردییەکان نەهاتە بەرچاو، هەڵبەت دیارە ئەویش بە نمایشکردنی چەندان فیلمی دیکۆمینتاری بەشداری

چالاکیەکە بووە، راستە لەرێی نمایشکردنی ئەو بەرهەمە هونەرییانە هونەرمەندان و سینەماکاران هەوڵ دەدەن خۆیان لەقەرەی کێشە هەڵیساوە کۆمەڵایەتیەکان بدەن، بەخۆ دوور گرتن لە کێشە مێژوویی و سیاسیەکان، کە بەرای من بایەخی ئەم کێشانە زۆر گرنگترە و قورساییەکەی لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان کەمترنییە ئەگەر زیاتر نەبێت، هەر بۆیەش لەراستیدا گەڵاڵەی ئەم تێبینیانەم بوونە هۆی وروژاندن و سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەو نووسینە کە منیش وەک سینەمادۆستێک رای جیاوازی خۆم لەبارەی ئەو چالاکییە هونەریانە دەربڕم و بڵێم کە هەندێک لەو رەخنەگرانەی بواری سینەمایی کە باس لەنەبوونی سینەمای کوردی دەکەن و پێیانوایە سینەمای کوردیی هەر لەبنەڕەتدا بوونی نییە، خۆ ئەگەر هەشبێت ئەوا گرفتاری دنیایەک کێشەیە و لە ئێستادا ئەم هونەری حەوتەمە لەکوردستاندا لەقەیراندایە، هۆکارەکانی ئەم قەیرانەش هەروەکو باسی لێوە دەکەن لە بنەڕەتدا یان نازانن بۆچی دەگەڕێتەوە، یانیش ئەوەتە ئاماژە بە هۆکارە سەرەکیەکانی ناکەن، هەندێکی تر بە ناچاری پێیانوایە میدیاو پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای زانیاری رۆڵی گەورەی هەیە لەلاوازکردنی پێگەی سینەما. بەو واتایە بەهۆی کاناڵەکانی سەتەلایت و هۆیەکانی تری میدیای بینراو، سینەما رۆڵی راستەقینەی خۆی لەدەستداوە. هەر چەندە نها بزاڤێکی سینەمایی لەکوردستان و دەرەوەدا هەیە، بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین لەبەرامبەر هونەری حەوتەمدا رۆشنبیری سینەمایی بەرەو پەراوێزبوونی دەچێت. بۆ نموونەش چۆنیەتی رۆڵی ژنی کورد لەسینەمادا، ئاخۆ لەو بوارەی هونەریەشدا هێشتا هەر پاشکۆی پیاو نییە. ئایا تا ئێستا هونەری سینەما لە کوردستاندا لەغیابی ژنی کوردا زیاتر هونەرێکی پیاوانە نەبووە؟ ، بەو واتایە رەنگدانەوەی عەقڵییەتی پیاو زاڵبووە بەسەر گشت بوارە هونەرییەکان، چونکە ژنە هونەرمەندەکانمان هێشتا شەرم لەجەستەی خۆیان دەکەن و بەترسەوە مامەڵە لەگەڵ جوولانەوەکانی خۆیاندا دەکەن، لەکاتێکدا سینەما بریتییە لەهێنانەگۆی جەستە لەرێی جووڵەی هونەرییانەوە.هەر بۆیەش نامۆبوون و حەزەرکردنی ژنی هونەرمەندی کورد لەجەستەی خۆی یەکێکە لەکێشەکانی سینەمای کوردی. باشە بۆچی سینەمای ئێمە ( هەڵبەت ئەگەر هەیە...؟!)ئاشنا نییە بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە پرسێکی هەستەوەری وەک سێکس. وەکو دەشبینین ماوەیەکە هونەرمەندانی ژن زیاتر بایەخ بە درامای تەلەفزیۆنی دەدەن و پێگەیان لە سینەمادا لاوازترە. بەشداریی نەکردنی چالاکانەی ژنانی کورد لەسینەما و دراما تەلەفزیۆنییەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ژنی کورد لەکۆی کایەکانی هونەردا، هەروەها لەسینەماشدا زیاتر باس لەدۆزە گشتییەکان دەکات، بۆ نموونە سیاسەت یان کێشە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان. بەڵام وەک مێینە کەمتر باس لەکێشەکانی خۆی دەکات، هێشتا ژنی کورد لەباسکردنی کێشەکانی خۆی دەسڵەمێتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ژمارەیەک فیلم و درامای کوردیی لەکەناڵە تیڤییەکانی کوردستان پێشکەشکراون. تاچەندە ئەو درامایانە توانیویانە لەرووی هونەریی و لەرووی بابەتەوە سەرکەوتووبن؟. لەکاتێکدا بەبەراورد بە درامای گەلانی دەوروبەر هێشتا درامای ساکار و لاوازە. چونکە فیلمە کوردییەکان زیاتر بەشێوەیەکی گشتیی یان باس لە رابردوو دەکەن یانیش خۆیان لەکێشە بنەڕەتی و گەورەکان دەدزنەوە، بۆ نموونە لەهیچ فیلمێکی کوردییدا نەبینراوە، کێشەی بێوەژن، یان کێشەی چەپاندنی سێکسیی، یان چەندانی کێشەی گرنگی هاوشێوەی وەک هەرزەکاران و منداڵان ئاماژەی بۆ بکرێت. ئایا ئەمە پابەند نییە بە کولتووری داخراوی جڤاکی کوردییەوە، یان بێتوانایی و کەم ئەزموونی هونەرمەندان و نووسەرانی بواری سینەمایە، یان نەبوونی رەخنەگری سینەمایی پرۆفیشناڵ، یان دیسان دەبێ ئەوە دووبارە بکەینەوە ئەگەر ئێمە شتێکمان هەیە بەناوی سینەمای کوردی، ئەدی کوا خەسڵەتەکانی ئەم سینەمایە ، وەک چۆن نەتەوەکانی دیکە هەیانە. سەدان ساڵە ئێمە خاوەنی شیعری کوردین و ساڵگارێکیشە خاوەنی چیرۆک و رۆمانی کوردین ، وەلێ من پێموایە وێڕای هەوڵێکی تاک و تەرا و ئەزمونێکی سادە و خاکەرا ، لەبنەڕەتدا شتێک نییە بەناوی سینەمای کوردی کە هەڵگری خەسڵەتەکانیی سینەمایەکی نەتەوەیی بێت.بیگومان ئەم بۆچوونانەی من لەمەڕ شانۆی کوردیش هەروایە.

**شانۆی کوردی لە هەولێر...**

ئەو نووسەر و رەخنەگرانەی بواری شانۆیی کە جارجارە باس لەقەیرانی شانۆی کوردی دەکەن لەهەولێر و پێیانوایە شانۆی کوردیی لەو شارە ئەگەرچی دێرینە بەڵام مێژووی ئەم هونەرە لەچەند دەیەییک تێناپەڕێت و دا لەئەمڕۆشدا سەرباری هەبوونی چەندان تیپ و گروپی شانۆیی و تەنانەت بەەنی هەردوو بەشی شانۆ لەدوو دامەزراوی گەورەی وەک پەیمانگاو کۆلیژی هونەرلە هەولێر وەلێ مخابن شانۆ لەقەیراندایە، هۆکارەکانی ئەم قەیرانەش هەروەکو باسی لێوە دەکەن لە بنەڕەتدا یان نازانن بۆچی دەگەڕێتەوە، یانیش ئەوەتە ئاماژە بە هۆکارە سەرەکیەکانی ناکەن، هەندێکی لەوانە پێیانوایە میدیاو پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای زانیاری رۆڵی گەورەی هەیە لەلاوازکردنی پێگەی شانۆی لەسەرانسەری جیهاندا، لەوانەش شانۆی کوردی. بەو واتایە بەهۆی کاناڵەکانی سەتەلایت و سینەما و هۆیەکانی تری میدیایەوە رۆڵی خۆی لەدەستداوە. هەرچەند نها لە چاو ساڵانی رابردوو تارادەیەک بزاڤێکی شانۆیی لەکوردستاندا هەیە، بە تایبەت لەسەر ئاستی توانستی وەزارەتی رۆشنبیری و هەندێجاریش پەیمانگا هونەرییەکان، بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین لەبەرامبەر هونەری حەوتەمدا شانۆ بەرەو پەراوێزبوونی دەچێت... باشە بۆچی

**شانۆی ئێمە ( هەڵبەت ئەگەر شتێک هەبێت بەناوی شانۆی کوردی ...؟!) کەواتە بۆچی ئەم شانۆیە ئاشنا نییە بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە پرسێکی هەستەوەری وەک کێشەی مێژووی نەتەوەیەکی ستەملێکراو و نیشتمانێکی داگیرکراو یان لە واری کۆمەڵایەتیدا کێشەی ژن. وەکو دەشبینین ماوەیەکە هونەرمەندانی ژن زیاتر بایەخ بە درامای تەلەفزیۆنی دەدەن و پێگەیان لەشانۆ و سینەمادا لاوازترە. بەشداریی نەکردنی چالاکانەی ژنانی کورد لەدراما تەلەفزیۆنییەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ژنی کورد لەکۆی کایەکانی هونەردا، هەروەها لەشانۆشدا زیاتر باس لەدۆزە گشتییەکان دەکات، بۆ نموونە کێشە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان. بەڵام وەک مێینە کەمتر باس لەکێشەکانی خۆی دەکات، هێشتا ژنی کورد لەباسکردنی کێشەکانی خۆی دەسڵەمێتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ژمارەیەک درامای کوردیی لەکەناڵە تیڤییەکانی کوردستان پێشکەشکراون. بەڵام تاچەند ئەو درامایانە توانیویانە لەرووی هونەریی وهەروەها لەرووی بابەتەوە سەرکەوتووبن؟. لەکاتێکدا بەبەراورد بە درامای گەلانی دەوروبەر، هێشتا درامایەکی ساکار و لاوازە. چونکە دراما کوردییەکان بەشێوەیەکی گشتیی یان باس لە رابردوو دەکەن یانیش خۆیان لەکێشە بنەرەتی و گەورەکان دەدزنەوە، بۆ نموونە لەهیچ درامایەکی کوردییدا نەبینراوە، کێشەی بێوەژن، یان کێشەی چەپاندنی سێکسیی، یان چەندانی کێشەی گرنگی هاوشێوەی وەک هەرزەکاران و منداڵان ئاماژەی بۆ بکرێت. ئایا ئەمە پابەند نییە بە کولتووری داخراوی جڤاکی کوردییەوە، یان بێتوانایی و کەم ئەزموونی هونەرمەندان و نووسەرانی بواری شانۆیە، یان نەبوونی رەخنەگری شانۆیی پرۆفیشناڵ، یان دیسان دەبێ ئەوە دووبارە بکەینەوە ئەگەر ئێمە شتێکمان هەیە بەناوی شانۆی کوردی، ئەدی کوا خەسڵەتەکانی ئەم شانۆ نەتەوەییە، وەک چۆن نەتەوەکانی دیکە هەیانە. سەدان ساڵە ئێمە خاوەنی شیعری کوردین و ساڵگارێکیشە خاوەنی چیرۆک و رۆمانی کوردین ، وەلێ من پێموایە وێڕای هەوڵێکی تاک و تەرا و ئەزمونێکی سادە و خاکەرا ، لەبنەڕەتدا شتێک نییە بەناوی شانۆی کوردی کە هەڵگری خەسڵەتەکانیی شانۆیەکی نەتەوەیی بێت.**

**خانەی سفر لەرەخنەی شانۆییدا**

**دوای زێتر لەنیو سەدە لەهەبوونی بزاڤێکی شانۆیی ( با لەچاو ئەزموونی شانۆیی گەلانی دەوروبەرو جیهان سەرەتاکەی لاواز و سادەو رەگەز وپێکهاتە هونەری و تەکنیکیەکانیشی کەم و کوڕی زۆری تێدا بووبێت)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی درامی و شانۆیی پێشکەش بە ئەرشیڤی هونەری کوردی کرد، دەتوانین بڵێین لەکات و شوێنی خۆیدا هەوڵدانێکی باش بووەو تا ئەندازەیەک جەماوەری بینەری بەم هونەرە ناوازەیە ئاشناکرد،بەڵام ئەمڕۆ دوای هەبوونی چەندان تیپ و گروپی شانۆیی وهەروەها هەبوونی بەشەکانی شانۆ لەزۆرینەی پەیمانگاو ئەکادیمیا هونەرییەکان لەشارەکانی کوردستاندا و بوونی چەندان مامۆستای خاوەن بڕوانامەی بەرز لەسەر ژانرە جیاوازەکانی شانۆ ، ئەمە وێڕای ئەوەی لەو ساڵانەی دوایی چەندان کادیری دیکەی هونەری بە ئەزمونی شانۆیی لەبوارەکانی شانۆ لەهەندەران گەڕانەوە ، ئایا ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین تەڤگەرێک هەیە بەناوی شانۆی کوردی، وەک چۆن دەکارین بێژین شانۆی روسی و شانۆی ئەلمانی و شانۆی ئیتالی یان بەریتانی یان هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر رووی ئەو زەمینە پان و پۆرە، دیارە هەر لەسەرەتای ساڵانی هەفتاشەوە تا بە ئێستا دەگات چەندان تیپی هونەری شانۆیی لەشارەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا و دامەزران ، لەو ماوەیەشدا چەندان کارو بەرهەمی هونەری شانۆیی و درامییان پێشکەش بە جەماوەری خەڵک کرد، وەلێ مخابن سەرباری ئەو هەموو کار و چالاکیانەش شتێک هەمیشە لەبواری بزاڤی شانۆ و درامای کوردیدا نائامادەگی بەردەوامی هەبووە ، ئەویش رەخنەی هونەری شانۆیی بووە.**
**راستە تاک و تەرا چەند هەوڵێکی رەخنەیی هەبووە بۆ قسە کردن لەسەر کێشەکانی شانۆ و بزاڤی شانۆی کوردی بەتایبەتیش نووسینەکانی کەمال غەمبار و موحسین محەمەدو سەباح هورمز و..هتد، وەلێ رەخنەیەک بەواتای شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی گشت لایەنەکانی کارە هونەریەکە، واتە هەر لەخوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ تێکستە شانۆییەکە و بەها ئێستاتیکیەکانی بگرە تا دەگات بە ستایل شێواز و رێبازەکانی دەرهێنان وئاست و ئەدای ئەکتەرو تەنانەت لایەنی هونەری دیکۆرکاری و رووناکی وموزیک و ئیکسسوار یان هەبوونی هۆڵێکی گونجاو وهتد...مخابن کەمتر قسەی لەسەرکراوە.**
**لەهەمووی گرنگتر نەبوونی بینەرانی شانۆیی و ئاستی رۆشنبیرییان ودواتر چۆنیەتی گەراندنەوەیان بۆ ناو هۆڵەکانی شانۆ ،کە هونەرمەند و توێژەرێکی شانۆیی وەک د.قوتبەدین سادقی لەفێستڤالی شانۆیی گوڵەمێخەک لەسلێمانی لەباسێکی تێرو تەسەلی لەسەر ئەزمونی هونەری خۆیدا لەو سیمینارەدا پێشکەشی بە ئامادەبووان کردو ئاماژەی بەوەدا کە سەیرە لەشارێکی یەک ملیۆن کەسی وەک سلێمانی کە بە مەڵبەندی رۆشنبیری لەکوردستان ناسراوە ، کەچی 100 کەس ئامادەی نمایشێکی شانۆیی نابن***

بەڵێ ئێمە زۆرجار ئەو وتەیە دەبیستینەوە کە هونەرمەندانی شانۆ شانازی بەوە دەکەن کە لەکوردستاندا دەیەیەکی زێڕینی خۆی لەهەشتاکاندا بەڕێکردووە.یەکێک لەو بۆچوونانەش تەلار هیرانی هونەرمەند لەدیمانەیەکی هەفتەنامەی گوڵانی هونەریدا لەژمارە( 839) لە18-7-2011 وەڵامدەداتەوە و دەڵێت : داخۆ ئەو دەیەی هەشتاکان دەیەی شانۆ بووە، یان هۆکاری تر لەدواوەی بوون. دیارە ئەوەی هەبووە زیاتر مەسەلەی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە کە جەماوەر ژان و خەونەکانی خۆی لەم بوارەدا دەبینییەوە. شانۆ هەرگیز وەک شانۆ، واتا وەک هونەرێکی ئێستاتیکی لەکوردستاندا برەوی نەبووە ، بەڵکو ئامرازێکی سیاسی بووە بۆ ئەوەی کەخەڵک بتوانن بارگەی ڕق و خەونەکانیان لەگەڵ یەکدا و بەهۆی شانۆوە خاڵی بکەنەوە،

هەر بۆیەش دەبینین دوای راپەرین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بوونی دامەزراوەیەکی کولتوری وەک وەزارەتی رۆشنبیری وبەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم و هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەوی تیپ و گروپە هونەرییە شانۆییەکان و واڵاکردنی تا رادەیەک کەشێکی ئازادی گونجاو بۆ خودی هونەرمەندان و نەبوونی سانسۆر، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ ئەم بزاڤە شانۆییە لەپاشەکشێ دابووە. گەندەڵی هونەری بینە قاقای خودی هونەرمەندانی شانۆی گرتووە، باشە بۆچی و هۆکارەکانی چین و کێ بەر پرسە بەرامبەر ئەم رەوشە؟ من وەڵامەکان بۆ خودی هونەرمەندانی بواری شانۆ بەجێدەهێڵم،چونکە ئەوان بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆزەن نەک کەسانی دیکە ، لێرەدا هەر بۆ نموونە خاتوو تەلار هیرانی هونەرمەند دەڵێت: ئەو پەیامە سیاسییەی شانۆ لەدوای ڕاپەڕین نامێنێت و شانۆش ناتوانێ پەیامێکی ئەلتەرناتیڤ ببینێتەوە، بۆیە دەبینین کە شانۆ سستی دەنوێنێت، کاری شانۆیی کەم دەبێتن و جەماوەریش کەمتر لەجاران شانۆ بەهەند وەردەگرن. کە ئەمە رەوشی بزاڤی شانۆی کوردی بێت، مخابن هونەرمەندان ئەوەندەی خەریکی دەسکەوتی ماددی و مەعنەوی بن ئیدی بۆ گلەیی لەهونەرمەندێک دەکرێت ، کاتێک لەدوورە وڵاتییەوە بەخەونی ئەوەی خزمەتێک بەرەوتی شانۆی کوردی بکات و شەو لەسەر رۆژ دابنێ و بێ ئەوەی وەکو تیپ و گروپە هونەرییەکان دەسکەوتێک یان ئیمتیازێکی هەبێت ، کەچی لەپاداشتی ئەو هەموو ئەفراندنە هونەرییە و خزمەتکردن بەرەوتی راستینەی شانۆی کوردیدا، نووسەرێک وەک رەخنەگر خۆیمان پێدەناسێنێ بەڵام (کام رەخنەو کام رەخنەگر؟! ) دەکەوێتە سەرو پۆتەلاکی ئەو خانمە هونەرمەندە ( تەلار هیرانی)و کارە هونەرییەکەی زەربی سیفر دەکات . (ژنەکەی ئەو ماڵە) وەک تێکستێکی شانۆیی کە لەشاری سلێمانی لەفیستەڤالی شانۆیی و هەروەها دواتر لەهەولێریش پێشکەش کرا، باس لەدیاردەیەکی رۆژانەی کۆمەڵگای ئێمەی رۆژهەڵاتی و، خیانەتی هاوسەرێتی، پیاو سالاری و کوشتن دەکات . نمایشەکەش تەنها هەوڵدانێک بووە بۆ پەردە لادان لەسەر ئەو دیارەدە بێزەوەرو نامۆیە، کە بەرۆکی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەی گرتووە ، شانۆ لێرەدا راستەوخۆتر لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت و پەیامەکە دەگەیەنێت، بەڵام تۆ بڵێی چ شتێک لەپشت ئەو نووسینەی ئەو برادەرە بێت، لەکاتێکدا هەر لەو هەولێری پایتەختە بەبناو بەینێک کارێکی بەناو شانۆیی و درامی پێشکەش دەکرێت ( کە بودجەیەکی قەبەشی بۆ خەرج دەکرێت )ولێ کاکی رەخنەگر نووزەی لێوە نایەت و بڵێت ئەها ئەمە کارێکی درامی یان شانۆیی ناکامە، نووسینێک وەک وتارێکی رەخنەیی باس لەلایەنە نەگەتیڤەکانی ئەم نمایشە شانۆییە(ژنەکەی ئەو ماڵە) دەکات ، کە من یەکەمجار نووسینەکەیم لە(سایتی ئەلیکترۆنی ئەمڕۆ)م بینی و دواتر لەهەفتەنامەی گوڵانی هونەری خوێندمەوە، سەرم سڕ ما ، ئایا ئەم نووسینە هەر تەنها بۆ مەبەستی نوسینێکی رەخنەیی شرۆڤەکاری و توێکاری بووە تا لەکارە هونەریەکە بدوێت یان مەبەستی بوو کەسایەتی خانمی هونەرمەندەکە بریندار بکات... چونکە ئەو هونەرمەندە بێ چاوەروانی کردنی خەڵات و پاداشتی ئەم و ئەو کارە هونەرییە داهێنەرەکەی پێشکەش بە بینەران کرد، راستە ئەم جۆرە کارە هونەریانە و هەڵبژاردنی ئەم جۆرە تێکستە شانۆییانە تا رادەیەک بە بینەران و کۆمەڵگای ئێمە نامۆن و بەسانایی نایەنە پەژراندن ، بەڵام ئەمە دیسان ئەوە ناهێنیت کە کەسێک بێت و بە ناوی رەخنەی شانۆیی تەنها باس لەکەم و کوڕییەکانی خودی کەسایەتی ئەکتەرەکە بکات نەک ئەدای نواندنەکە ، ئەوەش بە خوێنەران بڵێت کە ئەم کارە هونەرییە هیچ نەبووە ، جگە لەنمایشکردنی چەند وروژاندنێکی سێکسی، ئەو نووسینەی من خوێندمەوە نەک هەر رەخنەی شانۆیی نەبوو ، کە لەسەر بنەمای هیچ خەسڵەت و مەرجێکی هونەری و میتۆدی رەخنەیی باو و ناسرا و لەرێبازە رەخنەییەکان نەرۆیشتبوو، بەڵکو هەر تەنها ڕق هەڵڕشتنێک بوو بەرووی خانمی هونەرمەند تەلار هیرانی و سووکایەتی پێکردنیدا ، کە دیسان بەداخەوە من نازانم ئەو هەمووکینەو سوکایەتی پێکردنە لەپای چی بوو ، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بیڵێم بەڕاستی ئەگەر رەخنەی ئەدەبی یان هونەری لەلای ئێمەدا نائامادەگی بەردەوامی هەبوو بێت، ئەوا بێگومانم رەخنەی هونەری شانۆیی ئەسڵەن لەخانەی سیفر و نەبووندایە.

* دیمانە لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکاری رۆژهەڵاتی کوردستان د.قوتبەدین سادقی رەخنەی چاودێر ، ژمارە (266)لە13-6-2011).

** وتارەکەی حەیدەر عەبدولرەحمان بە ناونیشانی(تەلار هیرانی.. هەموو شتێک لەپێناو وروژاندندا.) هەفتەنامەی گوڵان - ژمارە - 830سایتی ئەلیکترۆنی ئەمڕۆ لەرێکەوتی 26-7-2011

*** هونەرمەند تەلار هیرانی لەدیمانەیەکی هەفتەنامەی گوڵانی هونەریدا لەژمارە( 839) لە18-7-2011

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

- هۆنراوە یاخییەکان – کۆ شیعر - ساڵی 1991
- نزیکترین لە ئەوین، دوورتر لە مەرگ - کۆ شیعر- ساڵی 1999
- پرم لە عەشقی تۆ- کۆ شیعر( چ 1 2006 ) هەولێر .
- پرم لە عیشقی تۆ ( چ 2 2008 ) سلێمانی
- رەنگوشە - رەخنە لەبارەی هونەری شێوەکاری 2006
- رۆژنامەڤان (کۆمەڵێک بابەتی رۆژنامەوانی) 2005 لە سلێمانی
- یاسای بازرگانی - وەرگێران لە عەرەبییەوە 2004
- کارگێری کۆگاکان - وەرگێران لە عەرەبییەوە 2005
- پیرەژنی جادوکەر .وەرگێران لە فارسییەوە 2005
- امتلی عشقا منک - قصائد و دراسات نقدیة مترجمة 2009 . هەولێر
- ستایشەکانی عیشق - چامە - ئامادەیە بۆ چاپ